ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# دیوان

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە
ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

ژمارە (٤) ئەیلولی ٢٠٢١ زایینی - ڕەزبەری ٢٧٢١ی کوردی

سەرپەرشتیاری گشتی
**بێکەس حەمە قادر**

سەرنووسەر
**سمکۆ عەبدولکەریم**



**کاری هونەرمەند: سەردار سنجاوی**

هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری
نزیک کۆلێژی دەرمانساز

govaridiwan@gmail.com

**دیزاین: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد**

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠٤٤٨٣٨٦٣

ئەدەبیاتی کوردی لە هەموو بوارەکان چۆتە پێش و نووسەر و ئەدیبی گەورە و جددیشمان هەن، کتێبی دانسقە چاپ دەبن، بێ هیچ سانسۆرێک نووسەران بواری نووسین و چاپکردنیان هەیە.

ئەوەی جێگەی هەڵوەستەیە دۆخی وەرگێڕانە لە کوردستان دەیان نووسەر ئێستا لە بواری وەرگێڕان کار دەکەن، بەشێکی کەمیان نەبێت کە دەق و ڕۆمان و چیرۆکی جوان وەردەگێڕن، بەڵام بەشێکی زۆریان، لەگەڵ ڕێزم بۆیان، دۆخێکی خراپیان بۆ خوێنەر خوڵقاندووە، بەبێ ئەوەی هیچ مەرجێکی وەرگێڕیان تێدابێت. من هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگێڕمەوە کە زادەی هەست بەرپرسیاری نەکردنە، لە لایەکی دیش ئەو وەرگێڕە خراپانە وەرگێڕان تەنها بەوە تێگەیشتوون کە کارێکە تەنها ژمارەی تیراژی کتێبەکانیان زیاتر بن، چونکە بە هیچ شێوەیەک ڕەچاوی تەکنیک و زمان ناکەن!

بۆیە دەڵێم هەقە دەستگا ڕۆشنبیرییەکان و وەزارەتی ڕۆشنبیری وەک پێویستییەک بابەتی گرنگی وەرگێڕان بە هەند وەربگرن نەک هەر ئەدەبیاتی بیانی وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ ئەدەبیاتی کوردیش وەربگێڕدرێتە سەر زمانە زیندووەکانی دونیا تا بە میللەتانی جیاجیای ئاشنا بکەین.

**بێکەس حەمەقادر**

## لەم ژمارەیەدا

*** دۆسییە:**


١. (مارف خەزنەدار)ی مرۆڤ و نووسەر و زانا / بنیاد خەزنەدار ............ ل٤
٢. ماڵەکەی، قەڵەندەرخانەیەک بوو بۆ هەمووان، بەبێ جیاوازی ڕەنگ و ئایدیا/ پ.د.زاهیر لەتیف کەریم ............ ل٨
٣. ڕەوانشاد پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار و چەند بیرەوەرییەک/ پرۆفیسۆر کەمال سەعدی مستەفا ............ ل١٠
٤. مارف خەزنەدار .. دنیایەک لە وشەو مەملەکەتێک لە کتێب/ حەمید ئەبوبەکر بەدرخان ............ ل١٢
٥. دکتۆر مارف خەزنەدار .. قەڵەمە بە ویقارەکە/ د. نەجاتی عەبدوڵڵا ............ ل١٥
٦. مارف خەزنەدار لە زاری خۆی و جەمال خەزنەدارەوە/ باوکی بهێل ............ ل١٦


*** ڕەخنە و لێکۆڵینەوە:**


١. ستار یووسف .. نوێکارێکی چیرۆکی کوردی لە هەولێر/ سابیر ڕەشید ............ ل٢٠
٢. خوێندەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ دەق/ دەشتی سلێمان بەرزەواری ............ ل٣٠


*** دەق:**


١. خاڵبەندی/ سەباح ڕەنجدەر ............ ل٤٠
٢. ئەدەبی بەرەنگاری.. ئەوێ ڕۆژێ/ زایەر عەبدوڵا ............ ل٤٢
٣. ونکاتەی تۆپانێ و ٣٤ کاتدێرەی تر/ عەباس عەبدوڵڵا یووسف ............ ل٤٤


*** ڕۆشنبیریی گشتی:**


١. دەسەڵات و دەسەڵاتخوازی .. ڕۆشنبیر لەنێوان ئەخلاق و دەست و پێ سپیدا/ سمکۆ محەمەد ............ ل٤٨
٢. دەبێ بزانن بۆچی زلهێزەکان دەوڵەت بۆ گەلی کورد بە ڕەوا نازانن/ پارێزەر: کەمال محیەدین ............ ل٥٨
٣. زمانی چاوپێککەوتن لە ڕۆژنامەدا (بەشی دووەم و کۆتایی)/ بورهان قادر ............ ل٦٢
٤. بانگەشەی هەڵبژاردن و کاریگەری هونەری گوتاربێژی؟ تارق جەوهەر سارمەمی ............ ل٧٠
٥. پێنج نووسراوی کوردی لە سەردەمی پاشایەتی عێراقدا/ تاریق جامباز ............ ل٧٤


*** دیدار:**


١- لەگەڵ میران ئەبراهام-دا / فەرەیدوون سامان ............ ل٧٨


*** هونەری:**


١. شانۆی سایکۆدراما/ کەژاڵ حەسەنی ............ ل٩٠
٢. شانۆی پۆڵەندی لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەتدا ٩٤٥-١٩٨٨ (بەشی دووەم و کۆتایی)/ نیهاد جامی ............ ل٩٢
٣. کۆریگرافیا/ هیوا سوعاد ............ ل١٠٠


*** مێژوویی:**


١. بزووتنەوەی سمکۆ و پرسی نەتەوەیی کورد/ ن: ڕزگار بەرفروخت - و: ڕێباز مستەفا ............ ل١٠٢
٢. لە ژێر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا/ محەمەد گەلاڵەیی ............ ل١١٢


*** خوێندنەوەی کتێب:**


١- ڕۆمان لە نێوان ئەندێشە و واقیعدا/ د. نەجم ئەڵوەنی ............ ل١٢٢


*** لەبری بیرەوەری:**


١. ڕوونکردنەوە و ساغکردنەوەی ڕاستیەکی مێژوویی/ وریا ماملێ ............ ل١٢٦
٢. بەهار جەلال بەگ دەرگەڵەیی/ محەمەد گۆران ............ ل١٢٨
٣. ئێسگە کوردییەکەی قاهیرە/ حەمەکەریم هەورامی ............ ل١٣٢


*** وێستگەی دیوان:**


١. چەند نامەیەکی یلماز گونەی لە زیندانەوە/ و: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ............ ل١٣٦
٢. ناڵەی نێو مەرەکبدانێک/ ن: محەمەد ماغوت - و: حەسەن یاسین ............ ل١٣٨
٣. دوا نامە (تۆ بەپێکەنینەوە لەژێر قەڵا بەرەو رووم دێیت)/ ڕەسووڵ بەختیار ............ ل١٣٩
٤. ناسناوی فەرهادی لە چییەوە هاتووە؟!/ عەبدولڕەحمان فەرهادی ............ ل١٤٠


*** باخچەی دیوان:**


٢-ساڵۆنی لاپەڕە نۆ ............ ل١٤٢


*** لاپەڕە ١٤٤:**


١- نەخشە ڕێگای دیوان چییە؟! / محەمەد گۆران ............ ل١٤٤

# دۆسیە
# مارف خەزنەدار

- ***(مارف خەزنەدار)ی مرۆڤ و نووسەر و زانا***

بنیاد خەزنەدار

- ***ماڵەکەی، قەڵەندەرخانەیەک بوو بۆ هەمووان، بەبێ جیاوازی ڕەنگ و ئایدیا***

ن: پ .د .زاهیر لەتیف کەریم

- ***ڕەوانشاد پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار و چەند بیرەوەرییێک***

پرۆفیسۆر کەمال سەعدی مستەفا

- ***مارف خەزنەدار .. دنیایەک لە وشەو مەملەکەتێک لە کتێب***


حەمید ئەبوبەکر بەدرخان

- ***دکتۆر مارف خەزنەدار .. قەڵەمە بە ویقارەکە***

د. نەجاتی عەبدوڵڵا

- ***مارف خەزنەدار لە زاری خۆی و جەمال خەزنەدارەوە***

باوکی بهێل



# (مارف خەزنەدار)ی مرۆڤ و نووسەر و زانا



**بنیاد خەزنەدار**

لەپاییزی ساڵی ١٩٣٠ مارف خەزنەدار لەیەکێک لەخانووەکانی گەڕەکی سەعدوناوە لەهەولێر لەدایکبووە. ئەم خانووە کە دواتر ناوی دەنێ خانووی سەربەستێ دونیاییک دەخولقێنێت کە مارف خەزنەدار وابەستەی عەشقی خاک و هەولێری ئەو سەردەمە دەکات.

لەمنداڵیدا وێناکردنی سنووری دۆزینەوەی خود لای مارف خەزنەدار لەڕووی مەتریاڵییەوە زاراوەی ئەوبەری بەست بووە کە دەکاتە ماڵی باپیری. پەڕینەوە لەم بەستە واتە پەڕینەوە بەرەو دونیاییکی تر. دونیاییکی جیاوازتر لەو خانوو و ژینگەیەی کە مارف خەزنەدار تیایدا بۆ یەکەمین جار چاوی بەدونیادا تروکاند. هەمیشە لەنووسینەکانیدا سنووری جوانی پەیوەندی نێوان ئەمبەر و ئەوبەری بەستێی بەرجەستە کردووە. مارف خەزنەدار لەخانوییێکدا چاوی هەڵهێنا کە کۆمەڵێک دەلاقەی لەناو دیواردا هەبووە و کتێب و ڕۆژنامەی تێدا بووە. باپیرم عەبدولقادر کەسێکی خوێندەوار و پۆشتە و دیار بووە لەکۆمەڵگای ئەوسای هەولێر. کتێب دۆست بووە و حەزی لەخوێندنەوە بووە.

ئەم ژینگە خوێندەوارییەی ماڵەوە ڕۆڵی دیاری هەبووە لە مشتوماڵ کردنی کەسایەتی باوکم و زیاتر بەرەو دونیای بێ پایانی حەرف و کاغەز ڕاپێچبووە. دواتر خۆیدەکەوێتە خولیای ئەوەی کتێب و چاپەمەنی دەست بخات، تەنانەت ڕۆژانەی خۆی کۆکردۆتەوە بۆ کرینی گۆڤارە میسری و لوبنانیەکان کە ئەو کاتە هەموو سەری مانگ دەگەیشتە هەولێر. باوەژنی باوکم کە ناجیە خانی ناو بوو ئەویش کەسێکی خوێندەوار و لەبنەماڵەییکی بە ناوودەنگی کەرکوک بووە، کە بەبووک دەچێ بۆ باپیرم لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێکی باش لەکتێب و چاپەمەنی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە خانووی سەر بەستێ، ئەم کتێبانە زیاتر دیوانی شاعیرانی کورد و مەولوودنامە بوون، ئەم چاپەمەنیانە پتر نامەخانەکەیان دەوڵەمەندتر کردووە.

قۆناغی خوێندن لەحوجرە بەلای مارف خەزنەدارەوە قۆناغێکی وابەستە بووە بەکۆمەڵێک زانیاری نەگۆڕاو، تەنانەت دواتر کە دەچێتە قوتابخانە لەقوتابخانەی ئەربیل ئوولا هەمان تێڕوانینی هەبووە بۆ بابەتەکانی خوێندن. ئەو هەر لەمنداڵیەوە حەزی بەبیرکردنەوەی سەربەست کردووە بۆیە خۆی دەڵێ لەپاڵ خوێندنی بابەتەکانی قوتابخانە هەمیشە کتێبی دەرەوەشی خوێندۆتەوە، ڕەنگە لەزۆر بابەتی ئەم کتێبانە تێنەگەیشتبێت بەڵام ئەمە سڵی نەکردۆتەوە لەخوێندنەوە. یەکەم کتێب کە خوێندبێتیەوە لەپۆلی چوارەمی سەرەتایی بووە لەنووسینی گۆستاڤ لۆبۆن دەربارەی شۆڕشی فەرەنسا، ئەو نایشارێتەوە کە زۆر بابەت لەکتێبەکە تێنەگەیشتووە بەڵام لا بەرگەوە بۆ بەرگ هەموو کتێبەکەی خوێندۆتەوە.

لەسەردەمی منداڵی و مێردمنداڵیدا، خانووی سەربەستێ و مەکتەبی ئوولا و قەڵات و بازار چوارچێوەی بوونی مارف خەزنەدار دیاری دەکەن، وەلێ هەمیشە دەیزانی کە لەپشتەوەی ئەم دونیا بچووکەی هەولێر دونیای تریش هەن، ئەو درکی بەم ڕاستیە دەکرد لەبەرئەوەی کتێبی دەخوێندەوە، کەسی خوێندەواریش لێوارێک نیە بۆ بیرکردنەوەی بەڵکو پانتاییکی فراوانی بۆ بیرکردنەوە و خەیاڵ هەیە. ئەم سەربەستی بیرکردنەوەیە وای لەمارف خەزنەدار کرد تا دوا هەناسەی وابەستەی هیچ ئایدیۆلۆژیاییک نەبێت، ئەو تا سەر ئێسقان نەتەوەیی بوو بەڵام لەبیرکردنەوە سنووری مرۆڤایەتی بەزاندبوو بگرە گەیشتبووە قۆناغی گەردوونی لەبیرکردنەوەدا.

لەخوێندنی ئامادەیی قۆناغێکی تر لەژیانی مارف خەزنەدار



دەست پێ دەکات، ناچار دەبێت بار و بارگەی تێک بنێ و بچێتە کەرکوک لەبەر ئەوەی لەهەولێر خوێندنی ئەدەبی نەبووە دیارە ئەویش حەزی لەخوێندنی زانستی نەکردووە. لەم سەردەمەدا خولیای نووسین لەلای پەیدا دەبێت و یەکەمین نووسینی لەگۆڤاری گەلاوێژ لەساڵی ١٩٤٨ دەربارەی چێخۆڤ بڵاوکردۆتەوە.

دواتر لەبەشی زمانی عەرەبی لەزانکۆی بەغدا وەردەگیرێت و بڕوانامەی بەکەلۆریۆس بەدەست دێنێت، هەر لەو رۆژگارەدا کتێبی اغانی کردستان چاپ دەکات کە بریتیە لەوەرگێڕانی کۆمەڵێک شیعر و تێکستی شاعیر و نووسەرانی کورد بۆ زمانی عەرەبی. ئەم کتێبە لە ناوەندی رۆشنبیری و ئەدەبی لە بەغدا و کوردستان و هەندێک لەوڵاتانی عەرەبیش دەنگی دایەوە. وەک دەزانرێ هەرگیز کارێکی سانا نیە شیعر وەربگێڕدرێتە سەر زمانێکی تر. لەساڵانی دوایی پەنجاکانی سەدەی رابردوو، مارف خەزنەدار دەبێتە مامۆستای قوتابخانە و هاوسەرگیری دەکات، دواتر دەچێتە کەرکوک و بەشدار دەبێت لەدەرکردنی گۆڤاری شەفەق.


لەساڵی ١٩٦٠ لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابی تری کورد دەچنە رووسیا (یەکێتی سۆڤیەت) ی ئەوکاتە بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لەئەدەبی کوردی. بۆ ماوەی هەشت ساڵ بەبێ پسانەوە لەرووسیا دەمێنێتەوە. لەوێ هاوسەرگیری دووەمی دەکات و کوڕێکیشی دەبێت بەناوی زاگرۆس. لەو ماوەیەدا گەلێ پرۆژەی ئەدەبی و رۆشنبیری ئەنجام دەدات لەوانە چاپکردنی کتێبێک بەزمانی رووسی بەناونیشانی دوازدە سوارەی مەریوان، هەروەها چاپکردنی تێزی دکتۆراکەی بەزمانی رووسی وەک پێشنیارێک لە لایەن لیژنەی تاوتوێ کردن، ئەوە بوو لەلایەن دەزگای رۆژهەڵاتناسی سەر بەئەکادیمیای سۆڤیەتی لەدوو توێی کتێبێک چاپکرا. ئەم کتێبە لەنۆبەرەی ئەو کتێبانەیە کە بەزمانێکی بێگانە لەمەڕ ئەدەبی کوردی چاپ بکرێت.

لەماوەی ژیانی ڕووسیادا، مارف خەزنەدار دۆزینەوەییێکی ناوازە و گرنگ لەمێژووی ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیری کوردی تۆمار دەکات بەدۆزینەوەی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان. بەر لەم دۆزینەوەیە رۆشنبیرانی کورد ئاشنا نەبوون بەژمارەی یەکەم تەنانەت رۆژی دەرچوونەکەشی ئاشکرا نەبوو. دوای گەڕانەوەی بۆ نیشتمان مارف خەزنەدار وتارێک لەرۆژنامەی برایی دەنووسێت و مژدەی دۆزینەوەی ژمارەی یەکەمی بەرۆشنبیران دا، هەروەها پێشنیاری کرد رۆژی ٢٢ی نیسانی هەموو ساڵێک کە بەرواری دەرچوونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستانە بکرێتە جەژنی رۆژنامەگەری کوردی.

دوای گەڕانەوەی باوکم بۆ نیشتمان کۆمەڵێک کاری ئەنجامداوە لەرووی زانستی و نووسینەوە، هەروەها وەک سەرۆکی بەشی زمانی کوردی لەزانکۆی بەغدا دەستنیشانکراوە. لەحەفتاکانی سەدەی رابردوو لەگەڵ جەمال خەزنەدار گۆڤاری دەفتەری کوردەواری بڵاودەکاتەوە، سێ ژمارەی لێدەرچوو دواتر وەستا. ئەم گۆڤارە کۆمەڵێکی زۆر

**مارف خەزنەدار لە خانوییێکدا چاوی هەڵهێنا کە کۆمەڵێک دەلاقەی لەناو دیواردا هەبووەو کتێب و رۆژنامەی تێدا بووە**





نووسینی نووسەرە دیارەکانی ئەو سەردەمەی لەخۆگرتبوو.

لەساڵی ١٩٧٩ پلەی پرۆفیسۆری بەدەست دێنێت. دواتر خانەنشین دەکرێ و بڕیاری گەڕانەوە دەدات بۆ هەولێر و لەخانووی نوێدا کتێبخانە و ئەرشیفە دەولەمەندەکەی بەشێوەیێکی رێکوپێک رێکدەخات. لەوکاتەوەش ناوی ئەم خانووە دەکاتە مەڵبەندی روناکی. لەوکاتەوە مەڵبەندی روناکی دەبێتە دیوەخانی نووسەران و رۆشنبیران و هونەرمەندان و دەبێتە خانەیێکی زانستی بۆ قوتابیان و توێژەران ئەوانەی پێویستیان بە سەرچاوە و زانیاری و ئەرشیف بووە.

لەساڵی ١٩٨٣ دەچێتە وولاتی جەزائیری باکووری ئەفریقا، لەوێ وەک مامۆستای ئەدەبی بێگانە و ئەدەبی بەراوردکاری لەزانستگای عەننابە دەستبەکار دەبێت. پێنج ساڵ لەم وڵاتە ژیان بەسەر دەبات. لەم ماوەیەدا دوو ساڵ من و

**ئەم سەربەستی بیرکردنەوەیە وای لە مارف خەزنەدار کرد تا دوا هەناسەی وابەستەی هیچ ئایدیۆلۆژیایێک نەبێت**



پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار

دایکم هاوسەفەری بووین. لەو ماوەیەی مارف خەزنەدار لەوڵاتی جەزائیر دەبێت، وڵات نقوومی شەڕ ببوو، بۆیە دووركەوتنەوە لەم كەشوهەوا شەڕانگێزیە پێویست بوو بۆ باوکم بۆ ئەوەی لەکەشێکی ئارام کاروکردەوە زانستی و پرۆژەی نووسینەکانی جێبەجێ بکات. لەو رۆژگارەدا دەرفەتی سەفەرکردنمان بۆ وڵاتانی ئەفریقیای باکوور و ئەوروپا و بەریتانیا تا رادەیێک سانا بوو. ئامانج لەم گەشتانە بەپلەی یەکەم بابەتی خوێندەواری بوو، گەلێ جار باوکم لەبەیانیەوە تا ئێوارە نقوومی دونیای کتێب و چاپەمەنی دەبوو لەکتێبخانە گشتیەکان و پەڕەی ئەرشیفە دەولەمەندەکانی هەڵدەدایەوە، ئەوەی پێویستی بوایە کۆپی دەکرد. کۆکردنەوەی ئەم کتێب و بابەتە ئەرشیفیانە زۆر گرنگ بوون بۆ نووسینەوەی زنجیرە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی کە باوکم بەپرۆژەی تەمەن ناوزەدی دەکرد. ئەو کەشوهەوا هێمنەی بۆ باوکم خوڵقا لەم رۆژگارەدا بووە مایەی لەدایکبوونی چەندین نووسین و چیرۆک و لێکۆڵینەوەی زانستی کە دواتر لەرۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەوروپا و ناوەوەی وڵات بڵاوکرانەوە.

دوای گەڕانەوەی بۆ نیشتمان و دووبارە دەست بەکاربوونەوەی لەزانکۆی سەلاحەدین، مارف خەزنەدار بە تەواوی خۆی بۆ نووسین و خوێندنەوە و وانە وتنەوە و سەرپەرشتی کردنی قوتابیانی خوێندنی باڵا تەرخان کرد. تا رادەیێکی زۆر گۆشەگیری ماڵەوە بوو بەڵام هەردەم دیوەخانەکەی گەرموگوڕ بوو. ئەو کۆمەڵێک نەریتی تا رادەیێک نامۆی هێنایە کایەوە کە لەکۆمەڵی کوردەواری باو نەبوون لەوانە وانە وتنەوە لەماڵەوە لەناو کتێبخانە لەجیاتی هۆڵەکانی ناو زانکۆ. هەروەها دامەزراندنی ساڵۆنی ئەدەبی کە تیایدا کۆمەڵێک نووسەر و رۆشنبیر کۆدەبنەوە و گفتوگۆ لەسەر بابەت و پرسێک دەکەن یان هەندێک جار نووسەرێک تێکستێکی خۆی دەخوێنێتەوە و دواتر ئامادەبوان گفتوگۆی لەسەر دەکەن. باوکم ساڵۆنێکی دامەزراندبوو بەناوی برایانی خەزنەدار حەفتانە لەمەڵبەندی روناکی کۆدەبوونەوە بۆ گفتوگۆ و دەمەتەقێ. باوکم دەفتەرێکی هەبوو رۆژانە ناوی میوانانی تێدا تۆمار دەکرد هەروەها کەشوهەوا و گرنگترین رووداوەکانی رۆژیشی تێدا دەنووسی. ئەم کردەوانە ئەوە دەردەخەن کە مارف خەزنەدار کەسێکی پێشکەوتوو بوو لەبیرکردنەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ بەرامبەر، لەکار و کردەوەدا جیهانبین بووە بەڵام لەناخدا کوردێکی راست بووە.

مرۆڤدۆستی مارف خەزنەدار لەگەلێ لایەن رەنگی دابووەوە، یارمەتی هەژاران و لێقەوماوان، لەرووی زانستیشەوە هەمیشە دەرگای لەسەر پشت بووە بۆ ئەوانەی پێویستیان بەسەرچاوە هەبووە یان پرسیاریان هەبووە دەربارەی بابەتە زانستیەکان. مارف خەزنەدار کەسێکی کۆمەڵایەتی بوو، رەنگە بەهۆی پرۆژە رۆشنبیریەکانی و نووسین و خوێندنەوە و کاری ئەکادیمی ئەو دەرفەتەی نەبووبێ زۆر سەردانی خەڵک بکات، بەڵام هەمیشە میوان دۆست بووە و حەزی بەتێکەڵاوی کردووە.

لەرووی ژانرەکانی نوسینەوە، مارف خەزنەدار خۆی لەقەرەی زۆربەی بابەتەکان داوە لەوانە بابەتە ئەدەبیەکان کە خۆی ناوی دەنا داهێنانی ئەدەبی وەک چیرۆک و شیعر و

پەخشانە شیعر و دەق. لەرووی زانستی و ئەکادیمیەوە خاوەنی دەیان توێژینەوەی زانستیە کە لەگۆڤارە زانستیەکان بڵاوکراونەتەوە. یاداشتەکانی لەحەوت بەرگدا بڵاوکردۆتەوە، یەکێکە لەو یاداشتانەی کە گەلێک زانیاری و بەسەرهاتی گرنگ لەخۆ دەگرێت کە فرە بایەخە بۆ مێژووی رۆشنبیری گەلەکەمان. ئەم یادداشتانە بەنەفەسێکی ئەدەبی قانگ دراو بەهەستی رۆمانتیکی نووسراوەنەتەوە. زانیاریەکانی ناو ئەم یاداشتە راستەوخۆ لەئەزموونی کەسی نووسەر وەرگیراوە بەواتا لەسەر زاری کەسی دووەم باس نەکراوە، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی زانیاری و رووداوەکان جێگەی متمانە بن. مێژووی ئەدەبی کوردیەکەی مارف خەزنەدار شاکارێکی پڕ بەها و گرنگە، یەکێکە لەو هەوڵە دەگمەنانەی نووسینەوەی مێژووی ئەدەب کە لەسەر بنەمایێکی زانستی و بە بەکارهێنانی سەرچاوە و بەڵگەی زیندوو نووسراوەتەوە. رەنگە هەوڵەکانی پێشووتر بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی هێندە گشتگیر نەبوون.

لەرووی ئەکادیمیەوە مارف خەزنەدار سەدان قوتابی بەکەلۆریۆس و دەیان قوتابی ماستەر و دکتۆرای پێگەیاندووە. ئەو زۆر بایەخی بەزانیاری ئینسیکلۆپیدی دەدا، بۆیە هەمیشە پرسیارەکانی کەسانی تر و قوتابیان لای ئەو وەڵامیان هەبوو.

لەبواری رۆژنامەگەری مارف خەزنەدار رۆڵێکی باڵای هەبووە، لەگەلێک رۆژنامە و گۆڤار وەک ئەندامی دەستەی نووسەران و سەرنووسەر و خاوەنی ئیمتیاز کاری کردووە. حەز و خولیاییکی زۆری بۆ کاری رۆژنامەگەری هەبووە. لەبواری میدیای بیستراو و بینراودا گەلێ بەرنامەی تۆمار کردووە و زۆر دیمانەی لەگەڵ سازدراوە، هەمیشە داوای لەمیدیاکاران ئەوە بوو دووربکەونەوە لەپرسیارە سواوەکان و پێویستە هەردەم هەوڵبدەن پرسیاری نوێ لەمیوانەکانیان بکەن بۆ ئەوەی وەڵامی بەسوودیان دەست بکەوێت.


مارف خەزنەدار وتەیێکی هەبوو دەیوت «نامەخانە بەهەشتی راستەقینەیە»، هەرئەم نووسینەشی لەسەر کتێبخانەی مەڵبەندی رووناکی هەڵواسیبوو. ئەو کتێبخانەیەی کە دوای خۆی جێهێشت بەرهەمی تەمەنێکە لەخۆشویستن و عەشقێکی بێ هاوتا بۆ کتێب. ئەم کتێبخانەیە لەمێژووی خۆیدا چەندین جار دوچاری لەناوچوون بووە بەڵام دیسانەوە هەڵساوەتەوە سەر پێ. دواجار لەخانووی مەڵبەندی رووناکی هەناسەی ئاسوودەیی هەڵکێشاوە. مارف خەزنەدار دەیگوت «من حەمباڵی کتێبم» لەم وڵات ئەو وڵات کتێبی هێناوەتەوە ئەم مەفتەنە. کتێبخانەی مەڵبەندی رووناکی کەم وێنەیە لەرووی سەرچاوە بەتایبەتی دەربارەی کورد بەهەموو زمانانی دونیا. کتێبی دەگمەنی تێدایە رەنگە لەسەر ئاستی جیهان چەند دانەیێک لەم کتێبانە پارێزراو بن.

جگە لەکتێب ئەم کتێبخانەیە ئەرشیفێکی ناوازەی تێدایە کە پێکدێت لەئەرشیفی نامەی نووسەران و رۆشنبیران و هونەرمەندان و دۆست و هاوەڵانی مارف خەزنەدار، هەروەها ئەرشیفی وێنە کە زیاد لەسی و شەش ئەلبوومی وێنە دەگرێتەخۆ. ئەم ئەرشیفە کۆمەڵێک تۆماری ڤیدیۆیی تێدایە کە بریتیە لەتۆماری دانیشتنە ئەدەبیەکانی مەڵبەندی رووناکی و میوانان و تۆماری هەندێک لەو شوێنانەی کە لەگەڵ باوکم سەردانمان دەکرد. کۆمەڵێک کاسێتی دەنگی لەم ئەرشیفە بەرچاودەکەوێت لەوانە تۆمارکردنی هەندێک لەهەواڵەکانی رۆژ و گۆرانی و چەند کاسێتێکیش هەن بریتین لەخوێندنەوەی تەواوی شیعرەکانی نالی بەدەنگی باوکم. جگە لەمە کتێبخانەکە ئەرشیفێکی رۆژنامەگەریشی تێدایە کە بریتیە لەگۆڤار و رۆژنامەی کۆنی میسری و لوبنانی و عوسمانی و کوردی و عەرەبی و رووسی و زمانانی تر.


سیانەی کتێب و قەڵەم و کاغەز پێناسەی بوونی مارف خەزنەدار بوون، ئەو بەبێ هەڵمژینی بۆنی کتێب و قەڵەمە مەرەکەبەکەی و چاویلکەکانی تەنانەت بۆ ساتێکیش نەیدەتوانی بژی. هەربۆیەش تا دواساتەکانی ژیانی کتێب لەبن سەری بوو هەروەها چەند پەرە کاغەزێک و قەڵەمێک لەتەک پێخەفەکەی بوو. دواجار لە ٢٠١٠/١٠/٢٥ بۆ ئەبەد چاوەکانی لێکنا، ئێمە و هاوەڵانی بەجەستە جێهێشت بەڵام بەیادەوەری و کردەوەکانی هەمیشە لەنێومانە. جەستەی پاکی لەنێو کتێبخانەکەیەوە بەرەو دوامەنزڵگای لەگۆڕستانی چراغ بە شکۆوە بەرێکرا... درووود بۆ گیانی.



**مارف خەزنەدار دۆزینەوەییکی ناوازە و گرنگ لە مێژووی ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیری کوردی تۆمار دەکات بە دۆزینەوەی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان**



# ماڵەکەی، قەڵەندەرخانەیەک بوو بۆ هەمووان، بەبێ جیاوازی ڕەنگ و ئایدیا



پ. د. زامیر لەتیف کەریم

کاتێک خوێندکاری کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا بووم لەبەشی زمانی عەرەبی، لەنزیکەوە زۆر حەزم دەکرد کەسایەتییە ئەکادیمیە کوردەکان، وەک پرۆفیسۆر عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ و مارف خەزنەدار بناسم.

گەورەیی ولێبووردەیی ئەم بەڕێزانە خەونەکەمی جێبەجێ کرد وبوومە هاوڕێیەکی ئەم بەڕێزانە و زیاتریش بەو پێیەی ئەم دوو ئەکادیمییە ئاست بەرزەی کورد لەبنەڕەتدا دەرچووی زمانی عەرەبی بوون ئەوا منێکی تازە پێگەیشتوو سوودێکی زۆرم لێ بینین.

لەساڵی ١٩٨٥ دوای ئەوەی بڕوانامەی دکتۆرام بەدەست هێنا، بۆ جارێکی دی و لەزانکۆی سەلاحەددین لەهەولێر ئاشنایەتیم لەگەڵ جەنابی خەزنەدار نوێ بووەوە. لەماوەی ئەو (١٠) ساڵەی مانەوەم لەزانکۆ و هەولێر زۆربەی کاتم لەگەڵ ئەم بەرێزەدا بردۆتە سەر.

بەدرێژایی ئەو ماوەیە، کۆمەڵێک تێبینی و سەرنجم لەسەر ئەم بیرمەندە ڕۆشنبیر و ئەکادیمییە لا دروست بوو. لەڕووی زانستی ئەدەبی و فەرهەنگی و مەعریفی و سیاسی و سۆسیۆلۆژی و ئارکۆلۆژییەکانەوە خاوەن توانا و بەهرە و سەلیقە و فرە زیرەکییەکی نموونەیی بوو

بۆ هەر بابەتێک بەچڕی و بەزانیارییەکی پڕۆفیشناڵییەوە دەستی دەکرد بەگفتوگۆ. خوێندنەوەی بۆ مەسەلە و پرسیارەکان شارەزایانە بوو. خودی خۆم، لەو زەمەن و کاتەدا کە لەڕووی تەکنەلۆژیا و سەرچاوەوە وەک ئێستا نەبوو، گەر پێویستم بەزانیارییەک بویایە ئەوا ڕاستەوخۆ پەنام بۆ جەنابی دکتۆر عیزەددین و خەزنەدار دەبرد. ڕاستە بەفەرمی خوێندکاری ئەم دوو بەڕێزە نەبووم، بەڵام هەمیشەی خۆم بەخوێندکاریان زانیوە. دەوڵەمەندی کتێبخانەکەی خەزنەدار بێ وێنە بوو. کتێب وسەرچاوەکانی بەمەبەستی ڕازانەوە نەبوو، بەڵکو هەموویانی بەتێروتەسەل خوێندبۆوە. وتنەوەی بابەتە زانستی و سیمینارەکانی چێژێکی تایبەتیان هەبوو. هۆڵی خوێندن و وانەوتنەوەی پێچەوانەی هەرە زۆری مامۆستایان بوو. وەک مامۆستایەکی ڕەسەنی زانکۆ مامەڵەی لەگەڵ خوێندکار و بابەتەکاندا دەکرد. گوێگران و دانیشتووان زۆر بەڕێز و شەوقەوە ئامادە دەبوون. تەنانەت وەک نەریتێکی هەمیشەیی، هیچ کات لەسەرەتای وانە وتنەوەدا ناوی خۆێندکارانی نەدەخوێندەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خوێندکاران بەبێ دواکەوتن ئامادەدەبوون.

بێگومان ئەمەش لەلایەکەوە دەگەڕایەوە بۆ زانست و زانیارییەکانی، لەلایەکی تریشەوە بۆ هێزی کەسێتی سایکۆلۆژی وسۆسیۆلۆژی مامۆستا. هەروەها هەستی نیشتمانیی و نەتەوایەتی لەئاستێکی بەرز دابوو.

هەمیشە دەیگوت: (خۆزگە دەسەڵاتی ئەوەم دەبوو مەڵبەندێکی ئەکادیمی نیشتمانی سەربەخۆ دامەزرێنم، دەمانکردە جێگەی ئارگیومێنتی فیکر و زانست وئایدیا وئەدەب، گەرچی حەزی بەدەرخستن نەبوو بەڵام هەندێکجار مەسەلە گرنگ و پیرۆزەکان ناچاریان دەکرد دەمامکەکەی داماڵێت.

لەسەروبەندی کیمیابارانەکەدا سەردانی ماڵی مامۆستام کرد، دیار نەبوو خێزانەکەی فەرمووی "ئەمڕۆ دکتۆر زۆر بێ تاقەتە و هەر لەبەیانیەوە بێ نان خواردن چۆتە کتێبخانەکەي و دەڵێت: نامەوێت کەس ببینم".

کە گوێی لەدەنگی من بوو فەرمووی وەرە خوارەوە (واتە بۆ کتێبخانەکەی کەلەژێر زەمینەکەیدا بوو) کە بینیم، لەڕاستیدا جەنابیان زۆر بێ تاقەت هاتنە بەرچاو. گوتم: ئەم بێ تاقەتییە چییە؟ فەرمووی: چۆن بێ تاقەت نابم! لەلایەکەوە ئەنفال و لەلایەکی ترەوە کیمیاباران. لەوێدا دڵی زۆر ناسک ببوەوە و بەئاشکرا چاوەکانی پڕببوون لەفرمێسک.

بەوپێیەی مامۆستا کەسێکی چاوچنۆک وخۆویست نەبوو، ئەوا زۆر ڕێزی لەخۆیی وزانست وپیشەکەی وئەوانی بەرامبەر دەگرت، تا کۆتایی ژیانی لەنووسین و خوێندنەوە نەکەوت، زانکۆ و ماڵەوەی کردبووە جێگەی دیالۆگ



و ئارگیومێنتەکان، ئەوەی پێویستی بەمامۆستا بوایە ئەوا وەک خۆبەخشێک یارمەتی دەدا، ماڵەکەی لەلایەکەوە قەلەندەرخانەیەک بوو بۆ هەمووان بەبێ جیاوازی ڕەنگ و ئایدیا، لەلایەکی ترەوە ببووە مەڵبەندێکی زانستی وەک ئەوەی بڵێت گەر خەونی دروستبوونی مەڵبەندێکی ئەکادیمی نیشتمانی سەربەخۆ نەهاتبێتەدی ئەوا ماڵەکەی هەمان ڕۆڵ دەبینێت. ڕۆژانە مامۆستایان و خوێندکارێکی زۆر ڕوویان لەماڵەکەی دەکرد. لەلایەکەوە خێزانەکەی سەرقاڵی خزمەتکردن و ئامادەکردنی خوانی نیوەڕۆ، یان ئێوارە بوو، لەلایەکی تریشەوە مامۆستا لەیەک کاتدا خەریکی نووسین و خوێندنەوە و یارمەتی بەرامبەرەکان بوو. ئەو توانا و هێزە بەردەوامە هەر لەخۆیان دەوەشایەوە و بێزارییان پێوە دیار نەبوو. من بەش بەحاڵی خۆم زۆر شەرم دایدەگرتم دەرهەق ئەو جۆرە مامەڵە ئەخلاقی و زانستی و مرۆڤایەتیانەی.

ئەم ڕێزلێگرتنەم تەنها لەحاتەم بیستووە، لە دۆخە سیاسییە ئاڵۆزەکاندا، بەتایبەتی لەشەڕی برا کوژییەکەدا ماڵەکەی ببووە جێگەی پەناهەندەکان. هەر لەو کاتانەدا ڕۆژێکیان ڕێم کەوتە ماڵی مامۆستا، چەند برادەرێکی سیاسی دیاریکراوی لێبوو، وەک برا و گوڵ خزمەتی دەکردن، گوتم: مامۆستا، ماڵەکەت بووە بەماڵی ئەبو سوفیان، ئەویش یەکسەر ڕستەکەی تەواو کرد و فەرمووی: "من دخل بیت ال سفیان فهو امن"

مەبەستی ئەوە بوو ئەوەی دێتە ماڵم ئەوە لەلایەکەوە ماڵ ماڵی خۆیەتی، لەلایەکی تریشەوە بۆ کەس نیە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەمامۆستا کەسێکی دڵسۆز و بەئەمەک و بوێر بوو، هیچ کات هەستم نەکردووە کە چاوبەرەوژێری پیاوانی دەسەلات و ڕژێم بوبێت.

هەروەها کەسێکی خۆنەویست و بەئەمەک بوو، بەوپێیەی مامۆستا کەسێکی داخراو نەبوو، ئەوا لەهەمان کاتدا حەزی بەپلە و پایەی کارگێڕی نەدەکرد، لەجیاتی ئەمانە هانی خوێندکارانی دەدا بەرەو خوێندن و خوێندنەوە. تەنانەت یارمەتی خوێندکارە لێهاتوو و هەژارەکانیشی دەدا.


لەدوای ڕاپەڕین، بەیارمەتی هەردوو بەڕێز دکتۆر جەمال نەبەز و دکتۆر حەسەنی حوسامی، لەبەرلین ڕێکخراوێکی خێرخوازیان بۆ یارمەتی زانکۆکانی کوردستان و خوێندکارە لێهاتووە هەژارەکان دروست کرد. مامۆستا لەپێناو سەرخستن و سەرکەوتنی ڕێکخراوەکە داوای لە دکتۆر حەمە نوری عارف و بەندە کرد تاکارەکان وەک ئەوەی پێویستە هەڵسوڕێنین، دواتر داوامان لەبەڕێز دکتۆر کاوسی عەزیز بەگ کرد، کە ئەویش وەک ئەندامێک لەگەڵماندا کار بکات. کاری هەمووومان خۆبەخشی بوو. ڕێکخراوەکە ماوەی چوار ساڵ بەشێوەیەکی زۆر جوان و شایستە بەردەوام بوو، دواتر لەناوخۆ هەرەسیان پێهێناین و کۆتایی بەکارەکان هات. لەو ماوەیەدا مامۆستا و سەرجەم ئەندامان نموونەی کار و دەست پاکی بوون، هیچ کات هەستمان نەدەکرد کە مامۆستا سەرۆکمانە بەڵکو هەموو کارەکانی ڕووبەڕووی ئێمە دەکردەوە، جگە لەمەش لەماڵی دکتۆر کەمال خۆشناو، بەئامادەبوونی بەڕێزان دکتور حەمە نوری و دکتۆرکاوس کۆبوونەوەیەکمان بەمەبەستی دروستکردنی کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان ئەنجامدا. ڕاستە بیرۆکەکەی هی دکتۆر کەمال بوو، بەڵام هەموو حەزمان دەکرد یەکێکی وەک دکتۆر عیزەددین یان مارف خەزنەدار سەرۆکایەتییەکەی لە ئەستۆ بگرێت، بەڵام مارف خەزنەدار داواکەی قبوڵ نەکرد، دواتر دکتۆر کەمال بووە سەرۆک.

بۆیە ئەوەی بەلای مامۆستاوە گرنگ نەبوبێت پلەوپۆست بوو. هەر لەبەر ئەمە و زانستەکەی بوو کەمنەتی بەموو و ئەو نەبێت و ئازادانە کارەکانی خۆی بکات. بەدرێژایی ئەو (١٠)ساڵەم لەناسینی مامۆستا ڕۆژێک گوێبیستی وشەیەکی ناشیرین و ناشایستەی نەبووم، خاوەن نەفسێکی هەرە بەرز، تا دوا هەناسەی بەشدار بوو لەپرۆسەی زانستدا. هەزار سڵاو لەگیانی پاکی ئەم بیرمەندە بەئەمەکە کەهەمیشە خۆیی و ماڵ ومنداڵی لەخزمەت فەرهەنگ و ڕۆشنبیری کوردا بوون.

*ئەم وتارە ئەگەرچی کاتی خۆی لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاو بۆتەوە، بەڵام لەسەر ئیزنی نووسەر جارێکی دی لەم دۆسیەیەدا بڵاوی دەکەینەوە.

**مامۆستا، ماڵەکەت بووە بەماڵی ئەبو سوفیان، ئەویش یەکسەر ڕستەکەی تەواو کرد و فەرمووی: "من دخل بیت ال سفیان فهو امن"**

**لەدوای ڕاپەڕین، بەیارمەتی هەردوو بەڕێزان دکتۆر جەمال نەبەز و دکتۆر حەسەنی حوسامی، لەبەرلین ڕێکخراوێکی خێرخوازیان بۆ یارمەتی زانکۆکانی کوردستان و خوێندکارە لێهاتووە هەژارەکان دروست کرد**



# مارف خەزنەدار و چەند بیرەوەرییەک



پرۆفیسۆر کەمال سەعدی مستەفا


لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، کاتێک دەستم بە خوێندنەوە و نووسین کرد، یەکێک لەو چیرۆکانەی مارف خەزنەدارم بە ناوی (ئەڵەمان کوردی) خوێندەوە، زۆر سەرنجی ڕاکێشام، ئیتر لەو ڕۆژەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ خەرمانی ئەدەبی دکتۆر مارف پەیدا کرد، تا ئەوەبوو لە دوای ڕاپەڕین گەڕایەوە کوردستان و لە گەڕەکی ڕووناکی نیشتەجێ بوو، کتێبخانە و ماڵەکەی خۆی وەک مەڵبەندی ڕووناکی بۆ پاراستنی تێکست و دەستنووس و ئەرشیفی ئەدەبی کوردی ناساند و ناوە ناوە لە ماڵەکەی خۆی کۆڕی ئەدەبی بۆ ئەدیبە گەنج و لاوەکان ساز دەداو، لە ڕۆژەکانی دیش دەرگای خستبووە سەر پشت و خۆی و هاوژینەکەی پێشوازی لەو کەسانە دەکرد کە سەردانی کتێبخانەکەیان دەکرد.

لە ساڵی 1996 کاتێک لە ڕۆژنامەی (هەرێمی کوردستان) کارم دەکرد، گۆشەیەکی حەفتانەم بەناوی (سەکۆی زانکۆ) کردەوە و سەردانی مامۆستام کرد، لە بارەی ژیان و بەرهەمەکانی زانیاریم لێ وەرگرت و لە ژمارە (36) ڕۆژی (1996/12/9) ڕۆژنامەی (هەرێمی کوردستان) بڵاوم کردەوە، ئەمەی خوارەوە بەشێکە لەو نووسینەم (گەشتکردن بە نێو گوڵزاری ژیاننامەی زانستیی پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار شتێکی ئاسان نیە، چونکە هەر ساڵێکی تەمەنی ئەم زاتە پڕە لە دەیان شاکار و بەرهەمی بە نرخ، ڕەنگ بێت لە گۆشەیەکی وادا جێگای نەبێتەوە، بەڵکو پێویست بە لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی قوڵتر و چڕوپڕتر دەکات بۆیە ئێمە ناچارین لەم حاڵەتەدا ئیکتیفا بە خستنە ڕووی بەشێک لەو ژیاننامە زانستییە پڕشنگدارە بکەین).

خوالێخۆشبوو خاوەن هەڵوێست و مرۆڤی ساتە سەختەکان بوو، وێڕای ئەوەی دەرگای ماڵەوەی کراوەبوو بۆ قوتابیان و خوێندکاران و ئەدیبان و ڕۆشنبیران، وەکو قوتابخانەیەکیش بوو، هەر ڕۆژەی دەرسێک و ئەزموونێکی لێ فێر دەبووین، هەروەها لە کاتی تەنگانەدا پشت و پەنا بوو بۆ نووسەران و ڕۆشنبیران و داکۆکی لێ دەکردن.

لە ساڵی 1977 کاتێک بە یارمەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆمانی سەعید زەبۆکی لای خۆمانم چاپکرد، کەسێک لە ئەورووپا گەڕایەوە کوردستان و گلەیی لە مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری کردبوو. مامۆستا فەلەکەدینیش شاکر ڕۆژبەیانی بەڕێوەبەری گشتی چاپەمەنیەکانی ناردە لای من و پێی وتم (مامۆستا دەڵێ‌کەسێکی وا لە هەندەران هاتۆتەوە و دەڵێ ئەم ڕۆمانە ناووناوبانگی منی زڕاندووە و باس لە ژیانی من دەکات). بۆیە منی ناردۆتە لای تۆ و دەڵێ (بەیانی ئەو کەسە دێتەوە لام، چی وەڵام بدەمەوە؟). منیش وتم با پێی بڵێ ڕوو بکاتە دادگا، ئەگەر وایە داواکەی بسەلمێنێ.

جا ئەوەبوو ناوبراو پارێزەر وشیار ئەتروشی کردە بریکاری خۆی، کە یەکێک بوو لە پارێزەرە باشەکانی ئەو سەردەم، وەزارەتیش مافپەروەرێکی خۆیانی کردە نوێنەری وەزیری ڕۆشنبیری و منیش وێڕای ئەوەی کۆمەڵێک پارێزەری ژووری پارێزەرانی هەولێر ئامادەییان پیشاندا لە بەردەم دادگا بەرگریم لێ بکەن، بەڵام بە باشم زانی لەو کەیسەدا کە شارەزاییم لێی هەبوو بەرگری لەخۆم بکەم. بەم شێوەیە لە بەردەم دادگای بەرایی هولێر لە لایەن دادوەر ڕەئوف ڕەشید بە ئامادەبوونی گشت لایەنەکانی داوا، دادگایی کردنەکە بە شێوەیەکی ئاشکرا بەڕێوەچوو، ژمارەیەکی زۆری نووسەران و ڕۆژنامەنووسان ئامادەی دانیشتنەکان بوون، لەوانە مامۆستای ڕەوانشاد پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار و دکتۆرە شوکریە مستەفا ڕەسول و تاوێق جامباز و سابیر ڕەشید و پارێزەر حوسامەدین سەرداری و لێکۆڵەری دادی سەردار عەزیز خۆشنا و پارێزەر ئاشتی و نووسەر ئەیوب گەلاڵی، ئەمەو چەندانی تر بە نامە پشتگیرییان لێ کردم، لەوانە خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر دکتۆر سەعدی بەرزنجی و خوالێخۆشبوو مەهدی خۆشناو. لە ئاکامدا داوایەکە لە بەرژەوەندی من و وەزارەتی ڕۆشنبیری یەکلا بۆوە.



شایەنی ئاماژەبۆکردنە، ئەم جۆرە دادگایی کردنە، حاڵەتێکی نوێ بوو لە دادگاکانی کوردستان و یەکەم جار بوو، لە سەر نووسین نووسەر دادگایی بکرێت، بۆیە ئامادەبوونی ئەم کۆمەڵە نووسەر و ڕۆشنبیرانە لە بەردەم دادگا و داکۆکی کردنیان لە قەڵەم و وشە، وەک کەرنەڤالێک دەهاتە پێش چاو، کە لە هەقیقەتدا ڕێکخەری ئەو کەرنەڤاڵەش مامۆستای گەورەمان خوالێخۆشبوو دکتۆر مارف خەزنەدار بوو، کە ئەم نووسەر و ڕۆشنبیرانەی لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە و لە بەردەم دادگا وەک پارێزەرێک داکۆکییان لێ دەکردم، ئەو هەمیشە وەک باوک و مامێک بوو بۆ نووسەر و ڕۆشنبیرە لاوەکان و لە کاتی تەنگانەدا پشت و پەنایان بوو.

دکتۆر مارف خەزنەدار لەم ساڵانەی دواییدا هەموو تەمەنی بۆ خزمەتکردنی ئەدەبی کوردی تەرخان کردبوو، دەیان کتێبی بە نرخی لەم بوارە دانا، یەکێک لەو کتێبانەی، مێژووی ئەدەبی کوردی بوو، کە لە چەند بەرگێکدا خستیە بەر دەستی خوێنەران، کە دوای کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) مامۆستای نەمر عەلائەدین سوجادی دووەمین کتێب بوو کە باسی مێژووی ئەدەبی کوردی بکات هەر لە سەرەتاوە تا ئەم سەدەیە و بەمەش کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند کرد.

شایەنی باسە، لە ساڵی 2008 کاتێک بوومە ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بە هەلم زانی بە هاوکاری مامۆستایانی بەشی کوردی و ئەنجومەنی کۆلێژ و پشتگیری بەرێز سەرۆکی زانکۆ دکتۆر محەمەد سەدیق و ئەنجومەنی زانکۆ لە مەراسیمێکی کەم وێنەدا هەوڵو کۆششی خوالێخۆشبوو لە بواری ئەدەبی کوردی بەرز بنرخێنین. بۆ ئەم مەبەستە لە ڕۆژی کردنەوەی هۆڵی خوالێخۆشبوو دکتۆر عەبدوڵا حەداد، بە ئامادەبوونی پۆلێک لە نووسەر و ڕۆشنبیران و قونسوڵی فەرەنسی مەدالیای ڕێزلێنانمان بەخشیە خانەوادەی خوالێخۆشبوو دکتۆر عەبدوڵا حەداد و خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار و خوالێخۆشبوو



دکتۆر مارف خەزنەدار لەگەڵ چەند نووسەرێکی دیاری هەولێر


پرۆفیسۆر دکتۆر مستەفا زەلمی.

لە ڕاستیدا بێ لەم بەرێزانە مامۆستای گەورەمان پرۆفیسۆر دکتۆر عەزیز گەردیش ناوی لە ناو لیستی ئەو ڕێزلێنەدا بوو کە لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژ و ئەنجومەنی زانکۆوە پەسند کرابوو، بەڵام بەداخەوە هەیچ یەکێک لە ئێمە نەمانتوانی ئەم هەواڵە بگەیەنینە پرۆفیسۆر دکتۆر عەزیز گەردی، هەندێک لەو کەسانەی کە لە مامۆستا نزیک بوون وتیان ئەگەر مامۆستا عەزیز بزانێ کارێکی واتان کردووە و دەتانەوێ مەدالیای ڕێزلێنانی پێ ببەخشن، لێتان عادز دەبێت و پەیوەندیتان لەگەڵ دەپچڕێنێت. ئەوەی ڕاستی بێت سەرەتا ئەو قسەم نەچووە مێشکەوە، بەڵام کاتێک ئەم بابەتەم لەگەڵ دکتۆر مارف خەزنەدار کردەوە، ئەویش هەمان بۆچوونی هەبوو، وتی عەزیز گەردی نەک ئەو مەدالیایە تەنانەت ڕێزلێنانی هیچ لایەنێکی تریش قەبوڵناکات ئەگەر لە بەرزترین ئاستیشدا بێت، ئەو گومانی لە هەموو شتێک هەیە و کەسێکی لە ڕادە بەدەر هەستیارە بۆ ئەم بابەتانە، بۆیە ئەگەر بە قسەی من دەکەیت پێی مەڵێ و وازی لێ بێنە.

ئیتر ئەوەبوو لە سەر قسەی ئەو بەرێزانە مەدالیای ڕێزلێنانەکەم لە ڕاگرایەتی هەڵگرت و ئەم بابەتەمان داخست.

# مارف خەزنەدار

# دنیایەک لە وشەو مەملەکەتێک لە کتێب



حەمید ئەبوبەکر بەدرخان *



نەوەد و یەک ساڵ بەر لەئێستا، مرۆڤێک لەدایکبوو، وەکو رووەکەکان گەشە و باڵایان کرد و قەڵاو منارەی سەربەرزی کوردستان لەهەولێر سەربەرزانە لەباوەشیان گرت.

شانەدەر لەحزوری ئەو مەلۆتکەیە دەستەونەزەر لەکونجێکی ئەشکەوتەکە دەیهەژاند، کوردستانیش لەپێشوازی ئەم منداڵە پەپولە ئاساییەدا بەحورمەتەوە حەوت شەو و حەوت رۆژ ئاهەنگیان بۆ سازکرد.

مامۆستا و نووسەر و رۆژنامەنووس و لێکۆڵیار و ئەکادیمیست و باوک و نیشتمانپەروەر و پرۆفیسۆر د.مارف خەزنەدار (١٩٣٠-٢٠١٠) کە بەدرێژایی هەشتا ساڵ لەژیان و هەوڵەکانی لەبواری کاری ئەدەبی و رۆژنامەوانیی و زماندا، زیاتر لەسەد بابەتی نووسیوە و سەرجەمیشیان وەکو کتێب چاپ و بڵاوکردۆتەوە، لەهەمانکاتیشدا نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی لەحەوت بەرگ و بیرەوەرییەکانی خۆی کە لەحەوت بەرگ پێکهاتووە بە ناونیشانی (رۆژگاری من)، سەرەڕای نووسینی سەدان پێشەکی بۆ نووسەران.

د.مارف خەزنەدار دەیگوت: (مرۆڤەکان بەئارەزووی خۆیان لەدایک نەبوون و بەئارەزووی خۆشیان نامرن!). سوقراتی بیرمەندی یۆنانیش سەبارەت بەمردن و ژیان قسە بۆ کۆمەڵێک دەکات و دەڵێت: هۆ خەڵکینە هیچ جیاوازی لەنێوان مردن و ژیان نییە!. خەڵکەکەش هاواردەکەن و پێی دەڵێن، ئەگەر ئەوە بیروڕای تۆیە، بۆچی خۆت ناکوژی!؟. ئەویش لەوەڵامدا پێیان دەڵێت، خۆشەویستانم خۆ من نەمگوتووە مردن خۆشترە، من گوتوومە مردن و ژیان جیاوازی نییە!.

خەزنەداری گەورە نەوەد و یەک ساڵ پێش ئێستا لەکوردستان لەدایکبوو، گەورە بەقەد کوردستان و گەورەتر لەقەڵا و بەرزتر لەمنارەی چۆلی و ناودارتریش بەقەد (محەمەد عەلی پاشای کوردی و ئەحمەد شەوقی و سەلیم بەرەکات و یەشار کەمال و نەجیب مەحفوز و ئۆرهان پامۆک و تۆلستۆی و مەکسیم گۆرگی و چیخۆڤ و نازم حیکمەت و مەحمود دەرویش و نزار قەبانی).

خەزنەدار تا لەژیاندابوو، زۆر هێمنانە ژیانی کرد، لەگەڵ هەمووان و بۆ هەمووان بوو، ئەو زۆر پێداگری دەکرد لەسەر ئەوەی کە شاری هەولێر بەتایبەتیی قەڵای هەولێر چەقی دنیا و کۆنترین شوێن و شارستانییەتیی سەر رووی زەوییە کە بەزیندوویەتیی ماوەتەوە و ژیانی تێداماوە. ئەو لەزۆربەی نوسین و نامەکانیی دا دەینووسیی، مەڵبەندی روناکی، هەولێر. منیش زۆرجار دەمپرسیی دکتۆر بۆ مەڵبەندی روناکی، لەوەڵامدا دەیگوت، هەولێر خاوەنی گەورەترین شارستانیەت و شوێنگەی زانست و هوشیارکردنەوەیە، بۆیە ناوەندی روناک کەرەوەی ئەدەب و هۆنراوە و تەکیە و مەزار و مزگەوتەکانیشە.

گەورەم ئێمە دەزانین تۆ خەوتوویت و ئەمڕۆ یا سبەی خەبەرت دەبێتەوە و دەگەڕێیتەوە نێو کتێبخانەکەت، ببورە مامۆستا، دەگەڕێیتەوە نێو مۆزەخانە پڕ لەدیکۆمێنت و کتێب و پەڕاو و نامە و وێنە و سەرچاوە بەهادارەکانت، چونکە هەموومان هاوڕایین کتێبخانە ناوازەکەت گەورەترین کتێبخانەی کەسییە لەرۆژهەڵاتیی ناوەڕاست کە دەوڵەمەندترینیانە لەبابەتیی هەمەجۆر. چونکە تۆ باوەڕت بەوە هەبوو زۆرجار دەتگوت، دنیا لەبەین ناچێ، واتە ناڕوخێ و ژیان بەردەوام دەبێ، تۆش کەڵەپیاوێکی نەمری و گەورە بیرمەندی کوردی و بۆ مرۆڤایەتی زیاتر لەشەست ساڵ خزمەتت بەو رێبازە پیرۆزە کردووە.

**چۆن د. مارف خەزنەدارم ناسی**

لەدوای راپەرینی گەلی کوردستانی ١٩٩١ ئاشنایەتیم لەگەڵ رەوانشاد د.مارف خەزنەدار پەیداکرد، ئەویش بەمەبەستی نووسینی پێشەکییەک بۆ بەرگی سێیەمی فەرهەنگی

**سەعدیە خانی هاوسەری د. مارف خەزنەدار، گوتی کەس موستەهەقی ئەوە نەبێ پێشەکی بۆ بنووسیت. ئەو کوڕە گەنجە موستەهەقە!**



وێنەدار بۆ منداڵان بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی بوو، چونکە بەرگەکانی پێشتر (د.فازیل قەفتان و لەتیف و هەڵمەت و د.مەولود ئیبراهیم و د. عومەر کۆیی پیشەکییان بۆ بەرگی یەکەم چاپی یەکەم و دووەم، بەرگی دووەم چاپی یەکەم و دووەم ) نووسی بوو، منیش بەدڵ حەزم دەکرد، د. مارف پێشەکییەک بۆ بەرگی سێیەم بنووسێت.


ساڵی ١٩٩٥ بوو، پاش یەکترناسین و قسەکردن، د.مارف بەڕوویەکی گەشەوە پرسیی، کاک حەمید هەر چوار زمان باش دەزانی؟ منیش چاوەڕوانی ئەو پرسیارەم دەکرد، بۆیە لەوەڵامدا گوتم نەخێر دکتۆر، بەڵام ئەو وشانەی لەدووتوێی ئەو کتێبە هاتووە و چیرۆکی دۆزینەوەی ئەو فەرهەنگەم بۆ گێڕایەوە کاتێ خوێندکاربووم لەکۆلێژی کارگێڕی و ئابووری، بەشی ئابوری زانکۆی موستەنسریە لەبەغدا. رۆژێکیان لەگەڵ هاوڕێی خوێندکاریم (کاوان فەرەج عەلی) ئێستا لەسلێمانی دەژی لەشەقامی موتەنەبی دەگەڕاین و بەدوای کتێب، لەنێو بەرمیلێک کتێبیان دەسووتاند و منیش چوومە لای کتێبە سوتاوەکان و کتێبێک خەریکبوو بسوتێت و منیش بەپەلە دەرمهێنا و سەیرم کرد، ناوی کتێبەکە (معجم اطفال المصور) بوو، بەزمانی عەرەبی ئینگلیزی بوو، خۆی کتێبەکە لەسەرچاوە ئینگلیزییەکە وەرگیرابوو، بۆیە منیش لەبەشی ناوخۆ وشە عەرەبییەکانم کرد بەکوردی و بردم بۆ بەڕێوەبەرێتی گشتی رۆشنبیریی کوردی، رەزامەندییان نیشان نەدا گوایە مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ ناوەندی روناکبیری بەریتانی لەبەغدا، چووم بۆ وەرگرتنی مۆڵەت، شەڕی داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عیراقەوە دەستیپێکرد و نەتواندرا مۆڵەتەکە وەربگرم، لەپاشان گەڕاینەوە کوردستان و راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەسەرداهات و ئاوارەی ئێران بووین و منیش لەگەڵ قوبادی جەلی زادە و نەوزاد رەفعەت و فەرید زامدار لەشاری مهاباد گیرساینەوە و ئەو دەستنووسەشم لابوو.


بۆیە پاش پرسیارکردن هەمان کتێبم دەستکەوت بەزمانی فارسی بەناوی (فرهنگ کودکان باعکسهای رنگی) کەواتە ئینگلیز و عەرەب و فارس بۆ زارۆکانی خۆیان هەمان کتێب و هەمان وشە و هەمان دیزاینیان بەکارهێناوە، بۆ ئێمەی کورد نەتوانین بۆ منداڵانی کورد ئەو کارە نەکەین، هەر لەشاری مهاباد، لەگەڵ هاوڕێی خۆشەویست و رووناکبیرم (عومەری رەشید زادە) وشە فارسیەکەی نێو کتێبەکەمان گواستەوە بۆ ئەوەی منداڵانی کورد سوودی لێوەربگرن، پاش گوێگرتنی ئەو چیرۆکە، یادی بەخێر (سەعدیە خانی هاوسەری د. مارف خەزنەدار) گوتی کەس موستەهەقی ئەوە نەبێ پێشەکی بۆ بنووسیت، ئەو کوڕە گەنجە موستەهەقە!.

رەوانشاد خەزنەدار بەڵێنی نووسینی پێشەکی بۆ بەرگی سێیەمی فەرهەنگی وێنەداری بۆ منداڵانیدا پاش چەند رۆژێک چوومەوە خزمەتیی و پێشەکییەکەم وەرگرتەوە و لەبەرگی سێیەم لەنەورۆزی ١٩٩٦ لەچاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر چاپکرا.

هەروەها لەدوای ٣١ ئابی ١٩٩٦ من شاری هەولێرم جێهێشت و چووین بۆ شاری سلێمانی. پاش شەش ساڵ لەساڵی ٢٠٠٢ گەڕامەوە شاری خۆم، ئەو شارەی کە زێدی خۆمەو لێی لەدایکبووم، لەسەردانێکم بۆ ماڵی د.مارف خەزنەدار بەمەبەستی ناساندنی مانگنامەی بەدرخان (٢٠٠٠ – ٢٠١٨) کە لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لەسلێمانی وەکو دووەمین بڵاوکراوەی ئەهلی ئازاد و سەربەخۆ دوای هەفتەنامەی ئەمڕۆ بۆ ماوەی ١٨ ساڵ بەردەوامبوو کە ١٧٨ ژمارەی بڵاوکرایەوە. پاش ئەوەی چەند ژمارەیەک لەمانگنامەی بەدرخانم پێشکەش کرد، زۆر دڵخۆشبوو، گوتی (فەریدون سامان) دیدارێکی لەگەڵ کردووم بۆ ئێوە باشە، ئێمەش وەرمان گرت و بەدە بەش بڵاوکرایەوە.

چەندین جاری دیکە میوانداری کردووم و منیش بۆ سلێمانی میوانداریم کردووە. لەکاتی چاپکردنەوەی سەرجەم ژمارەکانی رۆژنامەی کوردستانی نۆبەرە ١٨٩٨/٤/٢٢ لەقاهیرە و تاران، زۆر دڵخۆشبوو گوتی، من کاتێ لەمۆسکۆ دەمخوێند لەساڵی ١٩٦٨ ژمارە یەکی رۆژنامەی کوردستانم دۆزییەوە و ئیعلانم کرد کە ٢٢ی نیسان یەکەمین رۆژنامەی کوردی چاپکراوە و کردم بەجەژنی رۆژنامەنووسیی کوردیی، هەرلەو دیدارە کە لەباڵەخانەی ئەکادیمیای کوردی ئەنجام درا کە خۆشی ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی بوو. مخابن ئەوە دوادیدارم بوو لەگەڵ بەڕێزیان، لە ٢٥-٢٠١٠/١٠/٢٦ ژیانئاوایی یەکجارەکی لەگەڵ کوردستان





کرد.


**لە چلەی ماتەمینیی د. مارف خەزنەدار**

کاتێک هەواڵی ژیانئاوایی مارف خەزنەدارمان پێگەیشت، دەستەی نووسەرانی هەفتەنامەی بەدرخان لەدانیشتنێکیدا بڕیاریدا کە ژمارەیەکی تایبەت و کتێبێک لەمەڕ ژیان و بەرهەمەکانی د.مارف چاپ و بڵاوبکاتەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان (ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانی کەلتور) هەر زوو بنەماڵەی د.مارف خەزنەدار بەتایبەتی د.بنیادی کوڕی و د.مستەفا بەپیر بانگەوازە هاتن و دەستخۆشیان کرد و دۆست و ناسیاو و مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستانیش هاوکارمان بوون. لەچلەی ماتەمینییدا تواندرا ئەو گفت و بەڵێنەی بەهەمووانمان دابوو جێبەجێی بکەین.

دنیای دکتۆر مارف خەزنەدار دنیایەکی جیاوازبوو، بێ فیز و زۆر خاکییانە مامەڵەی دەکرد و



لای ڕاستەوە حەمید بەدرخان، عەبدولڕەحان مەعرووف، بونیاد خەزنەدار، ڕەوانشاد یەعقووب یوسف



4

پێشــەکی

کـاك حـەمید ئـەبوو بـەکر ئەحمـەد رووی رێـزی لێ نـام و دەسنووسی ((فەرهەنگی وێنەدار بۆ منداڵان)) ی خستەبەردەستم، بەهیوای ئەوەی بەباڵابرینێك پیرۆزی بکەم.

کەرەستەی ناوئـەم فەرهەنگـە گولزارێکـە چێـژو زانیـاری دەبەخشێتە ئـەو پەپوولانـەی هیـواو ئامـانجی دوارۆژی نەتـەوەی کوردن.

گێتـیی زانستی ئـەم ووشـانە رەنگـە بەقـەوارە سنوور کێشراوێکی بچـووك بـن، بـەڵام بـەناوەرۆك فـراوان وگـەورەبن بـۆ خەڵکـە بچووکەکان و نەمامە تازە پێگە یشتووەکان.

پێشکەوتنی ئـەدەبی منداڵان لـە هـەموو کۆمـەڵێك دا نموونـە و بەڵگـەی پێشـکەوتنی کۆمەڵەکەیە، ئـەوەی ئێمـە وا ئەزانـین گـەورە دروستی دەکا، دەبێ ئاگاداری ئەوەبین هەموو بەتەمەن گەورەیێك رۆژێ لەرۆژان منداڵێکی بچووك بووە.

پیرۆز بایی لەکاك حەمید ئەبوو بەکر دەکەم، وچاوی هەموو منداڵانی کورد ماچ دەکەم.

هەولێر : مەڵبەندی رووناکی　　　د. مارف خەزنەدار

1996/4/21

پێشەکی دکتۆر مارف خەزنەدار بۆ بەرگی سێیەمی فەرهەنگی وێنەدار

زۆریش زانستخوازانە مامەڵەی لەگەڵ دەوروبەری دەکرد، پاش ئاگادارکردنەوە و ناردنی بابەتەکان بۆ ئەو کتێبەی کە بەنیاز بووین لەچلەکەی دکتۆر بەچاپی بگەیەنین کە بریتی بوو لەچەندین نامەی دەستخەت و یاد و یادەوەری ئازیزانی.

سەرەتا پێشەکییەکم بۆ کتێبەکە نووسیی و لەپاشان سەبارەت بەژیاننامەی زانستیی و قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی لەلایەن، (د.نەریمان خۆشناو) نووسراو کە زۆر بەوردی تیشکی خستبووە سەر ژیانی و بەرهەمەکانی و کارە زانستییەکانی بەزمانی کوردی و عەرەبی کە ١٨ لاپەڕە بوو، هەروەها مامۆستا (جەماڵ خەزنەدار) لەنووسینێکیدا تیشکی خستبووە سەر یەکەمین نووسینی د.مارف کە لەساڵی ١٩٤٨ لەگۆڤاری گەلاوێژ ژمارە پێنج بووە. (د.هیمداد حوسێن) یش دوانوسین و دوا نامەی دەستخەتی د.مارفی بڵاوکردەوە.

**ژیاننامەی پڕۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار**

✽ مارف عەبدولقادر مارف عەزیز ئاغای خەزنەدار لە ١٩٣٠/١١/١ لەشاری هەولێر لەدایکبووە.

✽ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لەهەولێر ساڵی ١٩٥١ تەواوکردووە.

✽ لە ١٩٥٢ تا ١٩٥٧ لەشارەکانی (هەولێر و کوت و بەغدا) وەکو فەرمانبەر لەبەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی مەعارف دادەمەزرێت.

✽ لەساڵانی ١٩٥٧ تا ١٩٥٩ دەبێتە مامۆستای زمانی عەرەبی لەشاری کەرکوک.

✽ لەساڵانی ١٩٦٨ تا ١٩٨١ مامۆستا بووە لەبەشی کوردی، کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا.

لەساڵی ١٩٧٣ تا ١٩٨١ سەرۆکی بەشی کوردی بووە، لەهەمان کۆلێژ و زانکۆدا.

✽ دامەزرێنەری بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا بووە.


✽ لەساڵی ١٩٨٨ تا ٢٠٠٦ پڕۆفیسۆری ئەدەبی کوردی بووە لەکۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.

✽ لە ٢٠١٠/١٠/٢٦ لەتەمەنی هەشتا ساڵی، لەشاری هەولێر لەمەڵبەندی روناکی لەنێو کتێبخانەکەی خۆیدا ژیانئاوایی لێکردین.

**✽ بەرپرسی ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانی و کەلتور**



# قەڵەمە بەویقارەکە



د. نەجاتی عەبدوڵڵا

پەیوەندی من لەگەڵ مارف خەنەدار دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی حەفتاکان و دواتریش سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەو کاتەی لەبەغداوە بەیەکجاریی گەڕایەوە بۆ کوردستان. لەهەولێر پێم وابێ یەکەمجار لەنوسینگەی گۆڤاری کاروان، کە ئەوکاتە لەئەمانەتی ڕۆشنبیری ولاوان لەشوێنی ئێستەی ئەنجومەنی وەزیران بوو بەیەکەوە هاتینە دەرەوە و هەر بەیەکیشەوە تا ناوبازاڕ بەباسی نووسین و ئەدەبیات قسە و پیاسەیەکمان کرد.

ئێستە کە من ئەو چەند دێرە دەنووسم سەرم سووڕماوە ئەو پیاوە گەورەیە، کە ئەوکات پلەی زانستیی پرۆفیسۆر بوو و خەرمانێک کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستیی هەبوو و ئەوسا ئەو تەمەنی لەسەرووی پەنجا ساڵییەوە بوو منیش تازە گەنجێک بووم لەناو جیهانی نووسین و هێشتا ئامادەییم تەواو نەکردبوو، زۆر پێم سەیرە چۆن ئاوها لەگەڵ من پیاسەی دەکرد و هیچ نیشانەیەکی خۆبەزلزانین و هیچ شتێکم لێ بەدی نەکرد و سەرم لەگەورەیی و خاکییەتی ئەم پیاوە سووڕما و ئێستەش هیچ وەڵامێکم بۆ ئەو خاکی بوونەی ئەو پیاوە پێ نییە و لەسەرچاوەی ئەم ویقار و خاکی بوونەی نەگەیشتم.


من لەناو کوردان بەتایبەت لەناو بنووسان هیچ کەسم نەبینیوە بەقەد مارف خەزنەدار خاکی و بی فیز و سادە و بەویقار بووبێ. ئەو پرۆفیسۆر بوو بەمانا و بەناوەڕۆک. خودایە ئەم پرۆفیسۆرە چۆن گوێی لەمنێک دەگرت کە هێشتا ئامادەیم تەواو نەکردبوو و خۆ هیچ حیسابێکی بۆ جیاوازی تەمەن و پلەی زانستیی خۆی نەکرد و ئێمە لەکتێبخانەی حەیدەری زوو زوو یەکدیمان دەبینی و هەمیشە ڕێنوێنی دەکردم و پێی دەوتم زۆرتر بخوێنەوە لەوەی دەینووسی و لەو دەورانەدا من هەر وەک شێت، ئاشقی زمان و ئەدەبیاتی ڕووسی بووبووم و د. مارف خەزنەدار بەهێمنی کتێبی کوردەکانی سۆڤییەتی جارانی پێ دەدام، کە بەئەلفوبێی کریلیکی نووسرابوون و هێندە دڵم پێیان خۆش بوو نەبێتەوە.

داخەکەم زۆری نەبرد د. مارف خەزنەدار بۆ خۆڕزگارکردن لەدەست دۆزەخی بەعس بۆ دەرس گوتنەوە چووە جەزایر و سەفەری کرد و ڕۆیشت. لە 1983/12/7 لەجەزایرەوە لەوەڵامی نامەیەکی من دا نووسیویە: (بۆ برای خۆشەویستم کاک نەجات پێشکەشە. چاوەکانت ماچ دەکەم، هەواڵت دەپرسم و هیوام وایە لەخۆشی دا بی. بەڕاستی دەتووت لەدڵم دای، لەهەولێر پێش هاتنم چاوم پێت نەکەوت. چونکە لەوێ نەبووی، کە گەیشتمە ئێرە لەسەر پارچە کاغەزێک ناوی ئەو کەسانەم نووسی کە دەبوو بەسەریان بکەمەوە و نامەیان بۆ بنووسم، ناوی تۆش لەپارچە کاغەزەکەدا نووسرابوو، بەڵام نەمدەزانی چۆن نامەت بۆ بنێرم داوای ناونیشانی تۆم کرد، نازانم لەکێم پرسی، بەڵام گرینگ ئەوەیە ئەوکاتەی دەمویست نامەت بۆ بنووسم و بەهۆی نامەخانەی حەیدەری یەوە بۆت بنێرم، نامەی خۆت گەیشت، زۆر چاکت کرد و دەستت خۆش بێ، بۆیە دەڵێم بەڕاستی دەتووت لە دڵم دای).

ئێستە کە ئەو دێرانە دەخوێنمەوە فرمێسک چاوەکانم دەگرێ، بۆ هیچ نا، بۆ گەورەیی ئەو پیاوە بەویقارە، کە تا وشە و کتێب بمێنێ هەر بەزیندوویی دەمێنیتەوە.

کاتێکیش ویستم بچم بۆ خوێندن بۆ دەرەوەی وڵات چەندە بەگەورەیی د.مارف خەزنەدار گوتی من نامەی پشتگیریت بۆ دەنووسم و لهنامەخانەکەی خۆی و بەدەستی خۆی نامەی پشتگیری بۆ نوسیم. من ئەگەر لەژیانی نووسینمدا قەرزاری کەسێک بم و خۆم بەقەرزاری بزانم بەدڵنیاییەوە قەرزاری زۆر کەسم، بەڵام لەسەرووی هەموانەوە قەرزاری دکتۆر مارف خەزنەدارم، بەداخەوە ئیدی ئەو قەرزە تازە هەرگیز ناتوانم بدەمەوە. دوا وتەم دکتۆر مارف خەزنەدار زۆر گەورەبوو، باڵای وەکو منارەی چۆلی بەرز و هیچ کەسیش نەبووە لەخاکی بوون و زانایی شان لەشانی بدات، گۆڕت پڕ بێ لەنوور پیاوە خاوەن قەڵەمە بەویقارەکە، لەبەرانبەر ڕەوتاری خاکییانە و زانایانەت سەر دادەنوێنم و یادتان بەخێر و ڕێگەتان بەردوام بێ.

# مارف خەزنەدار لە زاری خۆی و جەمال خەزنەدارەوە



**کۆتاییەکانی گۆڤاری گەلاوێژ دەسپێکی نووسینی دکتۆر مارف خەزنەدار بووە**

**باوکی بهێل**

پرۆفیسۆر دکتور مارف خەزنەدار لەکاتی خۆیدا چەندین جار بە خزمەتی گەیشتووم بۆ دیداری تەلەڤزیۆنی و کاری دیرۆکی بیرورِای ئەوم وەرگرتووە، دوایین جار زۆر بەزەحمەت ملی دابەر ئەوی کەباسی ژیانی خۆیم بۆ بکات، دڵنیاشم لەم چەند دێرەدا زۆر زەحمەتە گەورەیی ئەم کەسایەتییە وەکو خۆی باس بکەین، چونکە خۆشی نەیدەویست باسی خۆی بکات. ئەو دەیگوت زۆر زەحمەتە کەسێک بێت باسی خۆی بکات، بەرِای من کارێکی قورسە، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ لە ئەنجامدا دەبێتە ستایش و پیاهەڵدانی خۆی، بەڵام هەندێ جار چارنییە، پیاو نابێت لە ئاست پرسیاری پەیامنێر و رِۆژنامە نووس بوەستێت و وەرامیان نەداتەوە، بۆیە هیوادارم نەبێتە جێگای ستایش و پیاهەڵدان.

لەسەرەتای دیمانەکەماندا مامۆستا گوتی: من (١٩٣٠/١١/١) لە گەرِەکی تەعجیل لە هەولێر لە دایک بوویمە، ئەو کاتە لەم گەرِەکەدا جوو و موسڵمان دەژیان، ئەو کاتە تەعجیل لە دوو بەش پێکهاتبوو، شیوێک لەنێوانماندا هەبوو، لای خوارەوەی زۆربەیان جوو بوون، لای سەرەوەی کە دەکەوتە ئەو دیووی شیوەکە زۆربەیان موسڵمان بوون. تاک تاکە ماڵە جووی تێدابوو، ئەوان لە دەرەوە بەکوردی پاراو وەکو ئێمە قسەیان دەکرد، لەماڵەوەش بە زمانە تایبەتەکەی خۆیان.

ژیانی ماڵەوەم ژیانێکی تایبەتی بوو، لەسەرەتای ژیانمدا هەرکە چاوم هەلێنا لە گەل کتێب و دیوانی شاعیرە کلاسیکییە کۆنەکانی کورد ئاشنابووم، چونکە وابزانم باپیرەم لەمێژنەبوو هاتبووە هەولێر، چڵ ساڵێک بەر لە دایکبوونی من باوکم لەدایک ببوو، من و باوکم لەهەولێر لەدایک بووین. ئەو سەردەمەش واباو بوو خەڵکی منداڵەکانی خۆیان دەناردە بەر خوێندن لە مزگەوتەکان، بۆیە منیش لە هەولێر بە منداڵی لە عوجرەی مزگەوتی گەورەی ناو بازار خرامە بەرخوێندن، بۆ فێربوونی قورئان، لەوێش قورئانم ختم کرد.

مارف خەزنەدار خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، هەروەها خوێندنی ئامادەیی لە ساڵی (١٩٥١) لە کەرکوک تەواو کردووە. وەک بۆخۆی دەڵێ: (لەساڵی ١٩٥٢ وەکو مامۆستای سەرەتایی لەکەرکوک دامەزرام، لەساڵی ١٩٥٢ بۆ ساڵی ١٩٥٧ وەکو فەرمانبەر لەشارەکانی هەولێر بەغدا کوت وەکو فەرمانبەری پەروردە لە دائیرەی مەعارف دامەزرام، ساڵی ١٩٥٧ تاکو ساڵی ١٩٥٩ بووم بە مامۆستای زمانی عەرەبی لە ئامادەیی شەرقیەی



ئیواران لەکەرکوک).

دکتۆر مارف خەزنەدار لەسەر زاری خۆی بۆ گێرامەوە و گوتی: (لەبەر نەبوونی بەشی ئەدەبی چووم بۆ کەرکوک لەوێ پۆلی چوارم تەواو کرد لەسەرەتای پۆلی پێنج بەهۆی خۆپیشاندانەکانی وەسبەی بەغدا لەسالی ١٩٤٧ بۆ ١٩٤٨ لەگەڵ چەند کەسێک لەزۆربەی شارەکانی عێراق و کوردستان گیرایین و بەند کرایین، لە دوایی ئەوە دووساڵ مامەوە، ساڵێک لەبەغدا و ساڵێکیشیان لە هەولێر، دوای ئەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ چووم بۆ جەزائیر لەوێ لە زانستگای شاری عەنابە لەبەشی زمانی عەرەبی بووم بە مامۆستای وانەکانی مێژوی ئەدەبی جیهانی و ڕەخنەی بەراوردکاری).

هەروەک دەزاندرێ کە مارف خەزنەدار لە ساڵی ١٩٥٧ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەزمان و ئەدەبی عەرەبی لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە. پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ تۆفیق وەهبی و ڕەفیق حلمی هەبوو، هەروەک خۆی دەڵێت: (من تۆفیق وەهبیم زۆر خۆش دەویست، نەک هەو وەک مرۆڤێک، بەڵکو وەک زانایەک).

لەدرێژەی ئەو دیمانەیدا باس لە قۆناغی دوای گەڕانەوەی لە جەزائیر دەکات و دەڵێ: (من بەر لە شۆرشی ١٤ ی تەمموز لە یەک دوو زانکوی ئەورپا و میسر زەمالەی خوێندنم هەبوو بەتایبەتی لە زانستگای لەندەن و پاریس و زانستگای قاهیرە هەروەها زانستگای هانۆڤەر لە ئەمەریکا، بۆ ئەوەی بچم لە یەکێک لەم زانکۆیانە خوێندن تەواو بکەم، بەڵام ڕووداوەکانی ١٤ ی تەمموز گەلێک شتی لەم وڵاتە گۆڕی یەکێکیش لەوانە خوێندن بوو، لەو کاتە دەتوانم بڵێم دەرگای خوێندن بۆ ئەورپا

**یەکەمین نووسینی کەبەزمانی کوردی بڵاویکردبێتەوە، ئەو نووسینە بوو کە ساڵی ١٩٤٩ لەگۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکراوەتەوە**

داخرا و دەرگای ڕووسیا کرایەوە، ئەوبوو لەساڵی ١٩٦٠ بۆ خوێندن چوومە ڕووسیا و زەمالەیەکی خوێندنم لەئامۆژگای ڕۆژهەلاتناسی سەر بەئەکادیمیای سۆڤیەت لەشاری لینگراند وەرگرگرتوو و خوێندنم لە وێ تەواو کرد.

ساڵی ١٩٦٣ بڕوانامەی (پی ئیچ دی)م لەسەر مێژووی ئەدەبی کوردی وەرگرتووە و لەساڵی (١٩٦٩)ش لەخانەی ئەکادیمیا بە زمانی ڕووسی چاپکراوە، کە ئەمەیان یەکەم نامەیە بەزمانی ڕووسی و لەسەر مێژووی ئەدەبی کوردی نووسرابێت، لەساڵی ١٩٦٨ بووم بە مامۆستا لەبەشی کوردی زانکۆی بەغدا).

هەروەها پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار دامەزرێنەری بەشی کوردی بووە لە زانکۆی بەغدا تاکو ساڵی ١٩٧٦ سەرۆکی بەشی کوردی ئەو زانکۆیە بووە. (لە ساڵی ١٩٨٨ تاکو ساڵی ٢٠٠٦ پرۆفیسۆری ئەدەبی کوردی بووم لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین) لەبارەی شارەزایی لە زمانەکانی جیهانیدا دەڵێت: (زمانی کوردی، عەرەبی، تورکی، فارسی، ڕووسی بەباشی دەزانم و لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسیش خراپ




نیم، دەتوانم بەباشی پێیان بخوێنمەوە).

جەمال خەزنەداری برای، لە بارەی براکەیەوە دەڵێ: مارف هەر برام نەبووە بەڵکو هاوڕییەکی نزیکیشم بوو، لەهەمان کاتیشدا بە مامۆستای خۆشمی دەزانم لەبەر ئەوەی من لە ژێردەستی ئەودا پەروەردە بوویم، هەرچەندە بەتەمەن لەو بچوکتربوویمە، بەڵام تەجروبەکانی ئەوم هەموو هەڵگرتووە، لەسەرەتای ژیانی تاکو مردنی ئەگام لە هەمووی بووە، بەتایبەتی چالاکییە ئەدەبییەکانی، ئەوانەی بڵاویکردونەتەوە و ئەوانەشی لە دوای خۆی بەجێی هێشتوون. لەبارەی نووسین لەڕۆژنامە و گۆڤارەکانیشدا مامۆستا (جەمال خەزنەدار) گوتی: ئەو کاتانەی

**جەمال خەزنەدار: کاکم گوتی: وتارەکانتان کۆبکەنەوە، با لەشێوەی کتێب بڵاوی بکەینەوە، ئێمەش هەشت نۆ کەس لەبینی خۆمان ڕیککەوتین، لەوانە دکتۆر ئیحسان، جەمال بابان، عەلائەدین سوجادی، هەریەک لە ئێمە یەکە و (١٠) دینارمان کۆکردەوە و بوو بە (١٠٠) دینار، بۆ چاپکردنی وتارەکانمان لە(دەفتەری کوردەواری) چاپمان کرد.**

# مستەفا سالح کەریم: دکتۆر مارف خەزنەدار خزمەتی زۆری بە ئەدەبی کوردی کرد، کاتێک کۆمەڵێک چیرۆکی کوردی وەرگێڕایە سەرزمانی ڕووسی



پەیوەندی پەیداکرد لەگەڵ رەفیق حلمی و تۆفیق وەهبی، ئەوەبوو لەڕێگەی ئەوانەوە گوێزرایەوە بۆ بەغدا، لەوێ توانی کۆلیژ تەواو بکات و لەزۆر چالاکی بەشداری بکات، وای کرد لەگۆڤار و ڕۆژنامە عەرەبییەکاندا وتاری مێژوویی و سیاسی بڵاوبکاتەوە.

یەکەمین نووسینیشی کەبەزمانی کوردی بڵاویکردبێتەوە، ئەو نووسینە بوو کە ساڵی ١٩٤٩ لەگۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکراوەتەوە. واتە کۆتاییەکانی گۆڤاری گەلاوێژ دەسپێکی نووسینی دکتۆر مارف خەزنەدار بووە.

هەروەها لەدرێژەی چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ جەمال خەزنەداردا ئاماژەی بەوەدا: کە مارف خەزنەدار لە سەرەتای ژیانیدا زۆر سەرسام بووە بە شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد، هەر هەموو دیوانەکانی لەماڵەوە دانابوو دەیخوێندنەوە. هەروەها لە ماڵەوەمان، پێشتریش هەموو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کۆنانەی لە کاتی خۆیدا لە سلێمانی دەردەچوون وەکو (ژین و ژیان) هەروەها هاوار کە لەشام دەردەچوو، ئەوانە باوکم هەمووی هەڵگرتبوون. بەڕاستی کاکم ئاشقی کتێب بوو، هەرکە چاوی هەڵێنابوو ئەوانەی باسم کردن کەوتبوونە بەرچاوی.

**هەرکە چاوم هەڵێنا لەگەڵ کتێب و دیوانی شاعیرە کلاسیکییە کۆنەکانی کورد ئاشنابووم**

هەروەها مامۆستا جەمال خەزنەدار ئاماژە بە قۆناغی دوای گەڕانەوەی دکتۆر مارف لە ڕووسیاوە دەکات و دەڵێ: (دوای ئەوەی کاکم لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕایەوە بە شێوەیەکی گشتی لەکوردستان، ڕۆژنامە و گۆڤار قات بوو، یان کەم بوو، تەنیا ڕوناکی هەبوو لەپاشان، هەندێ شتی دی پەیدا بوون، بۆیە کاکم بیری لەوە کردەوە بابەتەکانی خۆمان بنووسین و کۆیان بکەینەوە و لەشێوەی کتێب بڵاویان بکەینەوە، چونکە ڕێیان نەدەدا گۆڤار و ڕۆژنامە دەربکەین، بۆیە کاکم گوتی: وتارەکانتان کۆبکەنەوە، با لەشێوەی کتێب بڵاوی بکەینەوە، ئێمەش هەشت نۆ کەس لەبینی خۆمان ڕێککەوتین، لەوانە دکتور ئیحسان، جەمال بابان، عەلائەدین سوجادی، هەریەک لە ئێمە یەکە و ١٠ دینارمان کۆکردەوە بووە ١٠٠ دینار، بۆ چاپکردنی وتارەکانمان لە(دەفتەری کوردەواری) چاپمان کرد، کاکم زیاتر لە ٣٢ کتێبی چاپکراوی نووسین و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی هەیە).


دکتۆر مارف خەزنەدار

هەروەها مامۆستا مستەفا سالح کەریم لەسەر مارف خەزنەدار لە چاوپێکەوتنێکی کورتدا باس لە پەیوەندییەکانی خۆی و مارف خەزنەدار دەکات و دەڵێ: دکتۆر مارف خەزنەدار بەڕاستی پیاوێکی هەڵکەوتوو بوو، هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە خۆی تەرخان کردبوو بۆ ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی، هەر لەوسەردەمەوە کە لەشاری هەولێر لەگەڵ عیزەدین فەیزی و هاوڕێکانی لە ڕۆژنامەی هەولێر کاری دەکرد، لەو ڕۆژەوە مارف خەزنەدار ئەو قەڵەمەی بەدەستییەوە بوو زۆر بەبڕشت بوو بۆ نەتەوەکەی، دوای ئەوەش کە بۆ خوێندن چوو بۆ یەکێتی سۆڤیەتی ئەوسا بۆ خوێندنی دکتۆرا، لەوێ بەردەوام بوو لە نووسین. هەروەها لەوێ دکتۆر مارف خەزنەدار خزمەتی زۆری بە ئەدەبی کوردی کرد، کاتێک کۆمەڵێک چیرۆکی کوردی وەرگێڕایە سەرزمانی ڕووسی. دوای ئەوەی کە دکتۆر مارف خەزنەدار خانەشین بوو، ئەو لە زانکۆی سەلاحەددین و ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر هەر بەردەوام دەبێت، کاتەکانی دیشی لە ماڵەوە لە ناو کتێبخانەکەی بەسەر دەبرد.

تاوەکو ٢٥ / ١٠ /٢٠١٠ بەهۆی نەخۆشی دڵ بۆدواجار کۆچی دوایی کرد و نووسەران و ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی کورد، بۆ هەمیشە کەسایەتییەکی گەورەیان لەدەستدا.

# رەخنە و لێکۆڵینەوە

- **ستار یووسف .. نوێکارێکی چیرۆکی کوردی لە هەولێر**

سابیر ڕەشید

- **خوێندەوەیەکی رەخنەیی بۆ دەق ئاوێزانی ڕۆمانی (پیاوەکانی ناو ژن، ژنەکانی ناو پیاو)**

دەشتی سلێمان بەرزەواری

# ستار یووسف .. نوێکارێکی چیرۆکی کوردی لە هەولێر



سابیر ڕەشید

*** ستار یووسف کێیە؟**

– عەبدولستار عەبدوڵڵا یووسف.

– ساڵی ١٩٥٦ لە هەولێر لە دایک بووە.

– بە (ستار یووسف) بەرهەمی بڵاوکردۆتەوەو خۆی ناساندووە.

– تا پلەی ناوەندی لە هەولێر خوێندووە.

– لە تەمەنی (١٦) ساڵیدا دەستی بە خوێندنەوەو نووسین کردووە، هەروەها کاری هونەریشی کردووەو تیایدا باڵادەست بووە، بەتایبەتی لە بواری هێلکاری و خۆشنووسی و ئەکتەری شانۆدا، لە بواری ئەدەبیشدا شیعر و چیرۆکی دەنووسی و لە چاو نەوەی خۆی دەستڕەنگین و جیاواز و نوێ بوو، واتە تەنیا دوو ساڵ دەرفەتی ژیانی ئەدەبی و هونەریی هەبووە.

– مخابن لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا واتە لە ساڵی ١٩٧٤ بەهۆی نەخۆشییەکی بۆماوەیی جوانەمەرگ بووە و لە گۆڕستانی نزیک هۆتێلی شیراتۆن نێژراوە.

– ستار برای (عەباس عەبدوڵڵا یووسف)ی شاعیر و نووسەرە، گەنجێکی فرە بەهرەو زیرەک و بەتوانا بووە و ڕۆشنبیرێکی کارامەی ساڵانی حەفتاکان بووە لە هەولێر. لەگەڵ ئەوەی کە قوتابی بوو، بەڵام لەبن دیواری یانەی فەرمانبەرانی کۆنی هەولێر کتێبفرۆش بوو، خۆم لەم ساڵانەی کتێبفرۆش بوو بەردەوام دەمدی، منیش لەنێوان ساڵانی (١٩٧٣ – ١٩٧٤)دا تازە دەستم بە خوێندنەوە کردبوو. گەلێک جاران کتێبم لێدەکڕی و جارجارەش پرسیاری نووسەرانی دنیام لێی دەکرد، ئەویش زۆر ئاگاداربوو و زۆربەری شاکارەکانی دنیای خوێندبووەوەو زانیاریی لەبارەیانەوە هەبوو و بۆ ئێمەی تازەپێگەیشتووی ڕاڤە دەکرد، زۆریش نوێخواز و خاوەن بیرێکی پێشکەوتنخوازانە بوو، داخەکەم تەمەن مەودای نەدا بەهرەو توانای نووسینی تەواو بڕسکێ و ئەوەی لە هەگبەیدا بوو هەڵیبڕێژێ و پەیامی خۆی بگەیەنێ، خوازیارم بەرهەمە دەستنووسەکانی لە ئەرشیفی (ع. ع. یووسف)ی برای بێنەدەر و بەرهەمە جوانەکانی کە من پێم وایە تا ئەم سەردەمەش نوێن بەتایبەتی چیرۆکەکانی، بکەونە بەردەم عاشقانی ئەدەبی کوردی و تۆمار بکرێن.

*** ستار و بەرهەمی بڵاوکراوەی:**

– ساڵی ١٩٧٣ چەند گەنجێکی نووسەر و ڕۆشنبیری هەولێر بەناوی (یاخی بوون) گۆڤارێکیان دەرکرد، ژمارە (١)ی لە مارتی ئەوساڵی بڵاوکرایەوە، گۆڤارەکە بەدەست نووسراوەو خۆشبەختانە لە ئەرشیفی دەوڵەمەندی مامۆستا مومتاز حەیدەری پارێزراوە، د. ئازاد عوبێد تەواوی ناوەڕۆکی گۆڤارەکەی لەگەڵ لێدوان و هەڵسەنگاندنی لە ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٠ی گۆڤاری (K21)دا بڵاوکردۆتەوە. لەبارەی گۆڤارەکەوە د. ئازاد عوبێد بەمجۆرە باسی چۆنیەتی گۆڤارەکەو چیرۆکەکەی ستار یووسف دەکات کە تیایدا بڵاوبۆتەوەو دەڵێ:


(ئەم بڵاوکراوەیە، دەفتەرێکی (٣٠) پەڕی ئاسایی بوو، کە ئەو سەردەمە دەفتەری (١٦، ٣٠، 60، ١٠٠) پەڕی باوبوو، بەرگێکی ئاسایی بە پاستیل ڕەنگ کراوە، وەک بەرگی گۆڤار، لاپەڕەی یەکەمی وەک هەر گۆڤارێک زانیاری تەواوی تێدا تۆمار کراوە. سەرناوی وتارەکان بە خەتێکی جوان و گەورەتر نووسراوە، هەندێ لایەنی جوانکاری دانانی ڕستە و کۆپلەی شیعرەکان ڕەچاوکراوە، بە خەتێکی خۆشنووسی ئازاد نووسراوە.

لەگەڵ چیرۆکەکەی ستاردا هێلکارییەکەیشی بۆ کێشاوە. کارە هونەرییەکان هەمووی بەدەست و پەنجەی ستار بووە.

– لە ڕووی هونەری ڕۆژنامەوانییەوە، زۆر سادەیە، بەدەست نووسراوەتەوە، هەر تەنیا سەردێڕەکان یەک کەس (ستار) نووسیویەتی، ناوەڕۆکی بابەتەکان، نووسەرانی دیکە نووسیویانەتەوە.

– ئەو لاوانە خۆیان قوتابی بوون، لە ڕووی داراییەوە، ئەو توانایەیان نەبووە، لەسەر ئەرکی خۆیان چاپی بکەن، بۆیە بە دەست خەت دەریان کردووە.

بەگشتی دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی لەلایەن پۆلێک لاوی کورد لە شاری هەولێر و لە



ڕەوانشاد ستار یوسف

سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، نیشانەی ئەوپەڕی پەرەگرتنی هەستی نەتەوایەتییانە. بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان بە ناوەڕۆکێکی نوێخوازانەی شۆڕشگێڕانە دەرببڕن.

ئەگەر بە ڕووالەت زۆر سادە بێتە بەرچاو، بەڵام بە ناوەڕۆک بۆ ئەو ڕۆژە کارێکی تەواو بەرچاوە) (د. ئازاد عوبێد، ٢٠١٠، ١٤٥).

ستار لەم بڵاوکراوەیەدا چیرۆکی (پێغەمبەری پەرستگاکە)ی بڵاوکردۆتەوە، هەر خۆیشی بەدەستخەتی خۆی ناونیشانی چیرۆکەکەی نووسیوەو هێلکاری بۆ کردووەو لەگەڵ چیرۆکەکە دایناوە.

بەداخەوە هەر ئەم چیرۆکەشی بڵاوکردۆتەوەو ئەوانەیشی کە ماون بە دەستنووس لای (ع. ع. یووسف) پارێزراوە.

ئاخۆ ئەو چیرۆکنووسە بەتوانایە، خۆی مەبەستی نەبووە چیرۆکەکانی بڵاوبکاتەوە، یان چیرۆکی بۆ گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی سەردەمی خۆی ناردووەو بڵاونەکراونەتەوە، هۆیەکەشی من پێم وایە هونەریی نەبووە، بەڵکو سیاسی بووە، بەڵگەشم بۆ ئەم بۆچوونەم ڕای مامۆستا عەبدوڵڵا زەنگەنەیە کە لە وتارێکیدا بەبۆنەی سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە دەڵێت: (ئەو کاتی زۆر بابەتی بە پێزمان بۆ هاتبوو، بەڵام هەبوو لێ نەدەگەڕا بڵاوبکرێتەوە، بابەتێک لەوانە کە قەت لەبیرم ناچێتەوە تا ئەو ساڵانەی دوایی

لەگەڵ جەلال بەرزنجی باسمان دەکرد و یادمان دەکردەوە چیرۆکێکی زۆر هونەری (ستار عبدالله یووسف) بەناوی (حەوت ملیۆن سێدارە) بوو باسی مەئمون دەباغ و شۆڕش و کوردستانی گەورەی دەکرد، دیارە (کورد) ئەوکاتی هەر لە دەوری حەفت ملیۆن دەبوو. زۆرجار بیرمان بۆ ئەوە دەچوو ئەو کوڕە ئەگەر بماباو چیرۆکی بنووسیبا زۆر لەپێش دەبوو، بەڵام چیرۆکەکەی لێ نەگەڕان بڵاوبکرێتەوە خۆیشی هەر زوو جوانەمەرگ بوو. چیرۆکەکەی لەگەڵ زۆر کاغەزی من و خەڵکی تر ساڵی (١٩٧٤) لەژێر خاک دارزا) (د. ئازاد عوبێد، هەمان سەرچاوە، ١٤٤).

*** چۆن باسی ستار یووسف کراوە؟**

زۆر لە نووسەرو ڕۆشنبیرانی سەردەمی ستار، بەتایبەتی هاوڕێکانی باسی کارامەیی و تواناو فرەبەهرەیی ئەو دەکەن بەتایبەتی دەسترەنگینی لە وێنەکێشان وهێلکاری و خەتخۆشی دا، لە بواری شیعرو چیرۆکیشدا کە باسی دەکەن بە نووسەرێکی نوێخواز و یاخی و جیاوازی سەردەمی خۆی وەسفی دەکەن و پێیان وایە ئەگەر ژیان دەرفەتی مانەوەی بدایە، بێگومان ڕێچکەشکێن و خاوەن تۆماری چەندان دەقی گرینگ دەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی چیرۆکەکانی بڵاونەکراونەتەوە، یان بڵاوی نەکردۆتەوە ئەو ڕایانەش هەروا بێ تۆمار دەگوترێ لەو کاتانەی کە باسی دەکرێ و لەلایەن هاوڕێیان و نوسەرانی هاوتەمەن و هاوسەردەمی خۆی لەو کاتانەدا کە یادی دەکرێتەوەو دێتەوە بیر.

لێرەدا تەنیا دوو ڕای نووسراو لەبارەی چیرۆکنووسیی ستار تۆمارکراوە، یەکێکیان ئەو ڕایەی مامۆستا عەبدوڵڵا زەنگەنەیە کە پێشتر باسمان کرد و لەبارەی لایەنی هونەریی و توانای چیرۆکنووسی ستار پێی وایە کە ئەو کاتەی ئەوان گۆڤاریان دەرکردووە چیرۆکێکی بەپێزی ستاریان بۆ هاتووە بە ناونیشانی (حەوت ملیۆن سێدارە) و چیرۆکەکەش باسی مەئمون دەباغ و شۆڕش و کوردستانی گەورە بووە. ئەوەی لەم نووسینەدا بۆ ئێمە گرینگە دان پێدانانی عەبدوڵڵا زەنگەنە و جەلال بەرزنجی شاعیرن کە لە یادکردنەوەی ئەم چیرۆکە و توانای ئەو نووسەرەمان خستویانەتەڕوو بەتایبەتی کاتێ عەبدوڵڵا زەنگەنە هەر لەم نووسین و یادکردنەوەدا لە توانای هونەری چیرۆکنووسیی ستاردا دەڵێ: (زۆرجار بیرمان بۆ ئەوە دەچوو ئەو کوڕە ئەگەر بماباو چیرۆکی بنووسیبا زۆر لەپێش دەبوو، بەڵام چیرۆکەکەی لێ نەگەڕان بڵاوبکرێتەوە، خۆشیی هەر زوو جوانەمەرگ بوو) (د. ئازاد عوبێد، هەمان سەرچاوە، ١٤٤).

**دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی لەلایەن پۆلێک لاوی کورد لە شاری هەولێر و لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، نیشانەی ئەوپەڕی پەرەگرتنی هەستی نەتەوایەتییانە**

(د. ئازاد عوبێد)یش هەر لەم نووسینەیدا کە سەرەتا باسمان کرد و لەبارەی گۆڤاری دەستنووسی (یاخی بوون) نووسیویەتی بۆ چیرۆکەکەی ستار یووسف و توانای هونەریی چیرۆکنووس ئەو وەها باسی دەکات و دەڵێ: (لە بڵاوکراوەی (یاخی بوون)دا چیرۆکێکی ستار عەبدوڵڵا یووسف (١٩٥٦ – ١٩٧٤)ی جوانەمەرگە. لاوێکی بەتواناو خوێنەرێکی باش بوو لە زۆر بواری ئەدەب و هونەری کاری دەکرد، وێڕای خۆشنووسی و دەست ڕەنگینی لە هێلکاری، لە بواری شانۆ و چیرۆک و شیعر، شارەزایی هەبوو، خوێنەرێکی باش بوو، لە چاو هاوتەمەنەکانی چاوکراوەتر بوو، ژمارەیەک ئەکتەری ئەمڕۆی شانۆی کوردی، هەنگاوی سەرەتاییان لای سەتارەوە هاویشت.

ستار کوڕێکی کڕو شەرمن و بە ئەدەب و پاک بوو، بەداخەوە بەهۆی نەخۆشییەکی بۆماوەیی زوو بەجێی هێشتین، دڵنیام تا ئێستا لە ژیاندا مابا، ناوێکی دیاری بواری ئەدەب و هونەری کوردی دەبوو.

چیرۆکەکەی ستاری جوانەمەرگ، بەناوی (پێغەمبەری پەرستگاکە) کە وێنە و هێلکاری بە خامەی چیرۆکنووس خۆی بۆ کراوە، چیرۆکنووس جەخت لەسەر بڕوا دەکاتەوە، ئەو بڕوایەی هەوێنی سەرکەوتنە بەرووی سەرمایەداری و خاوەن دۆلاردا، هەمان کات هاوارێکی تاساو دەکات بۆ ورمێ و وان، کە نیشانەی نیشتمانی دابەشکراومان (کوردستان) دەگەیێنێ.


ئەم چیرۆکە لە ١٩٧٢/٨/٢ نووسراوە، کە ستار تەمەنی (١٦) ساڵ بووە، شێوازی نووسین و داڕشتن و زمانی نووسینی، هەمووی نوێخوازانەیە، ستار چیرۆکی دیکەیشی هەبووە بەناوی (حەوت ملیۆن سێدارە).

ستار لەوە پتر هەڵدەگرێت لەبارەیەوە بنووسرێت، بەو هیوایەی بەرهەمەکانی نەفەوتابن و ڕۆژێک مشووری لە چاپدانی بخورێ و بکەوێتە بەردەستی خوێنەران (د. ئازاد عوبێد، هەمان سەرچاوە، ١٤٤).

(عەباس عەبدوڵڵا یووسف)ی براشی، برا جوانەمەرگەکەی لە بواری چیرۆکنووسیندا بە بەهرەمەند و نوێخواز دەزانێ و پێی وایە ئەگەر ژیان دەرفەتی مانەوەی پێدابوایە دەیتوانی لە بواری چیرۆکنووسیندا ببێتە دەنگێکی دیاری دنیای چیرۆکی کوردی و ئەگەر بەرهەمەکانی بڵاوبکرابووایەوە زۆر بە پێش نەوەی خۆی دەکەوت لە چیرۆکنووسانی هەولێر و وەک نوێخواز و خاوەن توانایەکی چیرۆکنووسی کوردی تۆمار دەبوو و دەبینرا (عەباس عەبدوڵڵا یووسف، چاوپێکەوتن، ٢٠٢١/٧/١٥).

ئەو ڕۆژەی لە ٢٠٢١/٧/١٥ لەگەڵ عەباس عەبدوڵڵا یووسف لە لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد لەبارەی (ستار یووسف)ی برای چاوم پێکەوت و قسەمان لەبارەیەوە کرد، ئەودەفتەرێکی (٣٠) لاپەڕەیی سەردەمی ساڵانی حەفتاکانی هی ڕەحمەتی هێنابوو کە بە دەستخەتی خۆی و بە خەتێکی خۆش چەند چیرۆکێکی خۆی تێدا نووسیبوو، هەروەها چەند لاپەڕەیەکیشی لەبارەی ژیانی خۆی و بیرەوەرییەکانی وەک نووسەرێکی گەنج و تاقیکردنەوەی خۆی لەبارەی نووسینەوە لەگەڵ چیرۆکەکان نووسیبوو، دەفتەرەکەی نیشاندام، بەڵام پێی نەدام تا لەبەری بگرمەوە، منیش داوام لێکرد لە ماڵەوە بگەڕێ بەڵکو دەستنووسی تری بدۆزێتەوە، بەڵێنی ئەوەشم پێدا ئەگەر دەستنووسی چیرۆکەکانی و نووسینی ژیاننامە کورتەکەی ڕەحمەتیم پێبدا، ئەوا منیش لێکۆڵینەوەیەکی وردو پێویست و ئەکادیمی لەبارەی چیرۆکەکانەوە بنووسم و لەگەڵ چیرۆکەکانیش بیانکەم بە کتێبێک و وەک چیرۆکنووسێکی نوێخوازی فەرامۆشکراو بیخەمە ناو کتێبخانەی چیرۆکی کوردی و بە خوێنەران و عاشقانی چیرۆکی کوردی بناسێنم، ئەلحەقی ئەویش ئەو بەڵێنەی پێداوم، جا نازانم کەی جێبەجێی دەکات، بەڵام جێی دڵخۆشی و منەتباریمە هەر ئەو ڕۆژە چیرۆکێکی لەم چیرۆکانەی ناو دەفتەرە دەستنووسەکەی ڕەحمەتی بەخۆی تایپی کردبوو و فەرهەنگۆکیشی بۆ چیرۆکەکە لە کۆتاییدا نووسیبوو پێدام، هەروەها وێنەیەکی جوانی (ستار)ی ڕەحمەتیشی بۆ هێنام کە لە ستۆدیۆ گیرابوو، منیش وێنەکەم لەبەر گرتەوەو دامەوە، زۆر دڵخۆش بووم کە لەگەڵ ئەم چیرۆکەی د. ئازاد عوبێد لە بڵاوکراوەی (یاخی بوون) لە گۆڤاری (K21) بڵاوی کردەوە، لەگەڵ ئەوەی عەباس بوون بە دوو چیرۆک و خستمە ناو پرۆژەکەم (ئەنتۆلۆجیای چیرۆکنووسانی هەولێر)، دواییش کە ئەم بابەتەم لەگەڵ (سمکۆ عەبدولکەریم) باس کرد داوای لێکردم بابەتێک لەبارەی چیرۆکنووسیی (ستار یووسف)ی بۆ بنووسم، ئەوەبوو ئەم نووسینەی لێ هاتەدی، هیوادارم مامۆستا (عەباس)یش زوو دەستنووسی چیرۆکەکانی (ستار)م بخاتە بەردەست و بیخەینە ناو کاروانی چیرۆکی کوردی.

لە (کەریم سۆفی)یشم پرسی کە هاوڕێ و هاوتەمەنی (ستار)ی جوانەمەرگ بوو و لە هەمان بڵاوکراوەی (یاخی بوون)یشدا شیعرێکی بڵاوکردۆتەوە، ئەویش دوای ئەوەی یادگاریی خۆی لەگەڵ ڕەحمەتی گێڕایەوە و باسی فرەبەهرەیی و تواناکانی (ستار)ی کرد و لە چیرۆکنووسینیشدا




بە هەمان شێوەی برادەرانی پێی وابوو (ستار) لە چاو تەمەنی خۆی ڕێچکە شکێن بوو و لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە زۆری پێبوو بیڵێ و بینووسێ و چیرۆکنووسێکی یاخی و نوێخواز و جیاواز بوو، ئەگەر جوانەمەرگ نەبوایە ئەویش لەوە دڵنیا بوو دەبوو بە دەنگێکی دیاری چیرۆکی کوردی لە هەولێر و کوردستاندا، هەروەها ئەویش باسی ئەو چیرۆکەی کرد کە بەناوی (حەوت ملیۆن سێدارە) نووسیبووی و دەیگوت: ئێستاش ئەو لاپەڕانە و ناونیشانەکەیم لەپێش چاوە کە (ستار) ی ڕەحمەتی بۆی خوێندبوومەوە، بەڵام (کەریم سۆفی) پێی وابوو کە چیرۆکەکە بە ناونیشانی (پێنج هەزار سێدارە) بووە، نەک حەوت ملیۆن سێدارە، بە هەرحاڵ ناونیشانەکەی هەرچۆنێک بێت دەلالەتە لە مەسەلەیەکی نەتەوەیی و هێمایە بۆ لەناوبردنی کورد و سۆفی پێی وایە ئەم چیرۆکە و چیرۆکەکانی تری (ستار) کە ئەوەندەی ئەو بینیویەتی، نموونەی بەرزی هونەری چیرۆکی کوردی بوونە لە سەردەمی خۆی لە چیرۆکی کوردیدا، بەتایبەتیش لە هەولێر کە چیرۆکی کوردی لەم ساڵانەدا تازە هەنگاوی نوێخوازی دەهاویشت و خۆی لە شێوەو قالبی کۆن جیادەکردەوە (کەریم سۆفی، چاوپێکەوتن، ٢٠٢١/٧/٢٦).

من پێم وایە (ستار یووسف) چیرۆکنووسێکی خۆجیاکەرەوەی هاوەڵەکانییەتی لە گەنجە چیرۆکنووسەکانی هەولێر و بە تەکنیک و شێوازێکی نوێ چیرۆکەکانی خۆی نووسیوە، بەتایبەتی سەرەتای دەیەی حەفتاکان کە نوێکاری چیرۆکی کوردی تازە دەیویست وردە وردە خۆی لە سنووری شێوەو تەکنیکی ئاسایی جاران جیادەکردەوە، بێگومان ئەگەر چیرۆکەکانی بڵاوبکرابووایەوەو تەمەن دەرفەتی ژیانی زیاتر پێ بدایە دڵنیام دەبوو بە دەنگێکی مژدەبەخش و نوێبەخشی چیرۆکی کوردی لە هەولێر و کوردستاندا.

ئەوکاتە لەم ساڵانەدا ئێمە قوتابی قۆناغی ئامادەیی بووین و سەرەتای خوێندنەوەمان بوو، بەڵام تا کۆچی دوایی ئەو، ئێمە هێشتاکە دەستمان بە نووسین نەکردبوو، بەڵکو عاشقی سەرسەختی خوێندنەوە بووین، (ستار)ی ڕەحمەتیش کە لەو ساڵانەدا ئەو لەبن دیواری یانەی کۆنی فەرانبەران، لەسەر شۆستە کتابی دەفرۆشت، زۆرجاران کتێبم لێی دەکڕی و دەمدواند و پرسیاری ئەدەبیم لێی دەکرد، بەتایبەتی لەبارەی نووسەرانی بێگانە، ئەویش وەک خوێنەرێکی ئاگادار و کەسێکی بەتواناو بێ فیز و لەخۆ بوردوو زۆر بە جوانی وەڵامی من و برادەرانی تری دەدایەوەو گفتو لفتی خۆش بوو، هەرچەندە کەسێکی کەمدوو و کرو شەرمن بوو، بەڵام پڕ زانیاری و ئاگادار بوو نەک هەر لە ئەدەب، بگرە لە بواری ڕۆشنبیریی گشتی و سیاسەت و ئابووری و هونەر و تەنانەت بواری زانستیشدا، بەڵام ئەوسا ئێمە تەنیا خوێنەر بووین و ئەویش نووسینی خۆی بڵاو نەدەکردەوە، بۆیە ئێمە تەنیا وەک کتێبفرۆشێکی ڕۆشنبیر و خوێنەرێکی باش دەمانناسی.

*** خوێندنەوەیەک بۆ دوو چیرۆکەکە:**

چیرۆکی یەکەم: پێغەمبەری پەرستگاکە

بێگومان سەرەتای دەیەی حەفتاکان زۆربەی چیرۆکنووسانی کورد پەنایان دەبردە بەر ڕەمز و هێما، ئەمەش هەم بۆ مەبەستی هونەری و نوێکاری بوو و هەمیش بۆ جوانکاری چیرۆک بوو کە چیرۆکنووسانی بە تواناو شارەزا لە تەکنیک کە لاسایی چیرۆکی نوێی میللەتانی دنیا و دەوروبەرمانی دەکردەوەو دەیویست خۆی لە شێوەی گێڕانەوەی ئاسایی ڕزگار بکات، ئەمەش کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە پێویستی بە توانای هونەری و لێهاتوویی و شارەزایی لە تەکنیک و ڕۆشنبیری فراوان هەبوو ودەشبوایە چیرۆکنووس خاوەن زمانێکی چڕوپڕی شیعری بێت کە بتوانێت ڕەمزو هێماکان لە جوانترین وێنەو دەربڕیندا هەم هونەری بێت و هەمیش لەلای خوێنەر قبووڵ و چێژبەخش بێت، بۆیە لەم سەردەمەدا کە چیرۆکی کوردی بەرەو نوێبوونەوە هەنگاوی دەهاویشت بۆ مەبەستی شاردراوەی پشت

**من پێم وایە (ستار یووسف) چیرۆکنووسێکی خۆجیاکەرەوەی هاوەڵەکانییەتی لە گەنجە چیرۆکنووسەکانی هەولێر و بە تەکنیک و شێوازێکی نوێ چیرۆکەکانی خۆی نووسیوە**

گێڕانەوەی چیرۆکەکە، هەم پەیام و جیهانبینی چیرۆکنووس بوو و هەمیش نیشاندانی توانای هونەریی و لێهاتوویی لە تەکنیک و دەربڕین بە کەمترین ڕستەو دەستەواژە، کە هەندێک پێیان دەوت شیعرییەتی نووسین و هەندێکیش ئەوساکە پێیان دەوت کورتبڕی و هەڵبواردن و هەشبوو ناوی لێنابوو برووسکەیی نووسین.

لەم چیرۆکەی (ستار یووسف)دا هەر لە ناونیشانی چیرۆکەکەدا هەست بە ناونیشانێکی نوێ دەکەین کە لە دەیەی حەفتاکاندا ناونیشانی چیرۆک بە جۆرێکی نوێتر خرایەڕوو، بۆ چیرۆکەکەی (ستار یووسف)یش ناونیشانەکەی نوێ و سەرنج ڕاکێشە و پڕ مەبەست وهێمادارە.

چیرۆکەکە چڕوپڕ و هێمادارە، چونکە لە سەرەتای دەیەی حەفتاکاندا وەک نووسینی تەرزێکی تازەکردنەوەی چیرۆک بە شێوازێکی نوێ بەهۆی بەکارهێنانی چەندان تەکنیکی نوێ خۆی لە چیرۆکی ئاسایی جاران جیاکردۆتەوە.

(ڕۆژگار، قین، تەنگی بە شارێکی زێڕ هەڵچنی ... نەخۆشی تاعوون، لاوە تازەپێگەیشتووەکانی شڕ کردبوو .. گۆرانی بەزین لە مۆسیقای کۆشکی فەرمانداراانی بەرەیەکی یەک نەگرتوو وەک دووکەڵی خانوویەکی سووتاوی هەژار .. وەک لایلایەکی تاڵاو بۆ منالێکی کوژراوی ناوبێشکە بەرز ئەبۆوە..) (ستار یووسف، ١٩٧٣، ١٥٣).

شارێکی زێڕ هێمایە بۆ کەرکووک کە چاوی کوردستانە و شاریش هێمای وڵاتە کە تووشی نەخۆشی تاعوون بووە و ئەم وڵاتەش وڵاتێکی زامدارە کە لە ئەنجامی بەردەوامی شەڕی کورد و دوژمنی داگیرکاریدا لاوە تازە پێگەیشتووەکانی شڕ کردووە، چونکە میللەتەکی لە بەرەیەکی یەک نەگرتوودا بوو بوو بە دووکەڵی خانوویەکی سووتاوی هەژار، ئەمەش هێمای ئەوەیە کە لە ئەنجامی یەکنەگرتن و گەندەڵی و شەڕی بەردەوامی دوژمن و کەسانی قوربانیدەر و پێشمەرگەکانی کە گیانی خۆیان بۆ وڵاتەکەیان بەخشیوە، لە زیندانەکاندا زۆر لە خەباتکارانی گیراون و هەموو ئامانجیشیان ئەوە بووە کە ببن بە قوربانی بۆ نەوەی نوێ، بێگومان پێشمەرگەش لە پێناوی خاک و ئازاردی و ئایندەی میللەتەکەی هەمیشە گیان لەسەر دەست بووە.

ئەگەر تەماشای سەرەتای دەیەی حەفتاکانی چیرۆکی کوردی بکەین بەتایبەتیش چیرۆکەکانی لەتیف حامید بەرزنجی دەبینین لە چیرۆکی (قوڵپی ڕشانەوەی ڕەش)دا هەمان شاری کردۆتە هێماو نموونەی بچووککراوەی نیشتمانێکی زامدارە و ئەم شارەش سەنتەر و پایەتەختی نیشتمانی کوردانە کە کەرکووکە. (لەم چیرۆکەدا (لەتیف حامید) لە خەمی شارەکەیدایە کە (لاڕەشە) لێی بڵاوبۆتەوە، ئەمەش هێمای گەندەڵی و دواکەوتوویی و ژێر دەستەیی دەگەیەنێت...) (سابیر ڕەشید، ٢٠١٨، ٣٨٧).

هەردوو چیرۆکەکە شاری کەرکووک هەڵدەبژێرن وەک هێمای وڵاتێکی زامدار ئەگەرچی ناوی شارەکەشیان نەهێناوە، لەتیف حامید دەڵێ (پەتایەکی پیس کەوتبووە شارەوە، لاڕەشە هەتا ئەهات دڕی بە خەڵکەکە ئەدا، ... تاد) (سابیر ڕەشید، ٢٠١٨، ٥٧٦)، بەڵام ستار یووسف دەڵێ: (ڕۆژگار، قین، تەنگی بە شارێکی زێڕ هەڵچنی .. نەخۆشی تاعوون، لاوە تازە پێگەیشتووەکانی شڕ کردبوو... تاد) (ستار یووسف ١٩٧٢، ١٥٣).

مەبەستی بەراوردکردنەوەکەم تەنیا بۆ ئەوەیە کە لە سەرەتای دەیەی حەفتاکاندا هێماو ڕەمز بایەخی سەرەکی چیرۆکنووسانی بەئەزموون و چیرۆکنووسە لاوەکان بووە، لێرە لەم چیرۆکە دەردەکەوێ کە (ستار یووسف)یش بە هەمان بیرکردنەوەی نەتەوەییانە کێشەی وڵاتەکەی و گرفتەکانی و حەزی ڕزگاربوون و دواکەوتوویی و هۆیەکانی پاشەکشەی وڵات و بیرلێکردنەوەی بۆتە هێمای شاردراوەی چیرۆکنووس، بۆیە شان بە شانی سیمای چیرۆکی ئەوساکە زۆر بە داڕشتنی هونەری و بەهۆی تەکنیکە نوێکانی ئەو کاتەی چیرۆکی کوردی بەشداری نوێکردنەوەی کاروانی چیرۆکی کوردی کردووە، بەڵام مخابن لەتیف حامید چەند چیرۆکێکی بڵاوکردۆتەوە، کەچی ئەو تەنیا ئەم چیرۆکەی بڵاوکردۆتەوە، ئەویش لە بڵاوکراوەی (یاخی بوون)ەو بەدەست نووسراوە، دەنا (ستار) دەبوو بە چیرۆکنووسێکی نوێکارو بەشدارێکی چالاکی کاروانی چیرۆکی کوردی. چیرۆکی (پێغەمبەری پەرستگاکە)ی (ستار یووسف) بە زمانێکی شیعری چڕوپڕ و هێمادار و کورت و پڕ لە دەلالەت و بە بەکارهێنانی چەندان تەکنیکی وەک سوودوەرگرتن لە فلاش باک و بەکارهێنانی گۆشەنیگاو تەداعی و مۆنتاجی کات و شوێن و هی تریش وەک چیرۆکنووسێکی شارەزا و ئاگادار

بە تەکنیکی چیرۆکی نوێی دنیا دەبێتە تۆمارێک بۆ ئەوەو سەردەمی خۆی و دەشبێت هەر بە پێوەری ئەوکاتی سەرەتای دەیەی حەفتاکان لێی بکۆڵینەوەو لێی بڕوانین، بۆیەشە من پێم وایە دەقێکی چیرۆکی جوانی سەردەمی خۆیەتی و نموونەیەکی نوێخوازی جوانی چیرۆکی کوردیشە لە هەولێر و کوردستاندا.

لە چیرۆکی (پێغەمبەری پەرستگاکە)دا چیرۆکنووس مەسەلەی باوەڕبوونی بە کێشەی نەتەوەیی و ڕزگاربوون بە گرینگ زانیوە، بۆیە سروودی سەرکەوتن تاکە ئامانجی مرۆڤی یاخی و گیان لەسەر دەستی ئەم وڵاتە بووە، ئەگەرچی لای هەزارەها کۆرپەی لە دایک بووی ئەم وڵاتە سروودی بەزین و سروودی لە دایک بوون، تەنیا و تەنیا (نەوت) بووەتە وێردی سەرزاران، ئەمەش هێمای ئەوەیە کە بوونی (نەوت) بۆ میللەتی ئێمە هەم ژانە و هەمیش هۆی ڕزگاربوونە، هەم کێشەیە و هەمیش چارەسەر بۆیە لای پاڵەوانە شۆڕشگێڕەکانی میللەت بۆتە سروودی بەزین و هەمیش سروودی سەرکەوتن (ئەو لە هەر زایینێک هەزارەها کۆرپەی شۆڕشگێڕی لە دایک ئەبوواند...

- نەء سروودی بەزینمان هەر ئەگۆڕین.
- نەوت ... نەوت ... نەوت ...
- سروودی سەرکەوتن لە دایک ئەبوێنین.
- نەوت .... نەوت .... نەوت ...) (ستار یووسف، ١٩٧٢، ١٥٣).

چیرۆکی نوێ کە لە دەیەی حەفتاکان خۆی لە چیرۆکی ئاسایی جاران جیاکردەوە، کە جاران چیرۆک بێ (سەرەتا، گرێچن، کۆتایی) مۆباسانی چیرۆک نەبوو، بەڵام لە چیرۆکی نوێدا ئیتر چیرۆک مەرج نەبوو ئەم سێیانەی تێدابێت و پێیەوە پابەند بێت، بەڵکو ئیتر چیرۆک پەیام و گێڕانەوەو مەبەستی شاردراوەی چیرۆکنووس بوو لەناو زمانێکی شیعری هێمادار چڕوپڕ و فەلسەفە و جیهانبینی دەقی دەدا بە خوێنەری زیرەک و عاشق و لەگەڵ خوێنەردا تێکەڵ یەکتر دەبوون، لەم چیرۆکەی (ستار یووسف)یشدا دەبینین لەناو زمانێکی شیعری هێمادارردا فەلسەفە و جیهانبینی چیرۆکنووس بوونی ڕووداو و تێم و سەرەتا و کۆتایی ئەوەندە بایەخی نامێنێ بەقەد گەیاندنی ئەو پەیامەی لە پەنای ئەم زمانە شیعرییەدا بە هێماو ئاماژە دەقێکی جیاوازمان پێدەبەخشێ، لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس دوازەنگی خۆیمان بۆ لێدەداو مەبەستی چیرۆکەکەی دەخاتە ڕستەی کۆتایی کە لە ڕاستیشدا کۆتایی نییە، بەڵکو کۆتایی گەیاندنی پەیامی چیرۆکنووسە و

پێمان دەڵێ (پێغەمبەری پەرستگاکە) کە هێمایە بۆ سەرکردەیەکی ڕۆحی کورد لە پێناو پێدانی پەیمانێک پەرستگاکەی جێدەهێڵێ واتە واز لە شۆڕش دەهێنێ، هۆیەکەشی ئەو وردەکاریانەیە کە لەناو کرۆکی چیرۆکەکەدا وردە وردە بە ئێمەی داوە، بەڵام ئێمە ئەم قوڵبوونەوەیە بەناوەڕۆکی چیرۆکەکە بۆ خوێنەری زیرەکی جێدەهێڵین، هێندە هەیە ئەم چیرۆکە لەوە زیاتر هەڵدەگرێ خوێندنەوەی بۆ بکرێت و لە دەلاقەو پەنجەرەی جیاجیاوە لێی بڕوانین و وردترو زانستیانەتر شرۆڤەی بکەین و بە قوتابخانە جیاجیاکانی ڕەخنەی نوێی ئەدەبی دنیا بیخوێنینەوە.

چیرۆکی دووەم: خەباتگێڕێک لە ئازاری نیسانم

لەم چیرۆکەدا کە چیرۆکێکی بڵاونەکراوەی (ستار یووسف)ەو بە سوپاسەوە مامۆستا (ع. ع. یووسف) لە دەفتەرێکی دەستنووسی ستاری ڕەحمەتی بۆی تایپ کردم و خۆیشی فەرهەنگۆکی بۆ چیرۆکەکە کردووە.

ئەم چیرۆکە لە ساڵی (١٩٧٣) نووسراوە واتە ساڵێک دوای چیرۆکی (پێغەمبەری پەرستگاکە)، بەڵام لەڕووی داڕشتنەوە وەک ئەم چیرۆکەی پێشتر بە ڕەمز و هێما نەنووسراوە، بەڵکو زۆر ڕوونتر نووسراوە و بایەخ بە لایەنی هونەری دراوەو لەناو چیرۆکێکی شێوە گاڵتەئامێزیدا چیرۆکی کەسێکی شۆڕشگێڕ دەگێڕێتەوە کە ناویان ناوە (حەمە طەویل)، ئینجا پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە کە هەر خۆشی چیرۆککگێرەوەی چیرۆکەکەیە بەهۆی ئەو کابرایەی تەنیشتی لە ئوتێل کە مرڤێکی پیرەمێردی زۆر بەتەمەن بوو، چیرۆکی ژیانی (حەمە طەویل)ی بۆ دەگێڕێتەوە کە چیرۆکبێژ وەک کەسێکی سەیرو سەمەرەو شڕوپڕو شێت دەیبینێ.


سەرەتای چیرۆکەکە باسی کەسێکە کە بەهۆی مامەڵەی ڕاپێچکردنی موتەخەلف بۆ سەربازی دەچێتە بەغدا، لەوێ لە ئوتێل چاوی بە (حەمە طەویل) دەکەوێ و بەهۆی ئەو پیرەمێردەی تەنیشتییەوە کە چیرۆکی (حەمە طەویل)ی بۆ دەگێڕێتەوە چیرۆکنووس وامان پێدەناسێنێ کە (ئەم شێتە، ئەم یاخییە، ئەم مرۆڤە، ناوی حەمە طەویلە، حەمە طەویل ناوێتی، حەمە طەویل ناوی خواستەمەنیەتی، نازناوێتی، حەمە طەویل ژیانێکی کوێرەوەری بردۆتەسەر) (چیرۆکی خەباتگێڕێک لە ئازاری نیسانم).

ئینجا دوای ناساندنی حەمە طەویل دەزانین کە ئەو پیاوە شێت و ناو عەنتیکە ناوی ئەسڵی محەمەدە و دەگەڕێتەوە سەر باپیرە گەورەکەی کە عەبدولڕەحمان پاشای بابانە، ئەم مرۆڤە کە

*** ستار برای (عەباس عەبدوڵڵا یووسف)ی شاعیر و نووسەرە، گەنجێکی فرە بەهرەو زیرەک و بەتوانا بووە و ڕۆشنبیرێکی کارامەی ساڵانی حەفتاکان بووە لە هەولێر**

سەرو سیمای لە شێت ئەچێ، لەکاتی خۆیدا واتە دەوروبەری ساڵی ٦١ بووەتە پێشمەرگە، بەڵام دوای سەرکەوتنی شەڕی هەندرێن، هەرچەندە پێشمەرگە سەرکەوت، هەرچۆنێک بێت حەمە طەویل بەدیل گیراوەو ئاوارەی بەغدا کراوە، هەر ئەم شێتکراوە لە ساڵەکانی ناوەندی (٤٠)ەکان و سەرەتای (٥٠)کان، چەند جارێک بەندکراوە و لەسەر بیروباوەڕی کوردایەتی دەکەوێتە بەندیخانە، لەدوای ئازاردانێکی زۆر وایلێهات کە مێشکی لە تێکچوون بچێ و دیمەنی شێتێک بگرێتە خۆی. ساڵی ١٩٦٧ بەڕەڵلایان کردووە. حەمە طەویل دوای بەربوونی ڕوویکردۆتە ئەم ئوتێلە و دەیکاتە (تەمبەڵخانە) واتە ئیشکردن.

ئەم مرۆڤە پێش شێتبوونی، دروشمی سەرکەوتن لەسەر دارو دیواری بەندیخانە دەنووسێ، زیاتر لە (٢٠) بەندیخانەیان پێکردووە، هەتاکوو شێتخانەش، بۆیە لە هەموو جێگایەک ناوی بڵاوەو ناسراوە. چەند جارێک براوە بۆ سێدارە، بەڵام بایەخی پێنەدراوە، بۆیە میری لێی وەڕس دەبێ. ئەمە چیرۆکی مرۆڤێکی خەباتگێڕە کە چیرۆکنووس بەم شێوە جوانە ناڕاستەوخۆیە لە ڕێگای کەسێکی تری بەندیخانە بۆمان دەگێڕێتەوە. ئینجا لە کۆتایی




چیرۆکەکە لەسەر زمانی کەسێکی دیکە چیرۆکنووس ئەم زانیاریەشمان پێدەدات کە حەمە طەویل لە زیندان ئەوەندە لێدانی پێکەوتووە، تاکوو نرخی طەویلی وەرگرتووەو لەدوای ماوەی درێژی بەندیخانە بووە بە حەمە طەویل، ئەمەش جوانی کۆتایی چیرۆکەکەیە کە درێژی باڵای ئەم شۆڕشگێڕەی هەموو ژیانی لە زیندان و لێدان و ئازارچەشتن بردۆتەسەر، چیرۆکنووس بەدرێژی ماوەی لە زیندان پێکەوەی گرێداوە. ئەمەش ئەم مەدلوولە دەگەیەنێ کە درێژی ماوەی زیندان و خەباتی درێژی مرۆڤ یەکسانە بە درێژی باڵای، واتە بەرزی و درێژی بەهای مرۆڤەکە لەناو کۆمەڵگە و وڵاتی خۆیدا کە قوربانی بۆ داوە.

ئەم چیرۆکە جوانە بە زمانێکی کورتبڕی جوان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چیرۆکنووس باسی خەباتی شۆڕشگێڕێکمان بۆ دەکات کە توانیویەتی لەناو زمان و تێڕوانینێکی گاڵتەئامێزدا ڕوانینی کەسانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواریمان بۆ بگێڕێتەوە، کە لە ڕووخسار و سیمادا مرۆڤێک وەک شێت و بێ سەروبەر و شەپڕێو دەبینێ کەچی بە چاوێکی شاردراوەی چیرۆکنووس کە دواتر نیشانی خوێنەری دەدات ڕوویەکی جوان و گەشی مرۆڤێکی خەباتگێڕمان بۆ دەخاتەڕوو و وادەکات ئێمەش بە باڵای بەرز و درێژەوە بیبینین لەبەر ئەم خەبات و قوربانییەی کە داویەتی لە پێناوی دۆزی ڕەوای میللەتەکەی و وامان لێدەکات ئەوەی ئێمە بە ناشیرینی دەیبینین، ئەوا ئەو چاوە نییە کە دەبێ لە ڕاستیدا وەک خۆی بیبینین، بەڵام کاتێ نهێنییەکانمان بۆ نیشان دەدات وامان لێدەکات ئێمەش (حەمە طەویل) وەک ئەوەی سەرەتا بە شێت نیشانمان دراوە، ئەمجارە ڕوانینەکەمان ڕاست بکەینەوەو بە باڵاو بەرزییەوە ئەو و هەموو کەسانێکی وەک ئەو بخەینە ناو چوارچێوەی وێنەکەی کە لە بەرانبەرماندا دەیبینین.

چیرۆکەکە لەوە زیاتریش هەڵدەگرێ بیخوێنینەوەو باسی بکەین، لە ڕووی هونەریشەوە پڕاوپڕە بە تەکنیکی سەردەمی خۆی و بۆ ئەم ساڵانەی سەرەتای دەیەی حەفتاکان و نووسەرێکی لاوی (١٦) ساڵانی وەک (ستار یووسف) تەنیا جێی دەستخۆشی و خەم خواردنە لەوەی کە ئەم چیرۆکە جوانە بۆچی لە سەردەمی خۆیدا وەک لەناو دەستنووسی دەفتەرەکانیدا بێناز ماوەتەوەو تۆزی لەبیرچوونەوەی لێنیشتووە.

هیوادارم ئیتر چیرۆکەکانی تری لەم دەفتەرانە ڕزگاریان بێت و بخرێنە ناو تۆماری چیرۆکی کوردی و لێکۆڵەر و ڕەخنەگرانمان وەک پێویست ئاوڕی لێبدەنەوە.

## پێغەمبەری پەرستگاکە

– ستار یووسف –

ڕۆژگار، قین، تەنگی بە شارێکی زێڕ هەڵچنی....

نەخۆشی تاعوون، لاوە تازە پێگەیشتووەکانی شڕکردبوو... گۆرانی بەزین لە مۆسیقای کۆشکی فەرمانداراني بەرەیەکی یەک نەگرتوو وەک دووکەڵی خانوویەکی سووتاوی هەژار... وەک لایلایەکی تاڵاو بۆ مناڵێکی کوژراوی ناو بێشکە بەرز ئەبۆوە...

خۆزگەی بەرگری پتر لە ڕێگەیەکی دوور هەناسەکەی هەزارەها گوندی هەڵئەماڵی، کاتێ بۆمبای مردن، ئامۆزای زایۆم پرشکی خۆی

گەیاندە بەندیخانە شرەکان، هەزارەها کرێکاری چەوساوە خۆی بە بەندیخانەکە گرتبوو ئاواتیشیان ئەوەبوو کە بین بە گۆشت و قاورمە بۆ نەوەی نوێ...

کوا خوا... کوا مردن... کوا شورەیی

چاوی زەق.. لە تاریکایی پڕ قین لەجیاتی یەک زایین یەک لە دایک بێ... ئەو لە هەر زایینێک هەزارەها کۆرپەی شۆڕشگێڕی لە دایک ئەبووباند...

– نەء سروودی بەزینمان هەر ئەگۆڕین.

– نەوت... نەوت... نەوت.....

– سروودی سەرکەوتن لە دایک ئەبوییێنین.

نەوت... نەوت... نەوت.....

پاشا خاوەن چاوەکان هەردەم هانایان بۆ پێغەمبەر ئەبرد.. کڕنۆش قەدەغەیە........ سڵاو قەدەغەیە... گۆرانی قەدەغەیە.

باوەڕ کە مەشخەڵێکی سووربوو نەیئەهێشت کە با بێت و بیکوژێنێتەوە... نەء بای ئەشکاندەوە... باوەڕ تیژی چاوی، چاوی گەلاوێژی کوێر کردبوو... وتە زلەکان وەک هەور بەرگوێی ئەکەوت لەم گوێ بۆ ئەم گوێ...

نەیدەوێرا بەلای پەیرەوی پێغەمبەر ڕەت بکات هیچ چارەسەری نییە.. تەنیا سروودی سەرکەوتن.

– پیاوی دۆلار خاوەن فێڵە...

– بڕوا... تەنیا بڕوا.. هیچی تر...

– سێدارە لە زەڵکاوی (ورمێ)دا چەقاوەو لقێکی لە (وان)دا هەیە.

– بڕوا پەیمانە... پەیمان بڕوایە!...

نەء نە گۆرانی، نە تەنەکە لێدان.. گەر کچی جوان دوو ماچ لە کوڵمە جوانەکانی بەیانییەک ببەخشێت... ئە... نا... هەزار جار کڕنۆش بۆ خوای سەرکەوتن.. ببەیت.. ڕازی ئەبێت!... بەڵام کڕنۆشێ بۆ پێغەمبەر.. سەد گۆرانی شکاندنەوەت پێشکەش ئەکات... گەر باوەڕ بگۆڕی... ئەو هێشتاکە لەسەر پەیکەری خۆیەتی...

– پێت ئەڵێین... دەسکە گوڵێکمان لێ هەڵوەری... هەردەم بۆ ئێمە بووە وانە...

– پەیمان... پەرستگایە... مزگەوتە... کەنیسەیە.. ئاوێستاکەی زەردەشتە!

سوری مێشک ماندووبوو لە ڕووبارێکی هیوا خنکاو بەرەو سێدارەی دۆلار... پاش ئەوەی دارستانێکی وەیشووم بوو بە خۆڵەمێش... کوشتنی یاری کچێک... لە سێدارەدانی سەرکردەیەک... وەرگەڕانی شارێک... ڕووخانی کۆشکێک.. مردنی مناڵەکان لەسەر شەقامەکانی ڤێتنام بەدەست دۆلار... سوری مێشک بەرەو بڕوا کەوتەڕێ... پاش... ئەوەی لە سەدەها کۆسپ ماشینی ئۆتۆمبێل وەستا..!

من.. تێم نەگەیاندن.... لەوەتی لە دایکبوونی کۆرپە... ئەی تێم نەگەیاندن... هەی بێ بڕواینە... ئێوە نەبوون منتان دیت لە پێش هەزارەها جەماوەری چەوساوە گۆرانی سەرکەوتنم بۆ ئەوتن.. کوا بڕوا.. کوا پەیمان.. پەیمان ئەخوازێ کە قەت دەست لە کۆرپە بەرنەدەم تاکو دوا هەناسەی ژیان.. کوا بڕوا.. کوا پەیمان... کوا بڕوا... «پەرستگای بەجێهێشت لە پێناو پەیمانێکا»

١٩٧٢/٨/٢

**تێبینی:** ئەم چیرۆکە لە ژمارە (١)ی مارتی (١٩٧٣)ی گۆڤاری (یاخی بوون) بڵاوکراوەتەوە، کە دەستەیەک لاوی هەولێر دەریانکردووەو بەدەست نووسراوە.

**سەرچاوە:**

د. ئازاد عوبێد، بڵاوکراوەی دەستنووسی (یاخی بوون) لە هەولێر-١٩٧٣، گۆڤاری (K21)، ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٠.

# خەباتگێڕێک لە ئازاری نیسانم

– ستار یووسف –

– ١ –

لە دوای ستۆپکردنی ئۆتۆمبیلی نێرن لە گەراجی گواستنەوە، ئەو ڕێگایەکی دوور و درێژی بڕیبوو لە پێناو بە ئەنجام گەیاندنی ئەو معامەلەی لە دەستی بوو، معامەلەی ڕاپێچکردنی موتەخەلف بۆ سەربازی، دەتوانین بڵێین بەدترین معامەلەیە لە ژیانی مرۆڤێکی وەڕسبوو لەناو ژیانی ئەم سەردەمە ناخۆشەدا.

گێژی و لەخۆبێزاری هەموو لەشمی ئازار ئەدا، کاتێ هاتنە خوارەوەم یەکسەر سواری ئۆتۆمبێلێ بووم بۆ شوێنی ویستنم... شوێنی ویستن پێکدێت لە جێگایەکی حەوانەوە، ناوم ڕەنووس کرد لە کۆنە ئۆتێلێک و چووم بەدرێژایی باڵام لە شوێنەکەم ڕاکشام... لەجیاتی خەوتن کەوتمە خەیاڵبازی، خەیاڵی پڕ ئازار و پەژارە.. خەیاڵی ئاوارەیی، هەر لە خەیاڵابووم لە کاتێکدا کارگێڕی ئۆتێلەکە کابرایەکی درێژکەڵەی سوور و سپی، جوان نیشانی ئەدا، بانگی کرد:

**چیرۆکەکەی ستاری جوانەمەرگ، بەناوی (پێغەمبەری پەرستگاکە) کە وێنە و هێڵکاری بە خامەی چیرۆکنووس خۆی بۆ کراوە، چیرۆکنووس جەخت لەسەر بڕوا دەکاتەوە، ئەو بڕوایەی هەوێنی سەرکەوتنە بەرووی سەرمایەداری و خاوەن دۆلاردا**

**زۆربەری شاکارەکانی دنیای خوێندبووەوەو زانیاریی لەبارەیانەوە هەبوو**

– پیربال...
– بەڵێ.
– حەمە طەویلم بۆ بانگ ناکەیت.

لەکاتی هاتنە دەرەوە وشـەی (حـەمـە طەویل) ئیتر لە زاریـەوە کەوتمە نـاو هەستکردنم بەم نـاوە سـەمـەرەیـە، گاڵتەشم پێی ئـەهـات... جار جارە زەردەخەنەم لێ ئەبووە پێکەنین و دەنگی ئـەدایـەوە... لێکم دایـەوە ئایا تـەواوە، بڵێ ڕاستە ئەم کابرایە نـاوی ئەوها عەنتیکەیە... ئەم ناوە سەمەرەی هەبێ!؟... بیریشم لەوە ئەکردەوە کە ئەم ناوە لەو دوو زمانە پێکهاتووە: هەم کوردییە و هەم عەرەبییە... دیارە ئاشتیخوازە، لەوانەیە هەر لەبەر (١١ ئادار) ئەم ناوەی هەبێ...

دیتم بە گێسکی درێژەوە، قەڵەوی پێخاوس لەبەر دەم کارگێڕەکەوە وەستاو ئامادەیە... دەمی بە زەردەخـەنـەیـە و قـڕەی لەخۆ بـڕیـوە... ئەتگوت ئامادەیە لەبەر دەمی ئەفسەر...

بە دەنگی بەرز جوابی دایەوە:

– بەڵێ.
– بۆ دیار نەبوویت.
– داوەت کرابووین.

دیـار بـوو زۆر ڕای لە خۆ بـوو، بۆیە خـۆی بە (کۆ) ئەزانێ، کەواتە داوەت ئەکرێن... لە ئارایشی باڵای وا دیار ئەکەوت کەسێکی شێتەی زۆرزانە، کراسێکی درێژی لەبەرابوو، قایشێکی پانی ئەبوو جاسمانەی لە کەمەرا بەستبوو، جگە لە کڵاوێکی میسرییانەی لـەلای ڕاسـتـی سـەریـەوە، لەگەڵ دەرپایەکی کوردی کە جووت لینگی دەرپاکە لە خوارتر کراسەکە بوو... لەو دەمایەدا هیچم بە هیچ نەکرد، هەر ئارەزووشم بوو یادداشتی ئەو جۆرە شەخصانە تۆمار بکەم، لەگەڵ ژیان و چۆنیەتی شێتبوونیان، بەتایبەتی ناولێنانی ئەم مرۆڤە شێتە بنووسمەوە.

– ٢ –

ئارەزووم کرد بۆ گەشتێک لە دەرەوەی ئوتێلە زلـەکـە... کەوتمە سـەر شەقامەکانی نـاو شاری بەغدا، دوای گەڕانێکی زۆر و ماندووبوون لە شەقامەکان وای لێکردم کە بگەڕێمەوە ئوتێل... نیازیشم وابـوو کە هـەر بگەمە جێگاو بکەومە پرخەی خەو... چوومە سەر جێگاکەم لێم پاڵدایەوە، بـەڵام ئەندێشەی ئەم مرۆڤە شێتەم هەر لە یاد نـەچۆوە... واملێهات بوومە محاسبی ئەم کابرا شێتەی کە پلەیەکی نزمی هەیە لە کۆمەڵدا، کەچی لەلایەن منەوە لە شەخصییاتە بەرزەکان ئەچوو. کەوتمە لێکدانەوەو چاوم گێڕا، دیم (حەمە طەویل) لەسـەر قەنەفەکەی نزیک کارگێڕ پان کەوتووە...

لە کـابـرایـەکـی تەنیشتم پـرسـی کـە مرۆڤێکی پیرەمێردی زۆر بە تەمەن، ئەتگوت ئەوە کوڕی بوو، دیارە ئەویش چاوە زەقەی حەمە طەویل بوو، ئیشارەتێکم لە (حەمە طەویل) کرد، وتم:

– ڕاستە ئەم مرۆڤە ناوی حەمە طەویلە؟!

مامەی پیرەمێرد کە چاوە زەقەکانی یاساوڵی (حەمە طەویل) بوون، چاوبڕینێکی بە سۆزەو بە سۆزتری ئەیگەیاندە ئەنجام.

– (ئەم شێتە، ئەم یاخییە، ئەم مرۆڤە، ناوی حەمە طەویلە، حەمە طەویل ناوێتی، حەمە طەویل ناوی خواستەمەنیەتی، نازناوێتی، حەمە طەویل ژیانێکی کوێرەوەری بردۆتە سەر).

لە دوای مژڵێدانێکی قووڵ لە سەبیلەکەیەوە دەمێک ڕاما، دیسان دەستی کردەوە بە قسە:

– (حـەمـە طـەویـل، نـاوی ئـەسڵـی مـحـەمـەدە... ئـەگـەڕێـتـەوە سـەر بـاپـیـرە گـەورەکـەی کە (عەبدولڕەحمان پاشای بابان)ە... ئەم مرۆڤە کە وای ئەبینی و سـەرو سیمای لە شێت ئەچێ.. لەکاتی خۆیدا... واتە دەوروبەری ساڵی ٦١ بووەتە پێشمەرگە... بـەڵام دوای سەرکەوتنی شـەڕی هندرێن... هەرچەندە پێشمەرگە سەرکەوت... هەر چۆنێک بێت (حەمە طەویل) بەدیل گیراو ئاوارەی بەغدا کراوە...

هەر ئەم شێتکراوە لە ساڵەکانی ناوەندی (٤٠)ەکان و سەرەتای (٥٠)کـان، چەند جارێک بەندکراوە لەسەر بیروباوەڕی پارتایەتی... حەمە طەویل کەوتە بەندیخانە، لە دوای ئازاردانێکی نازییانە وایلێهات کە مێشکی لە تێکچوون بچێ و دیمەنی شێتێک بگرێتە خـۆی... ساڵی ١٩٦٧ بەڕەڵڵایان کردووە..

حەمە طەویلی مرۆڤ بە هەر توانایەک بێ، ڕوو ئەکاتە ئـەم ئوتێلە و ئەیکاتە –تەمبەڵخانە– بە واتـەی ئیشکردن... ئـەم مرۆڤە هـەروەکوو وتم ناوی تەواوی (محەمەد)ە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە قەشمەر ئەیزانن (محەمەد)ەکەی لێ ئەکەنە (حەمە) هەرچەندە مرۆڤ لە خۆشەویستیان (محەمەد) ئەکا بە (حەمە)

درێژەی دایێ، وتی:

– (طـەویـل)ەکـەش خـۆت ئـەیـزانـی... هـەر بۆ گاڵتەجاڕی و پێڕابواردن بەسـەر ئـەم مرۆڤە ساکارە کردوویـانـە بە نـازنـاوی... ئـەم مرۆڤە پێش شێتبوونی، دارو دیواری بەندیخانە نەما دروشمی سەرکەوتنی تێدا نەنووسی، زیاتر لە ٢٠ بەندیخانەیان پێکردووە هەتاکوو شێتخانەش... نـاوی لە هەموو جێگایەک هەر بـڵاوە... وای لە میری کرد لێی وەڕس بێ... چەند جارێک بردرا بۆ

سێداره، بەڵام بایەخی پێنەدرا... ئەمەیە ئەنجامی مرۆڤێکی خەباتگێڕ...)

دوای ئەمە لە قسە بۆوەو ئێمەش کپبووین.

دیسان هاتەوە قسە:

– خوا کەریمە... خوا گەورەیە... ئیتر دەبا باڵی لێ ڕابکشێنین تاکوو بەیانی.

مام پیرەمێرد دیاربوو کە دەسکە کەوگیرێک بوو لە هەوڵ و تێکۆشانی میللەت.

لێفەکەی بە خۆداداو خەبەری لە خۆ بڕی.

– ٣ –

من هێشتا نەنووستبووم، کە میوانانی ئوتێل لە خەو دابوون... جگە لە چەند کەسێک نەبێت کە فەڕاشانی ئوتێل بوون لەسەر ئەو قەنەفانەی تەنیشت کارگێڕ دانیشتبوون... ئۆقرەم نەگرت هەستام و چووم، تاکو لەگەڵیان بەشداری قسە بکەم، پرسیم:

– ئەم مرۆڤە ڕاستە ناوی حەمە طەویلە؟

یەکێکیان وتی:

– ئەوەندە لێدانی پێکەوتووە، تاکو نرخی طەویلی وەرگرتووە.

ئەوی تر وتی:

– لە دوای ماوەی درێژی بەندیخانە بوو بە حەمە طەویل.

هەولێر ١٩٧٣/٧/٢٩

**پەراوێز:**

ئەبو جاسمانە: بەشێوەی ئەبو جاسم (واتە باوکی جاسم) ئەمە ناسناوی کەسانی شەقاوەی ناو شار بوو.

باڵی لێ ڕابکشێنین: لێ ڕابکشێین، پاڵ بدەینەوەو بخەوین.

دەرپا: دەرپێی درێژ وەک بێجامە، بەڵام فشتر.

دەسکەکەوگیر: لە ئیدیۆمی کەمباوەی ساڵانی ناوەندی شەستەکانی سەدەی ڕابردەیە و هەتا سەرەتای حەفتاکان بەکار دەهات.

ڕەنووس: لێرە واتاکەی تۆمارکردن.

سەبیلە: دارجغارەیەکی درێژە، وەک پارچە بۆڕییە، سەرێکی بۆ جگەرەیە و سەرەکەی تر بۆ مژلێدانە.

ستۆپکردن: ڕاگرتنی ترومبێلی خێرابوو، کاتێ شوفێر پێ لە ئامرازی ستۆپ دەنێ.

شەخص، شەخصیات: کەسایەتی، کەسێکە تایبەتمەندیی هەبێت.

موتەخەلف (متخلف): کەسێکە ناوی بۆ خزمەتی سەربازیی هاتووە، بەڵام نەچۆتە پێش جا دەکەوێتە بەر سزای سوپایی، مەگەر بە لێبووردنی گشتی، یان گرتنی و حەپسکردنی بۆ ماوەیەک و پاشی دەکرێتە سەرباز.

شوێنی ویستن: شوێنی ویستراو، شوێنی مەبەستکراو.

موحاسب (محاسب): واتا ژمێریار، لێرە واتاکەی: ئەوەی هەوڵ بدات لە ورد و درشتی ژیانی کەسێک بزانێ.

نێرن: نێرین جۆرە پاسێکی گواستنەوەی نەفەرانە، ناوەندی شەستەکانی سەدەی ڕابردەوە بەکار دەهات و تاک تاک ماوە.

– نووسەر (ع. ع. یووسف) پەراوێزەکەی ئامادەکردووە.

**سەرچاوە:**


١. سابیر ڕەشید، ئینسکلۆپیدیای لەتیف حامید بەرزنجی نوێکاری چیرۆکی کوردی، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چ/١، هەولێر، ٢٠١٨.

٢. د. ئازاد عوبێد، بڵاوکراوەی دەستنووسی (یاخی بوون) لە هەولێر– ١٩٧٣، گۆڤاری (K21)، ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٠.

٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەباس عەبدوڵڵا یووسف) لە لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد لە ٢٠٢١/٧/١٥ لەبارەی (ستار یووسف)ی برای، کاتژمێر (٥)ی ئێوارە.

٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ (کەریم سۆفی)، لە کۆشکی ڕۆژنامەفرۆشی (میدیا) کە خاوەنەکەی بەهجەتی ڕۆژنامەفرۆشە، لەبارەی (ستار یووسف) و گۆڤاری دەستنووسی (یاخی بوون)، لە ٢٠٢١/٧/٢٦، کاتژمێر (٦) ئێوارە.

٥. پێغەمبەری پەرستگاکە، چیرۆکی ستار یووسف، گۆڤاری (یاخی بوون) ژمارە (١)، مارتی ١٩٧٣، چیرۆکە لە ١٩٧٢/٨/٢ نووسراوە، د. ئازاد عوبێد، گۆڤاری (K21)، ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٠.


خەباتگێڕێک لە ئازاری نیسانم، چیرۆک، دەستنووس کە لە ٢٠٢١/٧/١٥ بە تایپ کراوی لە (ع. ع. یووسف)م وەرگرت لە لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد.

# خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی

## بۆ دەق ئاوێزانی ڕۆمانی (پیاوەکانی ناو ژن، ژنەکانی ناو پیاو)



دەشتی سلێمان بەرزەوادی

سەرەتا بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەرانی ئەم بابەتە، بەتایبەتی ئەو خوێنەرانەی ڕۆمانەکەیان نەخوێندۆتەوە کورتە باسێکی ڕۆمانی (ژنەکانی ناو پیاو، پیاوەکانی ناو ژن) دەخەینەڕوو:

نووسەر لەم ڕۆمانەدا باس لەو ژنانە دەکات کە لەناخیاندا هەستێکی پیاوانە ختوکەیان دەدات، ئەو پیاوانەشی کە لە ناخیاندا هەستێکی ژنانە یەخەی گرتوون. ئەو جۆرە مرۆڤانە لەناو کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی ڕۆژهەڵاتی توشی چ جۆرە فشارێکی دەروونی و ئازارێکی جەستەیی دەبنەوە، بە هۆی نەریتی کۆمەڵایەتی و کلتوری دواکەوتویی ڕۆژهەڵاتی و بەربەستە ئاینیەکان.

نووسەر لەم ڕۆمانەدا دوو کارەکتەری سەرکی داتاشیوە کە هەردووکیان (دوو ڕەگەزن) بەڵام یەکیان لە فۆڕمی پیاو (حەکیمی دانا) ئەوەی دیکەیان لە فۆرمی ژن (کەژێ) بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەم دوو کارەکتەرە سەرەکییەوە پەیامەکانی خۆی بە خوێنەر بگەێنێ، هەرچەندە نووسەر ڕۆڵێکی زۆرتر دەداتە کارەکتەری (کەژێ) ڕۆڵێکی کەمتر بە کارەکتەری (حەکیمە دانا) دەدات، لەگەڵ چەند کارەکتەرێکی لاوەکی کە دواتر قسەیان لەسەر دەکەین.

هەر بۆیە دەبینین نووسەر لە ڕێگای کارەکتەری کەژێوە دەست بە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی دەکات لە کۆتایشدا هەر بە باسی ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ژیانی (کەژێ) کۆتایی بە ڕۆمانەکە دەهێنێت، بەڵام هێشتا حەکیمی دانا لە بازنەی کارەکتەری سەری دەمێنێتەوە.

لە سەرەتادا کەژێ وەک کارەکتەری سەرەکی ناو ڕۆمانەکە دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی خۆی دەکات، کەژێ ئەو کارەکتەرە دوورەگەزەیە کە ڕۆڵی ژنێکی خاوەن خێزان دەبینێت و ماڵ و مێرد و منداڵی هەیە، بەڵام زیز بووە هاتۆتەوە ماڵی باوکی، کەسێ ک بەناوی مام ڕەمەزان دێتە ماڵی باوکی کەژێ بۆ ئەوەی لەسەر کێشەی زیزی بوونی کەژێ قسە لەگەڵ باوکیدا بکات، بەڵام باوکی کەژێ لە ماڵ نابێت بۆیە مام ڕەمەزان ماڵی کەژێ جێدەهێڵێت. دواتر گفتوگۆی نێوان کەژێ و دایکی لەسەر نەگونجانی کیژەکەی لەگەڵ مێردی دەست پێدەکات. دوایی لێدوانە هزرییەکانی نووسەر لە ڕێگای کارەکتەری کەژێ دەست پێ دەکات، کە باس لەوە دەکات بەبێ ویستی خۆی بە بەشوویان داوە، بەناچاری لەگەڵ پیاوێک دەژی کە هیچ هەستێکی ژنانەی بۆ پیاوەکەی نییە، چونکە ئەو هەمیشە لەناخەوە هەستێکی پیاوانە فشاری بۆ دیەهێنێت، وای لێکردووە توشی نامۆیی ببێت، خۆی بەکەسێکی نائاسایی و ناتەندروست لەناو کۆمەڵگە دەبینێتەوە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم گرفتە و دۆزینەوەی خودی خۆی وەک تاکێکی تەندروست لە ناو کۆمەڵگادا بە دوای خۆیدا دەگەڕێت لە ڕێگای ئەوانەی کە لێی تێدەگەن، بە ڕێکەوت پیاوێکی دوورەگەز (حەکیمی دانا) دەناسێت کە ئەویش لە ناخیدا ژنێک هەیە خۆتەکەی هەستی مێنەی دەدات، لە ئەنجامی دیدارێکی بەرێکەوت و گفتوگۆی نێوانیاندا بەریەکەوتنێکی سێکسی لە نێوان ئەم دووانەدا ڕوودەدات، بەڵام ژنەکە بەهەستی پیاوانە و پیاوەکە بەهەستی ژنانە، ئیتر ڕووداوەکان لە ڕێگای چەند کارەکتەرێکی دی ناسەرەکی ناو ڕۆمانەکە درێژەیان دەبێت، تا دواجار کەژێ لەگەڵ خانەوەداکەی ڕوو لە

هەندەران دەکات و لە ئەلمانیا دەگیرسێتەوە، لەوێ بیر لەوە دەکاتەوە ڕووبەڕووی هەموو نەریتە ئاین و کۆمەڵایەتییەکان ببێتەوە، دواجار بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدات بۆ ئەوەی ڕەگەزی خۆی لە مێینەیەکی ساختە بگۆڕێت بۆ نێرینەیەکی ڕاستەقینە کە بەدرێژایی ئەو هەستە نێرینەیە ئازاری دەروونی داوە. دواجار لە ڕێگای نەشتەرگەرییەوە ڕەگەزی خۆی لە نیمچە مێینەوە دەگۆڕێت بۆ ئەو نێرینە ڕاستەقینەی کە لەگەڵ خۆناسیندا لە ناخەوە هەراسانی کردووە و سەدان شەو و ڕۆژ لە ژیانی هەرزەیی و دوای شوکردنیشی فرمێسکی زۆری پێ ڕشتووە و ئاهوحەسرەتی خۆ ونکردن و نامبوونی پێ چەشتووە، لەگەڵ ئەوەی دڵی بۆ منداڵەکانی لەت لەت دەبێت چونکە دەزانی ئەم ڕووداو و گۆڕانەکارییە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکەیان و بێ دایک بوونی منداڵەکانی. بەڵام دەیەوێ ئەوەندی ژیانی ماوە وەک پیاوێکی ئازاد بژیێت کە بە درێژایی ژیانی خەونی پێوە دیوە.

کارەکتەری دووەم (حەکیمی دانا)یە کە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانە، کە ئەویش دوو ڕەگەزە، لە دەرەوە پیاوێکە بە هەموو مانایەکی پیاوەتی، بەڵام لە ناوەوە ژنێک بوونی هەیە بە هەموو هەستە ژنانەکەیەوە دەستەمۆی کردووە. واپێدەچێ نووسەر ئەم کەسایەتییەی (حەکیمی دانا) لەبەر خاتری ناونیشانەکە دروست کردبێ، چونکە ڕۆڵێکی زۆر کەمی پێداوە، کاریگەریەکی ئەوتۆی نابێت لەسەر گۆرانکارییەکانی ناو ڕۆمانەکە، لە کۆتایشدا نازانرێت حەکیمی دانا لەگەڵ گرفتە دوو ڕەگەزیەکەی چی دەکات، ئایا هەر بەردەوام وادەمێنێتەوە و ملکەچی ڕاستییە تاڵەکان دەبێت، یان ئەویش ڕووبەڕووی کێشەکان دەبێتەوە؟! لە کاتی درێژەی بابەتی خوێندەوەی ڕەخنەیی دەقەکە زیاتر باس لە وردەکاری ڕۆمانەکە دەکەین.

ئەگەر ئێمە بمانەوێ خوێندەوەیەکی زانستیانە بۆ هەر دەقێکی ئەدەبی بکەین، جا ئەو دەقە ڕۆمان بێت، یان چیرۆک، سەرەتا پێویستە هەندێک زانیاری لەسەر تەکنیکی ڕۆمان بە خوێنەر بدەین، بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێ ئێمە بەچ پێوەرێکی زانستی قسە لەسەر ڕۆمان دەکەین و پشت بە کام میتۆدی زانستی زمانی ئەدەبی دەبەستین بۆ شیکار و شرۆڤەکردنی بەتەکە، یان دەقی ناو ڕۆمانەکە.

١-ناو

دیارە کە ناو زۆر گرنگە بۆ ڕۆمان، چونکە (ناو) ناسنامەی هەر ڕۆمانێکە کە دواتر ڕۆڵی گەورەی دەبێت لە دەستنیشان کردنی هێماکانی ناو دەقی ڕۆمانەکە.

جۆرەکانی ناو:

یەکەم: ناوی سادە: زۆر جار ناوی کارەکتەر وەک سمبوڵی ڕۆمانەکە دەچێتە سەر بەرگەکە دەبێتە ناسنامەی ڕۆمانەکە. کە ئێستا هەندێک لە ڕەخنەگران لەگەڵ ئەوە نین ناوی کارەکتەری سەرەکی ببێتە ناوی ڕۆمان. هەندێک جاریش ناوی شوێن دەکرێتە ناوی ڕۆمان یاخود ناوی یەکێک لە وەرزەکان... تادوایی.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و



سەرەتای سەدەی بیستەم دەست نیشان کردنی ناوی سادە زۆر باو بوو.

دووەم ناوی داڕێژراو: زۆر جار نووسەر بۆ زیاتر مانا بەخشین، ناوی داڕێژراو بەکار دەهێنێت بۆئەوەی بتوانێت لە پاڵ ناوە سادەکە بە پاشگرێک هەندێک نیشان پیشانی خوێنەر بدات، یان لەکاتی بەریەکەوتنی لەگەڵ ڕووداوەکانی لە ئامانجی ناوەلێناکە تێبگات. لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی کاتێک خوێنەر ڕۆمانەکە دەخوێنێتەوە ناوی ڕۆمانەکەی بیر بکەوێتەوە، نەکە پێچەوانەی ئەوەی کە ناوی ڕۆمانەکە بینێ پێش خوێندەوەی ڕۆمانەکە ناوەڕۆکەکەی بزانێت. ئەوە زیاتر لەدوای پەنجاکانی سەدەی بیستەم زیاتر باوبوو.

سێیەم ناوی لێکدراو: لە سەردەمی هاوچەرخدا واتە لەسەردەمی ئێستادا، نووسەر بە دوو ئامانج ناوی ڕۆمان هەڵدەبژێرێت، ئامانجی یەکەمیان، ڕۆماننووس هەوڵدەدات ناوێکی جوان و سەرنج ڕاکێش بۆ ڕۆمانەکە دابنێت، هەندێک لە وێنەکانی ڕۆمانەکە لە ڕێگای ناوکەوە لەسەر بەرگەکە نیشانی خوێنەر بدات، بەڵام بەمەرجێک وانەکات خوێنەر لەگەڵ خوێندنەوەی ناوەکە هەمووشتێک لە ڕۆمانەکە تێبگات. هەندێجاریش بە ئامانجی بازرگانی، یان بۆ بە بازاڕکردنی کتێب، واتە نووسەر هەوڵدەدات لە پاڵ کاری نووسین و ئەدەب بزنسیش بکات. بۆ ئەو مەبەستەش ناوێکی سەرەنجڕاکێش دەستنیشان دەکات بۆئەوەی زۆرترین خوێنەر بۆ ڕۆمانەکەی پەیدا بکات، کە دواجار بەقازانجی زۆر فرۆشی ڕۆمانەکە تەواو دەبێت، بەمەرجێک ناوەکە زۆر درێژ و بێزارکەر نەبێت.

> **نووسەر لە تاک و کۆدا هەڵەیەکی ڕێزمانی کردووە (پیاوەکانی ناو ژن، ژنەکانی ناو پیاو)**

دڵزار حەسەن زۆر سەرکەوتوو بوو لە هەڵبژاردنی ناوی ڕۆمانەکە چونکە بەتەواوی ئەدرەسی کارێکتەرکان دەداتە خوێنەر بۆ ئەوەی خوێنەر لە ڕێگای نەخشەڕێگای زمانەوە بەدوای هەنگاوەکانی کارێکتەرەکان بکەوێت، تا دەگاتە جێگای مەبەست کە تەواوی زانیارییەکانە لەسەر دەقی ڕۆمانەکە. هەر چەند نووسەر لە تاک و کۆدا هەڵەیەکی ڕێزمانی کردووە (پیاواکانی ناو ژن، ژنەکانی ناو پیاو) کە خۆی دەبوو وا بنووسرێت (پیاوەکانی ناو ژنەکان، ژنەکانی ناو پیاوەکان) (ژنەکانی ناو پیاوان، پیاوەکانی ناو ژنان) یاخود بە تاک دەستی پێ بکردایە بە تاکیش کۆتایی پێ بهێنابایە، وەک (ژنی ناو پیاو، پیاوی ناو ژن) بەڵام ئەوە وای نەکردووە لە بەهای سومبلیەتی ناونیشانەکە بۆ خودی دەقەکە کەم بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی ناوێکە سەرەنجی خوێنەر ڕادەکێشێ. ئەگەر بەئامانج بێت، یان بێ ئامانج، هەست دەکەی کە ئەم ناونیشانەی ویستی بەبازارکردنی ڕۆمانەکەی تێدایە کە زۆربەی ڕۆماننووسانی هاوچەرخ ئەم سیاسەتە پەیڕەو دەکەن.

٢. حیکایەتخوان:

لە ڕۆمانی (ژنەکانی ناو پیاو، پیاوەکانی ناوژن) و لە هەموو ڕۆمانێکدا حیکایەتخوان بە بناخەی گێڕانەوەی هەموو ئەو ڕووداونە دادەنرێت کە لە ڕۆمانەکەدا ڕوودەدەن.

حیکایەتخوان دەسەڵاتی ڕەهای هەیە لەدروستکردن و ئاراستەکردنی کارەکتەرەکان بە گوێری پێویست بۆ پڕکردنەوەی شوێن بەگوێرەی ڕووداوەکان. حیکایەتخوان دەستنیشانی ژمارەی کارەکتەرەکان دەکات، کە دواجار هەرهەموو کارەکتەرەکان گوزارشت لەبیروبۆچوونی، یان ئایدیولۆژیای نووسەر دەکەن، بەڵام نووسەری سەرکەوتوو وادەکات حیکایەتخوان گوزارشت لەبیروبۆچوونی کارەکتەرەکان بکات بە گوێرەی ئاستی ڕۆشنبیریی و تێڕوانیان بۆ هەموو گۆڕانکارییەکان.

جۆرەکانی حیکایەتخوان:

(حیکایەتخوانی هەمووشتزان، حیکایەتخوانی هەمان شتزان، حیکایەتخوانی کەم شتزان)

حیکایەتخوانی هەمووشتزان: ئەو جۆرە حکایەتخوانە زانیاری تەواوی دەربارەی هەموو کارێکتەرەکان و هەنگاو بەهەنگاوی ڕووداوەکان هەیە، زانیاری لەسەر ڕووداوەکانی دەرەوە و جیهانی ناوەوەی کارەکتەرەکان پێشکەش بە خوێنەر دەکات. ئەم جۆرە حیکایەتخوانە بە ڕاناوی (ئەو) دێتە گۆ بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی ناو ڕۆمانەکە.

حیکایەتخوانی هەمانشتزان: ئەو جۆرە حیکایەتخوانەیە کە ڕاناوی (من) بەکار دەهێنێت، کە لە ڕێگای کارەکتەری سەرەکییەوە زانیاری دەست دەکەوێت، ئەگەر زانیاری لە بارەی کارەکتەری سەرەکی بە خوێنەر بدات، ئەوە ڕاناوی (من) لە گێڕانەوەدا بەکار دەهێنێت. ئەگەر زانیاری لە بارەی کارەکتەرەکانی دیکەوە بە خوێنەر بدات، ئەوە ڕاناوی (ئەو) لە گێرنەوەدا بەکار دەهێنێت، بەبێ ئەوەی ئەم ڕاناوە (ئەو) ببێتە حیکایەتخوانی هەمووشتزان، چونکە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری هەمیشە پشت بە کارەکتەری سەرەکی دەبەستێت.

حیکایەتخوانی کەمشتزان: ئەو جۆرە حیکایەتخوانە بۆ بەدەست هێنانی زانیاری لەبارەی هەموو کارەکتەرەکانەوە پشت دەبەستێت  بە هەستی بینین و بیستن. لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا ڕاناوی (ئەو) بەکار دەهێنێت، بۆیە پێی دەوترێت کەمشتزان، چونکە بۆی نییە بچێتە ناو ناخی کارەکتەرەکانەوە.

هەروەها بۆی نییە زانیاری لە بارەی شونێک بدات ئەگەر خۆی لەوێ ئامادە نەبوو. هەروەها بۆی نییە لە سەر کارەکتەرەکانی ئەو شوێنەش هیچ زانیارییەک بەداتە خوێنەر. تەنیا لە دۆخێکدا نەبێت کە یەکێک لە کارەکتەرەکانی ناو ئەو شوێنە زانیاری پێبدات، بەم کارەکتەرەش دەوترێت کارەکتەری شایەدحاڵ.

لەم ڕۆماندا نووسەر هاتووە هەرسێ جۆری حیکایەتخوانی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی جۆرێک گەمەی زمانی بکات بۆ دەربڕینی ئەو ئایدیایەی کە نووسەر لە ئەندێشەیەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام بە هۆی نەبوونی شارەزایی تەواوی لەسەر حکایەتخوان و ڕۆڵی حیکایەتخوان لە دروستکردنی کارەکتەری سەرەکی و کارەکتەری لاوەکی، توشی چەند هەڵەیەک بووە، ئەمەش وای کردووە نووسەر هەندێکجار لە حیکایەتخوانی هەمووشتزان بازدەدات بۆ حیکایەتخوانی هەمانشتزان بەبێ گۆڕنی کارەکتەرە سەرکییەکە.

بۆ نموونە لە لاپەرە (٥) دا لە دەستپێکی ڕۆمانەکەدا نووسەر بەناوی (کەژێ) کە حیکایەتخوانی هەمانشتزانە و کارەکتەرێکی سەرەکی ڕۆمانەکەیە دەست بە گێڕانەوە دەکات و دەڵێ: ((درەنگانێ لە یەکێک لە ژوورەکانی ماڵی باوکم دانیشتبووم، کەسێکی سەر و ریش ماش و برنجی، باڵایەکی لاواز، ڕەنگێکی سپی ..... درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێ: بە خۆی و باوشێ خەمگینیەوە لە دەرگای ماڵی کەژێدا)) لێرە خوێنەر توشی سەرسوڕمان دەبێت! ئەرێ چۆن دەبێ کەژێ لە کونجی ژورێکی ماڵی باوکی دانشتبێت و ئاگای لەدەرەوە بێت چاوی هەموو بەربەستەکان ببرێت و لە دەرەوە کەسێک ببینی و ئەو هەموو وەسفەی کارێکتەری مام ڕەمەزان بکات؟! دواتر نووسەر بێ ئاگایانە هاتووە لە کارێکتەری کەژێ کە حیکایەتخوانی هەمانشتزانە باز دەدات بۆ حیکایەتخوانێکی هەمووشتزان لە بەرگی کارێکتەرێکی نادیار، بۆیە لە ڕاناوی (من)ی قسەرکەر بازدەدات بۆ ڕاناوی (ئەو)ی قسەکەری نادیار کە دەڵێ:

((بە خۆی و باوشێ خەمگینیەوە لە دەرگای ماڵی کەژێدا)) خوێنەر نازانی ئەو حیکایەتخوانە کێیە! ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، دواتر لە دێری دواتر دیسان دەگەڕێتەوە سەر کارەکتەری کەژێ دیسان بەناوی ئەوە درێژە بە گێڕانەوە دەدات. جگە لە کۆمەڵێک هەڵەی خاڵبەندی کە وای کردووە تووشی هەڵەی زمانی بێت، کە لە داهاتوودا و لەبەشی خاڵبەندی باسی دەکەین.

نووسەر لە پەیژەی چوارەم لە لاپەڕە (٢٠ تا ٢٢) باسی بابەتێک دەکات تەواو وتارێکی فەلسەفییە هیچ پەیوەندی بە تەکنیک و گێڕانەوەی ڕۆمان نییە چونکە بابەتەکە لە دەقێکی ئەدەبی دەترازێ بۆ وتارێکی هزری، لێرە نە حیکایەتخوان دیارە، نە دەزانین ئەو قسانە هی کێن! کە وەک کانت وتاردەدات یان شرۆڤەی بابەتێکی زهنی دەکات.

بۆ نموونە لەلاپەڕە (٢٠) سێ دێر پێش کۆتایەکەی دەڵێ: ((پەیبردن  بە بوونی خۆت، لە دونیای ماتریاڵدا ئەگەر دۆخەکە نەگۆڕێت بە گەیشتن بە بوونە ڕاستەقینەکەت کە مرۆڤبوونە، وەک هەست و بەرکەوتە خودییەکان، وەکو ئەوەی کانت دەیلێت هیچ شتێکی دیکە نییە، ......... تا دوایی.))

سەبارەت بە کارەکتەری دووەم (حەکیمی دانا) لە (٦١) ئەم کارەکتەرەی بیر دەکەوێتەوە و رۆڵێکی زۆر کورتی پێ دەدات، وەک کارەکتەرێکی لاوەکی دێتەر بەرچاوی خۆێنەر، هیچ کاریگەری نییە لە سەر گۆڕینی ڕووداوەکان. نووسەر نەیتوانیوە ئازارەکانی پیاوێکی دوو ڕەگەز لەناو کۆمەڵگەیەکی ئاینی و نەریتی لەناو کارەکتەری حەکیمی دانا بەرجەستە بکات و نیشانی خوێنەری بدات و وابکات هەڵوێستەی ئەرێنی، یان نەرێنی بەرامبەر ڕەفتارەکانی پیاوێکی دوو ڕەگەز دەرببڕێ. وەک لە کارەکتەری کەژێ کردوویەتی، تەنها وەک وێستگەیەک بەکاری هێناوە، بۆ ئەوەی کەژێ بەو وێستیەگەیە تێپەڕێت، کەمێک باسی هەستی نێرینەی خۆی بۆ پیاوێکی هەست ژنانە بکات، ئەویش( حەکیمی دانا) یە کە بە زمانی جەستە باسی هەستە ژنانییەکەی ناخی خۆی بۆ کەژێ دەکات. لە ڕاستیدا ئەوەیان خاڵی لاوازی ڕۆمانەکەیە، جگە لەوەی دیار نییە کارەکتەری حەکیمی دانا وەک پێشە چییە؟ دکتۆرە ؟!دەروونناسە؟! حەکیمی

**دەبێ پێگەی شوێن لە ڕۆماندا ڕوون بێت، دەنا ڕۆمان یەکێک لە بنەماکانی تەکنیکی نووسین لە دەست دەدات**

**نووسەر لە پەیڕەی چوارەم لە لاپەڕە (٢٠ تا ٢٢) باسی بابەتێک دەکات تەواو وتارێکی فەلسەفییە هیچ پەیوەندی بە تەکنیک و گێڕانەوەی ڕۆمان نییە**

کوردەوارییە؟! هیچ زانیاریەکی ئەوتۆی لەسەر نییە. ئەوەی زۆر جێگای سەر سووڕمانە لەو دەقە دەسپێکی وتوێژەکەیە، حەکیمی دانا وەک ئەوەی دکتۆرێکی پسپۆری جەستەیی بواری دوو ڕەگەزەکان بێت و کەژێیش نەخۆشی ئەو بێت، چەندین جار سەردانی کردبێت، بۆ ئەوەی نەشتەرگەری جەستەیی بۆ بکات، لێرە کەژێ ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕیتەوە و باسی گفتوگوی نێوان خۆی و حەکیمی دەنا دەکات ((گوتی: نەمگووت وەک ئەوەی خۆت دەتەوێت ئاوهات لێ دێت. مادام هەمیشە دڵە خورپەتە ببیتەوە بە خۆت، .... .... .... تا بای هەناسەیە هەست لە دڵدا مابێت دەتواندرێت هەوڵی خستنە سەر پێی بدرێت)) دواتر حەکیمی دانا وەک ئەوەی دکتۆری دەروونی بێت، لە پشت مێزێکەوە پرسیار لە کەسایەتی کەژێ دەکات بۆ ئەوەی باری دەروونی ئەو بخوێنێتەوە، یان شارەزایی لەسەر کەسایەتی کەژێ پەیدا بکات، بۆ ئەوەی ڕێنمایی دەروونی پێبدات. بۆنموونە لە لاپەڕە (٦٢) کەژێ بە ناوی حەکیمی دانا قسە دەکات و دەڵێ: ((دیسان پرسیەوە: دەمەوێت زیاتر لە بارەی تۆوە بزانم، ئەوەی فەرمووت نەیتوانی ڕزایم بکات)) بەڵام کاتێک دەچنە ناو کفتۆگۆ تایبەتەکانی نێوانیان سەبارەت بە هەستی نێرینەی ناو مێینە و هەستی مێنەی ناو نێرینە، وابەدیار دەکەوێت کەژێ بۆ یەکەم جاری بێت سەردانی حەکیمی دانا بکات، دواتر لە ئەنجامی بەریەککەوتەکان و گۆڕینەوەی هەستی سێکسی شەرمنانە بۆ یەکتری وابەدیار دەکەوێت کە ئەوە یەکەم جارە یەکتر دەبینن. دوای بەریەککەوتن و وەرگرتنی چێژی سێکسی، حەکیمی دانا ماڵئاوایی دەکات، سەیر لەوەدایە! بە گوێرەی ئەوەی کە کەژێ سەردانی حەکیمی دانا دەکات بۆ ئەوەی یەکتری بینن شوێنەکە وەک ئەوەی نورینگەی پیزیشکی بێت نووسەر وا وەسفی حەکیمی دانا دەکات کە لەنورینگەی خۆیدا بێت، بەخۆی و چاویلکەکەی چاوییەوە لەپشت مێزێک لە کەژێ دەڕوانێت و پرسیاری ئاراستە دەکات. دوایی وەک ئەوەی لەماڵی حەکیمی دانا بن وا ڕەفتار دەکەن، پاشان حەکیمی دانا ماڵئاویی لە کەژێ دەکات، وەک ئەوەی لە ماڵی کەژێ بێت، بۆیە خوێنەر تەواو سەری لێدەشوێت نازانێ ئەو شوێنە کوێیە؟! هی کێیە؟! بۆچی کەژێ وەک سەردانیکەر چووەتە ئەوێ، حەکیمی دانای بۆ وەک خاوەن ماڵ پێشوازی لێ کرد؟ دوایی بۆچی حەکیمی دانا وەک میوان ماڵئاوایی لەو شوێنەکرد؟! بۆچی کەژێ لەوێ مایەوە وەک خاوەن ماڵ حەکیمی دانای بەڕێ کرد؟! ئەو پرسیارانە تەنها نووسەر دەتوانێ وەڵامیان بداتەوە.

٣.شوێن و ژنەر (زمن) لە دەقدا:

لە ڕۆماندا شوێن زۆر گرنگە چونکە شوێن بە توخمێکی گرنگ دادەنرێت بۆ ئەوەی ئاشنای گۆشە نیگای حیکایەتخوان و کارەکتەرەکان بین. چونکە شوێن ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و سیاسی و ململانیی چینایەتی دەست نیشان دەکات، هەتا لە ڕێگای دەستنیشان کردنی شوێنەوە باری دارایی و باری دەروونی و ڕەفتاری کارەکتەرەکان دەسنیشان دەکرێ. هەرچەندە ڕۆماننووس ئازادە لەوەی چۆن وەسفی شوێن دەکات، جا ئەو شوێنە لە ڕاستیدا بوونی هەبێ، یان تەنها لە خەیاڵی نووسەردا بوونی هەبێ، بەڵام دەبێ پیگەی شوێن لە ڕۆماندا ڕوون بێت، دەنا ڕۆمان یەکێک لە بنەماکانی تەکنیکی نووسین لە دەست دەدات، جگە لەوەی زانیاری تەواو ناگات بە خوێنەر.

شوێن و ژنەر (زمن) هەمیشە پێکەوە ناویان دێت، چونکە هیچ شوێنێک بوونی نییە ئەکەر ژنەر (زمن) بوونی نەبوو. بۆیە ژنەر وەک بوونی (شوێن) توخمێکی سەرەکی ناو ڕۆمانە. لە ئەدەبی ڕۆماندا سێ ژنەر (زمن) هەیە کە ڕۆڵی گاریگەریان هەیە لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکانی ناو هەر ڕۆمانێک ئەوانیش ئەمانەن:

١.ژنەری رابردوو.

٢.ژنەری ئێستا.

٣.ژنەری داهاتوو.

ئەوەی جێگای سەرنج بێت لەڕۆماندا نووسەر زۆر بەدەگمەن ئاوڕی لە شوێن داوەتەوە، لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا باس لە گەشتی باوکی کەژێ دەکات بۆ بەغدا بە مەبەستی کڕینی گەنم، بەڵام لەبەر ئەوەی نووسەر گرنگی بە شوێن نادات، بەغدا وەک شوێن لەو گەشتەی باوکی (کەژێ)دا هیچ پێگەیەکی نییە. دوایش باسی گەڕانەوەی باوکی کەژێ ناکاتەوە، نازانرێت چیی لێدێتەوە، ئەوەش پێمان دەڵێ پیگەی شوین زانیاری تەواومان دەداتێ لەسەر ڕۆڵی کارەکتەر لەو شوێنە. ئێتر دوای ئەوە (شوێن) بەتەواوی لە ڕۆمانەکەدا پشت گوێ دەخرێت.

بۆ نموونە وەک پێشتریش باسمان کرد کاتێک کەژێ سەردانی حەکیمی دانا دەکات، خوێنەر نازانێت ئەو شوێنەی کە کەژێ و حەکیمی دانا




یەکتریان لێ بینیوە کوێیە! بۆچ مەبەستێک بەکار دێت! ئایا نورینەگەیە؟! یان ماڵە یان کۆمپانیایە؟! هەر ئەوەش وای کردووە خوێنەر نەزانێ پیشەی حەکیمی دانا چییە! خۆ ئەگەر نووسەر ناوی شوێنەکەی بە نۆرینەگە بهێنابووایە خوێنەر دەیزانی حەکیمی دانا پزیشکە. ئەوەش وای لە نووسەر کردووە نەزانێ چۆن مامەڵە لەگەڵ سەردانیکەر و خاوەن شۆێنەکە بکات.

لە شوێنێکی دی نووسەر لە ڕێگای حیکایەتخوانی هەمووشتزانەوە باس لە کارەکتەرێکی بێ ناونیشان دەکات، تەنها ئەوەندە زانیاری بە خوێنەر دەدات کە کچەکە تەمەنی ١٥ ساڵانە لە گەڕەکەکەی کەژێ بووە نازانرێ گەڕەکەکە کوێیە! نازانرێ گەڕەکە هەژارنشینە، یان دەوڵەمەندنشینە! دوایی ئەو کچە ماڵیان باردەکات دەچنە ئۆردوگایەک نازانرێ ئەو ئۆردوگایە لە کوێیە، لە شار دوورە، یان نزیک، سەر بە هەمان شار یان شارێکی دی! بۆچی چی لەو گەڕەکە باردەکەن ؟! جگە لەوەی هیچ کارکتەرێکی ناو ڕۆمانەکە ناوی کچەکە نازانن، هەتا حیکایەتخوانی هەمووشتزانیش نازانێ ئەو کچە ناوی چییە بۆ کوێ چووە! تا لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا جارێکی دی نووسەر بەناوی حیکایەتخوانی کەمشتزان کارکتەرێکی لاوکی دادەرێژێت و باسی ئەو کچە دەکات لە نەخۆشە، بەڵام دیسان کچە وەک کەسێکی بێناسنامە باس دەکاتەوە. ئەو ون بوونی شوێنە و نەبوونی زانیاری تەواو لەسەر ئەوکارەکتەرانەی خودی نووسەر دروستی کردوون بەردەوامی دەبێت، تا کۆتایی ڕۆمانەکە جارێکی دی نووسەر لەباسی وڵاتی ئەلمانیادا پێگەی شوێن دەگەڕێتەوە ناو ڕۆمانەکە، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر ساکار ئەویش بۆ ئەوەی بە خوێنەر بڵێ کەژێ لە کلتورێکی داخراوی دژەبەری ئازادی تاکەکەسی ڕزگاری بوو، بۆ کلتورێکی کراوەی دان پیانراو ئازادیەکانی تاک لە چوارچێوەی یاسایەکی شارستانیانە.

سەبارەت بە ژنەر (زمن) لەم دەقەدا ژنەر بەتەواوی پشتگوێ خراوە، هەر بۆیە نازانرێ ڕوداوەکان لەچ (ژنەر)ێکدا ڕوویانداوە، یان ڕوودەدەن! بۆ نموونە کاتێک کەژێ دەست بە گێڕانەوە دەکات دەڵێ: درەگانێک! لێرە ژنەر (زمن) ونە خوێنەر نازانی کەژێ مەبەستی درەنگانی شەوە! یا درەنگانی بەیانییە! یان درەنگانی نیوەڕۆیە یاخود دەرنگانی عەسرە! کاتەکە زستانە یان پایزە ... تادوایی.

٤.زمانی دەق

دیارە کە لەسەردەمی ئێستادا گۆڕانکاری زۆر کراوە لەسەر هونەر و تەکنیکی نووسینی ڕۆمان بەگشتی بەڵام هێشتا ڕۆمان مەحکومە بەزمانێکی ئەدەبی، بە واتای ئەوەی ڕۆمان پێش ئەوەی بیر و ئەندێشەی نووسەر بێت دەقێکی زمانەوانییە، بە واتایەکی دی کاتێک ئێمە دێین خوێندنەوە بۆ ڕۆمان دەکەین لە ڕوانگەی زمان و زمانەوانیییەوە شیکاری دەقی ڕۆمان دەکەین، چونکە هەزر و بیری مرۆڤ بێ بوونی زمان هیچ مانایەکی نابێت، بە واتای ئەوەی زمان تاکە ڕێگایە بۆ بەرهەمهێنانی هزر، هەر زمانیشە مرۆڤ لە تەواوی بوونەوەرەکانی دی سەرگۆی زەوی جیا دەکاتەوە.

لەوانەشە بوونەوەری ئاقڵتر لە مرۆڤ لەسەر هەسارەکەمان هەبێت بەڵام لەبەر نەبوونی زمان نەتوانێت ئاقڵتر بوونی خۆی بسەلمێنێت. کەوایە زمان زۆر گرنگترە لەوەی ئێمە وابەسادەیی سەیری دەکەین یان خوێندنەوەی بۆدەکەین. وەک دەبینین جیاوازی زمان نەتەوەی جیاواز دروست دەکات، جیاوزی نەتەوەش جیاوازی ئەدەب و فەرهەنگ لێک هەلاوێر دەکات. دیارە ئەمە بۆ دەقی ئەدەبی ڕۆمانیش

ڕاستە. ئەوە زمانە ڕێگا بە بیر(فیکر) دەدات لە دەرەوەی خۆی زهن بەرهەم بێنێت وەک هـزری (فەلسەفی نەتەوەیی، ئاینی، ئەدەبی، زانستی) دروست بکات. بە واتـای ئەگەر زمان نەبێت بیرکردنەوەی مرۆڤ هیچ بەرهەمێکی ئەندیشەیی نابیت، تەنها جوولە دروست دەکات، ئاراستەی (جوولە)کەش دەست

> **زمانی نووسینی ئەم ڕۆمانە زمانێکی ڕۆژنامەوانییە، بۆیە دەبینین نووسەر هێندەی گرنگی بە زمانی وتاردان داوە هێندە گرنگی بە زمانی ئەدەبی نەداوە**

نیشان دەکات، کە ئاماژەکان دەکەنە سموبلی ئەو جوولانە. بەڵام خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە بیرمان نەچێت کە جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان (زمان و ڕێزمان و زمانەوانی)ی دەق لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی زۆر پتەو و بەتینیان بەیەکەوە هەیە کە زۆرێک لە نووسەران بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕین جیاوازی لە نێوان ئەم سێ زاراوەیەدا ناکەن.

لە دەقی ڕۆمانیشدا پوختی زمانگوتاری یەکێکە لەمەرجە سەرەکەییەکانی ڕۆمان نووسین.

نووسەر دەبێت شارەزایی باشی هەبێت لە هونەر و تکینیکی ڕەوانگوتاری. زمانی نووسینی ئەم ڕۆمانە زمانێکی ڕۆژنامەوانییە، بۆیە دەبینین نووسەر هێندەی گرنگی بە زمانی وتاردان داوە هێندە گرنگی بە زمانی ئەدەبی نەداوە لە زمانە ڕۆژنامەوانیەکەش ویستوویەتی جۆرێک داهێنان لە دروستکردنی زاروەی تازە بکات، یان چەند شێوەزارێک تێکەڵ بکات بۆ ئەوەی جوانووسی لە نووسینی ڕۆماندا بکات، بەڵام بە هۆی نەبوونی شارەزایەکی زانستیانە لەسەر زمان و ڕێزمان و ڕەوانگوتاری تووشی چەند هەڵەیەکی ڕێزمانی بووە کە لە بەهای هونەری تەکنیکی نووسینی ئەم ڕۆمانەی کەم کردۆتەوە. بۆ نموونە لە لاپەڕە (٧) دێری (٢)مدا نووسەر لە ڕێگای کارەکتەری (کەژێ) دەڵێ: ((دایکم ئەوەی بۆیە گوت تا مام ڕەمەزان ئەرخەیان بێت و بیر لە ڕۆیشتن نەکاتەوە، بەڵام بە پەلەپەلەکەی و هەواڵپرسینەکەی دیار بوو ئەو خۆی چەند قسەیەک هاتبوو، بە گوێرەی ڕەنگ و ڕوخساریشی دیاربوو هاتنەکەی پەیوەندی بە کێشەی من و مێردەکەمەوە هەیە، بۆیە هەر زوو ئەوەی درکاند))

ئەگەر سەیری ئەم چەند دێرە بکەین دەبینین نووسەر تووشی هەڵەی ڕێزمانی و جۆرێک لە گرێی ڕەوانگوتاری بووە، کە لە زمان کوردیدا پێی دەڵێن گیربوون لە ئاخاوتندا.

بۆ نمونە لە (دایکم ئەوەی بۆیە گوت )دا هاتووە وشەی هۆکاری (بۆیە)ی خستۆتە نێوان (ئاماژە بە وتاردان) خۆی نابێت لە نێوان ئاماژەکردن و فەرماندا هیچ گرێیێکی هۆکاری هەبێت. ڕاستتر و ڕەوانتر ئەوەیە بڵێ: (دایکم بۆیە ئەوەی گوت تا مام ڕەمەزان ئەرخەیان بێت و بیر لە ڕۆیشتن نەکاتەوە، بەڵام لە پەلی پەلی هەواڵ پرسینەکەی ڕادیاربوو ئەو بۆ چەند قسەیەک هاتبوو).

خاڵێکی دی زۆر گرنگ ئەوەیە کە نووسەر ئازادە لەوەی بەچ زاروەیەک دەنووسێت، بەڵام ئازاد نییە لەوەی لەکاتی ئاخاوتنی کارەکتەرێکدا کە قسە دەکات لەنیوەی ڕستەکە شێوەزاری ئاخاوتنەکەی لە زاروەیەکەوە بگۆڕێت بۆ زاراوەیەکی دی، کە نووسەری ئەم ڕۆمانە توشی ئەم حاڵەتە بووە. بۆنموونە لە لاپەڕە (٩)دا لە دێری (٧)دا نووسەر هاتووە بەناوی کارەکتەری دایکی کەژێ دەڵێ: ((نەمگوت هێندە دەم لەدەوی مێردت مەنێ)) خۆی دەبوو بڵێ: (( نەمگوت دەو لە دەوی مێردت مەنێ)) یان ((نە موت دەم لە دەمی مێردەت مەنێ)).

لە لاپەڕە (١١)دێری دووەمدا لە گفتوگۆی نێوان کەژێ و دایکیدا، دایکی کەژێ بە کەژێ دەڵێ:

(دەبا مێردت ئەتوی بوێت، فیل بە فیلاتی خوی ناتوانی تەلاقت لێ وەر بگری)

لەم دێرەی سەرەوەدا هەڵەیەکی زمانی هەیە کە تەلاق لە ژن وەرناگیرێ بەڵکو ژن تەلاق دەدرێ، تەلاق لە پیاو وەردەگیرێ، بەڵام نووسەر هاتووە بەناوی دایکی کەژێ دەڵێ: ((فیل بە فیلایەتی خۆی ناتوانی تەلاقت لێ وەربگری)) ڕاستیەکەی ئەوەیە کە دەبێ بووترێ: (دەبا مێردت ئەتوی بوێت فیل بە فیلایەتی خۆی ناتوانی بە تەلاقدانت بدات)

چونکە پیاو تەلاق لە ژن وەرناگرێ بەڵکو پیاو ژن تەلاق دەدات. واتە ژن تەلاق لە پیاو وەردەگرێ نەک پێچەوانەکەی.

لە لاپەرە (٢٥) دێری (١٢) دا لە ڕێگای حیکاتخوانی هەمووشتزانەوە باس لە کارەکتەری زریباری شاعیر دەکات و دەڵێ: ((کاتێک زانیم ئارەزووی نیگار کێشانی هەیە، زیاتر پایەداریم ئەوم لە دڵدا چەسپی کە جارنا جارێ نیگاری دیکەشی سکێچ دەکات)) نووسەر لێرە تووشی هەڵەیەکی(زمان)ی بووە نەک (ڕێزمان)ی وەک ئەوەی نوسەرێکی بیانی بێت بە زمانی کوردی بنووسێت! لەبەر ئەوەی (پایەداری، ڕێز، شکۆ) لە دڵدا ناچەسپن یاخود ناچەسپێندرێن، بەڵکو پێیان دەزانرێت، یان ئاماژەیان پێ دەدرێت، یان بەدیاردەکەون، یاخود دەناسرێنەوە، بەڵام (خۆشەویستی، سۆز، سۆزداری) لە دڵدا دەچەسپێن. دەکرێ لەبەر ناسینی یان پێزانینی پایەیداری کەسایەتییەک خۆشەویستی ئەوت لەدڵدا بچەسپێت. وڕاستە، ئەگەر وابنووسرێت ((کاتێک زانیم ئارەزووی نیگار کێشانی هەیە، جارناجارێ نیگار و سیکێچ دەکێشێت، پایەداری ئەوەم زیاتر بۆ بەدیارکەوت))

نووسەر لە لاپەڕە ٣٣دا دێری یەکەم و دەستپێکی دەقی پەیژەی دووەدا، بە ناوی حیکایەتخوانی هەمانشتزان دەڵێ: (( نزیکەی یەک دانە ساڵی ڕێک بەسەر گەشتە دووردرێژەکەی کەژێ تێپەڕ، سەرلە نوێ لە وەرزی بەهاری ژیانەوەی گژو گیادا، لە بەردەم ماڵە کەی خۆی چاومان پێک دەکەوێتەوە))

سەرەتا پێم خۆشە ئاماژە بە ڕینووسی ئەم ڕستەیە بدەم کە چەند هەڵەیەکی ڕێنووسی تێدایە، ئەم دەردە نەک دڵزاری ڕۆماننووس بەڵکو زۆربەی هەرەزۆری نووسەرانی دوای (ڕاپەڕین)ی گرتۆتەوە، هەندێ وشە هەیە پێویست ناکات بەیەکەوە بلکێندرێن بەیەکی دەلکێنن بە پێچەوانەشەوە، بۆ نموونە هەردوو وشەی (دوور و درێژ) دوو وشەی سەربەخۆن بەتەنها دەنووسرین مانای تەواو دەبەخشن، نووسەر بەیەکەوەی لکاندوون، بەڵام هەردوو وشەی (گژوگیا، ماڵەکەی)دەبێ پێکەوە بکێندرێن کەچی نووسەر (گژ) ی لە (گیا) جیاکردۆتەوە بە سپێیسێک بە هەمان شێوە (ماڵە)ی لە پاشگری (کەی) جیاکردۆتەوە بە سپێیسێک.

دواتر هەڵەیەکی زۆر ڕوونی ڕێزمانی تێدایە لە ڕستەی یەکەمدا واتە لە (شاڕستە) کەدا (گەشتەکە نزیکە ساڵێکە تێپەڕیوە) واتە فرمانی (تێپەڕی) لە باری (ڕابردووی تێپەڕ)دایە بەڵام لە ڕستەی دووەمدا، لە (پاڕستە)کەدا فرمانی (دەکەوێتەوە) لە باری ڕابردووی بەردەوامدایە. ڕاستیەکەی ئەوەیە، یان دەبێ هەردوو فرمانەکە تێپەڕبن، یان هەردوویکیان تێنەپەڕ بن.

بۆ نموونە پارستەکە وای لێ بکرێت ((نزیکەی یەک دانە ساڵی ڕێک بەسەر گەشتە دوور و درێژەکەی کەژێ تێپەڕی، سەرلە نوێ لە وەرزی بەهاری ژیانەوەی گژوگیادا، لە بەردەم ماڵەکەی خۆی چاومان پێک کەوتەوە.))

لە لاپەرە ٦٦ درێری ٧ دا. دەڵێ: ((دمارە دەزوولەییەکانی کەنار لوتی، ئەشکیان لە نێو روخساریدا گرتبوو، پێشتێکی شووشەیی، دەمگووت دەبێ بە چ مەرهەم و سابوونێک دوموچاو بشوات کە وا ناسک و بێ پەڵە دیارە.))

لەو دوو دێرەدا چەند هەڵەیەکی زانستی زمانی تێدایە، سەرەتا ئەشک واتە فرمێسک تەنها لە چاو هەڵدەقوڵێ واتە کانی چاوە سەرچاوەی ئەشکە نەک دەماری دەزوولەیی، دوایی وشەی نێو (ناو) بۆ بەکار نایەت، بەڵکو سەر ڕوخسار بەکار دێت، چونکە کە وتت ناو ڕوخسار واتە دیوی پشت پێستی سەر ڕوخسار. بۆیە بەکارهێنانی (ئەشک لە نێو ڕوخسار گرتبوو) هەڵەیەکی زانستی زمانییە.

لە لاپەرە ٨٣ پەیژەی هەشتەم، دێری یەکەمدا دەڵێ: ((ئەم هەستەی کەژێ بۆ بەشێک لە خزم و خانەوادەکەی ببووە مایەی ئازار و سەرئێشە، وەک چۆن زریباری شاعیر، لە وەختی خۆی پەیام و هۆنراوەکانی نیگەرانی لای فەرمانڕواکان دروست کردبوو))

نووسەر لێرە توشی هەڵەیەکی واتای زمانی بووە، چونکە هەست بەرجەستە نییە تا ببێتە دیاردەیەکی بینراو، خەڵکی گەرەک و شارەکە ببینن، وا لە خزم و کەسی نزیک و دووری کەژێ بکات پێی تووشی ئازار و سەرئێشە بن، وەک نووسەر باسی دەکات، بەڵکو ڕەفتارە

**لەم ڕۆماندا نووسەر هاتووە هەرسێ جۆری حیکایەتخوانی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی جۆرێک گەمەی زمانی بکات**

ناتەندروستەکانی پشت هەستەکان، وادەکات کۆمەڵگە قبوڵی ئەم ڕەفتارانە نەکات، یان بە چاوێکی نزم سەیریان بکات، بەو هۆیەوە خزم و کەسی هەست بە شەرمەزاری بکەن. دواتر بەراورد کردنی هەستەکانی کەژێ لەگەڵ هەستەکانی شاعیر زرێبار بەڕاستی لە جێی خۆیدا نییە، چونکە هەستەکانی زرێبار

**نووسەر ئازادە لەوەی بەچ زاراوەیەک دەنووسێت، بەڵام ئازاد نییە لەوەی لەکاتی ئاخاوتنی کارەکتەرێکدا کە قسە دەکات لەنیوەی ڕستەکە شێوەزاری ئاخاوتنەکەی لە زارەوەیەکەوە بگۆڕێت بۆ زاراوەیەکی دی**

بەرجەستە کراوە ولە تێکستێکی شیعریدا نووسراوەتەوە و بڵاوکراوەتەوە و گەیشتۆتە دەستی خەڵک و دەسەڵاتداران و خوێندویانەتەوە. بۆیە بۆتە هۆی هەرسانکردن، یان سەرئێشە بۆ دەسەڵاتداران، بەڵام هەستی کەژێ هەستێکی شەرمانانەی ناو خودی خۆیەتی هەرگیز نەیوێراوە لای دایکیشی بە ڕوون و ڕاشکاوی باسی ئەو هەستە پیاوانەی ناخی خۆی بکات، ئەی چۆن خەڵکی گەرەک و خزمە دوور و نزیکەکانیان پێیانزانی؟! بووە مایەی سەر ئێشە و ئازار!!

٥.خاڵ بەندی :

ئەم ڕۆمانە لەڕووی خاڵ بەندیەوە ویرانە، بەهیچ شێوەیەک ڕەچاوی خاڵبەندی نەکراوە، لە جیێ خاڵ(.) کۆما(،) دانراوە. لە جێگای نیشانەی سەرسوڕمان (!) نیشانەی پرسیار(؟) دانراوە. لە جێگای هەردوکیان(؟!) نیشانەی خاڵ، یان کۆما (، یان .) دانراوە. جگە لەوەی لە هەندێک شوێندا لە کۆتای ڕستە سپێس کراوە دوای نیشانەی (،) دانراوە. لێرە تەنا لە سێ لاپەڕەدا چەند نموونەیەکی هەڵە خاڵبەندییەکان دەخەینەڕوو. لە لاپەرە(١٠) دێری (١) دا لە گفتوگۆی نێوان کەژێ ودایکیدا دەڵێ: (ئەدی چ بڵێم، گەلەک سالحی تا مەدحت بکەم. نابینی، حاری زیز بوونەکانت جوانە)

+ هەمووی خەتای ئێوەیە؟!

خەتای مە، بزانە ئەمەش خراپ ناکەی، ئەتوو میردت کردییە یان ئەمە)

هەر لەم سێ دێرە هەشت هەڵەی خاڵ بەندی هەیە. بۆ ئەوەی درێژدادڕی نەکەین تەنها ڕستەکە دەنووسمەوە خاڵبەندیەکان ڕاست دەکەمەوە، خوێنەر خۆی هەڵەکان بە ئاسانی دەستنیشان دەکات.

(ئەدی چ بڵێم؟ گەلەک سالحی؟! تا مەدحت بکەم! نابینی؟ حاری زیزبوونەکانت جوانە!

+ هەمووی خەتای ئێوەیە.

– خەتای مە؟! بزانە ئەمەش خراپ ناکەی؟ ئەتو میردت کردییە یان ئەمە؟! )

لە هەمان لاپەڕەدا لە دێرە. ١٢دا کەژێ لەوەڵامی دایکی کە پێی دەڵێ:

(حەدت چییە.

+ حەدم چییە، بۆ منتان فرۆشتییە، جیادبمەوە و تەواو.)

ڕاستیەکە ئاوا دەنوسرێت

(حەدەت چییە.

حەدەم چیی؟! بۆ منتان فرۆشتەوە؟ جیا دبمەوە و تەواو.)

**سەرچاوەکان:**


١.د. نەجم ئەڵوەنی: لێکۆڵینەوەی رەخنەیی شیکاری لە بارەی رۆمانی کوردییەوە، چ١، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر ٢٠١١.

٢.سەلام ناو خۆش و نەریمان خۆشناو: زمانەوانی، بەرگی هەشتەم،چ١، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر ٢٠١١.

٣. سەلام ناوخۆش: زمانناسی و هەندێک بابەتی زمانانسی کوردی، چ٢، چابخانە منارە، هەولێر ٢٠١٠.

٤.پ.ی.د. نەجم ئەڵوەنی: دەسەڵاتی حەکایەتخوان لە چیرۆکدا، بەنموونەی کۆ چیرۆکی ( کێ وەستا کەریمی کوشت؟) لە نوسینی (موحسن چینی)، شیکردنەوەیەکی رەخنەییە لە روانگەی بنیاتگەری سۆسیۆلۆجییەوە، چ١، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر ٢٠١٥.

٥.پ.ی.د. نەریمان خۆشناو: رێنوس و خاڵبەندی، چ١،چابخانەی رۆژهەلات، هەولێر ٢٠١٦.

٦.ابراهیم محمود خلیل: النقد الادبي الحديث من المحاكاة الى تفكيك، دار للنشر و التوزيع، ط١ عمان ٢٠٠٣.

# دەق

- ***خاڵبەندی***

سەباح ڕەنجدەر

- ***ئەدەبی بەرەنگاری.. ئەوێ ڕۆژێ***

زایەر عەبدوڵڵا

- ***ونکاتەی تۆپانێ و ٣٤ کاتدیڕەی تر***

عەباس عەبدوڵڵا یووسف



(لە درێژایی ئەزموونمدا ئەرکم لە نیشانەکانی خاڵبەندی وەرگرتووەتەوە، ئەرکم داوە بە وشە و وێنە و هەستی زمان)

# خاڵبەندی



سەباح ڕەنجدەر

### خاڵ

خاڵ لە شەرمێکی گەمژانەی ڕستە ڕادەگرێت
زەمینیش دەخولێتەوە و بەدوای خورپەیەکی بەهێزەوەیە
ئەدی بەخشندە بە کام دەست دەبەخشێ و بە کام دەست لێمان دەستێنێتەوە
دوای کەمێکی تر زەمین هەمووی تاریک دەبێت
بە دەنووکی سووری قەقنەس گۆڕێک هەڵدەکەنم
دڵ پێی ڕازی نییە و ئاهی شادمانی تێ نەگەڕاوە
گوڵەستێرە لەناوی نیشانە و ناوە
بە نیگایەکی ماندوو بیر و پرۆژەی دیوارەکانی دەخوێنێتەوە
لەوێ پەیام ناگات
کەویش لە چیای لاڵن

### دووخاڵ

کاتەکانی ڕۆژی پێشوو دووخاڵ بوون لەسەریەک
دوو لێوی کەمخوێن پەیامێکیان لەناو خۆیاندا سەرسام کردووە
هاوهێزی ئەستێرەن
گۆچانی کوێرێکیان لەسەر بەردی خز لادا
ئازار یەکەم ڕوخساری وەرگرت
یەکەم ڕوخسار باوەشی فراوان بوو
جەرگی داگیرسا و جۆشی دا بە شکۆ

### سێ خاڵ

خاڵ بە ڕەنگی سوورێکی گەرم و بە دەنگێکی دۆستانە خۆتمان پێ بناسێنە
لەپێناو چیدا درێژ دەبێتەوە
چاوی دوێنێ چی بە دی کردووە
قەلەڕەش لەسەر کاغەز سووڕ دەخۆن و دەنیشنەوە
پێیان شوێن بریندار دەکات
سەیری ئێرە بکە و بۆچوونی خۆت بڵێ
ڕێگای ژیان لە ڕێگای مردن جیا نییە

### کەوانە

کەوانە دیواری بەردینە بە دەوری کۆشکی پاشاکان
بە خۆشترین دەنگ گوێ لە سروود ناگرێ
هیوای بە چی دەخوازێت
ڕووناکی لە کونی کلیل نایەتە ژووریێ
مرۆڤ لە یەکەم مووچڕکە و بێداربوونەوەدا سەما دەکات
ئەو ترس و پرس و دوودڵییەت لە چییە
ئەوها پەرژینت قایم کردووە
چ تارماییەک دێتە ناو سێبەرتەوە
هێزی خووسان هاتە ناو ئەو قوڕەی
مرۆڤی لێ دروست بوو
زەوی تای لێ هاتووە
وڕێنە بە هەڵلووشینی گۆشت و خوێنی مرۆڤەوە دەکات

### هێڵی لار

هێڵی لار فریوت دەدا
شکۆی بەتاڵ و ستایش وا دەستی پێ کرد
لاپەڕە داخە
ڕەگە گەرمەکان گەیشتنە بەرد
چاوەڕێی چ بەروبوومێک مەکە
دەبێ ئازاری یەکتر بدەین
ڕق هێز و توانا نییە

### تەقەڵ

تەقەڵ ئەو پارچەزەوییە خۆشکراوەیە
فڕۆکە لەسەری دەنیشێتەوە
زەوییەکە دەبێتە حاجی قادری کۆیی بەردی سیزیف بەشانەوە
فڕۆکەش گوتم بەبەختی خەواڵوو
لاپەڕەی داهاتوو هەڵدەدەمەوە دەگەمە ماڵی میتافۆڕ
لە گەڕان خاو دەبمەوە
لەناو ڕووناکییەکی گەشەکردوو لە خۆمدا دەژیم
گەردوون دراوسێیەکی بەکەڵکە
خودا لە فڕینی یەکەمین پەپوولەی ساڵ
مێژوومی بە دەستەکانی هەڵگرت
بە شاخی کەڵەکێوییەوە گرێی دام

### وێرگوڵ

وێرگوڵ پیاوێکە کرۆشکەی کردووە و ترس دەدوێنێ
گومان لە قۆرتی بەرپێی خۆی دەکات
بۆشاییەکی زۆر لەنێوان پێغەمبەرەکان هەیە
خەڵوەتگایان لە تیشک بەتاڵ کرد
پێویستە با ببینم
لێی بپرسم لە نێوانەکان بەرەو چ چارەنووسێک ڕۆیشتووی
دەرگای چ ماڵێکی خانەدان نازی ڕاگرتی
یان درەختێکی خاڵی لە جریوە و جووکە

### ئەستێرە

ئەستێرەیەکم لەسەر باڵی حاجی لەقلەقی هەولێر دانا
بەناو شاری جەنجاڵدا تێپەڕیم و گەڕامەوە
تاجەگوڵینەم لەسەر گۆڕی یەکەم شەهیدی
جەنگی سێیەمی جیهان دانا
گەشتی سامناک کۆتایی هات
ئەمە تەنیا خەونێک بوو
لە بەرەبەیانێک بینیم و فڕیم بۆ سەرزەمینێکی ساکار

### نیشانەی پرسیار

پرسیار هەڵگری ڕق و قینی خەپەتۆڵە و تویتوییە
ئای چەند درەنگە خۆشەویستیت بیر نەچێتەوە
پێویستە لەبیرنەچوونەوە سەرچاوەی شتەکانم خۆش بوێ
کتوپڕ دڵنیا بووم و چوومە ناو خەونەکان
بۆمبی جەنگی سێیەمی جیهانی پووچەڵ بووەوە
دنیا بۆچی ئەوەندە تازەیە

### نیشانەی سەرسووڕمان

سەرسووڕمان ناکۆکی نێوان نیشانە و گریانی تەواونەکراوی وشەکانە
تێکەڵکردنی خوێن و چۆنیەتی بریندارکردنە لەناو خۆت
چی لەبارەی فریاکەوتنەوە دەزانی
دەچێتە سەر چیای ئاگادارکراوە و لە ڕۆحدا دەمێنێتەوە
ڕۆح لە ئەسپی ڕەوهان خێراتر دەتگەیەنێتەوە یەکەمین پێگەیشتن
تارای ڕاستیی و هەڵەکان هەڵدەدەیتەوە
چاوی ڕەگ لە ئاڵوگۆڕی ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە دارڕژایە ناو زەوی گەرم
درەختی گۆرانییەکان بەرەو شەرمێکی قووڵ ڕۆیی

**کانوونی یەکەمی 2020 هەولێر**

# ئەدەبی بەرەنگاری .. ئەوێ ڕۆژێ

**خوێنەری بەڕێز.. ئەو ڕۆژانەی خاک و وولات لە ژێر چەکمەی داگیرکەردا بوو، بە ئاگر و ئاسن میللەتەکەمانیان دەچەوساندەوە، ئەدیب و نووسەر و هونەرمەندانی سەر بە بەرەی گەل لە هەوڵ و تێکۆشاندا بوون، بە نووسین و هونەر بەرەنگاریی دوژمن دەبوونەوە و چرای خەباتیان دەگەشاندەوە.**
**ئەم کورتە چیرۆکە، زادەی ئەوێ ڕۆژێیە.**
**ئەم کورتە چیرۆکە لە سەرەتای هەشتاکان نووسراوە، ئێستا بەبێ دەستکاری و بە ڕێنووس باوی ئەو کات و بە داڕشتنە سادەکەی ئەوان ڕۆژان بڵاوی دەکەمەوە بەبێ دەستکاری.**



**زایەر عەبدوڵڵا**

# به كرين نایێ

**١٩٨٣/١/٧**

بە هەوەنتە پیرە لۆری بە شیش و پەنجەرە لەبەر دەرکی ماڵێ رانەگیراوە، هۆردووکتان هەر زوو واتان لێک دایەوە.. بێگومان سەرچیغیش نەچوو بوون، وابوو.. هەندی بلێی یەک و دوو بە گوریسەکی ئەستوور لێکیان بەستن، دڕناگە گرتنتان بەفیڕۆ چوو.. پاش هێنان و بردنێکی زۆر لە لۆریان توونـد کردن و دەرگایان لەسەر داخستن، بەبێ پاسەوان، بێ مەفەر بوون.. چۆن دەرباز دەبن؟

خار عەبوبەکریش دووعا بوونی خواست و بەر لەوەی سەرکەوێتە پێشەوەی لۆری، سەیرێکی هەردووکتانی کرد، ئێوەش یەکەمجارە هەست دەکەن ڕقتان لە خار عەبوبەکری دەبێتەوە.

پیرە لۆری ملی ریگای گرتە بەر بۆ شوێنێکی نادیار، بڕیارتاندا قەت چۆک دانەدەن، بە جووتە وەک بلێی بەشێک بن لە پیرە لۆری بە پێوە وەستان و خۆتان بە یەکەوەنا و سەرتان لێک نزیک کردەوە بۆ ڕاوتەگبیر، ئێوە بە جووتە خۆشەویست و ئازیزی گوندی بوون، خەڵکی ئاوایی بە دەستەخۆیان نەبوو هەر کە پێکەوەیان دەدیتن باوەشییان تێوەر دەهێنان، کەس لێکی جودا نەدەکردنەوە، هەر چەندە دایک و بێچووش بوون بەڵام بە هەموو چەشنێک لێک دەچوون، باس هەر باسی ئێوە بوو، وەک ئەوانیدی نەبوو.. چەند جاران بە ئەزموون دوو سێ گوند دوور لە ئاوایی خۆتان بە تەنێیان جێدەهێشتن، ئێوەش بۆ ئەوەی نمەک نەتانگرێت ڕووتان وەردەسوڕاند و بێ ئەوەی لە هیچ شوێنێک لادەن هەتا نێو گوندی ئارامتان نەدەگرتەوە.. هەموو جارێکیش ئافەرین و شاباش دەکران و دەبوونە باسی خەڵک، پیرەپیاو لەژێر سێبەری دیواری مزگەوت و کیژوکار لەسەر کانی و ئاوهێنان هەر لە شارەزایی و رەسەنایەتی ئێوە دەدوان.

ئەوە دونیایە، هەنوکەش وا لەنێو لۆریەکی چەپرەکدان و سەرێکی گوریسی هۆردووکتانی لێک بەستیتەوە، سەرەکەی دیشی لە لۆری گرێ درایە.

قەت رەسەنی خۆتان وون ناکەن، لەسەر پێ قیتی، سەربەرز لەتەک یەک و بەبێ منەت راوەستاون.. هەر دەڕۆن و ناگەنێ، یەک شت گرێیەو لە دڵی هۆردوکتان بۆتە حەسرەت.. نازانن کێوەتان دەبەن، خۆ ئەگەر وەک هەموو

جارێک ئەزموون بێ، ئەوە ئەم زەحمەتەی نەدەویست و بەپێی خۆتان بەگەڕیان دەکەوتن، هەر کوێیان مەخسەدبا، ئاخر ئێستا لە داهاتووی ون دەترسێن و نازانن چ روودەدا.

ئەدی خار عەبوبەکر، وای تیمەگەن، هەرگیز رقتان لێی نەبیتەوە، لێ گەڕێن با بەم دەردە بتاوێتەوە.. نازانن چ پشکۆیەک ناخی دەسوتێنێ.. وادەزانن بە زەوقە؟ نەخێر، ئێوە سەرچیغ چووینە ـ لەو گۆڕەی حوکم دەدەن ـ ئەگەر دەشڵێن بۆ سەری بۆ ئەم دەنگ و سەدایە دەهەژێنێ، من پێتان دەڵێم:

یەکەم: لەبەر ئەوە کابرای شوفێر بۆ هەوای دڵی خۆی ئەم کاسێتەی کڕیوە، کەی ویستی دەیخاتە سەر ریکۆردەرەکە، بۆ خار عەبوبەکری نەهاتووە مەنعی بکات.

دووەم ئەم دەنگ سەدایە پتر نێو هەناوی خار عەبوبەکر دەهەژێنن.. ئەوە گوێتان لێ نیە، هەست راگرن:

-کێ ئەزانی جارێکی تر دەتبینمەوە

تا لەزنەی نیگاکانت بخۆمەوە

بڵێم ئۆخەی نەمردین و

گەڕاینەوە؟! ئەزانی بۆ؟!

چونکە هەر ئاوی کانیی چاوی تۆ

لای من ئاوە

چونکە هەر خۆشەویستی شاری تۆ

لای من خۆشەویستی ناوە

بڕوا بکەن لێتان بێزار نییە، بەڵام چی بکا؟ چاوی بەرایی نادا بەم شێوەیە بتان بینێ، بڕوا بکەن پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر، دوو جاران ویستی هەریەکەتان بە فیشەگەلێک ساردکاتەوە، هەتا تاپڕەکەی ماڵی کێخوا عەبدەشی خواست، لەوە چاکترە سبەی رۆژێ بە رێکەوت لە ماڵێکی تر بتان بینن و یەکێکی تر خاوەنتان بێت، وای لێک دایەوە، بەڵام دواجار قسەی مامۆستا حاجی محیەدینی بەبیر هاتەوە کە وتبووی (قەتل ڕەشبونەوەی بۆ نی یە) دەستی سارد دەبۆوە.

ئەوە یەکەمین جارە لە ژیانیدا فرمێسکی بەبێ دەنگی بە گوڕ لە چاوان دێتە خوارێ.

نزیک شار بوونەوە، خار عەبوبەکر بە تی چاو لە جامە بچووکەکەی دواوە بە خەمباری سەیرتان دەکات، ئێوەش بە تورەیی ڕووتانی لێ وەردەگێڕن، لە قەراغی شار لە ناوەڕاستی مەیدانی (حەیوانان) پیرە لۆری ئۆقرەی گرت، دایان بەزاندن، خار عەبوبەکر بەسەر شێواوی لە دیارتانا وەستا و هەردوو دەستی لەبەر پشتێنەکەی ناوە، جگەرەیەکی داگیرساوی بە لێوە ووشکەکەی گرتووە و هێدی هێدی مژی لێ دەدا و لە دووکەڵیدا ون بووە.

جامبازەکان بە چرپە چرپ و مرەمڕ دەوریان دان، بەسەر سوورمانەوە رامابوون، هیچیان لە رووخساری خار عەبوبەکر نەدەخوێندەوە کە بۆ مامەڵە و فرۆتن هاتبێ، ماوەیەک قرۆقەپی ئێوەش خۆتان پێکەوە نابوو هەر هەندە نەدەچوونە ناو یەکتری، یەکێک لە جامبازەکان چیتر خۆی بۆ نەگیرا:

*پەکو لەو غەدرەی، ساڵی گرانیەکەیە، ئەوانە و فرۆتن ـ حەتمە ئەو زەلامە خوا لێی گۆڕیە، پارە لە مێشکی دایە

خار عەبوبەکر بە تورەیی:

ـــ ئەدی چییان لێ بکەم کاکە، سەرم لێ شێوایە.. لە هەواری هەزار ساڵەیان دوور خستینەوە.. جێی نوێمان ئەوانەی تێدا ناحەوێتەوە، ئێ چاویشم بەرایی نادا بە لەڕوو لاوازی بیان بینم.. وە باشترە بیان فرۆتم و بە خەفەتەوە منیش نەکوژن.

ئیدی سەعیدی جامباز هاتە پێش و خارە عەبوبەکر چەندی پارە داواکرد لە دەستی نا.. چاکی دەزانی ئەم نرخەی داواکراوە دوو هەندەش دەینن، هەر کە پارەکەشی لە دەست نا، گوتی:

*بیانژمێرە.. نەوەک سەهوی تێدا کرابێ.


خار گوتی:

ژماردنی ناوێ، بە قوزەڵقورتم بێ، خوا کەریمە عانە عانە بە شرینقەو دەرمانی بدەم (پارەکەی خستە باغەڕی) بەس توخواکەی نازیان هەڵگرە، ئەم دووە خۆشەویست و عەزیزی کنە مەنە.. ئۆباڵم بە ملت بە شەرمەزاری سەیرێکی ئێوەی کرد و سەری داخست و لێیدا رۆیشت.

کابرای جامباز وەک رۆژەکانی تر لە مەیدانیدا نەمایەوە.. ئێوەیدا پێشە خۆیی و بەرەو ماڵێ بردنەوە.

ئۆقرەتان لێ هەڵگیرا، لە نێوان بانگی ئێوارە و شێوان نەوەک ماڵی سەعیدی جامباز بەڵکو شاریشتان بەجێ هێشت بەرەو گوندە ئازیزەکەتان بەرەو هەوارگەی وێران هەنگاوی رق و خۆشەویستیتان دەنا ـ لەگەڵ تاریک و روونی بەیانی، ئێوە دوو گیان لەبەری بە تەنها بوون لەنێو گوندی دەخولانەوە.. تا لە بریتی هەموو خەڵکی ئاوایی هەوای پاکی هەوارە وێرانەکەتان هەڵمژن.

# ونکاتەی تۆپانێ و ٣٤ کاتدێڕەی تر



عەباس عەبدوڵڵا یووسف

* بە گاگا، مانگا نەیهێشت مانگیلە ببتە مانگ !

* گاوکەی دەقەخۆر، مە بەتۆ چاوەنۆڕ، تا بدینین مرن خۆی بمردێنی .

* مەعسییەکی زیندەی ئۆکیانۆسی بن ئۆقیانۆس، هەوەڵ ساتۆکەی تۆف و تۆفانی لەبیرە .

* بۆ درێژەژیی، لە دەرو دوڕ خۆت، وریا بە لە کاتوەستێنەی خۆت.

* وەی خـۆش! تـەرپیری تـەرپۆش! بێیادی لە ساتپێوەی هەجەل .

* مـاوەکـات دەزبـرێ، مـاوەرێ دەلـووسـێ، زەنەقچوو دەهەرسێ .

* فرەدەسی کات شکاون، خۆ فرەپێی صاغن، وا دانێ غارین پرەوفرەی کاتە.

* لێ زەمانێ دێ و زەمین هەڵدەبایێ، تێ هاوفڕ و هاو(مەل)دەبین، وان بەباڵ و مە بە زڕباڵ .

* شاڤینەیە ... زەوجینەیە: بازەپایزەو خاتوو پشەپایزەیە !

* خۆم تەنیاند خۆم لە کات دابڕاند، بایۆکات گژانێی کردم: قەد ئەوەت پێناکرێ .

* میراتی تەمەنە، هەر ئەوەندەو چش نا، لە باب پترتر تەمەنوەرم .

* بە لاسای ونکاتەی تۆپانێ، مێژووش ونچاخەی دەوێ .

* لە حەژمەت بەندایەتی دیوار، دەرگا، ملیۆن رۆژە خۆی بە سەر خۆ داخستووە.

* تاتایە، سـەری پیرەسمان ژانگرەتەی تایە، پەرێشەی بەر بایە .

* لە هەر سێشەش دا، مشک کات کاتانێ دەکا، بە کۆهێسکەی کتکی مردار .

* چارگۆشەی ئەمصاڵ بە ئی پار ناچێ، بۆ سبەی صاڵیش هەر خۆی فرەگۆشەیە .

* ژمکاتەی دالی بەمنەوە دەنووسێ و دەنووسێ، دەمکاتە بەندەی کاتێکی لیچ !

* سبصڵاو لە گوڵی سەر بە شەونم دەکا: ئەی تێچاخەی کلاسیک و رۆمانسیک .

* بەر هاوینەسێی سەربان، بێ کتێب خووندن دەمخەوێنێ .

* دوا وتەی بزنە: لە بەتحەیام، حەیام چوو .

* سەحەرگاهەی گوندە شییرەی نێرەکەرە، چێژبڕ کرا، ناچار دۆخینی حەرامی بەست !

* مریشۆ دەققەو سەعات هاتە سەر (مردە ـ زندە) ئەو تاکەجووتەی شۆرد!

* حزار شەوو تاک چرنسێ، پاشی نوومێ دەسێ.

* هەتاو کاتژمێرەی گوڵبەرۆژە، مە کاتی لێدادەماڵین و دەیخۆین .

* دهۆ تا نهۆ، دیوارکوت نەیهێشت پیتەکانم بپیتێن.

* زسانـەصاڵـە تاڵـەصاڵـە، تـەمـەنـی شەصت شەصتەبارانەو پێن زستانە .

* مەرگەو سامدەنگەی لێبیسرا: رۆحسێن پاش نیو چرکە دێ، خوافیزی لە جەستەت کە !

* تۆپانێ سـەعـات و نیـوە، ئـی فلیم هـەر لەو هەندانەیە، (دیتەر) یش دالغەدارە.

* ئەنگاوتەی سامسەرەیە، بە واژسورەی قورمیش ئاسادار دەبێ .

* چرکە خزایە نێو چرکیلەوە، شاکات پێی هەڵمەنگا هەڵژەنگا.

* شینشەوە، گۆنەری تارمایە، لە چێژخانەدا: بووە کیرە مەلەرسە قوزە مەترسە!

* کاو ئاساکاتەو خۆمە، ناکاو درزەکاتەو خۆمترە .

* ئەنازەناسی کاتناسی؟ تاقیکەوە دەتانی شەوکاتێک ئەندازەدار کەیت!

* هایهوو! کۆن وابوو، هەوکە گوڵە نەکۆرەیە، لە چاوساغەی کوژراو بیناترە.

* بە مگێزی خاووسکارەی گەردوون، کات جێیا . . . جێ کاتا !

فەرهەنگچەو لێدەر :

ئاسادار: کەسێکە یان بارو دۆخێکە ئاسایی بێ .

ئەمصاڵ، سبصڵاو، شەصت، صاغن: لەوانە پیتی (ص) پەسندکرا .

ئەنازەناس: ئەندازەناس .

ئۆکیانۆس: ئۆقیانۆس، دەریالووش، شادەریا. البحر المحیگ .

بازەپایزە: بازی پایزان .

بایۆکات: کاتی ناو لەشی مرۆڤ،bio پێشگرێکی زمانی ئینگلیزیەو ماناکەی: زیندوو ـ خود ـ کەسی ـ کەسانەیی. لێرە بۆتە پێشگری وشەیەکی کوردی .

بەتحەیام: بەدحەیام، سەردەمی بەد .

بێ کتێب دەمخەوێنێ: ڕستەیەکی ئاماژەدەری خوویەکی ئەزموونداڕانەی خۆمە، زێتر دەخوونمەوە تا کتێب بمخەوێنێ.

بێیادی: لە یادت نییە ، لە بیرت نییە .

پەرێشە: کورتکراوەی پەرێشانە .

پترتر: زێدەتر .

پیرەسمان: کورتکراوەی پیرەئاسمان، ئاسمانی هەرە کۆن، دوو بڕگەییە: پیرەس/ مان .

پێن: کورتکراوەی پێنج .

پشەپایزە: پشەپایزە: کورتکراوەی پشیلەپایزە. چەند ناوێکی تری هەیە، لەوانە: پشیلۆک. پەپوولە پایزە. باوەلێ. باویلکە. باویلێ. شەلەمین کەرە. بەرێکی خڕیی وشکبووی ڕووەکیلەیەکە، بە قەد تۆپی تێنسی تەختەمێزە. لە چەقەوە ڕیشاڵکەی زۆر ورد بە چەشنی موو، بەرەو چیوە دەرچوویـنـە. زۆر سووکەو بە نارێکی با بڵندو نەویانی پێدەکات. منداڵان بۆ گەمان بە دووی دەکەون و دەیگرن و بە فەنتازیای پشیلە یا پەپوولە گەمەی لەگەڵ دەکەن، کە بە دەست توند بیگرن زوو دەتولێتەوە. ئەم (پەپوولەپایزە) یەش لەوە دەچێ دانانی گەورەکانە (ڕوشنبیرەکانە) واتا زارسازەی منداڵان نییە.

تاتایە: کورتکراوەی هەتا هەتایە.

تەرپۆش: پیرێکی چوست و گەشبینە، جلکی نوێ و خاوێن دەپۆشێ، زیاتر ئەمانە تاکتاکە لە چینی ناوەندانەی کۆمەڵ هەڵدەکەون، بەدەگمەن بۆ پیرەژن یان چینی تر بەکار دێ .

تەرپیر: (زیاتر بۆ ژن بەکار دێ) لەرۆخ قۆناغی پیرییە، دڵی تەڕو بەجۆشەو لەشی بە نیمچەیی گەچڵاوو چورچاوە، بە قسەی خۆش و ڕازاوەیی جلپۆشی و خەیاڵی کچی باڵقی شوونەکردوو ئارەزووی ژیان خۆی دەنوێنێ .

تەنیاند: تەنیاکرد .

تێ: کورتکراوەی تێدایە .

تێچاخە: ئاوێتەبووی چاخان .

چرکیلە: لە چرکە کورتر .

چڕنسێ: چڕ سێبەر، سێبەری خەست .

جێیا: ڕابردووی کارگەردەی (جێ)یە .

حزار: هەزار .

خاووسکارە: خاووس. Chaos (الخاوس. الشواش. العماو) زاراوە یۆنانییەکە لە (خاو. خاوس)ی کوردی تا ڕادەیەک نزیکە، لەوانەیە (خاوسمانی، خاووک ـ خاوۆکی) بۆی گونجاو بێ. خاووس: ماددەیێکی نارێک و تاریک و شلۆق و شێواو و بێسنوورە، بەر لە دروستبوون و شێوە وەرگرتنی جیهانمان، دونیا لەم خاووسە پێکدەهات، خاووس لە زمانی کۆنی یۆنانی (بنچینەی گەردوون) دەگەینێ، تێدا ئاوێتەیی و دەڵەمەیی دەنوێنێ و هەر خۆی ماددەیە، بە واتایەکی فەلسەفی هەیوولایە، بەڵام لە پێش بەرجەستەبوون و وەرگرتنی شکڵ و وێنە .

خوافیزی: زاربێژەی منداڵانە، کورتکراوەی خواحافیزی.

داوسێ: کورتکراوەی دەئاوسێ.

دەرو دوڕ: دەرەوەو ناوەوە .

دەزبرێ: زبر دەبێ، دەبێتە دڕو درشت .

دەسێ: کورتکراوەی دەحەسێ، واتای تریشی هەیە.

دەققەو سەعات: ئیدیۆمێکی میللییە: هەر ئەو دەم، بە خێرایی، بە زوویی .

دەلووسێ: لووس دەبێ .

دەهەرسێ: هەرس دەبێ. هەرەس دێنێ .

درێژەژی: ژیانێکی درێژ .

دهۆ: دهوو، دوهی، دوونێ، دوێنێ .

دۆخین حەرام: لە کوردەواری دۆخینحەرام هێماکی ناشەرعێنەی سێکسە، بۆ

نێران بەکار دێ .

دیتەر: بینەر .

ڕۆحسێن: ڕۆحسەندە، عزراییل.

ڕۆمانسیک: ١ـ کوردێنەکراوە، ڕۆمانسی، ڕۆمانسییەت لە خۆشچێژەی خۆشکەش و خۆشڕەفتارو خۆشگوفتار ٢ ـ ڕێچکەی ڕۆمانسی ـ ڕۆمانتیکی.

زەنەقچوو: کورتکراوەی زەندەقچوو .

زەوجێنە: زەوجێنەیی، هاوسەرگیری، زەوجاندن.

زربال: مەبەست باسکە، لە مانایەکی دیکەدا: باڵ باسکە. هەر لە ئیکارۆسی یۆنانییەوە تا دەگاتە عەباسی کوڕی فرناس و لە ئەمڕۆدا پیرە هەباسی تاکدێرەنووس، بەدالغە و خەون و خەیاڵ و ختوورە: فڕین تەکنیکی ئازادییە .

زسان: زاربێژەی منداڵان، کورتکراوەی زستان .

ژمکات: کورتکراوەی ژمێرەی کات، کاتژمێر. الساعە .

ژمکاتەی دالی: شێوەکاری ئیسپانی سلڤادۆر دالی (١٩٠٤ ـ ١٩٨٩) لە تابلۆیەکیدا کاتژمێرێکی مەییوی ڕسماندووە .

ساتۆکە: کورتکراوەی ساتە، هەرە بچووکترین کاتە .

سامسەرە: سەرسامی. خولیائێشە. جۆرە نەخۆشییەکی دەروونە .

سبەی صاڵ: صاڵی ئایندە.

سبصڵاو: سڵاوی بەیانیان .

سێشەش: حسێبێکی کۆنینەی کوردەوارییە، لە ئاخیری مانگی ڕەشەمە لۆ ئاداریێ. ١٨ ڕۆژەو ئەمانەن: شەشی خۆشە .. شەشی بایە .. شەشی باران .

شەصت شەصتەبارانەو پێن زستانە: لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا، ئەم تاکدێریەم نووسیوە .

شینشەوە: شەوی شینڕەنگ .

کاتا: ڕابردووی کارگەردەی (کات)ە .

کاتانێ: گەمەکردن بەکات .

گاگا = ١ ـ کورتکراوەی گاه گاه، گەه گەه، جار جارە، دەم دەمە ٢ ـ نامەبەستکراو: دەنگی مانگا .

گاوک: ئامێری کاتژمێر. دەمژمێر. ژمکات. کاتک. سەعات. سعات.

گژانێی کردم: تەحەدای کردم .

گۆنەر: پلە هەرەبەرزەی (گەیین و دەرکەوتن و پەیدابوون و پەڕینی زاوزێ)ی گیاندارو میوەو شت و تەنانەت مرۆڤیش. گەهان، تاف، تافەتاف، تاڤ، هەڕەت .

لێ: کورتکراوەی بەڵێ .

لێدەر: لێدەرهاتە. إستنتاج .

مانگیلە: نووهەویە، نووهەیڤە، هەیڤووک. هلال .

ماوەکات: درێژایی کات. ماوەڕێ: درێژایی ڕێ .

مەو وان: کورتکراوەی ئێمەو ئەوان، مەبەست لە ئەوان تەیرو تواڵە .

مەعسی: ماسی. پیتی (ع) لە ئەدەبیات و فۆلکلۆری شێوەزاری کوردی سۆڤێتی پێشوو، لەم جۆرە وشانە هەیە: چەعڤ (چاو) ژەعر (ژەهر). عەڤر (هەور). مەعر (مار). نەبوونی ئەم پیتە لە زمانی دەورو بەریان، جۆرە مۆرکێکی کوردانەی پێ بەخشیوە .

مەلەرسە: مەلەرزە، لە خۆشیانی قافیە (ز) یەکەی خۆی بە (س) گۆڕییەوە .

مرن: کورتکراوەی مردن، بمردێنی: زێدەکراوی بمرێنێ .

مریشۆ: کورتکراوەی مردی شۆر. مردووشۆر .

نوومێ: مێی نوێ، ئافرەتی نوێ، ژنی نوێ، لەوانەیە لە قووڵایی بندەق، (شەهرەزاد) جۆشدەر بێت و ئەم نووشەهرەزادەش، هەڵێنجەی (ألف لیلە و لیلە)یە ـ هەزار شەوو شەوێک.

هاو(مەل)ەین: هاومەلەین، هەردوکمان مەلەوانین، لە نێوان مەل ـ مەلە ١- هاوکردەیەک هەیەو ٢ ـ بە هاوپیتی دەنوسرێت ٣ ـ هاوجەستەیی لە ئەندامێکی لەش: باڵ .

هاوینەسێ: سێبەری هاوین .

هەڵدەبایێ: دەبێتە با .

هەڵمەنگا هەڵژەنگا: مەنگبوو، ژەنگی هەڵهێنا .

هەوەڵ: هەوەل، یەکەم، یەکەمین، لە (أول)ەوە کوردێنەکراوە .

واژسوڕە: بەرەواژ سووڕان. سووڕانی پێچەوانەیی .

ونچاخ: ونەچاخ، چاخەونە/ العصر الضائع. الزمن الضائع.

ونکات: کاتی ون. زاراوەیەکی گەمەی تۆپی پێیە/الوقت الضائع.

# ڕۆشنبیریی گشتیی

- **دەسەڵات و دەسەڵاتخوازی .. ڕۆشنبیر لەنێوان ئەخلاق و دەست و پێ سپیدا**

سمکۆ محەمەد

- **دەبێ بزانن بۆچی زلهێزەکان دەوڵەت بۆ گەلی کورد بە ڕەوا نازانن**

پارێزەر: کەمال محیەدین

- **زمانی چاوپێککەوتن لە ڕۆژنامەدا (بەشی دووەم و کۆتایی)**

بورهان قادر

- **بانگەشەی هەڵبژاردن و کاریگەری هونەری گوتاربێژی**

تارق جەوهەر سارمەمی

- **پێنج نووسراوی کوردی لە سەردەمی پاشایەتی عێراقدا**

تاریق جامباز

# دەسەڵات و دەسەڵاتخوازی ..

## ڕۆشنبیر لەنێوان ئەخلاق و دەست و پێ سپیدا



سمکۆ محەمەد

لــەدوای ســاڵــی ١٩٩٠ ەوە مونـاقـەشـە لــەســەر ڕەوشــی ڕۆشنبیر وەک کائینێکی چالاک و کایەی ڕۆشنبیری، هەروەها بەکارهێنانی ئەو زمان و لۆژیک و هەڵوێستەی کە ڕۆشنبیری جدی و کلاسیکی هەیانە، لەو مونـاقـەشـانـە زیـاتـر بـوونـە کـە لەسەر سیستم و چەمکە فیکری و سیاسی و ئابورییەکانی ناوچـەکـە کــراون، مـن لـێرەدا هــەولــدەدەم لــەو پرسیارانەوە دەستپێبکەم کـە ئاڵۆزییەکی وەهای خوڵقاندووە و لەچەمکە فەلسەفییەکان ئاڵۆزتر کراوە و چۆتە دۆخێکەوە کە لەدۆخی حزبە ئایدیۆلۆژییەکان دەچێ، لەبەشێکی دیکەدا لەو وەزیفەی خوێندنەوەی‌کۆمەڵگەو‌سیستمی سیاسییەوە دەستپێدەکەم کە ئەرکی ڕۆشنبیرە و هەریەک بەبیانوویەکی ناشەرعی، شانی خۆیان لێ خاڵی کردۆتەوە، بۆ نمونە نەخوێندنەوەی کۆمەڵگە لــەڕووی ســۆســیــۆلــۆژی و سایکۆلۆژی و خۆخەریک کردن بەجەنگی دەروونــی سیاسی، لەبەرامبەریشدا بەکارهێنانی ئــەو تــیــۆرە فیکریانـەی کـە لــەکــولــتــووری ڕۆژئـــــاواوە خزاونەتە نێو کایەی ڕۆشنبیری کوردییەوە، دابەشی سەر دوو بەرەی جیاوازبوون، بەرەیەکیان بێدەنـگ و سـەرکـوتـکـراو، بــەرەیــەکــی دیـکـەیـان لاگیری کـــردن بـــوو لـــەدەســـەڵاتـــی ئایدیۆلۆژی، لەهەردوو بارەکەدا کەیسی ڕۆشنبیری بەکراوەیی مـایـەوە و هـیـچ ئـەنجامێکی بەدەستەوە نـەدا، چونکە هەر لەسەر ئەو تیۆرانەی موناقەشە کرا کە لەبیرمەندانی ڕۆژئاواوە بـۆ کـۆمـەڵـگـەی ڕۆژئــاوایــی کرابوون، بیانووەکەش ئەوەبوو کە هەموو ڕێگایەک دەچێتەوە ڕۆمـا، لەکاتێکدا ئێمە خاوەنی هیچ ڕێگەیەک نەبووین تاکو دەستمان بەپێتێک بگات، لەبری ئــەوەی بـجـوڵـێـیـن، هەمیشە لەشوێنی خـۆمـان پــراوەمـان دەکرد.

### پۆست جیاوازی

### ڕۆشنبیری نموونەیی کێیە؟

چــۆن دەبـــێ قـسـە لــەســەر شوناسی ڕۆشنبیر بکرێت؟ ئایا شوناس بەکێ دەدرێت و کێ ڕێگەپێدەرە؟ ئایا دەکرێ هــەرکــەس خــاوەنــی زانـیـاری و مەعریفە بێ پێی بگوترێ ڕۆشنبیر؟، چ شتێک ڕۆشنبیری دەسـتـەبـژێـرو ڕۆشـنـبـیـری ئـۆرگـانـیـسـت لــەیــەکـتـری جیادەکاتەوە؟ ئایا هەڵوێستی سیاسی لەبەرانبەر دەسەڵاتدا ڕۆشنبیر بوونە؟ یان ئەم بۆچونە مەرامێکی سیاسی لەپشتەوەیە؟ یــان ڕۆشـنـبـیـر وابـاشـتـرە دوورەپەرێز بێت لەسیاسەت؟ یـان بـەنـاوی ڕۆشنبیرییەوە سیاسەت بکات؟ کە سەردەمی ڕۆشنبیری سەر شەقام نزیکەی سەدەیەکە بەسەرچووە؟ ئایا دەســـەڵات چــۆن و لــەکــوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ جیاوازی دەسەڵاتی بینراو و دەسەڵاتی نەبینراو چییە؟ هــەمــوو ئەم پـرسـیـارانـە وەهـــا کـاریـگـەریـان کردووە (ڕۆشنبیر) بەشێوازی جـۆراوجـۆر پـێـنـاسـە بـکـرێ، یـان ئـاڵـۆزبـکـرێ لـەخـوێـنـەر، لەبەرامبەریشدا دەستەگەرێتی بـەلاسـایـیـکـردنـەوەی ستایلی سیاسی، هـەمیشە لەهەولـی ئـەوەدابـوونـە بتی ڕۆشنبیری درووستبکەن، لەحاڵێکدا هێشتا کـۆمـەڵـگـە لــەدەســت بتەکانی دیـکــەی وەکــو بـتـی سیاسی و ئـایـنـی و کـۆمـەڵایـەتـی و هـتـد ڕزگـــاری نـــەبـــووە، بتی ڕۆشنبیریشی هاتە سەر.

ئـەو قەیرانە هەمیشەییەی کە ڕۆشنبیری ڕۆژهـەڵاتـیـی تێی کـەوتـووە، نـە بـەدەقـی ئەدەبی و هونەری و نە بەهەڵوێستی سیاسی و نـە بەتێکەڵ بـوون لەگەڵ ڕۆژئاوا ڕزگاری نابێت، چونکە جیهانگەرایی دیاردەی گەیشتن بەتموحی کەسی کردە بـاو، چونکە «چـارەنـووسـی ڕۆشنبیر بەندکرا بە شوناسی خـۆی و ئـاراسـتـە فیکری و بەشدارییەکانی لەئاستی جیهانی، بۆیە ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە لـەهـەزارەی سێهەمدا ئەوەندە جوڵێنەر بوو، ئەوەندە بەردەوام و ڕەتکەرەوە نەبوو، چونکە ئەو بەشدارییکردنەی لـە ڕۆژئــاوا هـەبـوو، بۆ ڕۆشنبیر زەمینە نەرەخسابوو تاکو دەرکەوێت، ئەمەش ترسێکی درووستکرد کە بچێتە دۆخێکەوە، نە بچێتە ئاستی جیهانییەوە، نە بەلۆکاڵی بمێنێتەوە، لەهەردوو حاڵەتەکەدا ڕۆشـنـبـیـر بـــوو بەکائینێکی کۆسمۆپۆلۆجی»١ کەواتە بۆچی نەتوانین شوناسی ڕۆشنبیری بگۆڕین و پێوەرێکی قورسی بۆ دانەنێین، چونکە ئێمە لەم ناوچە داخـراوەدا، ناتوانین سنووری عەقڵی لۆکاڵی ببڕین و بچینە

فەزایکی دیکەوە، لەکاتێکدا هێشتا کۆمەڵگە لەڕێگەی مەعریفەوە نە خۆی و نەسیستمەکەی بەرەوپێش نابات، دەسەڵاتیش ئەو پێکهاتە سیاسییە مۆدێرنە نییە کە لەچوارچێوەی یاسا و سیستمدا مامەڵە لەتەک ڕۆشنبیر و مافی ڕۆشنبیریی بکات، چونکە تائێستا دەسەڵات بینراو نییە، بەڵکو تارماییەکی نەبینراوە لەو کەنارانەی کە لایەنگری سەنتەرەکانن، مەبەستم ئەوەیە دەسەڵات تاکو ئێستا لەدۆخی بنەماڵەیی و عەشائیری و ئاینی دەرنەچووە، کەوابوو بێئومێدبوون لەو ئاسۆیەی لەڕۆژئاوا تیشک دەهاوێت و هەرگیز ناگات، ناهەقی نییە، جگە لەمانەوە لەدۆخی هەژاری عەقڵی و فیکری.

**مەعریفە و دەسەڵاتخوازی**

هەندێک بۆچوون هەیە ڕۆشنبیریی وەک چەمک و خودی ڕۆشنبیر وەکو کائینێکی ئاکتیڤ لەکایە جیاوازەکاندا، دەخەنە چوارچێوەی تێکستە ئەدەبییەکان و لەبەرانبەر یەکتردا بالانسیان دەکەن وەکو (پەیامبەر، فەیلەسووف، بیرمەندەکانی مێژوو هتد) هەندێکیش بەفیکر و ئایدۆلۆژیاوە گرێیان دەدەن وەک ڕۆشنبیری ئۆرگانیستی و کلاسیکی و لاساییکەرەوەی ڕۆژئاوا و هتد، هەندێکیش ڕەچەشکێنی و ڕیسک کردنی یاسا و دابونەریتەکان بەفیکری مۆدێرنەوە گرێدەدەن و دەستەبژێرەکانی ناولێدەنێن، هەندێکیش وەکو سەنعەتکاری فیکری دەیناسن.

ڕۆشنبیریی بۆخۆی وەکو چەمکێکی گشتگیر، جگە لەتێگەیشتنە گشتییەکەی کە لەهەناوی خۆیدا زانست و مێژوو و کولتوور و مەعریفە و تەنانەت پیاوانی ئاینیشی هەڵگرتووە، لەهەمان کاتدا پێوەرێکە بۆ گەڕانەوە و بەرگریکردن لەبەهاکانی کۆمەڵگە و تێڕوانینێکی ستوونی جیهانبینییە کە ڕۆشنبیر وەکو کائینێکی بەئاگا لەکایە جیاجیاکان، کاری خۆی لەدەرەوەی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامدەدات. لەلایەکی ترەوە ڕووبەڕووبوونەوەی ئیشکالیەتەکانی سەردەم و ئالوگۆڕەکانی دەسەڵاتە، ئەمە لەکاتێکدایە ڕۆشنبیری دەسەڵات و دەسەڵاتی ڕۆشنبیر، ئەگەر دوو دیوی دراوێک نەبن، ئەوا جۆرە هەوڵێکی دیکەیە لەلایەن خودی ڕۆشنبیر خۆیەوە بۆ گەیشتن بەجۆرێک لەدەسەڵاتخوازی، چونکە ڕۆشنبیر نیە لەخودی خۆیدا هەڵگری جۆرە غەریزەیەک نەبێت بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، با ئەو دەسەڵاتە سیاسی، یان فیکری، یان ئاینیش بێت، لێرەوەیە ڕۆشنبیری سیاسی و سیاسەتی ڕۆشنبیر دەردەکەوێت، مەبەستم ئەوەیە کە ئەگەر ڕۆشنبیر سیاسی بوو، پەنجە بۆ ئامانجەکانی نێوان حاکم و مەحکوم درێژ دەکات، ئەوەش کەسیاسەتی ڕۆشنبیرە، ئەوەیە کە لەپێناو سیاسەتێکدا دەست لەسەر ئامانجێکی دیاریکراو دادەنێ و سیاسەتێکی دیکە دەکاتە ئامانج، یان ئەوەیە کە هەوڵی نامومکین دەدات.

عەلی حەرب دەڵێ: (مەبەستمان لەوەزیفەی ڕۆشنبیر ئەوەنییە کە ئایدیالیزم، ناچار بەماتریالیزم بکات، بەپێچەوانەشەوە ماتریالیزم ناچار بەئایدیالیزم بکات. بەڵکو وەزیفەی ڕۆشنبیر ئەوەیە بەرهەمی فیکری هەبێت (٢)

لەبەرانبەر ئەم بۆچونەشدا (ئیدوارد سەعید) بەپێی جیهانبینیی خۆی پێی وایە وڵاتانی دواکەوتوو شوێنپێی ڕۆژئاواییەکانیان هەڵگرتووە، بەمانایەکی دیکە بەڕۆژئاوایی کردنی جیهان لەڕووی کولتوورییەوە مەرجی خۆبەستنەوەی زاڵ کردووە بەسەر بیر و بۆچوون و کولتووری ڕۆژهەڵات. لێرەوە ئاماژە بەوە دەکات کە تیۆرەی مۆدێرنیتە وەک شتێک درێژە پێدەری قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتناسییە. ئەم خەسڵەتە لەڕۆشنبیری کورددا دەبینرێت، وەختێک دەبینین ڕۆشنبیر، لەپێناو سیاسەتێکدا فیکری ڕۆژئاواییی بەسەر کوردستاندا زاڵ دەکات و خۆشی دەخاتە دەرەوەی بەرپرسیارێتی و تەنها تیۆرەکە پێشاندەدات.

بەڕای ئیدوارد سەعید زۆربەی بەرهەمە زانستیەکان دەگەڕێتەوە سەر (ئاسیلۆس) ی یۆنانی تادەگاتە (هۆگۆ و دانتی و مارکس) کە هەموویان لەتوێژینەوەکانیاندا سەبارەت بەکۆمەڵگەی کلاسیکی ئاماژە بەدەسەڵاتی خێزان دەکەن، گوایە لاوازی فیکر و بێ توانایی کەسی ڕۆژهەڵاتییە لەبەرامبەر ڕۆژئاوادا، هۆیەکی سەرەکی ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەشە، ڕەنگە هەرئەم هۆکارەش بێت

**لەکوردستان کە دەڵێین دەسەڵات ڕاستەوخۆ وێنەکانی حزب و حکومەت دەبینین، لەحاڵێکدا دەسەڵات زۆرکات لەنێو کایەی ڕۆشنبیریدا زیاتر دەردەکەوێت**

**ئەو قەیرانە هەمیشەییەی کە ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتیی تێی کەوتووە، نەبەدەقی ئەدەبی و هونەری و نەبەهەڵوێستی سیاسی و نەبەتێکەڵ بوون لەگەڵ ڕۆژئاوا ڕزگاری نابێت**

ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی لاواز و بێتوانایێ بەرامبەر دەسەڵات و بەرپرسیاریەتیش لەخۆی نیشان نەدات٣

لەو باوەڕەدام ڕۆشنبیری کورد، هەمان ئەو کێشەیەی هەبێت کە وەک بۆ ماوەیی لەخێزانەوە بۆی ماوەتەوە، هەربۆیە، یان ئەوەتا دوورە پەرێزە لەسیاسەت، یان ئەوەتا لەخزمەت سیاسەتدا کار دەکات، لەحاڵێکدا وەزیفەی ڕۆشنبیر خوێندنەوەی کۆمەڵگەیە و بەرهەمی فیکرە. بەو پێیەی کە ڕۆشنبیری راستەقینە قەت لەسنووری عەقڵدا ئارام نییە، بۆیە بەوەشەوە ناوەستێت دەیەوێت قودرەتی ئینسان نمایش بکات کە لەرابردوودا دیاردەیەکی بەرچاوکەوتوون و پێویستی بەچارەسەری دیکە هەیە، ئەمەش تێگەیشتنێکی دیکەیە بۆ واقیعی جەوهەری کۆمەڵگە کە ڕەنگە لەجیهانی دیکەدا بکرێتەوە، بۆیە لەسەریەتی لەبەرامبەر بونیادنان و ئاسۆیەک کە گوتاری سۆسیۆمەعریفی وەکو پرۆژەیەکی ئەپستیمی تەمەشا بکات، ئەم پرۆژەیە وەک بیناکەرێک سەرجەم کایەکانی دیکەی کۆمەڵگا دەگرێتەوە و ئەنجامگیریەک نیشاندەدات کە لەگۆڕینی سیمای کۆمەڵگەدا دەبینریێ٤

بەمەش وەزیفەیەک لەجەوهەری ڕەخنەگرتندا دەخاتە سەرشان، مارکس پێی وایە» ڕۆشنبیر ڕەخنەگرێکی کارای کۆمەڵگەیە، چونکە مومارەسەی کارێک دەکات کە لەدەرەوەی چالاکییە ئاساییەکانی کۆمەڵدایە» بڕوانە (نامە فەلسەفییەکانی مارکس) دار التقدم (مۆسکۆ). بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی مارکس، ڕۆشنبیری کورد سیاسەتێک دەکات بەدژی سیاسەتێکی دی و شەرعیەتیشی پێدەدات، وەختێک دەبینین نەوەیەک بەو ئاراستەیە دەبەن کە لەجیاتی گەڕانەوەی یادەوەرییە کۆنەکان و خوێندنەوەیان، یادەوەرییەکانی ئێستاش بەهەند وەرناگرن. ئەو بۆچوونەی کە هانی نەوەی نوێ دەدات نەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی گوتاری یەکگرتوو، بەناوی تاکگەراییەوە پەرشوبڵاویان دەکەنەوە، باشترین سەلمێنەری ئەو راستیەن.

### تیرێک لەبونیادی چەمکی دەسەڵاتخوازی

هەڵبەت دەسەڵات بەهەموو جۆر و کیان و سیستم و کولتوورەکانەوە بەئەفرادەکانی خۆی و کۆمەڵگا بەگشتی توانیویەتی حاکمیەتی تیا پەیدا بکات و لەیەک بازنەدا کۆیان بکاتەوە، هەرئەمەشە بووەتە بەشێکی نەبینراو (اللامرئی) واتە نادیار کە بونیادەکەی لەسێکوچکەی (دەق) و (گوتار) و (هێز) پێکدێت و ڕۆشنبیرش لاسایی دەسەڵاتی سیاسی دەکاتەوە.

ئەم سێکوچکەیە کە دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکانی ڕاگرتووە، تەواوکەری یەکترین و دواجارش لەیەک مانادا کۆدەبنەوە، ئەم سێ ڕەگەزانە هەریەکەیان پایەیەکی پتەوی ئەو دەسەڵاتە نەبینراوەن کە لەدەرەوەی پرنسیپەکانی یاسا ڕۆڵی خۆیان دەبینن. ئەم شرۆڤەیە بۆ دەسەڵاتی سیاسی ڕەنگە ئاسایی بێت، بەڵام بۆ دەسەڵاتخوازی ڕۆشنبیر مەغزای دیکەی هەیە، مەبەستم ئەوەیە کە ڕۆشنبیری کورد بەشێوازێکی دیکە دەق و گوتار و هێز دەخوڵقێنێ.

**(دەق):**

سەرچاوەیەکی کارپێکراوی گشتی و کولتورییە، دەسەڵاتێکە بوئرەیەکی تایبەتی خۆی هەیە لەڕاگرتنی پایەکانی دیکە کەدواتر گوتاری لێبەرهەمدێت، هەرخودی ئەو گوتارەشە پەلدەهاوێتە نێو کایە جیاجیاکانی کۆمەڵگە و دەبێتە (هێز) کە دواتر لەمەیدانی پراکتیزەکردندا هێزێکی ماتریالی بەرجەستە دەکات و لەپەیوەندییە ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسییەکاندا، ڕەنگدەداتەوە و لەژیانی واقیعی کۆمەڵگەدا دەبێتە شتێکی بینراو، دواتریش لەهەیکەلێکی هەڕەمیدا خۆی نمایش دەکات و شەرعیەت وەردەگریێ و کار و بارەکانی بەسەر تاک و کۆی کۆمەڵگەدا دابەش دەکات، بۆ ئەمەش دیسان ڕۆشنبیر لەرێگەی دەقەکانیەوە گەرەکیەتی گوتارێک درووست بکات، تاکو هێزێکی لێبەرهەمبێنێت کە دواتر جگە لەخزمەت کردن بەدەسەڵاتی سیاسی هیچی دی نییە.

**(گوتار):**

یەکەیەکی دی پایەکانی دەسەڵاتە و ئیلهام لەدەقەوە وەردەگریێ، هەموو ئەو زەخیرە کولتووری و ئاینی و مێژوویەیەی کە موڵکی کۆمەڵگەیە و کۆیاندەکاتەوە گوتاری لێبەرهەمدێت، وەزیفەی ئەم یەکەیە ئاراستەکردنی کۆمەڵگەیە بەگشتی بۆ خزمەتی بەرژەوەندییە یاسایی و ئیدارییەکان و ڕێکخستنیان لەشوێن و ڕێگای تایبەت بەکارە هەمەجۆرەکان کە هاوڵاتیان تیاهەڵدەسوڕێن و حکومەت و دەسەڵات بەگشتی بەڕێوەدەبەن، ئەمە لەسەر ئاستی حکومەت.

بەڵام لەسەر ئاستی دەسەڵاتی کۆمەڵگە گوتار لەکۆی ئەو

کولتووره جیاوازانەوە کیان پەیدا دەکات کە کۆمەڵگە بەجیاوازی بیر و بۆچوونەوە لەسەری ڕێدەکەون، بۆ ئەمەش ڕۆشنبیر، یان ئەوەتا دەبێتە پاشکۆی گوتارە جیاجیاکان، یان ئەوەتا گوتاری خۆی زاڵ دەکات و بوارێک بۆ جیاوازییەکان دانانێت.

**(هێز):**

پێکهاتەیەکی هەمەلایەنەیە و لەقەوارەیەکی تایبەتدا کۆمەک و هەژموون بەدەسەڵات دەبەخشێ، ئەو بنکە جەماوەریە بەرفراوانەش کە هێزێکی ئامادەی دەسەڵاتە و هەمیشە لەئامادەباشیدایە و لەکاتی پێویستدا هەڵدەخرێن، بەڵام ئەم هێزە خەوتووە هەرگیز ناتوانێ کێشەیەک زەق بکاتەوە، ئەگەر ڕاگەیاندنێکی ناراستەوخۆی لەپشتەوە نەبێت و زەمینەی بۆ خۆش نەکات، چونکە ئەم هێزە خۆی لەپەنا هێزێکی دیکەی نادیار شاردۆتەوە، هەر ئەم چەمکەی کە بۆئێمە لەشتێکی نەبینراوەوە بۆ بینراو تەحەول پێدەکات، باشترین سەلمێنەری ئەو موناقەشەیەیە کە بڕوای بەپڕۆسەی دیالیکتیکیە لەهەموو کایەکاندا، بەڵام لەکوردستاندا پێچەوانە بۆتەوە، ئەو پێچەوانەیەش لەوێدا دەردەکەوێت کە ڕۆشنبیر لەسەر چەمکی جیاوازی کار دەکات، کەچی بڕوای بەجیاوازییەکانی دی نیە، بۆیە خراپ کەڵک لەو هێزە بەشەریە وەردەگرێ کە بەبێ پاشخانی مەعریفی، دەبێتە کائینێک بۆ دەسەڵاتخوازی ڕۆشنبیر.

ئەو سێ چەمکەمان بۆیە بەکارهێنا و شرۆڤەمان کردووە، چونکە لەدەرەنجامی ئەو دەقانەوە دەسەڵات خۆی بەرهەمدێنێتەوە، لەکوردستان کە دەڵێین دەسەڵات. ڕاستەوخۆ وێنەکانی حزب و حکومەت دەبینین، لەحاڵێکدا دەسەڵات زۆرکات لەنێو کایەی ڕۆشنبیریدا زیاتر دەردەکەوێت، هەروەک چۆن دەسەڵات لەجەوهەر و عەقڵی تاکدا شتێکی خۆڕسکە و بونیادێکی سەربەخۆی هەیە، ڕەنگە هەندێ جار لەبەکارهێنانیدا شێوازێکی توندوتیژی لێبەرهەمبێت، هەروەک ئەوەی نەوەی نوێ توندوتیژی لەدژی بۆچوونی ڕۆشنبیرێک دژی ڕۆشنبیرێک بەکاردەهێنێ.

**کۆماری ڕۆشنبیریی:**

پێشتر موناقەشەی نێوان ڕۆشنبیری مۆدێرن و کلاسیکمان کرد کە بەئۆرگانی ناسراوە، لەوێدا کۆتایی پێدەهات کە مەرجی یەکەمی ڕۆشنبیر، ئەوەبوو خۆی بەدوور بگرێ لەبەڕێوەبردنی ئۆرگانەکانی دەسەڵات، یاخود لانی کەم تێوە نەگلێت بەسیاسەتەوە، بەڵام بەسەرهەڵدانی شێوازێکی دیکەی سیاسەت لەکوردستان، ڕۆشنبیر بەئاگا و بەبێ ئاگاهانە، کەوتە نێو گەمەکەوە و بوو بەبەشێک لەو کارەکتەرە سیاسیانەی کە دەسەڵات بەڕێوە دەبەن، ئیدی ئەو کاریزمایەی کە بەشێک لە ڕۆشنبیری کورد هەیبوو، لەوێدا شکستی هێنا کە ڕۆشنبیر بەخەیاڵی خۆی کۆمارێکی درووست کردبوو، خۆی کردبوو بەسەرۆک و ئەوانی دیش لەپەراوێزی ئەو کۆمارەدا وەزیفەیان وەرگرتبوو، بەڵام بەبەشداریکردنیان لەسیاسەت، باشترە بڵێم بەتێوەگلانیان لەسیاسەت، ئەو کۆمارە نەک هەر ڕوخا، بگرە هەرچی خەیاڵی جوانیش هەبوو کە دەکرا لەڕێگەی ڕۆشنبیریی و قودرەتی ڕۆشنبیرییەوە بەرجەستەبێت، لەنێو زەینی تاکەکانیش ڕەویەوە، چونکە ڕۆشنبیرش جۆرێک گەمەی کرد کە وەکو دەسەڵاتە نەبینراوەکانی دیکەی کۆمەڵگە کە لەژێرەوە دێن و کەسی ئاسایی نایانبینێ، هەمان شێواز لەلای ڕۆشنبیر بینرا کە لەڕێگەی بۆچوونەکانیەوە مەرامەکەی تەنها بەدەستهێنانی دەسەڵات بوو، بەڵام خۆی وانیشان نەدەدا.

لەحاڵێکدا ئەم مەتڵەبە کە گروپە بەناو ڕۆشنبیرە دەستەبژێرەکان بۆ مەهامی سیاسیانەیان گەرەکیانە، هیچ جیاوازیەکیان نیە لەگەڵ گوتاری سیاسی حزبی کە لەڕێگەی دەسەڵاتە نەبینراوەکان، پایەکانی دەسەڵاتی بینراو پتەوتر دەکەن.

ڕۆشنبیر.. کائینێکی دەست و پێ سپی

پێشتر لەم پرسەدا کە تایبەت بوو بەڕۆشنبیر و دەسەڵاتخوازی، قسەمان لەسەر ئەو پێتانە کرد کە بەناراستەوخۆ شێوازەکانی دەسەڵات و دەسەڵاتخوازی نیشاندەدەن، لەم بەشەدا قسە لەسەر لایەنی هیومانیستی دەکەین کە لەگوتاری ڕۆشنبیردا پێویستە ببینرێ و مەرامێکی دی لەپشتەوەیە، لەبەشێکی دیدا قسە لەسەر ڕۆژنامە دەکەین کە وەکو ڕووبەرێک کراوە بەشوێنی یاری سیاسی و ڕۆشنبیریش کارەکتەری چالاکە تێیدا.

گریمان دەسەڵات شتێکی نەبینراوە و لەناو توێژەکاندا بەشێک لەکارەکانی خۆی مەیسەر دەکات، بەڵام بەڕوکەش جۆرێکی دیکەی دەسەڵاتە، باشە کەواتە موناقەشەی ئەوەی کە دەسەڵاتی ڕۆشنبیر لەکوێی دەسەڵاتە تەقلیدیەکاندایە و چ کاریگەرییەکی هەیە لەبەرانبەر درووستکردنی بڕیاری سیاسی و دەرهاویشتەکانی چین؟ ئەمە ئەسڵی مەبەستی ئێمەیە لەم ناونیشانەی بۆ ڕۆشنبیر دیاری کراوە.

ڕووبەڕووبونەوەی جیهانگیری کە زۆر کارێکتەری ئاکتیڤی ملکەچ کردووە بەو ئابوریە جیهانیەی کە هەیەتی، مەترسیدارترین

**کاری ڕۆشنبیر بریتییە لە پشکداری کردن لەدرووست کردنەوەی ژیانی ئاسایی و کارکردن بۆ بەسرووشتی کردنەوەی ئەو شتانەی کە سرووشتی خۆیان لەدەستداوە**

ڕووبەڕووبوونەوەیە کە لەم سەردەمە شاهیدین، چونکە جیهانگیری نەسەقامگیری و نەپێکەوەژیان و نەئسوڵی ئەخلاقی هێشتۆتەوە، تەنها شتێک کە گرینگی پێداوە، ئەو ستراتیژەیە کە بڕوایەکی درووست کردووە بۆ بینەر و بەشدارەکانی، بابەتی ئابوری و فرە کولتوورییە لەپێناو سەرخستنی پرۆسەکە».. (٥). خاڵێکی دی هەیە لەم کۆنتێکستەدا جەنگی ڕۆشنبیریی نێوان ئەو گەلانەیە کە بەشداری دەکەن و ئەوانەش کە بەشداری ناکەن لەڕووی ئابوریەوە، چونکە جیهانگیری جگە لەوەی کار لەسەر لاوازەکان دەکات وەکو ئاکتێکی پراگماتیکی، یان داگیرکاری سەرخانی گەلان، پرۆسەیەکی کۆلۆنیالیزەکردنی گەلانی ژێردەستەیە، بۆیە ئەوروپا بۆ پاڵپشتی کردنی ئەمریکا، لەژێر ئەو چەترەدا ڕاوەستاوە، تاکو وێنەیەکی جیاواز نیشان بدات کە ئەم پرۆسە درێژخایەنە، ئەمریکا نییە، بەڵکو جیهانگیرییە. هەر ئەمەش بوو کە فەرانسە و ئاڵمان و رووسەکانی لەم پرۆسەیەدا دابەش کرد و چینیش بازاڕی کۆنترۆڵ کرد، وەختێک کە بازاڕ بەهایەکی بۆ ئەمریکا و ئەوروپا نەما، ئیدی ڕۆشنبیر و کۆلۆنیالیزەکردنی گەلان و وڵاتەکانیان، هیچ بەهایەکی دی نەما.

ڕۆشنبیر بەوسیفەتەی لەناو کایەی بەرهەمهێنانی ڕەمزیدا یاریدەکات، ئەرکێکی سەختتر لەکائینەکانی دی ئاکتیڤی ناو کۆمەڵگا دەبینێ، هەڵبەت بەمەبەستی ڕێکخستن و چاکسازی دەیەوێ پلاتفۆڕم و ئەلتەرناتیڤێکی شایستە پێشکەش بکات، چونکە زووتر هەست بەکەموکورتیەکان دەکات و لەسەریەتی وەکو هەڵوێستی ئینسانی ڕەخنە بگرێ، لەسەریەتی خەڵکی وەئاگا بێنێ لەهەرشتێک کە دەسەڵات دەیەوێ بیشارێتەوە، یاخود شتێک کە بانگەشەی دەکات لەئەسڵدا پێچەوانەکەی ڕاستە، بەڵام کە لەدەرەوەی لۆژیکی سیاسی مامەڵە دەکات، یان ئەوەی کەوتۆتە نێو گەمەی سیاسییەوە، ئیدی بۆتە کائینێکی دەست و پێ سپی، بۆیە ناتوانێ کاریگەری لەسەر گوتاری سیاسی دەسەڵات و حکومەت و بگرە کۆمەڵگەش دابنێت، تەنها ئەوە نەبێت کە مادام خەریکی ئەدەب و هونەرە، کەواتە دەبێ دوورەپەرێز و دەست و پێ سپی بێت و هەر دەسەڵاتێک لەسەر حوکم بێت، ئەو بەشێکە لەبەڕێوەبەرانی جومگەکانی ئەو دەسەڵات.

(ئەنتۆنیۆ گرامشی) دەڵێ: «ڕۆشنبیران هەڵگری گوتاری مەعریفی و زانیاری عەقڵین، بەو مانایەی کە گوتاری مەعریفی و مومارەسەی عەقڵانییەت بەشێکە لەخاسیەت و سایکۆلۆژیای ڕۆشنبیر کە هێومانیستییە، ئەم ڕوحیەتەش لەبونیادی چەمکی جیاوازیەکاندا بەرهەمدێنێ کە بەمانای جیاوازی ئایدیاخوازی کامڵ دێت، چونکی ڕۆشنبیر بەسیفەتی ئەوەی کە دەسەڵاتی قسەکردن و هونەر، یان کردەی نووسینی هەیە و بەکاری دێنێ، واتە سەر بەگروپێکی دی کۆمەڵگەیە»(٦). ئەمەش مانای ئەوە نییە کەسێکی ئاسایی لەناو خەڵک، یان لەناو جەماوەری بەریندا، یان ئەوانەی لەناو کایەکانی ڕۆشنبیریی و لەیەکێ لەمەیدانەکانی کاری فیکریدا کارناکەن لەسیفەتی ڕۆشنبیر داماڵراون، چونکی کاری ڕۆشنبیر بریتییە لەپشکداریکردن لەدرووست کردنەوەی ژیانی ئاسایی و کارکردن بۆ بەسرووشتی کردنەوەی ئەو شتانەی کە سرووشتی خۆیان لەدەستداوە، موداخەلەکردن لەبەرهەمهێنانی گوتار و بڕیاری سیاسی و گۆڕینی ئاراستەی کۆمەڵگە، مەبەستم لەوەیە کە مادام هەر کارێکتەرێک لەشوێنی کاری خۆیدا ئاکتیڤە و بەشێکە لەبەڕێوەبردنی سێکتەرەکانی کۆمەڵگە، کەواتە کارێکتەرێکی ڕۆشنبیر حیساب دەکرێ.

کاری ڕۆشنبیر شێوەیەکە لەشێوەکانی بەردەوامی بەژیان و ئاڵوگۆڕەکانی، بەم مانایە بێ، هیچ مرۆڤێک بێ ڕۆشنبیریی نییە. جا بائەو مرۆڤە سەر بەئەهلی کاری فیکری بێ، یان سەربەکاری جەستەیی بێ، لەبەر ئەوەی لەبنەڕەتدا مرۆڤ فیکر نییە، بەقەد ئەوەی مرۆڤی چالاک بەرهەمی فیکرە، فیکریش ئەوەیە کە گەشە بەچالاکییە هەمە جۆرەکانی ژیان دەدات.

گەڕان لەناو ئەو بونیادانەدا شتێکە دەبێتە زەمینە بۆ گوتاری ڕۆشنبیریی و جیاکردنەوەی کایەکان لەسیفەتەکانی، وەک بەشێک لەجیاوازی و هەڵوێست، ئەمە جگە لەوەی پێناسەکان یەک نین و هاوشانی یەکدی نین، چونکی دەسەڵات مەرامی خۆی هەیە و ڕۆشنبیرانیش، یان ئەوەتا سەر بەگروپە سیاسیەکانن، یان ئەوەتا بەناڕاستەوخۆ خەریکی سیاسەتن، بەو دەلیلەی میکانیزمی کارکردنیان لەناو بونیادێکی شاراوەیە کە دواجار دەسەڵات و گروپە سیاسیەکان، لەیەک قەوارە و لەیەک سیستمدا ئاسانتر دەتوانێ کۆیان بکاتەوە، جا بۆ ئەوەی بزانین ڕەهەندەکانی ئەم دەرئەنجامە دەرهاویشتەی چییە لەچۆنیەتی مامەڵەکردنی دەسەڵات و سیاسەت لەگەڵ ڕۆشنبیر، دەبێ وردتر لەو کێبەرکێیە بڕوانین، کە یان ئەوەتا ڕۆشنبیر هەیە و موزەیەفە، یان ئەوەتا ڕۆشنبیر نیە و بیانووی بۆ دەهێنرێتەوە.

بیرمەندانی دوای چەرخی ڕۆشنگەری، ڕووبەڕووی کێشەی

هیومانیزم بوونەوە کە ئەوروپا لەدۆخێکی ناجیگیری سیاسی و دەسەڵاتی ناسرووشتی ئاینی مەسیحی بوون، «ئەو پێوەرانەی بۆ حوکمی ئەخلاقی دەسەڵات دانرابوو لەلایەن (ڕۆسۆ و جون لۆک و ڤۆلتێر)ەوە پێویستی بە گەڕاندنەوەی بەهای ئەخلاقی هەبوو، پێویستی بەبیرکردنەوە بوو لەبابەت سۆسیالیزم و دادپەروەرییەوە، پێویستی بەیەکتر قەبوڵکردن و نەهێشتنی ستەمکاری و قەبوڵکردنی یەکتر و جیاوازیەکان بوو، ئەم بابەتە لەسەردەمی سوقرات و حەلاج و دیکارت و گالیلۆ و پیاوانی سەردەمەمەکەوە گەشەی کرد، تاگەیشتە سەدەی نۆزدە، بەڵام سەرباری ئەو کۆڵۆنیالیزمە ڕۆژئاواییەش، فیکرە هیومانیستیەکە هەر نەگەیشتە ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی ڕۆشنبیری عەرەبی».(٧).

ئەم بێدەنگییە وای کردوە کە شاعیرانی کوردیش هەستی پێ بکەن، نموونەش حاجی قادری کۆیی و نالی بەناچار سەرهەڵگرن و لە مەنفاوە قسە بۆ دۆخی وڵاتەکەی خۆیان بکەن کە داگیر کراوە و هیچ مافێکی هیومانیستی بەرقەرار نییە، مەلا و پیاوانی ئاینیش نەک هەر ئۆپۆزسیۆنی ئەو دۆخە نین، بگرە بەشێک بوونە لەجومگەی دەسەڵاتی ئەو سەردەمە. کە ناکرێ ناوی ڕۆشنبیر و پیاوانی سەر بە هەموو ئاینەکان باس بکەین.

بۆچی ئیمیل زۆلا دوبارە نابێتەوە؟

هەر ڕۆشنبیرێک شارەزای مێژووی هەڵوێستی ڕۆشنبیر بێت لەبەرامبەر سیاسەتدا، جگە لەپیاوە فەلسەفیەکانی بەر لەمەسیح و دوای سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنیسانس، دەزانێ کێشەی (ئەمیل زۆلا) لەبارەی دریفۆس لەساڵی ١٨٩٨ چییە، بەوپێیەی کە لەفەڕانسەوە چۆن توانی بەرگری لەئەفسەرێک بکات کە تۆمەتبار کرابوو لەدادگای حکومەتی فەڕانسی بەوەی کە کاری سیخوری بۆ حکومەتی ئاڵمان کردووە، زۆلا بەرگری کردنەکە تائەو ئاستە دەبات کە دەیکات بەکەیسێکی کراوە، هەروەها گروپی بەرگری درووست دەکات، ئیدی بەر لەدادگایی کردنەکەی نامەیەک ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی فەرانسە دەکات لەڕێگای ڕۆژنامەیەکەوە و دواتر لەلایەن چەندین بیرمەند و ڕۆشنبیرەوە ئیمزای بۆ کۆدەکاتەوە، تادەگاتە ئەوەی ئاراستەی دادگاییەکە دەگۆڕێ و ئەمە دەبێتە مانیفێستێک بۆ ڕۆشنبیری بەهەڵوێست لەهەموو سەردەمێکدا.

لەدونیای ئێمەدا کە کایەی سیاسی سیخناخە لەدۆسیەی هەواڵگری، کەچی کورد ئەو ڕۆشنبیرە شۆڕشگێرەی دەستناکەوێت و ناشتوانێ لاساییکەرەوەیەکی باش بێت، یان لانیکەم بۆ خوێنەر و خەڵکی عەوام کەیسەکان ئاشکرابن.

کەم ڕۆشنبیری کورد هەیە کۆجیتۆی دیکارت و فەلسەفەی سوقرات نەناسێ و ژیاننامەکەیانی نەخوێندبێتەوە، ڕەنگە ئەوەش باش بزانن کەسێکی وەکو مارکس وەختێ خوێندنەوەی تایبەتی بۆ جیاوازییە فیکرییەکان کردووە، بەتایبەتی کە فکری ئایدیالیستی (هیگڵ) سەرپێ دەخات، یاخود ماتریالیزمی فیورباخ موناقەشە دەکات و دواتر جیاوازی لەنێوان چینەکاندا دیاری دەکات و دابرشانێک لەفەلسەفە دەستنیشان دەکات کەئیدی (فەلسەفە تەنها وێناکردنی واقیع نییە، بەڵکو دیاریکردن و گۆڕینی واقیعە) دەبێتە مانیفێست بۆ ڕۆشنبیر، درووست مەبەستی ئەوەیە کە هەموو بەشەریەت لەم دونیا نابەرانبەرییەدا کە دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکانی مێژوو خولقاندویانە، دەبێت بگۆڕێت و ڕۆشنبیر بەشێک بێت لە گۆڕینی ئەو سیستمە.

ڕۆشنبیری کورد لەترسی گوتاری یەکگرتوو کە خوازریای نیە و بەرلەوەی بیر بکاتەوە بڕیاری ئەوەی داوە دژی دادپەروەری بێت، چونکە تۆمەتبار دەکرێت بەچەپ و مارسکی، لەحاڵێکدا نێوەخنی گوتارەکانیان بریتیە لەدادپەروەری، وەختێک بەبێ هۆ دژی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە دەوەستن، بەبێ ئاگایانە دەبنە کائینێکی بەرژەوەندخواز و هاوشانی حزبە دەسەڵاتدارەکان، هەروەک چۆن بەشێکی زۆر لەڕۆشنبیری جدیمان بینی لەفرە ڕەهەندەوە بوون بەتاک ڕەهەند و نموونەیەکی نەشاز لە هەموو کایەکانی ئەدەب و لێکۆڵینەوە و هونەر و هتد.

دەرکەوت ڕۆشنبیری کورد نەک ناتوانێ دابڕانێکی مەعریفی بخوڵقێنێ لەگەڵ ڕابردوودا، واتە لەگەڵ مێژوویەکدا کە ناکۆکی هەیە لەباری کولتوورییەوە، بگرە ئەو توانایەشی نییە تەماهی و باڵانسێک دروست بکات لەنێوان کولتوورو مەعریفەدا، کە بەشێکە لەئەرکی ڕۆشنبیر، بەپێچەوانەوە بەئەندازەیەک پەیوەستە پێیانەوە کە ناتوانێ دابڕانێکی مەعریفی لەگەڵ ئەو مێژووەدا بکات کە گرێیەکی درووست کردووە و بەشێکە لەڕێگریەکانی بەمۆدێرن کردنی کۆمەڵگە، ئەگەر لانیکەم لایەنگریش بکات دەنگی نزم

**هەرکەسێک هەڵوێستی نەبێت لەدژی دەسەڵاتی کوردی، ئیدی ئەگەر فەیلەسوفیش بێت کەسێکی بێ ئاکارە، ئەم بۆچوونە چ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ بۆچوونی ئاینی و کلاسیکی**

**ڕۆشنبیری دەسەڵات و دەسەڵاتی ڕۆشنبیر، ئەگەر دوو دیوی دراوێک نەبن، ئەوا جۆرە هەوڵێکی دیکەیە لەلایەن خودی ڕۆشنبیر خۆیەوە بۆ گەیشتن بەجۆرێک لە دەسەڵات خوازی**

و لاوازە. تەنانەت لەبەرانبەر نەوەیەک کە لەڕەگوڕیشاڵی پێکهاتەی ئەم کۆمەڵگەیە شارەزاییەکی نییە، مەبەستم لەدابڕانی مەعریفی ئەوەیە کە ڕۆشنبیر خۆی دەرباز بکات لەلاسایی کردنەوەی سیاسییەکان و بەقسەش دژی سیاسەت و دەسەڵاتە.

**دەسەڵاتی چوارەم .. ڕووبەرێک بۆ جەنگ**

جارێ لەوێوە دەست پێدەکەم کە ڕۆژنامە هەرگیز بەشێک نەبووە لەدەسەڵات، تاکو ناوی لێبنرێ دەسەڵاتی چوارەم و ببێتە ڕووبەرێک بۆ جەنگی سیاسی و تەنها سیاسیەکانیش کەڵکی لێوەربگرن، لە ڕۆژهەڵات بەگشتی و لەکوردستان بەتایبەتی لەدوای ڕاپەڕینەوە، ئەم ڕووبەرە بۆتە جێگەیەک بۆ خۆنمایشکردن و بەلارێدابردنی گوتاری مەعریفی، مەبەستم ئەوەیە کە لەبری ئەوەی ڕۆشنبیرەکان لەڕێگەی بۆ چونەوە خۆیان لەو تەرزە ڕۆژنامانە جیابکەنەوە کە بوونە بەکارەکتەری هەڵچوونە سیاسیەکان و زۆرجاریش بەکاری سیخوڕیەوە تێوەگلاون. بەپێچەوانەوە ڕۆشنبیر بوون بەتیۆریستینە ڕۆژنامەوانییەکان و کۆمەک بەسیاسیەتێک دەکەن دژی سیاسەتێکی دی، ئەم حاڵەتە تائەو جێگەیە پەلی هاویشتووە کە بۆتە چەند جۆرێک لەبازاڕ. جارێک گەرمکردنی بازاڕی سیاسی و یەکلایی کردنەوەی هێزە سیاسیە کێبەرکێکەرەکان، جارێکی دیکە بۆتە بازاڕێک کە بەمەنفەعەتی سیاسییەکان تەواو دەبێت، بۆ نموونە هەم بەشی زۆری ڕۆژنامەکان موڵکی سیاسییەکان و حزبەکانن، هەم ئەو کەرەستە ڕۆژنامەوانییەی کە لەبازاڕ دەفرۆشرێت، دیسان موڵکی کۆمپانیاکانی کارەکتەرە سیاسییەکانن و کەڵکی لێوەردەگرن.

ئەو ڕووبەرەی بۆ جەنگ تەرخان کراوە، ئەگەر بەشێکی جەنگێکی دیاربێت و لەگوتارەکاندا باشتر ببینرێت، چونکە لەهەواڵ و چاوپێکەوتنەکاندا دەردەکەوێت، بەشەکەی دیکەی نادیارە، چونکە تەواوی جەنگەکە کۆکراوەتەوە لەسیاسەتێکی ناتەندرووست، یان هێزێک لەدژی هێزێکی دی، لەحاڵێکدا ئەو جەنگەی کە دەبوو ڕۆژنامەنووس بیکردایە و ڕۆشنبیری جدی هاوپشتی بکردایە، نەک هەر پەراوێز خراوە و لەبیری خەڵک براوەتەوە، بگرە قەناعەتێکی تەواوی درووستکردووە کە جەنگی گروپە کۆمەڵایەتییەکان و جەنگی مەعریفی و جەنگی نێوان کۆنخواز و نوێخوزا و جەنگی بازاڕ و جەنگی چینەکان، بچووک کراوەتەوە لەجەنگی سیاسەتێکی لۆکاڵی و بچوکتریش جەنگی دەروونی حزبە سیاسییەکان.

ئەگەرچی ئەو بۆچوونە دوبارەیە و زۆر گوتراوەتەوە، ڕووبەری ڕۆژنامەکان لەبیریان چۆتەوە کە کاری ڕۆژنامەگەری و میدیا، پیشەیەکە بۆ بەخشینی مەعریفە و هۆشیاری بەخەڵک و دەرخستنی ڕاستییەکان، کەچی ڕوبەری ڕۆژنامەکان بوون بەجەنگاوەری بەوەکالەتی سیاسییەکان، بۆیە لەبری ئەوەی چاودێر بێت بەسەر هەموو کایەکانی دەسەڵاتەوە، خۆی بۆتە جێگەی چاودێریکردنی سیاسییەکان، ئەمەش ئەوکاتە باشتر هەستی پێدەکرێت کە خەڵک بڕوایان بە ڕۆژنامە و هەواڵەکان نەماوە، لەحاڵێکدا دەبوو ڕۆژنامە ڕووبەرێک بێت بۆ جەنگی نێوانەکان و پارێزەری بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵک بێت.

چینەکانی بنەماڵە و تاکی ڕۆشنبیر

دەسەڵات و دەسەڵاتخوازی تەنها لەکایەی سیاسیدا نابینرێ، ئەمەش ئەوکاتە باشتر دەبینرێ کە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا چاکتر دەردەکەوێت و دواتر لەکایەی سیاسیدا وەزیفە وەردەگرن، بەمانایەکی دیکە جۆرەکانی دەسەڵات بۆ زیاتر کۆنترۆڵکردن و گەمارۆدانی مەیلە جیاجیاکانی نێو ئەو گروپانەی کە کۆمەڵگا پێکدێنن، هەریەکەیان لەنێوەندی خۆیدا و بەمیکانیزمی خۆی هەیمەنە دەسەپێنێ.

زیندوو کردنەوەی فەرهەنگی تەقلیدی کۆمەڵایەتی کە ئاکار بەشێکی زۆری لەو ڕووبەرە داگیرکردووە دەسەڵاتخوازییە، بابزانین چۆن؟

ئاکار پەیوەندیەکی توندوتۆڵی بەکولتوورو ئاینەوە هەیە کە ڕەگوڕیشەی بۆ ئەو ڕایەڵانە دەگەڕێتەوە کە تاک بەکۆمەڵگەوە یەکانگیر دەکاتەوە، ئیدی لەنێو یەکەیەکی هەڕەمیدا جارێکی دیکە بەرهەمی دێنێتەوە، ئەویش (یەکەی خێزانە) ئەم یەکەیە گرینگترین و پارێزەرترین ڕووی ئاکاری کۆمەڵگەیە و یەکێکە لەڕاگرانی پایەی دەسەڵات، وەک بەشێکی گرنگی سەرخانی کۆمەڵگە کە دواتر لەناوەندە جیاجیاکاندا ڕەنگدەداتەوە، خێزانێک بۆ خۆی گرنیگیەکی لەرادەبەدەر دەدات بەماتریالی بەشەری.

هەڵبەت ئەو ماتریالەش تەنها گەورە بوونی خێزان نیە و بەس، بەڵکو ئارەزوویەک دەخولقێنێ کە تاکەکانی خێزان چاویان لەجومگەکانی دەسەڵات وەرگرتن بێت، ئەمە ئەگەرچی فیکرێکی کلاسیکییە و دەست و دیاری سیستمی دەرەبەگیە، بەڵام سەرمایەداری مۆدێرن تەواو کەڵکی لێوەرگرتووە، بەو پێیەی کە زۆربەی دەسەڵاتەکانی ئەورووپا تائێستاشی لەگەڵدابێت

دەستبەرداری خاوەنداری نابن کە سیستمی پاشایەتییە، هەربۆیە ئەو دەسەڵاتانەش کە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتن دەستبەرداری ئەو سیستمە نابن، بەڵام جیاوازیەکە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەوێدایە کە تەنها لەکایەی سیاسیدا ماوەتەوە و بەپێچەوانەوە کایەی ڕۆشنبیریی نەگرتۆتەوە.

تائێرە قسەمان لەسەر دەسەڵاتی سیاسی کرد، بەڵام ئەم ستایلە بۆتە مەرجێک بۆ بنەماڵە ڕۆشنبیرەکانیش، لەکوردستان حاڵەتەکە تائەو ڕادەیە پەرەی گرتووە کە بۆتە مۆدێل، هەر ڕۆشنبیرێک سەریهەڵدابێت، ئیدی کوڕ و کچ و بنەماڵەکە لەژێر هەمان عینوان خەریکی دەسەڵات گرتنەدەستن، لەنێو کایەی ڕۆشنبیریی بەگشتی و دەزگا ڕۆشنبیرییەکان بەتایبەتی کار بۆ دەسەڵاتی سیاسی دەکەن.

ئەمەش بەشێکە لەو ئاکارە باوەی کە دەسەڵاتی سیاسی وەک پێشمەرجێک کاری پێدەکات و ڕۆشنبیر و بنەماڵە ڕۆشنبیرەکان لاسایی هەمان ستایل دەکەنەوە، تائەو ڕادەیەی وەکو بنەماڵە سیاسیەکان ڕووبەرەکەیان کۆنترۆڵکردووە و ڕێگە بەڕای جیاواز نادەن کە مومامەرەسەی مافەکانی خۆیان بکەن، من ئەمە بەشێوەیەک لەشێوەکانی جیاوازی چینایەتی تێدەگەم.

(نیچە) ١٩٤٤ _ ١٩٠٠ پێی وایە ڕۆشنبیر بەڕواڵەت کردەوەکانیان هاوشێوەی ئەو کردەوە باوانەن کە لەکۆمەڵگەدا کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵک هەیە، بەمەش کۆمەڵگەیەکی دابڕاو لەپێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان دروست دەکەن، لێرەشەوە ئاکار و ڕۆشنبیریی لەدووبەشی گرنگدا دیاری دەکات.

١: ئاکاری لاواز و پایە نزمەکان و کۆیلەکان.

٢: ئاکاری ڕۆشنبیریە بەهێزەکان و خاوەندارەکان.

دیاری کردنی ئەو دووجۆرە ئاکارە هەرکامیان وەزیفەیەکیان بینیوە، ڕەنگە لەڕوکەشدا بەشێوەیەک لەشێوەکان جیاوازی چینایەتی لەو دوو خاڵەی سەرەوە بەپێ وەزیفەکانیان دیاری بکەین، بەڵام لەڕاستیدا ئەوەندەی باس لەکولتوورێکی زاڵ و خۆسەپێن دەکەین کە بۆتە ڕۆشنبیرییەک لەناو کۆمەڵگەدا وەکو جۆرە دەسەڵاتێکی نادیار، ئەوەندە باس لە جیاوازی چینایەتی دەسەڵات ناکەین، کە لەڕاستیدا ئەسڵی ڕەهەندی کێشەکە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کە لەنێو ڕۆشنبیریشدا دووپایەی لاواز و بەهێزی درووست کردووە، مەبەستم لەو پایە نزمە نیە کە کەسێک بەبێ ڕۆشنبیریی و مەعریفە، بەرگری لێبکەین، بەقەد ئەوەی پایەکان لەسەر بنچینەی پیرۆز و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی یەکگرتوو دایە، ئەم ئاکارە درێژەپێدەری ئاکاری باوی کۆمەڵگەیە، بەپێی بۆچوونی مارکس»یاساکان و ئاکاری مرۆڤ بەگشتی لەئەنجامی ململانێیەکی مێژوویی چینەکاندا بەرهەمهاتووە بۆ سەرکوت کردنی چینە ژێردەستەکان، لەلایەن چینی فەرمانڕەوا لەمێژوودا «.(٨)

بۆچی ئەم بۆچوونەی وەردەگرین، چونکی تەواوی شتەکان دواجار دەچنەوە سەر دوالیزمی خێر و شەڕێک کە زادەی عەقڵی مرۆڤ خۆیەتی، سەرچاوەکەشی بۆ دوو خاڵی سەرەکی دەگەڕێتەوە. ئەویش هەردوو لایەنی بابەتی و خودیە لەسیفەتی کەسەکاندا هەیە و ڕۆشنبیریش خراپ کەڵکی لیوەردەگرێ.

هەڵبەت چەمکی ئاکار مەبەستێکی دی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە ئەویش (درک کردنە بەشتەکان) بەمانایەکی دی ئەگەر دەسەڵاتی عەقڵ و لۆژیک وەک کارەکتەرێکی ئەکتیڤ لەسەر ڕووی پرسیارەکانەوە بێ، لەهەمان کاتیشدا تاکە سەرکوتکەری عەقڵ و ئازادیەکانیشە کە هەمیشە پشتگوێ دەخرێت، کاریگەری عەقڵ و لۆژیکیش هەڵگری دونیایەک ڕەخنەیە لەئاکار، ئەم مەبەستەش ئەوەیە کە لۆژیکێک لۆژیکێکی دی چارەسەر ناکات لەڕێگەی موناقەشەوە، یان بڕوابوون بەجیاوازی بیرکردنەوەوە.

دیارە وەزیفەیەک کە ڕۆشنبیر لەسەریەتی، ڕەخنەیە لەوجۆرە پەیوەندیانەی کە ئاکار بەدەسەڵاتی ئەبەخشێ، هەڵوەشاندنەوە و لێکترازانی ئەو رایەڵانەش کە دەسەڵات وەکو یاسایەک چوارچێوەی بۆ دیاری کردوون چڕتری دەکاتەوە، ئیدی لێرەدا دەسەڵات کاری خۆی بەئەفرادی پەیوەندیدار بە حاکیمەت پەیدا دەکات، هەروەک لەچاپتەری پێشوودا باسمان کرد، شکڵێکە هەموو کۆمەڵگە لەیەک بازنەدا کۆدەکاتەوە، لەڕێگای دەزگاکانی ناوەندی کە هەم دەسەڵات ئارایش دەکەن، هەم بانگەشەی ئیرادەی ئازادیش دەکەن، لەهەمان کاتیشدا هەڵگری ئاکاری دەسەڵاتن، ئەگەرچی لەڕاستیدا ئیرادەی ئینسان لەبناغەوە لەژێر چەمکی یاسادا کۆنترۆڵ کراوە، چونکە ئەو حاڵەتە ڕقاویەی کە دەسەڵات هەیەتی، دەرهاویشتەی ڕۆشنبیرییەکی کلاسیکە لەنێو سیستمدا، وەک پێویستیش سۆزێک بەدەورو بەری خۆی دەبەخشێ، لەفەزایەکدا چێژ لەبەکۆیلەکردنی ئەو کائینە وەردەگرێ کە پێی دەڵێن ڕۆشنبیر و هەمیشە گوتاری مانەوەی خۆی لەکۆیلەبوون و ڕەتکردنەوەی بەرانبەرەکەی دەبینێتەوە. ئەو ڕۆشنبیرانەش کە کەڵکیان لەبنەماڵە و سیمبولەکانی

> **هەموو ئەو بەناو ڕۆشنبیرانەی کە ئێستا بەزمانی چەپەکان قسەدەکەن لەڕابردوودا ڕەخنەگرتنیان لە دەسەڵات، بەمۆدێلی بەسەرچوو لەقەڵەمدەدا**

بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان وەرگرتووە؟ نەک هەر هیچیان لەبنەماڵە سیاسیەکان کەمتر نیە، بگرە سنوورەکەیان زیاتر بەزاندووە، بەو پێیەی کە بنەماڵە سیاسییەکان ڕموز و کولتووریان بەپیرۆز تەماشا کردووە، بەڵام ڕۆشنبیر کە خۆیان دژی کولتووری موقەدەسن، خەریکن جۆرێکی دیکەی بنەماڵە و سیمبول و بتی ڕۆشنبیریمان بۆ قووت دەکەنەوە، لەحاڵێکدا بانگەشەی دژە کولتووری موقدەس دەکەن، بۆیە مەترسیەکە لێرەوە دەست پێدەکات کە کۆنترۆڵ و کوشتنی جیاوازی لەلایەن ڕۆشنبیرەوە ببێتە مۆدێل.
ئیدی ڕەخنە لە سیاسیەت چۆن دەگیرێ، وەختێک ڕەخنە لەلای ڕۆشنبیر دژکاری بێت.

**چەپە ڕاستەکان**

ڕەخنەگرتنی بەشێک لەو ڕۆشنبیرانەی کە لەئاستی نزمدا تەماشای ئیشکالیاتە جۆرەکانیان دەکرد، هەر ئەو ڕەخنەیە بوو لەو گروپانە دەگیران کە بەناوی چەپەوە قسەیان دەکرد، کەچی ڕاستڕەوێکی دەسەڵاتخوزا بوون، بۆ نموونە تێکشکاندنی سنوورە کلاسیکییەکان و بەها پیرۆزەکان و حەرامەکان لەلایەن بزووتنەوەی چەپەوە کە دەستپێشخەری ڕۆشنبیریی بوو لەپێناو ئازادییەکان، بەڕادەیەک هێرش کرایە سەریان کە ئێستا لاسایی دەکرێنەوە و لەڕابردووشدا دژیان دەوەستان، لەحاڵێکدا ئیشکالیەتی بزوتنەوەی چەپ لەکوردستان، بەکێش کردنەوەی ڕۆشنبیر بوو بۆ نێو ئایدیۆلۆژیا کە لەڕاستیدا ڕۆشنبیر کائینێکی یاخیە و نایشارێتەوە کە ئەو قایل نییە بەو سیستمە کۆنترۆڵکەرە و بەدوای کێشەی فیکریدا دەگەڕێ، ئەمەش مانای ئەوە نییە هەق بەخۆیان بدەن و هاواریان لێهەڵبستێ و بڵێن ئەمەش شێوەیەکی دیکەیە لەتێوەگلانی ئایدیۆلۆژیای سیاسەتی حزب، بەو واتایەی سیاسەت کارێکی ناشرینە.»دیسان مانای ئەوەش نییە کە بەردەوام ڕۆشنبیر ڕەخنەگری سیاسیانەی حکومەت و دەسەڵات بێ، بەڵکو بەشێوەیەک تەماشای فیکر و ڕۆشنبیریی بکات و بەردەوام هۆشیار و ئاگاداری بۆچوونە تەقلیدەکان سنووری ژیانی بۆ نەکێشن، لەمەشدا پێویستی بەواقعیەتێکی جێگرو تۆکمە هەیە «.(٩)
بەڵام ئەم ئیزدیواجیەتی ڕۆشنبیر لەو کاتە دەرکەوت کە لەسەردەمێکدا دژی فیکری چەپ و چەپگەرایی بوون، لەسەردەمێکی تردا بۆ بەرزراگرتنی کولتووری کلاسیکی سیاسی و درووستکردنی موقەدەس و کۆنترۆڵ هاتن هێڵێکی ڕاست و چەپیان بەسەر ڕابردوودا داو بەهەمان ستایل شتەکانی خۆیان پیرۆز کرد، ئەم وەهمە کە ڕۆشنبیر تێیکەوتووە گوایە بەرگریکەری ئازادیەکانە، گوایە عەلمانی و دیموکراسییە و درووستکەری بیری نوێخوازیە، لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە جیاوازییەکان و ململانێ وەحشیگەرییەکان لەململانێی ئەو قالبەدا کۆکردۆتەوە کە لەگەڵ ڕۆشنبیرێکی دیکەدا بەزمانی فیکر قسە دەکات.
لەهەر شوێنێک دەسەڵات هەبێ بەرگریش هەیە، ئەو بەرگریەش لەئەنجامدا بەهیچ شێوەیەک لەدەرەوەی پەیوەندی دەسەڵاتدا نییە. هەموو ئەو بەناو ڕۆشنبیرانەی کە ئێستا بەزمانی چەپەکان قسەدەکەن لەڕابردووشدا ڕەخنەگرتنیان لەدەسەڵات، بەمۆدێلی بەسەرچوو لەقەڵەمدەدا، مەسەلەی نادادپەروەری و نەبوونی مافی ژنان و ئازادی بیروڕا و نەبوونی یاسا و هاوڵاتی بوون و هتد، بەشێکی گەورەی لەپانتایی سیاسەتی چەپەکانی کوردستان داگیر کردبوو، کەچی ئێستا ئەو بەناو ڕۆشنبیرانەی بەهەمان زمان قسەدەکەن و لەسەر بنچینەی بنەماڵە خۆیان نمایش دەکەن، وەکو ئەوەی ڕابردوو ئەرشیف نەکرابێت، یان کاغەزێکی دڕاوبێت، لەبیریان چۆتەوە کە تاکە کێشەی کۆمەڵگە مەسەلەی چینایەتیە، نەک کێشەی هێز، یان حزبێک لەگەڵ حزبێکی دیکە کە تەنها چەپە ڕادیکاڵەکان پێشەنگی بوون.
بۆچی ڕۆشنبیریش بوون بەدوو چینی جیاواز؟
چینێک بەبیروڕا بۆرژوازی، ئەویدی کرێکار، لەڕاستیدا بۆرژوازییەکان ئەوانەن کە ڕۆشنبیریان تێکەڵ بەبنەماڵە کردووە، ئەوانی دی ئەوانەن کە بڕوایان بەبنەماڵە و سیستمی ستەمکار نیە.

**ئاکار وەک خەسڵەت**

دیارە یەکێک لەو توێژانە کەئاکاریان وەک خەسڵەتێک لەخۆ گرتووە (ڕۆشنبیرە) ئیدی ئەو ئاکارە مانای جیاوازی وەرگرتووە و جیاوازی هەیە لەگەڵ ئاکارێک کە ئاین و کولتووری کۆمەڵگە باسی لێوەدەکەن، بەڵکو ئاکار بوو بەچەمکێکی دی، گوایە هەرکەسێک هەڵوێستی نەبێت لەدژی دەسەڵاتی کوردی، ئیدی ئەگەر فەیلەسوفیش بێت کەسێکی بێ ئاکارە، ئەم بۆچوونە چ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ بۆچوونی ئاینی و کلاسیکی، بەڵام پێدەچێ ئەو ڕۆشنبیرانەی کە خۆیان وەکو پێغەمبەر پیشاندەدا، ئاکارێکیان داهێنا کە ئەگەر کەسێک بەو

ئاراستەیەدا ڕێگە نەگرێت، ئیدی دەکەوێتە بەر نەفرەتی ئەوانەی کە باوەڕێکی ئاینیان بۆ درووست بوو، دەستەیەک ڕۆشنبیر هەیە، دەبێ شوێن پێیان هەڵبگیرێ، ئەمە بەشێک بوو لەوانەی کە ڕۆشنبیر لەجیاتی پیاوی کاریزما مێژووییەکان کردبویانە مۆدێل، بۆیە پەرەسەندنی ئاکار و فراوان بوونەوە لەساتە وەختی منی باڵادا، هەموو بوارەکانی هۆشیاری ناگرێتەوە» ئەو کەسانەی کە لەڕووی ڕوکاریەوە پەرەیان سەندووە، تەنیا کۆمەڵێ جوڵانەوەن، دواتر کەم بایەخ دەکرێن, بۆ ئەوەی لەژێر چاودێری بەرزە منداbن، ئەو کەسانەی پەرەیان بەئاکاری خۆیان داوە، ڕەنگە پاشماوەی منی باڵایان تێدا مابێتەوە، تاکو ئەرکەکانی خۆیان تێدا ئەنجام بدەن, هەڵبەت سیفەتی پتەو لەئاکار، یاخود شێوازی ئاکار ئاوها لێکدەدرێتەوە».(١٠

لێرەدا دەبینین ڕۆشنبیر کە ناتوانێ ئەم خەسڵەتە لەخۆی دوور بخاتەوە، بەناچار وێڵ دەبێ لەنێو ئەو فەزایەی کە تەواوی خەڵک دەرگیری بوون، بەڵام بەشێوازێکی دیکە، دواجاریش بێئاگایانە دەبنە دڵسۆزترین کەسی دەسەڵات یان سیاسییەکان.

هەریەک لە ئارون و سارتەر و میرلۆپۆنتی ڕەخنەیان لە (ڕواقی) یەکان دەگرت، ئەمان نەوەی کۆنی جەنگی دووهەمی جیهانی بوون، چونکە لەنێو واقیعێکدا بوون کە حاشای لێنەدەکرا و وەکو کاریکتەری خەیاڵی مامەڵە بکەن، بۆیە لەململانێی ئاشتی بۆ تاک موفاوەزاتیان دەکرد، دواتر بۆیان دەرکەوت کە خاڵە نیگەتیڤەکانی پرۆسەی سیاسی، لەگەڵ تاکگەراییدا ناگونجێت، بۆیە هەر دەردەشەیەکە لەبارەی ئەخلاقی ڕۆشنبیرییەوە، چونکە سیاسەت هەمیشە لەچاودێریکردنی کاریکتەری ئاکتیڤ بوو، هێشتاش ئەم مامەڵە سیاسییە لەڕۆژهەڵاتدا ماوە، پێوەری ئەخلاقیش دوو سەرەیە، یەکێکیان پەیوەستە بەدەوڵەت و سیستمەوە، دووهەم تێوەگلانە بەئەخلاقی دەوڵەت و سیستمەکەیەوە، لەهەردوو بارەکەدا ڕۆشنبیر زیان دەکات، ئەم پنتە لەلایەن میشیل فۆکۆوە لەکتێبی چاودێری و سزادا بەڕونتر قسەی لەسەر کراوە، چونکە هەموو دامودەزگاکانی حوکمڕانی بەشێکن لەسلکی ئەمنی دەوڵەت، کەوابوو دەرکەوت کە ئەم ململانێیە لەچوارچێوەی تیۆرییەوە ناگوازرێتەوە بۆ واقیع، ئەمە جگە لەوەی لەکۆمەڵگەی داخراودا مەسەلەی ئەخلاق چەکێکی هەمیشە سوارە بۆ گیانی کاریکتەرە پێشکەوتوخواز و ئاکتیڤەکان، بەتایبەتی ئەوکاتەی ڕۆشنبیر دەست بۆ جومگە پیرۆزەکانی دەسەڵات دەبات، وەکو ئاین و سیاسەت و سێکس کە هەرسێکیان پایەی بنچینەیی دەسەڵاتن، بۆ ئەم جەنگە پیاوانی ئاینی هەمیشە لەکەمیندان بەبێ ئەوەی حکومەت تەکلیفیان لێبکەن.

(سپینۆزا) تاکە کەس وەک پلەی دەسەڵات پێناسە دەکات، ئەمەش پەیوەندی بەئارەزووەوە هەیە، ئارەزووی تاکە کەسیش بریتییە لەجەخت کردنە سەر دەسەڵاتی تاکایەتی، چونکە ئارەزوو بیریتییە لەتوانای نواندن و کردار، کەواتە ئاکار شتێک نییە لەگەڵ سرووشتی هاتنی مرۆڤ بۆخۆی هاتبێ و سەری هەڵدابێ، بەقەد ئەوەی کە مرۆڤ بۆخۆی درووستی کردوون و چوارچێوەی بۆ داناون، سرووشتی دەسەڵات دابینکردنی ئارەزووە غەریزەکانی جەستەیە نەک عەقڵ، ئەو ڕۆشنبیرانەش کە لەژێر فشاری غەریزەی خۆ بە ڕۆشنبیر و موقەدەسن، کۆیلەی ئەو بیروباوەڕەن کە واتێگەیشتوون وەڵامی هەموو پرسیارەکانیان لایە، یان واتێگەیشتوون کە تێکشاندنی دەسەڵاتی سیاسی، بەدرووستکردنی دەسەڵاتی بنەماڵەیی ڕۆشنبیر دەبێت، لەڕاستیدا ئەمە وەهمە و هیچی دیکە، بۆیە ناتوانن ئەو کۆت و بەندە بشکێنن کە هێزێکی لیبیدۆیی سەرتاپای جەستەی داگیر کردوون، وەزیفەکەشیان ئەوەیە دەبێ بەرگری لەو هەڵە تێگەیشتنە بکەن کە دەرەنجامی ئاکارە و هیچی دی.

**سەرچاوەکان**


١: دکتور خليل احمد خليل. دكتور محمد علي الكبسي. مستقبل العلاقه بين المثقف و السلطة. دار الفكر المعاصر. بيروت. 2001. ص97

٢: على حرب. (اوهام النخبة او نقد مثقف) . دار النشر . مركز ثقافى العربى . طبعة سنة 1998.

٣: ادوارد سعيد. صور المثقف محاضرات ريث 1993 . ترجمة غصان غصن. دار النشر بيروت. ص36

٤: داريوش شايغان: النفس المبتور. حاجس الغرب في مجتمعتنا دراسات. دار الساقي. للنشر و التوزيع.

٥: عادل عبدالله. المثقف السياسى. بين تصفية السلطة و حاجة المجتمع. دار النشر الفارابي. 2008. ص80

٦: جان مارك بيوتى. فكر كرامشى سياسى. ترجمة. جورج طرابيشى. دار الطليعة بيروت. ص 16

٧: خالدة سعيد. الثقافة و الحرية. دار التكوين للتاليف و الترجمة و النشر. 2014. ص101.

٨: اصل العائلة و الملكية خاصة و الدولة . مختارات .ماركس و الانجلس .دار التقدم

٩: على حرب . اوهام المثقف او نقد المثقف. المركز الثقافي. 1996. ص88

١٠: هيربرت ماركوز. الحب و الحظارة. ترجمة. مطاع الصفدي. دار الاداب بيروت. ص49 .

# دەبێ بزانن

## بۆچی زلهێزەکان دەوڵەت بۆ گەلی کورد بە ڕەوا نازانن



**پارێزەر:**
**کەمال محیەدین**

پرسی کورد بریتیە لەشیکردنەوە و وردەکاری و دەستنیشان کردنی هەموو ئەو کار و کردەوە خراپانەی بەسەر کوردستان و گەلی کورد داهێنراوە لەلایەن داگیرکەران و دوژمنانی کورد و کوردستان و زلهێزەکانی جیهان، بەتایبەتی پاش شەڕی یەکەمی جیهان لەساڵی (١٩١٤) لەڕێگای کۆنگرەی قاهیرە و پەیمانی لۆزان و بەغدا و جەزائیر و کیمیاباران و ئەنفالەکانی کوردستان لەلایەن سەدام حسێنی خوێنمژ و خوانەناس. بەشێک لەو کار و کردەوە خراپ و سامناک و دڵ تەزێنانە بریتیە لە:-

١.دابەشکردنی کوردستان بەسەر وڵاتی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا.

٢. پەیڕەوکردنی سڕینەوەی ناسنامەی کوردی لەهەموو ڕویەکەوە.

3. بێبەشکردنی میللەتی کورد لەهەموو مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.

٤. پەیڕەوکردنی پاکتاوکردن و دەربەدەرکردنی کوردەکان لەماڵ و شوێنی خۆیان و هێنانی عەرەب و فرس و تورک بۆ شار و دێهات و ماڵەکانی کورد پاش تاڵان کردنیان.

٥.گرتن و کوشتن و لەسێدارەدان و ئەنفال و کیمیاباران لەهەموو کوردستان.

بەکوردی و بەکورتی پرسی کورد بریتیە لەدەستنیشان کردنی ڕاستەقینەی هەموو ئەو زوڵم و دەستدرێژی و داگیرکەریانەی بەسەر کوردستانیان هێناوە تا ئیمڕۆ لەگەڵ دانانی نەخشە ڕێگایەکی واقیعیانە و گونجاو لەگەڵ کەشوهەوای سیاسی و ئابووری و سەربازی میللەتی کورد و جیهان لەپێناو بەدەستهێنانی هەموو مافە ڕەواکانی میللەتەکەمان بەمافی چارەنووس و دەوڵەتی کوردی سەربەخۆشەوە.

گەلی کورد سەدەها ساڵە خەباتی خوێناوی کردووە تا ئیمڕۆ لەپێناو سەربەخۆیی و مافەکانی کە وەک شیری دایک حەڵاڵن بۆ کۆرپەکەی چونکە بەهەموو کێشان و پێوانێک کورد شایستەی ئەو مافانەیە.

میللەتی کورد ژمارەی لە (٢٥) بیست و پێنج ملیۆن زیاترە خاوەنی نیشتمانێکی پان و بەرین و سنووردارو زوبان و مێژوو و کەلتووری هاوبەشیان هەیە لەڕووی ئابووری و کەش و هەواو ئاودێری و کشتوکاڵ و مەڕداری و پیشەسازی و گەشت و گوزارەوە زۆر لەبارو ئامادەیە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و گوزەرانی خۆی.

سەرەڕای هەموو ئەو خەبات و تێکۆشان و شۆڕشانەی کردوویەتی تائێستا نەگەیشتووە بەئامانجەکانی. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە لێپرسراوانی کوردستان و کورد پەروەران لەخۆیان بپرسن بۆچی تائێستا نەگەیشتووین بەئامانجەکانمان، لەکاتێکدا زۆر لەمیللەتان قەوارەیان لەکورد بچووکترە و قەت ئەوەندەی کورد خوێن و شەهیدیان نەداوە، ماڵ وێرانی و کیمیاباران و ئەنفالیان تووش نەهاتووە، ئەوەندەی کوردستان خێرو بەرهەم و کانزای سرووشتیان نیە وەک نەوت و گازو ئاسن و چیمەنتۆ و ئاو و باغ و کشتوکاڵ و مەڕوماڵات و ماسی و پەلەوەر.

لەگەڵ ئەوەشدا بوون بەدەوڵەت و بوون بەئەندام لەڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چونکە دەوڵەتە زلهێزەکان پشت و پەنایان بوون و یارمەتیان دان و کردیانن بەدەوڵەت، بەڵام ئێمەی کورد ئەو پشتوپەنا و یارمەتیانەمان نیە تا ئیمڕۆ واتە دەبێ بەوردی و ڕاشکاوانە لەو هۆیانە بگەڕێین و بیاندۆزینەوە

کە ڕێگرن لەیارمەتیدان و پشتگیریمان لەلایەن وڵاتە زلهێزەکان ئەو لایەنانەی کە سیاسەتی جیهان بەڕێوە دەبەن بێگومان ئەو لایەنە سیاسیانەش واتە ئەو زلهێزانە یارمەتی ئەو نەتەوە و گەلانە ئەدەن بۆ دروستکردنی دەوڵەت بۆیان بەمەرجێک بەرژەوەندی خۆیانی تێدابێت و ئەو دەوڵەتەی کە دروستی دەکەن دۆست و یاوەری خۆیان بێت و سوودی لێببینن و متمانەی پێ بکەن واتە لەم ڕۆژگارەی ئیمڕۆ کە ڕۆژی دەوڵەتە زلهێزەکانە نابێ ئێمەی کورد چاوەڕوانی دەوڵەتی کوردی بکەین بێ ئەوەی خۆمان و پرسی کورد بگونجێنین لەگەڵ ئەو دەوڵەتە زلهێزانەی کە بەرژەوەندیەکانمان لەبەرژوەندی ئەوانیشە نەک دژیانە بەدروستکردنی متمانەو کردەوەی ڕاست و دیار و هەمیشەیی دەبێت نەک بەفرتوفێڵ.

بەڵێ دەریایەک قوربانیمان داوە بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ بەڵام ئێمە نەک نەمانتوانیوە خۆمان بگونجێنین لەگەڵ ئەو زلهێزانەی کە بەرژەوەندیان لەگەڵ کورد و کوردستان هەیە ئەوانیش ئەوروپا و ئەمریکا کە نەیارن لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆر لەکار و کردەوە و هەڵوێستەکانی لێپرسراوانی کورد لەڕابردوودا نەک تەنها نەگونجاو بوونە بەڵکو هەندێکیان زۆر دژی بەرژەوەندییەکانی ئەوروپا و ئەمریکا و دۆستەکانیان بوونە، دەبا هەندێ لەو کاروکردەوە و هەڵوێستە زیان بەخشانەتان بخەمە بەرچاو کە ڕاستەوخۆ لەدژی زلهێزەکان نەبووبن.

بێگومان بێ متمانەیی و ترسیان دروستکردووە لای ئەو زلهێزانە بەتایبەتیش لای ئەوروپا و ئەمریکا:-

١. ئازادکردنی شاری قودس لەبندەستی مەسیحییەکان لەشەڕی سەلیبی لەلایەن سەلاحەدین ئەیوبی کە کورد بووە.

٢. دروستکردنی دەوڵەتی ئەیوبی لەمسرو سوریا و دەست بەسەرداگرتنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕووخاندنی دەوڵەتی فاتمی لەمسر کە شیعە مەزهەب بوون ئەویش لەلایەن سەلاحەدین ئەیوبیەوە.

٣. بەشداری کورد لەشەڕی جیهانی یەکەم و پشتیوانی ئەڵمانیای نازی و دەوڵەتی عوسمانلیان کرد دژی ئینگلیز و ئەمریکا و دۆستەکانیان.



٤. بەشداریکردنی شێخ مەحمودی نەمر بەهێزێکی کاریگەری کوردی لەبەسرە و شوعیب و سەماوە دژی ئینگلیز لەساڵانی (١٩١٦ ـ ١٩١٧).

٥. شۆڕشەکانی کوردستانی ئیران دژی شاهی ئیران کە دۆستی ئینگلیز و ئەمریکا بوو.

> **دەریایەک قوربانیمان داوە بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ بەڵام نەک نەمانتوانیوە خۆمان بگونجێنین لەگەڵ ئەو زلهێزانەی کە بەرژەوەندیان لەگەڵ کوردستان هەیە بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆر لەهەڵوێستەکانی لێپرسراوانی کورد لەڕابردوودا، زۆر دژی بەرژەوەندییەکانی ئەوروپا و ئەمریکا و دۆستەکانیان بوونە**

٦. دروستکردنی کۆماری مەهاباد بەسەرۆکایەتی قازی محەمەدی نەمر لەکوردستانی ڕۆژهەڵات بەیارمەتی ڕووسیای شیوعی.

٧. دروستبوونی کۆمەڵێک حزبی شیوعی سەر بەڕووسیا کە هەموویان دژی ئینگلیز و ئەمریکا و سەرمایەداری بوون.

٨. لەماوەی (٨٨) هەشتاوهەشت ساڵی ڕابردوو لە (٧) حەوت سکرتێری حزبی شیوعی عیراقی (٥) پێنج سکرتێریان کورد بوون.

٩. پابەندبوونی زۆربەی حزبە کوردەکان بەبیروباوەڕی مارکسی و لینینی وەک پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕش و ڕزگاری.

١٠. پشتگیری زۆربەی حزبە کوردیەکان و سیاسیەکانی کورد بۆ شەڕی فەڵەستینیەکان دژی ئیسرائیل.

١١. پەیوەندیە بەهێزەکانی مام جەلال بەیاسر عەرەفات و جۆرج حەبەش و نایف حەواتمە و جەمال سۆرانی و سەرکردەکانی بەرگری فەڵەستینی.

١٢. پەیوەندیەکانی پارتی بەچریکهای جومیشی ئیرانی و جولانەوەی ڕزگاری (ئەرتیری) کە هەردووکیان سەر بەچین بوون واتە ماوی بوون لەبەکرەجۆ بارەگایان بۆ کردبوونەوە و یارمەتیان ئەدان و مەشقیان پێدەکردن لەڕێگای پێشمەرگەی ئازاد و دڵسۆزی کورد بەڕێز کاک حەمید ڕەشاش خوا بیپارێزێت.

١٣. پەیوەندیی بەهێزی مام جەلال لەگەڵ کۆماری چین و سەرۆکەکەی (ماوتسی تونگ) تا ڕادەیەک لەزۆر بارەگاکانی حزب وێنەی ماوتسی تونگ هەڵدەواسرا.

١٤. کتێبخانەی بیری نوێ (فکر جدید) لەگەڵ ڕۆژنامەی (النور) کە دوو دەزگای پارتی بوون بوونە دەمڕاست و بەرگری کەر لەچین و ماوتسی تونگ.

١٥. پەیوەندیەکانی بارزانی نەمر لەیەکیەتی سۆڤیەت و یارمەتی دانی شیوعیەکانی عیراق لەناو شۆڕشی ئەیلول لەساڵانی (١٩٦٣ تا ١٩٧٥).

١٦. گوێ نەگرتنی کورد لەئامۆژگاریەکانی ئەوروپا و ئەمریکا وەک دواخستنی ڕیفراندۆم بۆ ساڵێک و یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پاراستنی مافی مرۆڤ و چاکسازی لە کاروباری ئیداری و مالی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان و زۆر کارو کردەوە و هەڵوێستی دیکە کە لەگەڵ بۆچوون و هەڵوێست و بەرژەوەندییەکانی ئەوروپا و ئەرمریکا ناگونجێن ئەمە بوەتە هۆی نەبوونی متمانە لەنێوان سەرکردایەتی کورد و ئەوروپا و ئەمریکا.

سەرەڕای کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لەئەفسەری ئینگلیز و سەربازەکانیان لەکوردستاندا لەکاتی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی نەمر بۆ بەندکردنی ڕاوێژکار و کارمەندانی بیانی لەلایەن پێشمەرگەو ئەحزابە کوردییەکان وەک بارمتە و بەرەڵاکردن و ئازادکردنیان بەرامبەر چەند ملیۆن دینار و دۆلار.

هەموو ئەو کردەوانە تائێستا لەبن گوێی ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەزرینگێتەوە و لەبیریان نەکردووە تا کار گەیشتە ئەوەی




ئەمریکا بەیاسایەکی تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و کاک مەسعود بارزانی و ئەندامانی خێزان و حزبەکانیان بخەنە لیستی تیرۆر و تا ئیمرۆش ئەم یاسایە هەڵنەگیراوە ئەمەش ڕێگرە نەک لە دروستکردنی حکومەتی کوردی سەربەخۆ بەتەنها بەڵکو ڕێگرە لەپێشکەشکردنی بچووکترین یارمەتی بەجوڵانەوەی کورد، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە هەموو ئەو پەیوەندی و یارمەتیانەی لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانان تەنهاوتەنها بۆ دژایەتی تیرۆر و بەرژەوەندی خۆیانە و بەس نەک بەرژەوەندی گەلی کوردستان، واتە (چەک و پارە لەوان خوێن ڕژان و ماڵوێرانی لەکورد). ئیتر ئەو ماڵوێرانی و نەفامی و خۆگێلکردنە بەسە و با چیتر ئارەق و فرمێسک و خوێن با نەڕژێن بێ سەروشوێن.

نالێم هەموو ئەو کردەوانەی باسمانکرد ئەکەوێتە ئەستۆی میللەتی کورد بەڵکو بەشی زۆریان بەبێ ئاگاداری میللەت کراون، هەندێکی لەئەنجامی کاردانەوەیەکی خراپی بەرامبەرەکانمان ڕوویانداوە هەندێکی دیکەی لەنەفامی و ناشارەزایی و بێ ئەزموونی سەرکردەکانی کورد ڕوویانداوە، بەهەر حاڵ بمانەوێ یا نەمانەوێ ئەوروپا و ئەمریکا ئەو هەڵوێست و کردەوانەی باسمانکرد تائێستا خستویانە ئەستۆی میللەتی کورد بۆیە ئەبێ لێپرسراوانی پارتی و یەکێتی و حکومەتی هەرێم لەئاستی بەرپرسی یەکەمیان پێکەوە داوا لەئەمریکا و ئەورووپا بکەن بۆ دانیشتن لەگەڵیان و باسکردنی ئەم کار و کردەوانەی بوونەتە هۆی نەبوونی متمانە و ناساندنی سەرکردەی یەکێتی و پارتی و جوڵانەوەی کورد بەتیرۆر بۆ ئەوەی بگەن بەئەنجامێکی باش لەدەستنیشانکردنی هەر یەک لەکردەوەکان و ئەو لایەنەی کە لێیان بەرپرسیارە.

ئەوەی ئەکەوێتە ئەستۆی کورد و نوێنەرانی کورد ئەوەیە دەبێ داوای لێبوردنی فەرمی بکەن و بەڵێنیش بدەن ئەم چەشنە کردەوانە دووبارە نەبنەوە و هاوپەیمانیش بن بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکانیان و پێشخستنیان و پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و پاراستنی مافی مرۆڤ و بنەماکانی دیموکراسیەتی ڕاستەقینە و لەناوبردنی تیرۆر و هەموو چەشنە توندوتیژییەک.

ئەو کار و کردەوانەش کە ئەکەونە ئەستۆی سەرکردە و لایەنەکانی ئەوروپا دانی پیابنێن و بەڵێنیش بدەن کە دووبارە نەبێتەوە، پارتی و یەکێتی و سەرکردەکانیان لەخانەی تیرۆر دەربێنن و هاووپەیمانی لەگەڵ میللەتی کورد دروستبکەن وەک میللەتێکی خاوەن مافی چارەنووس و شایستەی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە هەر وەک لەڕۆژی (٢٠١٧/٩/٢٥) میللەتی کورد ڕیفراندۆمێکی سەرانسەری لەکوردستانی باشوور ئەنجامدا کە لە (٩٣.٥%) لەسەدا نەوەدوسێ و نیو بڕیاری سەربەخۆییاندا لەهەلومەرج و کەشوهەوایەکی سیاسی و ئابووری لەناوچەکە و جیهان، تەنها بەو هەنگاوانە ئەگەینە ئەنجامی خەبات و بەرخودان لەپێناو ئازادی و کامەرانی و ئاشتی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان لەپێشەوەش بۆ کوردستان و گەلی کوردی ماندونەناس و خۆشەویست.

# زمانی چاوپێکەوتن لە ڕۆژنامەدا





بورهان قادر

**بەشی دووەم و کۆتایی**

## چەمکو پێناسەی زمانی چاوپێکەوتن:

زمانی ئاخاوتن و نووسین لە ژانری چاوپێکەوتندا باڵ بەسەر هەموو ژانرەکاني دی ڕۆژنامەدا دەکێشێت، بە واتایەکي دی هەموو ژانرەکاني دی لەهەواڵ و ڕاپۆرتەهەواڵ و ڕیپۆرتاژ..هتد. سەرەتای کردارەکە بە چاوپێکەوتن دەست پێدەکات، بۆنمونە ڕۆژنامەنووسێک بەدواداچوون بۆ هەواڵێک بکات، ئەو پرسیارانەی دەیکات بۆ وەرگرتنی زانیاری، ئەمە خۆی چاوپێکەوتنە و دواتر بە شێوەی هەواڵ، یان ڕاپۆرت، یان هەر ژانرێکي دی دایدەڕێژێتەوە.

(د. کاروان عەلی) سەبارەت بە چەمکی زمانی چاوپێکەوتن پێیوایە: دەبێت زمانێکی سادە و ساکار بێت، هەم بۆ ئەو کەسەی کە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ دەکرێت، هەم خوێنەریش بەئاسانی لەزمانەکە تێبگەن، دووربێت لەوشەی ئاڵۆز و ناڕوون، پرسیار و گومان لای خوێنەر دروست نەکات و ڕەچاوی تەواوی ئاستەکانی ڕۆشنبیریی خوێنەرانی تێدا بکرێت. لەو کاتەشدا دوو قۆناغی تێگەیشتن و گەیاندنمان هەیە، تیگەیشتن لەنێوان ڕۆژنامەنووس و کەسەکەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکات، تێگەیشتنی دووەم، لەدوای بڵاوبونەوەی چاوپێکەوتنەکە لەڕۆژنامەدا، کە خوێنەران بەگشتی لە دەقی نووسراوی چاوپیکەوتنەکە بگەن، ئەمەش هەمووی بە هۆی زمانەوە دەکرێت.

پێناسەی زمانی چاوپێکەوتن لەڕۆژنامەدا: بریتییە لەزمانێکی سادەی ئاخاوتن و گفتوگۆی نێوان ڕۆژنامەنووس و قسەکەر بە جۆرێک کە هەردوولا بەئاسانی لەکۆدەکانی تێبگەن و ببێتە هۆی دروستبوون و بەردەوامبوونی کارلێک و کاردانەوە (پرسیار و وەڵام) لەنێوان هەردوولا، ئەو زمانەی لەکاتی بەڕێوەچوونی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسیدا بەکاردێت، مەرج نییە زمانێکي ستانداردی یەکگرتوو بێت، بەڵکو ڕەنگە لەگەڵ ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری قسەکەر بگونجێت و لەڕێگەی وروژاندن، پەسندکردن، سەرسامبوون و زمانی گوزارشتی جەستەشەوە، کەشێکی واقعیانەش بۆ پرۆسەی چاوپێکەوتنەکە بهێنێتە ئاراوە، بەڵام لەکاتی دارشتنەوە و نووسینەوەیدا، بۆ ڕۆژنامە، یان گۆڤار، یاخود ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان، بەزۆری بەزمانێکی ستانداردی هاوبەش دەنووسرێتەوە، بۆئەوەی زۆرینەی خوێنەران بەئاسانی لەپەیامەکە تێبگەن.

زمانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی زۆر گەورە دەبینێت لەوەی کە ڕۆژنامەنووس چۆن والەکەسی بەرامبەر بکات کە زانیاری بدرکێنێت، چونکە زۆرجار هەندێک کەس خۆیان لەپرسیاری ڕۆژنامەنووسان دەدزنەوە، زیرەکی ڕۆژنامەنووس لەوهدا دەردەکەوێت کە دوورنەکەوێتەوە و هەمان پرسیار بەشێواز و زمانێکی دی ئاراستە بکاتەوە، کاتیک چاوپێکەوتنێکیش لەڕۆژنامەیەک دەخوێنینەوە ئاشکرایە کە ڕۆژنامەنووسەکە تاچەند توانیویەتی سوود لەزمان ببینێت، چ

لەئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە، چ لەنووسینەوە و دارشتنەوەی چاوپێکەوتنەکە.

## تایبەتمەندییەکانی زمانی چاوپێکەوتن:

تەواوی ژانرەکانی ڕۆژنامەگەری بەگشتی تایبەتمەندی خۆیان هەیە، کە هەندێک لەو تایبەتمەندییانە لەهەموویاندا هاوبەشن، زمانی چاوپێکەوتنیش وەک یەکێک لەژانرەکانی ڕۆژنامەگەری چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، کە دەبێت ڕۆژنامەنووسان ڕەچاوی بکەن، ئەوانیش بریتین لە:-

١-ڕوونی و سادەیی: کە لەدیارترین سیماکانیەتی، ئەمەش بۆ سروشتی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و تایبەتمەندی جەماوەرەکەی دەگەڕێتەوە، (ئەنیشتاین) دەڵێ: بیرۆکە هیچ بەهایەکی نییە، ئەگەر بە شێوەیەک دەرنەبردرێت، کە ئەوانی دی لێی تێبگەن.

٢-سەردەمییانە: پێویستە وشە و ڕستە و گوزارشتە زمانییەکان سەردەمیانەبن، ڕستەی درێژ و وشەی بیانی گران و ناباو و ڕستەی ئاڵۆز و ناسەردەمیانە لەبارنین بۆ زمانی ڕاگەیاندن.

٣-گونجاوی: بەو واتایەی وشەکانی زمانەکە لەگەڵ هۆکاری ڕاگەیاندنەکە، ڕادیۆ، یان تەلەفزیۆن، یان ڕۆژنامە و جەماوەرەکەی بگونجێت.

٤-سەرنجراکێشی: وشەکان بەشێوازێکی زیندوو و سەرنجڕاکێش، ئاسان گوزارشت لەبابەتەکان بکەن و بیانگێڕنەوە و ڕوونیان بکەنەوە.

٥-ئیکۆنۆمی ( ئابووریکردن ): واتە پرۆسەی پاشەکەوتکردنی وشە، کە بە ڕەگەزێکی سەرەکی و ئەرکی یەکەمی هونەری نووسین دادەندرێت، هەرلەبەر ئەوەشە کورتکردنەوە و ئیکۆنۆمی لەوشە و ئاخاوتندا وایکردووە کە وشەی زیاد و ناپێویست بەکارنەهێنین.

٦-نەرمیی: زمانێک توانای گوزارشتکردن و جووڵەی بۆ گشت بابەتێک هەبێت، بەنەرمیی و بۆهەموو ئاستە جۆراو جۆرەکانی جەماوەر، دەبێت زمانێک بێت، بشێت بۆ زۆرترین جۆری بابەت.

هەر لەبارەی خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی زمانی چاوپێکەوتنەوە (د. مستەفا زەنگەنە) تیشکی خستە چەند لایەنێکی دی لەوانە: ئاراستەکردنی پرسیاری کراوە نەک داخراو، وەکو ئایا ئەو کارەی تۆ دەیکەی؟ ئایا دەتوانی ئەو کارە بکەیت؟ ئایا تۆ ئامادەیت؟ لەلایەکیتر پرسیارەکان لەشێوەی کراوە و دواندن بێت لەسەرلایەنی کەسی بەرامبەر، ئەو پرسیارانە گفتوگۆ و قسەی زۆر هەڵدەگرن و هەمیشە کراوەن بۆ پێدانی ڕاو و دیالۆگ، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە کاتیش هەیە بۆ پرسیاری کورت و داخراو ئەگەر ڕۆژنامەنووسەکە بەپێی پێویست ئاراستەی بکات. بۆنموونە: ئێوە ڕاتان لەسەر ئەو دەنگۆیانە چییە کە ئاوا دەوترێت؟

شێوازە زمانییەکانی زمانی چاوپێکەوتن:

کاتێک ڕۆژنامەنووس چاوپێکەوتنێک ئەنجام دەدات، بێگومان قسەکەر ناتوانێت بەزمانی نووسین و ستاندارد قسە بکات، لەکاتی وەرگرتنی وەڵامەکان بەپێی شێوەزار و ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و پێگەی قسەکەر زمانی وەڵامەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت.

(د. مستەفا زەنگەنە) لەبارەی شێوازە زمانییەکانی زمانی چاوپێکەوتن، ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکات کە دەبێت ڕۆژنامەنوس لەکاتی سازدانی چاوپێکەوتنەکهدا ڕەچاوی بکات، ئەوانیش بریتین لە:

١-ڕاستەوخۆیی: واتە ڕۆژنامەنووس بە ڕاستەوخۆیی و بە جورئەتەوە پرسیارەکانی ئاراستە بکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە کە بەشێوازێکی ڕەق و دوور لەزمانی ڕێز قسە بکات.

٢-کاریگەري: شێوازی قسەکردن و ئاراستەکردنی پرسیارەکەی کاریگەری لەسەر کەسی بەرامبەر دروست بکات و هانیبدات کە زانیاری بدرکێنێت.

٣-دواخستن: ڕۆژنامەنووس پەلە نەکات لە ئاراستەکردنی پرسیارەکان، واتە سەرەتا بەپرسیاری گشتی و سادە دەست پێبکات (هەڵگرتنی بابەتی سەرنج ڕاکێش بۆ ناوەڕۆک) و دوورکەوتنەوە لەشێوازی قورس و ناحەز لەسەرەتادا.

٤-بەکارنەهێنانی شێوازی هەم زۆر کورت و هەم زۆر درێژیش بۆ پرسیار کردن، چونکە تۆ دەتەوێت زانیاری وەربگریت، نەوەک سەرسامی بکەی بەشارەزایی و لێهاتوویی خۆت.

٥- دەستنیشان کردنی سەرەتایەکی پۆزەتیڤی (ئەرێنی) دوورکەوتنەوە لەسیغەی نەرێنی لەسەرەتادا

هاوکات لەبەرامبەر ئەو ڕایەی (د. مستەفا

**(ئەنیشتاین) دەڵێ: بیرۆکە هیچ بەهایەکی نییە، ئەگەر بە شێوەیەک دەرنەبردرێت، کە ئەوانی دی لێی تێبگەن**

**زمانی کوردی لە ڕووی ئاخاوتنەوە دەوڵەمەندە، بەڵام لەڕووی نووسینەوە زمانێکی لاوازە**

زەنگەنە)دا (د. کاراون عەلی)ش ڕوونیکردەوە شێوازی زمان لەچاوپێکەوتندا لەناوەندێکەوە بۆناوەندێکی دی جیاوازە، ناوەندی سیاسی جیایە لەگەڵ ناوەندی ڕووناکبیران و ئەکادیمی، یان شێوازی زمانی شەقام و بازاڕ، یان بابەتێکی تایبەت بەئافرەتان جیایە لەگەڵ منداڵان، هەر چین و ئاستێکی ناو کۆمەڵ شێوازێکی تایبەت بە زمانەوانی خۆی هەیە، ڕۆژنامەنووس دەبێت شارەزای ئەو شێوازە زمانییانە بێت و خۆی بگونجێنێت، تابتوانێت زۆرترین زانیاری وەربگرێت، بۆنمونە: ناگونجێت بەشێوازێکی ئەکادیمی لەناو بازاڕی شێخەڵڵای هەولێر چاوپێکەوتن بکەیت، چونکە تێگەیشتن ڕوونادات و زانیاریت دەست ناکەوێت، کۆدەکانیش جیاوازن، ئەوەش ئەرکی ڕۆژنامەنوسەکەیە کە خۆی بگونجێنێت.

گرنگی لایەنی ڕێکخستنی پرسیار و کۆنترۆڵکردنی چاوپێکەوتنەکە لەو خاڵانەدا بە دیدەکرێت:-

ڕێکخستن و دابەشکردنی ڕیزبەندی پرسیارەکان و کۆنترۆلکردنی چاوپێکەوتنەکە لەلای ڕۆژنامەنووسان.

به بڕوای (د. مستەفا زەنگەنە) گرنگییەکی زۆری هەیە، پێیوایە چاوپێکەوتنەکە بکرێت بە سێ بەشەوە، بەشی سەرەتا – بەشی ناوەڕۆک – بەشی کۆتایی.

**بەشی سەرەتا:**

١-لەسەرەتادا گفتوگۆ لەسەر بابەتە گشتییەکان بکرێت ئەمەش وادەکات کە بەرامبەر ئارام بێت و توشی شڵەژان و دڵەڕاوکێ نەبێت و دەبێتە دەستپێکێکی باش بۆ چاوپێکەوتنەکە.

٢-ئاراستەنەکردنی پرسیاری تایبەت بە تەوەرەکە و دواخستنی بۆ بەشی دووەم، یان سێیەمی چاوپێکەوتنەکە.

٣-ئاراستەنەکردنی پرسیاری قورس و زەحمەت لەسەرەتای چاوپێکەوتنەکەتدا ئەمەش سەرکێشییە لەلایەن ڕۆژنامەنوسەکەوە، چونکە دەبێتە تورەکردن و نیگەرانکردنی بەرامبەر، بەمەش کۆتایی بەچاوپێکەوتنەکە دەهێنێت.

بۆنمونە: لەچاوپێکەوتنێکی کۆچکردوو محەمەد مەلا قادر، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتی کە لە ژمارە (٢٥٩)ی گۆڤاری لڤین لە ١٠/٢/ ٢٠١٤ دا بڵاوکراوەتەوە، کە خۆم (بورهان قادر) ئەنجامم داوە، پێش دەستپێکردنی چاوپێکەوتنەکە، قسەمان لەسەر زۆربابەتی گشتی و ژیانی ڕۆژانە کرد، ئینجا یەکەم پرسیار کە ئاراستەم کرد ئەوە بوو:

(بەهۆی تێپەڕبوونی زیاتر لە چوار مانگ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، تا ئێستا حکومەت پێکنەهاتووە و لە دۆخێکی چەقبەستوودایە، ئێوە وەکو کەسێکی خاوەن ئەزموون خوێندنەوەتان بۆ ئەو قۆناغەی ئێستا چۆنە؟) ئەو پرسیارە ڕاکێشانی کەسی بەرامبەرە بۆ قسەکردن، چونکە پرسیارێکی زۆر گشتییە و هیچ گرژییەک دروست ناکات.

**بەشی ناوەڕۆک:**

١-خستنەڕووی تەوەری چاوپێکەوتنەکە و ڕونکردنەوەی بە نمونەیەک لە ژینگە، یان ڕووداو، یان بۆنەیەکی ئاینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی تایبەت بە تەوەری چاوپێکەوتنەکە.

٢-ئاراستەکردنی پرسیارەکان بەشێوەیەکی پلە بە پلە لە پرسیاری ئاسانەوە بۆ پرسیاری قورس و ناوەخنی تەوەرەکە.

٣-پێدانی بوار بە بەرامبەر گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکە، نەک دەرخستنی تواناو شارەزایی ڕۆژنامەنوسەکە لەسەر تەوەرەکە.

٤-لەبەرچاوگرتنی کەسایەتی و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی لایەنی بەرامبەر، چونکە هەر شێوازێکی نەگونجاو لەپرسیار کردن دەبێتە لایەنی دەرخستنی گرنگی نەدان بە کەسایەتی و پێگەی بەرامبەرەکەت.

٥-ئاراستەنەکردنی ئەو پرسیارانەی کە چەندین لایەن لە خۆ دەگرن، چونکە لەوکاتەدا ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکەی خۆی ڕزگار دەکات لەهەندێ پرسیار و بەدوای ئاسانترین وەڵامدا دەگەڕێت، کە ئەویش بەڵێ یان نەخێرە.

٦-ئاراستەکردنی زۆرترین ژمارەی پرسیار لەناوەڕۆکی چاوپێکەوتندا، بە ئامانجی وەرگرتنی زۆرترین زانیاری.

٧-پرسیارەکان لە شێوەی وەرگرتنی بەڵگەدا ئاراستەبکرێن، بەو شێوەیەی کە وەڵامەکان ببنە داتاو بەڵگە لەلایەن بەرامبەرەوە.

هەر لەو چاوپێکەوتنەی کۆچکردو محمەد مەلاقادر لە ژمارە ٢٥٩ ی گۆڤاری لڤین، لە ناوەڕاستی دیدارەکە بۆ نمونە ئەو پرسیارەی ئاراستە کراوە: (بۆ بەردەوام باس لە بوونی دوو قوتبی زۆر بەهێز لەناو پارتی دەکرێت، ئەوانیش مەسرور و نێچیرڤان بارزانی ؟)

**بەشی کۆتایی:**

١-وەرگرتنی ڕای بەرامبەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بێ پێچ و پەنا و بە شێوەیەکی بوێرانە سەبارەت بە تەوەرەکە.

٢-وەرگرتنی چارەسەر، یان وەڵامی کۆتایی سەبارەت بە بابەتی تەوەرەکە.

٣-کۆتایی چاوپێکەوتنەکە بە شێوەیەک بێت پەیامێکی گشتی و فراوان بێت، بۆ هەموو چین و توێژەکان و لایەنەکانی کۆمەڵ دەست بدات.

بنەماو تایبەتمەندییەکانی زمانی نووسین لە چاوپێکەوتندا (نووسینەوەی چاوپێکەوتن):

پیشەیی بوون و بێلایەنی و دەستکارینەکردن و خۆ دوورگرتن لە هەست و سۆز، یەکێکە لەو خاڵە گرنگانەی کە ڕۆژنامەنووس بەردەوام دەبێ بە بیری بێتەوە لەسەر هەموو بەشەکانی کاری ڕۆژنامەوانی پەیڕەو بکات، بۆ چاوپێکەوتنیش زۆر گرنگە کە ڕۆژنامەنووس دەستکاری وتە و ڕا و بیر و بۆچوونەکانی ئەو کەسە نەکات کە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکات، بێگومان ئەو کەسەی کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرێت، مەرج نیە هەموو قسەکانی بڵاو بکرێتەوە، زۆرجار چاوپێکەوتن قسە و زانیاری دووبارەی تیادایە، بەڵام زیرەکی و پیشەیی بوون و بێلایەنی ڕۆژنامەنووس لەوەدا دەردەکەوێ کە ئەو چاوپێکەوتنە کورت بکاتەوە، بەبێ ئەوەی گۆڕانکاری لە ڕا و بیروبۆچوونی کەسەکەدا بکات.

لەکاتی نووسینەوەی چاوپێکەوتنیش واتە کاتێک ئاخاوتن دەکرێتە نووسین، ڕۆژنامەنووس دەبێت لەزمانی قسەکەرەکە تێبگات و واتای وشەکان نەگۆڕێت، زۆرجار هەبووە زانیاری خستۆتە سەر، یان نەینووسیوەتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە و زۆرجار دەگاتە ئاستی ناو زڕاندن و سکاڵا تۆمارکردن، کە کاریگەری لەسەر میسداقیەتی ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەکە دەبێت.

لەبارەی نووسینەوەی چاوپێکەوتنەکان و گۆڕینی ئاخاوتن بۆ نووسین (د. کاروان عەلی) ڕونیکردەوە: ئێستا ئەو چاوپێکەتنەی تۆ لەگەڵ منت کردووە، نزیکەی کاتژمێرێک دەبێت، پێویست ناکا تۆ هەموو قسەکانی من بۆ لێکۆڵینەوەکەت بنووسییەوە، کامەی بۆ لێکۆڵینەوەکەی تۆ باش و گونجاو بوو ئەوە بنووسەوە، دەکرێت پرسیارو وەڵامێک بە تەواو لاببرێت، تایبەت پرسیاری سەرەتا، بەڵام بەو مەرجەی دەستکاری بیروڕای من نەکەیت و قسەی خۆتی نەخەیە سەر و قسەی منیش بە ناتەواوی نە نووسییەوە. دەبێ وریابی لەکاتی نووسینەوەیدا ڕەچاوی چەند شتێک بکەیت: لەوانە:-

١-هەموو مرۆڤێک کاتێک کە قسە دەکات زۆر قسە و وشە هەیە دووبارەی دەکاتەوە، پێویستە لەکاتی نووسینەوە دووبارە نەکرێنەوە.

٢-مەرج نییە ڕۆژنامەنووس هەموو قسەکان بنووسێتەوە، چونکە زۆرجار قسەکەر نیوکاتژمێر قسە دەکات، بەڵام تۆ پێویستیت بە سێ یان چوار پەرەگرافە، گرنگ ئەوەیە ئامانج




**دکتۆر مستەفا زەنگەنە**

و مەبەستی قسەکەر بگەیەنێت.

٣-ڕەچاوکردنی زمانی نووسین و ستاندارد، واتە چۆن شێوەزارەکان بکرێتە زمانی نووسین، کاتێک ڕۆژنامەنووس چاوپێکەوتنێک دەکات بۆی هەیە هەرکەسە و بە شێوەزارێک قسە دەکات کە مافی خۆیەتی، زۆرگرنگە بەبێ ئەوەی دەستکاری ڕاو بۆچوونی قسەکەر بکات شێوەزارەکە بگۆڕێت بۆ زمانی نووسین، ئەمەش بۆ کەسایەتییە گشتییەکانە بۆ نمونە چاوپێکەوتن لەگەڵ وەزیرێک، یان مامۆستایەک بکرێت بە هەر شێوەزارێک قسە بکات، پێویستە بە زمانی نووسین و ستاندار چاوپێکەوتنەکە

بنووسرێتەوە.

((بۆ نمونە: خالیس عەباس، مامۆستایە لە قوتابخانەی بڵندی بنەڕەتی لە شارەدێی تۆبزاوە، کە سەر بە قەزای خەباتی شاری هەولێرە، لەچاوپێکەوتنێکدا سەبارەت بە ئاستەنگەکانی خوێندن لەو شارەدێیە، بەشێوەزاری خۆی قسەیکرد و گوت: ((من وەکی مامۆستایەک لە



دکتۆر کاروان عەلی

تۆبزاوە کە مەکتەبا من ناوی بڵندە لە دەوامەکی مە بەس ئەز و مدیر مامۆستایا میلاکین یادی خۆ محازرن کە یازدە محازرن بەس ئەز مامۆستایا میلاکم مدیریش لە دەوامەکی دێت لە دەوامادی ناهێتن چونکە مدیرا هەردوو دەوامایە و ئەگەر سبیانان بێتن ئێواران ناهێتن زۆربەی وەختاش ئەز لە جهێ مدیر و معاونیش لەوێمە و دەرسا خۆشم گۆتیتۆ))

بۆ ڕۆژنامە و بە مەبەستی بڵاوکردنەوە: (من وەکو مامۆستایەک کە لە قوتابخانەی بڵندی بنەڕەتی تێکەڵاوم، تەنها من و بەڕێوەبەرەکەمان وەک مامۆستای دامەزراو فەرمی وانە دەڵێینەوە، ئەگینا مامۆستاکانی دی کە ژمارەیان یازدە مامۆستایە هەموویان وانەبێژن)

٤-هەندێجار شێوەزاریش لە نووسینەوەی چاوپێکەوتن ڕەنگ دەداتەوە، ئەمەش لە تەواوی چاوپێکەوتنەکە ڕەچاوی زمانی نووسین دەکرێت، بەڵام کاتێک قسەکەر بە شێوەزاری خۆی باس لەشتێکی تایبەت بەخۆی دەکات واسەرکەوتوو ترە وەکو خۆی بنوسرێتەوە بخرێتە نێو کەوانەیەک، بۆ نموونە چاوپێکەوتن لەگەڵ پیاوێکی پیری ناوچەیەک بکرێت، ئەمەش جگە لە چاوپێکەوتن زیاتر لە ڕاپۆرت و بەدوادچوونەکاندا دەبینرێت.

٥-لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ، ڕۆژنامەنووس سەرەتا و کۆتایی چاوپێکەوتنەکە بە زمانی ستاندار قسە دەکات، بەڵام کاتێک لەگەڵ هەر کەسێک چاوپێکەوتنەکە ئەنجام دەدات، ئەوە قسەکەر ئازادە بە چ شێوەزارێک قسە بکات، لەحالەتێک هەمان چاوپێکەوتن بخەیە سەر کاغەز دەبێت ڕەچاوی زمانی نووسین بکرێت، لێرەش ئەوە دەردەکەوێت کە ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامە ئەرکی زۆر گرانترە لەوەی کە لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ چاوپێکەوتن بکات.

٦-زۆر گونجاوترە لەکاتی نووسینەوەی چاوپێکەوتندا جۆرە وێنەیەکی قسەکەر بۆ خوێنەر بگوازرێتەوە، یاخود وەسفی حالەتەکە بکەیت ئەمەش لەچاوپێکەوتنی ئەوکەسە دیار و هەستیارانەی کە خەڵک تامەزرۆیە گوێیان لێبێت، بەمەش دەکرێت لەکاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان هەڵوێستی ڕووخسار و جەستەی قسەکەر بۆ خوێنەر بگوازرێتەوە، بۆ نمونە لەکاتی دوای ڕیفراندۆم و هاتنی سوپای عێراق بۆ کەرکوک چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێکی وەک مەسعود بارزانی بکرابوایە، لەکاتی نووسینەوەی چاوپێکەوتنەکەدا ئاماژە بە پێکەنین و تووڕەبوون و بێدەنگی و بیرکردنەوەو هەڵچوونەکانی بکرێت.

لە نووسینەوەی چاوپێکەوتنیش بۆ ڕۆژنامە پێویستە ڕەچاوی تەواوی خاڵبەندی بکرێت، چونکە کاتێک دەنگەکە دەکەینە نووسین بە خاڵبەندییە کە لە خوێنەر دەگەیەنین هەم پرسیارەکان و هەم کە ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە چۆن گفتوگۆکەیان کردووە، لەوانە هەڵوەستەکردن و پرسیار و ڕاوەستان و سەرسوڕمان و بەرز و نزمی ..........، واتە ڕیتم و ئاوازی قسەکردنەکە دەبێت لە خاڵبەندی ڕەنگ بداتەوە، ئەمەش کارامەییەکی زۆری دەوێت. چونکە گوزارشتکردن لە ئاخاوتن زیاتر و ئاسانترە نەوەک لە نووسین.

ئامانج و قەبارەی چاوپێکەوتن، شێوازی داڕشتن دیاری دەکەن، هەموو دیمانەیەک جگە لە مانشێتی سەرەکی، پێشەکییەک لەخۆدەگرێت، زمانی داڕشتنی دیمانە دەبێت ڕوون و سادە

بێ، خوێنەر بە ئاسانی تێبیگات. بێگومان قسەکەر ناتوانێ بە زمانێکی ئەدەبیانەی دروست قسەبکات، وەڵامەکانی پێویستییان بە دارشتنەوە هەیە، ڕۆژنامەنووس دەبێ بە شێوە ڕۆژنامەوانی وەڵامەکانی ڕێک بخات، ئەمە یەک لە کارەکانی ڕۆژنامەنووسە.

**لەنووسینەوەی چاوپێکەوتنیش زۆر شێواز هەیە بۆ نمونە:-**

١-پاش نووسینی پێشەکیەکە و هەڵبژاردنی مانشێت، پرسیار و وەڵامەکان وەکو خۆی دەنووسینەوە، بەڵام لەکاتی نووسینەوەیاندا هەموو ئەو هەڵسوکەوتە سەرنج ڕاکێشانەش وەکو پێکەنین و تووڕەبوون و بێدەنگی و تێڕامانی ئەو کەسەی کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکەین بە نووسین دەگێڕینەوە، ئەمەش خوێنەر بۆ خوێندنەوەی زیاتر کێشدەکا، زیندوێتیش دەبەخشێتە چاوپێکەوتنەکەو وێنەیەک لای خوێنەر دروست دەکا.

٢-چاوپێکەوتنەکە دەکەینە بابەتێکی ڕۆژنامەنووسی لەشێوەی ڕیپۆرتاژ، لەم شێوازە پرسیار و وەڵام نانووسینەوە و بابەتەکە دادەڕێژینەوە، مەرجیش نیە تەوەرەکان وەک ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە بەدوای یەکدا بێن، ئەم شێوازە توانای کورتکردنەوە و زەقکردنەوەی قسە گرنگەکانی تەواو دەرەخسێنێ، نووسەرەکە ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو چاوپێکەوتنەکە و کاریگەری ئاراستەکردنی چاوپێکەوتنەکە بەو ئاراستەیەی کە دەیەوێت، واتە جێگۆڕگێ بە ڕیزبەندی پرسیارەکان و کورتکردنەوەیان دەکات، ئەم شێوازە ئەرک و ماندووبوونێکی زۆری دەوێت.

**زمانی نووسینی ناونیشان( مانشێت) و پێشەکی بۆ چاوپێکەوتن:**

ناونیشان و پێشەکی یەکێکە لە خاڵ و لایەنە گرنگەکانی چاوپێکەوتنی باش و سەرنجڕاکێش، چونکە خوێنەر بەم دوو دەروازەیە دەچێتە ناو ناوەڕۆکی چاوپێکەوتنەکە، ئەگەر ناونیشان سەرنجڕاکێش و کورت و پوخت بوو وا لەخوێنەر دەکات کە پێشەکیش بخوێنێتەوە، ئەگەر پێشەکییەکەش بەشێوەیەک بنووسرێتەوە کە خوێنەر بۆخۆی ڕابکێشێ ئەوە وایلێدەکات کە تەواوی چاوپێکەوتنەکە بخوێنێتەوە.

ناوونیشان دەبێ یەکێک لە وتە سەرنجڕاکێش و چێژ بەخش و گرنگەکانی کەسەکە بێت، ڕوون و کورت بێت، خوێنەر تەواو تێی بگات، سەرنج ڕاکێش بێت، بەڵام دەبێ ڕەچاوی بێلایەنی بکرێت.

دوای نووسینی مانشێت، پێشەکی دێت، پێشەکی بە زۆر شێواز دەنوسرێت، لەوانە

١-شێوازی هەواڵی: نووسەرەکە پەنا دەباتە بەر ڕەگەزەکانی هەواڵ و بەپێی گرنگی چاوپێکەوتنەکە هەواڵێک دەنووسرێت و هەندێجاریش ئەگەر هەواڵەکە زۆر گرنگ بێت دەبرێتە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکە.

٢-شێوازی وەسفی: ئەویش بۆ ئەو دیدارانەیە کە زۆر گەرمو گوڕ و گشتگیر نین، نووسەرەکە وەک نووسینەوەی چیرۆکێک وەسفی چوونە ژوورەوە و سڵاو کردن و دانیشتن و شێوازی قسە و زۆربەی هەڵس و کەوتەکان دەکات.

٣-شێوازی ناساندن، بە پێشەکیەکی کورت ئەو کەسە دەناسێنی کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە، لەناو و لەدایکبوون و بڕوانامە و پۆستەکانی پێشوو و ئێستاو ....تاد.

٤-پێشەکی پرسیار کردن: لەو شێوازە چەند پرسیارێکی گرنگی ناو چاوپێکەوتنەکە لەدوای یەکتر دەنووسرێت و دواتریش دەنوسرێ لەم دیدارە ........ وەڵامی ئەو پرسیارە و چەند پرسیارێکی دیکەمان دەداتەوە.

**ئاستەکانی زمانی چاوپێکەوتن: وشەسازی – ڕستەسازی – واتا:**

ئاستەکانی زمان کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر زمانی چاوپێکەوتن و چاوپێکەوتنەکە هەیە، هەر ئاستێکیش تەواوکەری ئاستی دوای خۆیەتی .....

لەمبارەوە (د. مستەفا زەنگەنە) لە لایەنی زمانی زمانی چاوپێکەوتن لە(وشە و ڕستەو واتاکانیان) تیشک دەخاتە سەر چەند خاڵێک و پێوایە کە ڕۆژنامەنوس دەبێت زۆر بە وریایی مامەڵە لەگەڵ وشە و ڕستەو واتاکانیان بکات لەوانە:-

١-هەڵبژاردنی وشەی ناسراو لای جەماوەر، چونکە نزیکترە لە بیرو ئاوەزی خوێنەرەوەو پەیامەکە باشتر دەگات.

٢-لابردنی ئەو وشانەی کە زیادەن لە ڕووی گرنگی و کاریگەرییەوە، وەکو وەسفی شتە لاوەکییەکان و درێژدادرێ.

**د. کاروان عەلی**

***: ئێستا ئەو چاوپێکەتنەی تۆ لەگەڵ منت کردووە، نزیکەی کاتژمێرێک دەبێت، پێویست ناکا تۆ هەموو قسەکانی من بۆ لێکۆڵینەوەکەت بنووسییەوە***

٣-کورتکردنەوەی پرسیارەکان بە شێوەیەک کاریگەری نەبێت لەسەر کەمکردنەوەی واتاکان.

٤-گیان بە بەرداکردنی جووڵە و کردار بۆ ئەو وشانەی کە هەڵی دەبژێری لە ڕێگەی دەرخستنی بکەر لەناو ڕستەدا و بەکارنەهێنانی بکەری نادیار.

(د. کاروان عەلی) لەبارەی ئاستەکانی زمان لە ڕۆژنامەنووسی پێیوایە ئەگەر تایبەت باسی زمانی کوردی بکەین، زمانی کوردی لە ڕووی ئاخاوتنەوە دەوڵەمەندە، بەڵام لەڕووی نووسینەوە زمانێکی لاوازە، لەئاستی کوردستانی گەورە زمانێکی یەکگرتووی ستاندارمان نییە، بۆیە لە زمانی نووسیندا بەردەوام کێشەمان هەیە.

**پیشەیی بوون و بێلایەنی و دەستکارینەکردن و خۆ دوورگرتن لە هەست و سۆز، یەکێکە لەو خاڵە گرنگانەی کە ڕۆژنامەنووس بەردەوام دەبێ بە بیری بێتەوە**

ئەو مامۆستایەی زانکۆ ڕەخنە لە ڕاگەیاندنی کوردی دەگرێت، بەهۆی ئەوەی کە پابەندی ئاستەکانی زمان نابن: لە ئاستی وشەسازی کە زۆر کاریگەری لەسەر چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی هەیە، پابەندنەبوون و ئاڵۆزییەکی زۆر زەق و بەرچاوە و کێشەیە لە ئاست زمانی نووسین بۆ نمونە، ئێستا لەهەندێ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وشەی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆنمونە ڕاگەیاندنی (پ . د . ک) وشەی (فەرمی و شاند و ئافرەت و قوتابی) بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە ڕاگەیاندنی (ی . ن . ک) لە بری ئەو وشانە، وشەی (ڕەسمی و وەفد و ژن و خوێندکار) بەکاردەهێنرێت، ئەمەش شتێکی سەقەتە و کەسمان بەدڵمان نییە، لەهەندێ حالەتیتر وشەی کوردیمان هەیە کەچی ڕۆژنامەکان وشەی بیانی بەکاردێنن، ئەمەش بەو مەبەستەی کە گوایە توانای زمانەوانی هەیە، کەچی ئەمە سەر لێشێواندنی خوێنەرە، بۆ نمونە وشەکانی ئەلتەرناتیڤ و دیماگۆجییەت و گلۆبالیزم و ستاتیکا ..... .دەبێت ڕۆژنامەنووس ئەوەی لە بیربێت کە ڕۆژنامە بۆ هەموو جۆرە خوێنەرێکە و جیایە لەوەی نووسەرێک پەرتوکێک دەنووسێت کە بۆ هەموو خوێنەرێک نییە، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە بەشێک لە ڕۆژنامەکان و ڕۆژنامەنووسان لە ڕووی وشەسازییەوە سەرکەوتوو نین.

بە وتەی ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنوسە لە ئاستی ڕستەسازیش لە نووسینی ڕۆژنامەوانی کێشەمان هەیە، لەوانە زۆر کەم گرنگی بە خاڵبەندی دەدرێت و یان بەکارهێنانی ڕستەی زۆر درێژ سەر لە خوێنەر دەشێوێنێت و بێزارکەرە، یان دووبارە کردنەوەی بکەر و کار، یان پاش و پێشکردن و جێگۆڕکێکردنی بکەر و کار، یان گرنگینەدان بە جۆرەکانی ڕستە. ئەمەش نیشانەی کەم تواناییی ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەکەیە، بۆ نمونە دەنووسرێت ((ئەمرۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەیەکی زۆر گرنگی سەبارەت .... ........ جێبەجێکرد))، پێویستە بنووسرێت ئەمرۆ حکومەتی هەرێم پرۆژەیەکی جێبەجێکرد، ئینجا تەواوکەر و بەشی دووەمی ڕستەکە بنووسرێت، ئەمەش وایکردووە کە زۆرجار واتای ڕستەکان بگۆڕێت.

سەبارەت بەوەی کە هەر دوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان بۆ ئاستی واتاسازی دەگواسترێتەوە دکتۆر کاروان گوتی: ڕەچاوکردن و نەکردنی هەر دوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی ڕەنگدانەوەی ئەرێنی و نەرێنییان بەسەر پەیامەکە دەبێت، ئەمەش بۆ ڕۆژنامە زیاتر کاریگەری هەیە، چونکە قسەکە وتراوە و ڕۆژنامەنووس دێت ئەو قسانە دەکاتە نووسین، هەر ڕۆژنامەنووسەکەش هەموو ئاستەکانی زمان دیاری دەکات و بڕیار لەسەر بەکارهێنانی وشەو ڕستەکان دەدات و دەیانخاتە بەردەم خوێنەر، بۆیە ڕۆژنامەنووس بەرپرسە لەگەیاندنی بیروبۆچوونی قسەکەر، ئەمەش پێمان دەڵێت لە چاوپێکەوتنی نووسین زیاتر دووچاری کێشە دەبین نەوەک لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ.

ئاگاداربوون لەوەی بۆ کێ دەنووسن...

لەکاتی ڕێکخستن و یەکخستنەوەی بابەتی چاوپێکەوتنەکان، پێویستە ڕۆژنامەنووس چەند خاڵێک هەیە لەبیری نەکات، بە ڕەچاوکردنی ئەو خاڵانە چاوپێکەوتنەکە ئامانجی خۆی دەپێکێت لەوانە:

١-بۆ کێ دەنووسن؟

٢-چاوەڕوانیەکانیان چین، چییان دەوێت، یاخود

پێویستییان بە چ شتێک هەیە؟

٣-شیاوترین و گونجاوترین شێواز بۆ ئەمانە کامەیە؟

**لەکاتی نووسینیشدا ئەم خاڵانە لەبیر نەکرێت:**

١-درێژی ڕستە.

٢-ئەو وشانەی بەکاری دەهێنن.

٣-ئەندازەی پەرەگراف.

٤-خاڵبەندی و بەکارهێنانی دروستی نیشانە و ئاماژەکان.

٥-دەستپێک و کۆتایی هێنان بە پەرەگرافەکان.

**سەرچاوەکان**

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:-**


١. ئازاد ڕمەزان: بنەما زمانییەکانی دارشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا، نامەی دکتۆرا –٢٠٠٥، پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین کراوە.

٢. بەختیار کەریمی: بەرەو ڕۆژنامەوانی مۆدێرن ٢٠٠٦، دەزگای موکریانی لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

٣. پ.ی.د. نەریمان خۆشناو: زار و زمان، ٢٠١٦، چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر، چاپی سێیەم، ناوەندی ئاوێر.

٤. چۆلی ئەسعەد، زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، ٢٠١٣- سلێمانی/ چاپخانەی کەمال

٥. حەبیب کەرکوکی: پێشەکییەک بۆ زانستی ڕاگەیاندن وەرگێڕانی ڕابەر ڕەشید هەولێر ٢٠٠٨چاپخانەی خانی دهۆک- دەزگای موکریانی

٦. د عیماد بەشیر، و: مەم بورهان قانیع: چاوپێکەوتن و بەدواداچوون، ٢٠٠٩چاپخانەی ڕەنج لە سلێمانی چاپی کردووە.

٧. د مەغدید سەپان: ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە –٢٠٠٨، چاپخانەی دەزای موکریانی هەولێر.

٨. د. کاروان عەلی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆ، ماستەر لە هونەرەکانی نووسینی ڕۆژنامەنووسی، دکتۆرا لە میدیای نوێ و ئازادی ڕادەربڕین و دیموکراسی، سەرۆکی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان و بازاڕگەری لە زانکۆی پۆلۆتەکنیکی سلێمانی.

٩. د. مستەفا زەنگەنە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆ، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی کۆلێژی تیشکی نیودەولەتی، لەئێستادا.

١٠. ڕێبەری فێرکاری ئەنیستیتۆی ڕۆژنامەوانی جەنگ و ئاشتی IWPR. 2004، بنەماکانی ڕۆژنامەنووسی نێودەوڵەتی. iwpriraq@hotmail.com

١١. زمانەوانی پ.د. یوسف شەریف سەعید کۆکردنەوەی نەریمان خۆشناو چاپی یەکەم/ ٢٠١١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر ل ٧٦

١٢. سلامە موسا–و. دڵشاد مستەفا: رۆنامەنووسی پیشەو پەیام، ٢٠١٤، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر.

١٣. سۆزان دان، شێوازەکانی هەڤپەیڤینی ڕۆژنامەوانی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: بەدرەدین ساڵح و فاتیمە حوسێن پەناهی، ٢٠٠١، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

١٤. سەلام کەریم: زمان و ڕۆژنامە، 2005، سلێمانی، چاپخانەی چاپەمەنی چوارچرا.

١٥. کەمال فاروق و محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری ٢٠١٣دەروونناسی مید

١٦. مەنسور سدقی: هەواڵ و راپۆرت و وتوێژ، ٢٠٠٨، دەزگای موکریانی لە چاپخانەی خانی لە دهۆک چاپی کردووە.

١٧. هاوژین عومەر : تەکنیکی نووسینی میدیایی ٢٠١٣، چاپخانەی ( موکریانی ) هەولێر.


**سەرچاوەکان بەزمانی عربی:**


١. ادموند د. کوبلنتز، ترجمە انیس صایغ: فن الصحافە ١٩٥٨دار الثقافە مؤسسە فرنکلین المساعمە للطباعە والنشر– بیروت .

٢. جان جبران کرم، ١٩٨٦ مدخل لغة الاعلام، دار الجيل، الطبعة الثاني، لبنان -١٩٩٢

٣. د. نسيم الخوری: المقابلە الصحافيە، ٢٠٠٩، الناشر: دار المنهل اللبنانی_ بيروت

رحيمة الطيب عيسانی (٢٠٠٨) مدخل الى الاعلام و الاتصال- الجزائر- دار النهار للطباعة و النشر والتوزيع

# بانگەشەی هەڵبژاردن و کاریگەری هونەری گوتاربێژی



تارق جەوهەر سارمەمی*

**بۆ یەکەمجار یۆنانەکان وتاربێژیان بەکارهێناوە، چونکە سروشتی کۆمەڵگەکەیان وایکردبوو، هەمیشە خەریکی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە بن**

لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا زۆرجار دەبینین سیاسەتمەداران یان سەرۆکی لیستەکان و تەنانەت خودی کاندیدەکانیش ناتوانن وەک پێویست سوود لە وتاربێژی وەربگرن، یان ئەگەر وتاریش بدەن وتار و پەیامەکەنیان، یان بیرۆکەکانیان ناگات و کاریگەری ئیجابی بەسەر هاندان و جۆشدانی جەماوەردا نابێت.

ئەمەش بۆ دووفاکتەری خودی و بابەتی دەگەڕێتەوە لەیەکەمیاندا ئەو کەسە ئەزموونێکی باشی لە هونەری قسەکردن و وتاردان و توانای دەربرین و گۆکردنی وشە و دەستەواژکاندا نییە، هەندێک جاریش پەیوەستە بە لاوازی پاشخانی ڕۆشنبیریی ومەعریفی خودی کەسەکە. دووەمیشیان پەیوەندی بە ناڕوونی و ئاڵۆزی و فرەبابەتی ناوەڕۆکی پەیامەکەیەوە هەیە. شارەزایەکی بواری وتاربێژی دەڵێ: هەندێک کەس هەن قەت نابنە وتاربێژێکی باش ئەگەر هاتوو کەسێک نەدۆزنەوە، لەجیاتی ئەوان بیربکاتەوە، ئاسان نییە ببێتە وتاربێژێکی ڕەوان ئەگەر خاوەنی بیرکردنەوەی وبیرۆکەی داهێنەرانە نەبێت.

ئەرستۆ دەڵێ: هونەری وتاردان بریتیە لەهێزێک کە توانای بڕوا پێهێنانی هەیە. یەکێک لەسیما دیارەکانی وتاربێژی وتاری زارەکییە، واتە قسەکردن بەشێوەیەکی ئیرتیجالی، نەک خویندنەوەی دەق وتێکستی نووسراو.

کاریگەری دروستکردن و سەرنجڕاکێشان لە دیاریترین سیماکانی وتاردانی سەرکەوتووە.

(ابن منظور) لەلسان عەرەبدا دەڵێ: وتار وەک نامە وایە، سەرەتا وکۆتایی هەیە.

بۆ یەکەمجار یۆنانەکان وتاربێژیان بەکارهێناوە، چونکە سروشتی کۆمەڵگەکەیان وایکردبوو، هەمیشە خەریکی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە بن لەسەر بابەتەکانی فەلسەفەی سیاسی وئازادی تاک وبیروڕای جیاواز. چەند کەسێک دەرکەوتن کەتوانایەکی باشیان لە هونەری وتاربێژیدا هەبوو (سیسیرۆن) لەسەدەی یەکەمی پێش زاین، یەکەم کەس بوو لە ڕۆما وتاربێژی بەکارهێنا. دواتریش چەند قوتابخانەیەک بۆ فێربوونی وتاربێژی کرانەوە. دەتوانین بڵێین وتاربێژی: بریتیە لە ناردنی بیرۆکەیەک لەڕێی داڕشتنی قسە و پەیامێک بۆ بەدەیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو کە بە زارەکی بەشیوەیەکی کاریگەر ئاراستەی وەرگر دەکرێ، بۆ دروستکردنی کاریگەری بەسەر بۆچوون و هەڵوێستەکانی بەرامبەر و هاندان وبڕوا پێهێنانی جەماوەر بەو ئاراستەیەی کە وتاربێژ دەیەوێ.

وێڕای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان و بڵاوبوونەوەی تۆڕەکانی ئەنتەرنێت، بەڵام هێشتا هونەری وتاربێژی گرنگی خۆی لەدەست نەداوە، بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردنەکان و پرسە سیاسی و وئابووری و ئایینی و کۆمەلایەتییەکاندا، چ لەبەردەم جەماوەر بێ، یان لەسەکۆی ڕاگەیاندنەکانەوە بێت. چونکە گوتارە سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان هێشتا کاریگەریان بەسەر کۆمەلگا و وەرگردا ماوە، لەڕووی زمانەوانی و دەستەواژەکانیشەوە وتاربێژی پێی دەوترێت: توانای قسەکردن لەگەڵ خەڵک بەشێوەیەک کە لەگەڵ خواست و پێداویستییەکانی ئەودا بگونجێت.

لەوتاربێژیدا ئامادەکردنی دەقی وتارەکە گرنگە، بەڵام لەویش گرنگتر شێوازی دەربڕینی وتاردانەکەیە، وتارنووسی بەتوانا چەند بیرۆکەیەکی خاو بۆ بیرۆکەی ڕوونتر دەگۆڕن، ئەمەش گرنگترە لە توانای قسەکردن، هەندێک کەس کە گوێ لە وتارێک دەگرێ، دەیەوێ شتێک فێربێت، یان زانیاریەکی تازە، یان ئیلهامێک وەربگرێت، یان پێداویستییەکی هەیە دەیەوێ بۆی پڕبکەیتەوە. کەدەچیتە پشتی مایکرەفۆن یان سەکۆی قسەکردن دەبێ بزانی بۆ لەوێی؟ دەتەوێ چی بلێی؟ چۆنیش دەیلێی! هەر وتاربێژێک پێویستی بەچەند یاریدەدەرێک هەیە بۆ ئەوەی لەجیاتی ئەو بیربکەنەوە یان بیرۆکەکانی دەوڵەمەند بکەن، یان بۆی ڕێکبخەنەوە.

هونەری وتاربێژی پێویستی بە سێ کەرەستەی سەرەکی هەیە: (وتاربێژ – جەماوەر – بابەت) هەر وتارێکیش لە سێ بەش پێکهاتووە کە تەواوکەری بیرۆکەی وتارەکەن ئەوانیش: پێشەکی – ناوەرۆک – کۆتایی.

هەندێک لە توێژینەوەکان ئاماژە بەوەدەکەن لای هەندێک کەس دەترسن بەرامبەر جەماوەرێکی

زۆر قسە بکەن، بەلایانەوە قسەکردن لە بەرامبەر کامیرای تەلەفزیۆنی زۆر لەترسی مردن گەورەترە.. بۆ دوور کەوتنەوە لەو ترس و دڵەراوکێیەی داتان دەگرێت، پێویستە زیاتر لەوبوارەدا بخوێننەوە، هەوڵ دەدەین لەم نووسینەدا هەندێک زانیاری بنەڕەتی لەبارەی هونەرەکانی وتاربێژی ومەرجەکانی وتاربێژێکی سەرکەوتوو باس بکەین.

دیارە لەپشتی هەر وتارێکی سەرکەوتوو ئامادەکاریەکی زۆر و باش وپێشوەخت هەیە، بۆیە گرنگە بۆهەر وتارێک، پێشتر بەباشی خۆمان ئامادە بکەین، هەر لە هەڵبژاردنی بابەتەکەوە بگرە تا شێوازی نووسین و دارشتن و خۆراهێنانمان لەسەر تاقیکردنەوەی وتارەکە.

پێش ئەوەی قسە بۆ خەڵک بکەی، دەبێ جەماوەرکەت بناسی و بزانی بۆکی قسە دەکەی! کێن ئەوانەی گوێت لێدەگرن؟ بزانە بابەتەکەت چەند گونجاوە لەگەڵ جۆری ڕەگەز، تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری گوێگرەکانت؟ نابێ ئاستی کۆمەڵایەتی و بیروباوەری ئایینی، سیاسی، دابونەریتی کۆمەڵایەتی گوێگرەکانت لەبیر بکەی!. بەگشتی پێویستە بابەتی وتارەکەت بەسەر سێ پارچەی تەواوکاری یەکتر دابەش بکەی ئەوانیش: دەستپێک - ناوەرۆک - کۆتایی پەیامەکەیە:

دەسپێک؛ ئەمە سەرەتا و دەرزاوەی چوونە نێو بابەتەکەیە، بۆیە پێویستە بەشێوازێک دەست پێبکەی کەسەرنج ڕاکێش بێت بۆ گوێگر و بینەران تا گوێ لەوتارەکەت بگرن، باشتر وایە بە چیرۆکێکی سەرنجراکێش، یان نوکتەیەک، یان پرسیارێکی سەرسوورهێنەر، یان ئامارێکی مەترسیدار کەپەیوەندی بە بابەتەکەتەوە هەبێت وتارەکەت دەستپێبکەی، یان بەباسکردنی پەندێک یان دێرێک لە شیعر بچیتە نێو بابەتەکە بۆ ئەوەی وەرگر بەلای گوتارەکەتدا رابکێشی.

ناوەڕۆک و خالە سەرەکییەکان؛ ئەو بیرۆکە سەرەکیانە دەگرێتەوە کە دەتەوێ بە گوێگرەکانی ڕابگەینیت، هەوڵبدە لە سێ خاڵی زیاتر باس نەکەیت، بۆ ئەوەی سەر لەوەرگر نەشێوێنی و لەئامانجی سەرەکی باسەکە وپەیامەکەشت دەرنەچیت، بۆیە هەوڵبدە بیرۆکەکانت بەشێوازێکی ئاسان و لۆژیکی و یەک لەدوای یەک ڕێکبخەیت کەتەواوکەری یەکتر بن. نەک چەند بیرۆکەیەکی جیاواز لەیەک بۆنەدا بخەیتەڕوو.

هەوڵبدە بابەتەکە بەحەز و ئارەزوویەکی زۆرەوە دەست پێ بکەی، پێویستە بابەتێک هەڵبژێری کە هەست دەکەی لەگەڵ حەز و خواستی تۆ دەگونجێت، هەرچەند گرنگی بایەخدانت بەو بابەتەی قسەی لەسەردەکەی زیاد بکات، هێندەی تر سەرکەوتووتر دەبیت و ئاسانتر دەتوانی کۆنترۆڵی بکەی و بەبڕوا بەخۆبوونەوە بۆ ئامادەبووان و بینەرانی بخەیتەڕوو.

گرنگە بزانی لەسەر چ بابەتێک قسە دەکەی! پێویستە زۆر شارەزایت لەسەر ئەو بابەتە هەبێت کەدەتەوێ قسەی لەسەر بکەی، بۆیە دەخوازێ زانیاری بنەڕەتی و لاوەکی لەسەر بابەتەکە کۆبکەیتەوە. چونکە لەوانەیە لەنێو جەماوەردا ڕووبەڕووی چەند پرسیارێک ببیتەوە، بۆیە دەبێ زۆر بەباشی خۆتی بۆ ئامادەبکەی و حساب بۆ هەموو ئەگەرەکان وجۆرە پرسیارێک بکەی.

کۆتایی پەیام؛ لێرەدا جەخت لەسەر پەیامی کۆتایی بکەوە کە دەتەوێ چ قسەیەک بە وەرگر، یان جەماوەرەکە بگەینیت، تەئکید لەسەر ئەو ئامانجە بکەوە کە دەتەوێ بیگەیتێ، پێویستە زۆر گرنگی بەکۆتایی پەیامەکەت بدەیت، تا بەحەماس و جۆشوخرۆشەوە کاریگەری بەسەر وەرگر، یان جەماوەر بەجێبێڵی.

بیرۆکە سەرەکیەکانت لەسەر پارچە کاغەزێک بنوسە کە بەقەبارەی ٥-١٠ سانتیم بێت، ئەمەش شێوازێکە زۆر جار پێشکەشکاری بەرنامەکانی تەلەفزیۆن بەکاری دەهێنن، پێویستە کارتەکان بچووک بن نەک گەورە، نەبادا بەرچاوت بگرن لەبەرامبەر جەماوەردا. لەسەر ئەو کارتانە تەنیا بیرۆکە سەرەکیەکانت بەکورتی بنووسە، بیرت نەچێت هەموو شتێکی لەسەر مەنووسە، تەنیا بۆ بەبیرخستنەوەی خاڵە سەرەکییەکانە.

مەشق بکە / مەشق بکە/ مەشق بکە/ مەشقکردنی بەردەوام نهێنی سەرکەوتنەکانە، لێرەوە پێویستە پێش ئەوەی هەر وتارێک پێشکەش بکەی پێویستە ماوەیەکی باش خۆتی بۆ ئامادە بکەیت، لەبەرامبەر ئاوێنەدا وتارەکەت بخوێنەوە و مەشقی لەسەر بکە، سەرنجی شێوەی دەموچاو وجوولەی دەستەکانت، و شێوازی وتاردانەکەت بدە، یان چەند جارێک لەلای هاوڕێکانت و

**هەندێک لە توێژینەوەکان ئاماژە بەوەدەکەن لای هەندێک کەس دەترسن بەرامبەر جەماوەرێکی زۆر قسە بکەن، بەلایانەوە قسەکردن لە بەرامبەر کامیرای تەلەفزیۆنی زۆر لەترسی مردن گەورەترە**

**پێش ئەوەی قسە بۆ خەڵک بکەی، دەبێ جەماوەرکەت بناسی و بزانی بۆکی قسە دەکەی! کێن ئەوانەی گوێت لێدەگرن؟**

کەسە نزیکەکانی خۆت چەند جارێک وتارەکەت بخوێنەوە بۆ ئەوەی سوود لەتێبینیەکانیان وەربگریت.

باشترە وتارەکەت بە مۆبایلەکەت تۆماربکەی چەند جارێک سەیری بکەیتەوە سەرنجی شێوازی دەربڕین و خاوی و خێرایی خوێندنەوەکەی خۆت بدەیت، لەبیرت نەچێت چاودێری کاتەکەش بکە بزانە لەو ماوەیەی کەبۆ وتارەکەت دانراوە دەتوانی تەواوی بکەیت.

ئەگەر بەباشی خۆت ئامادەکردبێت، مەشقی تەواوت لەسەر کردبێت، لەکاتی وتارداندا، سەرت بەڕەوانبێژی و هێمنی خۆت سوور دەمێنێ، هەست دەکەی کە چەند لێهاتوو و بەتوانای و بڕوات بەخۆت هەیە. لێرەدا چەند خاڵێک دەخەینەڕوو بۆ ئەوەی وتاربێژێکی سەرکەوتووت لێدەربچێ وپەیامیکی گاریکەریشت لەبانگەشەی هەلبژاردنەکاندا هەبێ:

١- ئەو شوێنەی وتاری لێ دەدەی بزانە کوێیە؟ باشترە زووتر بچیتە ئەو شوێنەی کە وتارەکەی لێ پێشکەش دەکەی. بۆ ئەوەی لەکەش وهەواکەی ڕابێیت، لەوەش دڵنیابیت کە هەموو ئامێرێکی تەکنیکی پێویست بۆ گواستنەوەی دەنگ ونمایشکردنی داتاشۆ (data show) ئامادەکراوە، بۆ دورکەوتنەوە لەهەر ئەگەرێکی چاوەڕوان نەکراو. کە زۆرجار لەدوا چرکەساتەکانی پێش دەستپێکردنی وتارەکەت ڕوودەدات. ئەگەر بۆت ڕێککەوت باشتر وایە پێشتر لەهەمان ئەو شوێنەی کە وتاری لێ دەدەی چەند جارێک مەشق و ڕاهێنان لەسەر خوێندنەوەی وتارەکەت بکەی.

٢- جلوبەرگێک لەبەر بکە کەلەگەل شوێنەکە و کات و ساتی وتاردانەکەتدا بگونجێت. جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ و خۆرازندنەوەی زیاد بەکارمەهێنە، بەتایبەتی بۆ ژنان، بۆ ئەوەی سەرنجی بینەران ڕانەکێشێت باشترە ئەوان تەرکیز لەسەر وتارەکەت بکەن، نەک جلوبەرگەکەت.

٣- پێش دەست پێکردنی وتارەکەت، هەناسەیەکی قوول هەڵمژە، چونکە زۆرکەس هەیە کە چەند لەوادەی پێشکەشکردنی وتارەکەی نزیک دەبێتەوە تووشی دڵەڕاوکێ وترس دەبێت، بۆیە باشتروایە چەند جارێک هەناسەیەکی قوڵ هەڵمژی و بەهێواشی بیدەیتەوە، بە ٢٠ چرکە پێش ئەوەی چاوت بە جەماوەرەکەت بکەوێت. ئەمەش وات لێدەکات کەهەست بەهێوربوونەوە بکەیت و بەبوێری دەرکەوەی و متمانەی زیاتر بەخۆت هەبێت.

٤- بزەیەک بکە، چونکە بزە وخەندە لەگەڵ جەماوەر پێش دەستپێکردنی وتارەکەت دیواری ترس و بەستەڵەکی نێوان خۆت وجەماوەر دەڕووخێنێ. هەست بەبڕوا بەخۆبوون و وەلانانی ترس دەکەیت.

٥-ڕاست بووەستە و سەیری چاوی بەرامبەرکەت بکە، بڕوات بەخۆت هەبێت، واخۆت دەربخە کە تۆ لەجەماوەر ناترسی و تۆ خاوەنی ئەوانی. بەم شێوەیە هێدی هێدی ترسەکانت دەڕەوێتەوە.

٦-بەزمانێکی ئاسان قسە بکە کە هەموو خەڵک لێت تێبگات، دەستەواژەی ئالۆز و شێوازی قورسی زمانەوانی و قسەکردن بەکارمەهێنە، چونکە جەماوەر لێت تێناگا و پەیامەکەشت بەئاسانی ناگاتە خەڵک. تەرکیز بکە بۆ ئەوەی بیرۆکەکانت بە ئاسنترین ڕێگا بگاتە گوێگر بە بەکارهێنانی ڕستەی کورت و سادە کە خەڵک بەئاسانی لێیان تێبگات.

٧-بەهێمنی وخێراییەکی گونجاوەوە قسە بکە، زۆر خاو مەبە، زۆریش خێرا مەبە، بە مامناوەندی قسە بکە، پەلە مەکە لەقسەکردن وفڕێدانی وشەکان، واتە لەکۆڵ خۆتی مەکەوە. چونکە گەر بەخاوی قسە بکەی، گوێگرەکانت تووشی بێتاقەتی دەبن، ئەگەر بەخێراییش قسە بکەی ئەوا ڕەنگە فریاری بیستی هەموو بیرۆکەکانت نەکەون، بۆیە پێویستە بەهێمنی و خێراییەکی مامناوەندییەوە قسە بکەیت.

٨-ئەگەر لەبەردەم مایکرۆفۆن قسەت دەکرد، هەوڵبدە زۆر دەمت لە مایکەکە نزیک نەبێت، با لە ئاستێکی گونجاوەوە دووربی لێی

٩-تەئکیدلەسەر وشە و دەستەواژە گرنگەکانی وتارەکەت بکەوە، ئەگەر ویستت تەئکیدیان لەسەر بکەیتەوە دەتوانی دووبارە، یان سێبارەیان بکەیتەوە.

(لوسەر مارتن کینغ ) لەوتارە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (خەونم هەیە) کە ساڵی ١٩٦٣ لەبەردەم ٢٥٠٠٠٠ هەزارکەس پێشکەشی کرد، ٨ جار دەستەواژەی I HAVE A DREAM ی بەکارهێنا، ئەو وتارە بەیەکێک لە وتارە هەرە گرنگ و مێژووییەکان دەژمێردێت. کە دژی سیاسەتی ڕەگەز پەرستی بەرامبەر ڕەش پێستەکانی ئەمریکا پێشکەشی کرد.

١٠- تۆنی دەنگت بگۆڕە، لەسەرەتای هەر بیرۆکەیەک، بەئاستێکی بەرز قسە بکە، پاشان هێواش هێواش نزمی بکەوە. هەر کاتێک ویستت تەئکید لەسەر بیرۆکەیەک بکەیتەوە یان هەڵوێستێکی دیاریکراو ڕوون بکەیتەوە دەنگت بەرز بکەوە، بەڵام بیرت نەچێت هاوار مەکە،

**هەر کاتێک ویستت تەئکید لەسەر بیرۆکەیەک بکەیتەوە یان هەڵوێستێکی دیاریکراو ڕوون بکەیتەوە دەنگت بەرز بکەوە، بەڵام بیرت نەچێت هاوار مەکە، چونکە دەنگ بەرزکردنەوە و هاوارکردن دووشتی جیاوازن.**

چونکە دەنگ بەرزکردنەوە و هاوارکردن دووشتی جیاوازن.

١١- گۆڕینی ئاستی خێرایی دەنگ لەکاتی قسەکردندا هونەرێکی قسەکردنە و یارمەتیت دەدات کەسەرنجی گوێگرەکان بەلای وتارەکەتدا ڕابکێشیت. ئەو کاتەشی دەتەوێ تەرکیز لەسەر خاڵێک بکەی دەتوانی هێواشتر، هێمن تر قسەی لەسەر بکەی.

١٢- لە پێش وپاش ڕگەیاندنی هەر بیرۆکەیەکی گرنگ کەمێک بووەستە، هەناسەیەکی کورت بدە، ئەمە لەدووشت یارمەیت دەدات: یەکەم: دەرفەتێک بە ئامادەبوان دەدات کە خۆیان بۆ وەرگرتنی بیرۆکەیەکی نوێ ئامادەبکەن. هەناسەیەکیش بەخۆت دەدەی کە دەتوانی پشوویەکی کورت بدەی، کەمێک دەمت تەر بکەیتەوە، یا قومێک ئاو بخۆیتەوە بۆ ئەوەی قورگت وشک نەبێت.

١٣- سەیری چاوی ئامادەبوان بکە، هەیە سەیری سەقف و دارودیواری ژوورەکە یان کەسێکی دیاریکراو دەکات، سەیری چاوی گوێگرەکانی یان جەماوەرکەی ناکات، ئەمە کارێکی باش نیە، چونکە کۆمەنیکەیشن لەگەڵ بەرامبەرەکەی دروست ناکات. لەبەر ئەوەی سەیری جەماوەر ناکات و وایان لێدەکات کە گرنگی بە وتارەکەی نەدەن. چونکە زمانی چاو سەرنج ڕاکێشە بۆیە پێویستە وتاربێژ، یان وتاردەر ٣-٥ چرکە سەیری چاوی بینەرەکانی بکات، چاوت بە ڕاست و چەپ و ناوەڕاستی دانیشتوان، یان ئامادەبووواندا بگێڕە. وایان لێدەکات کە گرنگی زیاتر بە قسەکانت بدەن، خۆیان بەشتی لاوەکیەوە مەشغول نەکەن.

١٤- سەیری ئامادەبوان بکە، بۆ زانینی فیدباکی ئەوان، ئایا چ گوزارشتێک لەدەم و چاویان دخوێنیەوە، بزانە هەست بەچی دەکەن، گەر بینیت برۆیەکانیان گرژکردووە، بزانە کە لە بیرۆکەکەت تێناگەن، بۆیە پێویستە بیرۆکەکەت بەشێوازێکی تر دابڕێژیتەوە، بەڵام کە بینیت ئەوەی لەدواوە دانیشتووە سەری دەهێنێتە پێشەوە، ئەوە بزانە کەدەنگ نایگاتی وهەولبدە کە دەنگت بەرزتر بکەیتەوە، بەڵام ئەگەر تێبینیت کرد کە پستەپست و قسەی لابەلا و غەلبەغەلب دروست بووە لەنێو ئامادەبوان ئەوا دەبێ بزانی کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بەو حالەتە بهێنی وپرسیارێک بخەیتەڕوو کە سەرنجیان بەلای قسەکانی خۆتدا ڕابکشێیتەوە، بەڵام ئەگەر بینیت یەکێک سەیری سەعاتەکەی دەکات، دەبێ بزانی کە زۆرت قسەکردووە کاتی ئەوە هاتووە بەخێرایی قسەکانت کۆتایی پێ بهێنی.

١٥- زمانی جەستە یەکێکە لە ئامرازەکانی کە لەهونەری وتاربێژیدا ڕۆل و کاریگەری زۆری بەسەر سەرکەوتنی کەسی وتاربێژدا هەیە، بۆیە گرنگە وتاربێژ لە هونەری زمانی جەستەدا شارەزایی هەبێت و بزانی جوولەکانی دەست و چاو و شێوەی وەستان و جوولەی جەستەی چۆن بەکاردێنی.

سالی 2004 باراک ئۆباما لە وتارەکەیدا کە لەکۆنگرەی حزبی دیموکراتی ئەمریکی پێشکەشی کرد، زۆر ژیرانە توانی زمانی جەستە بەکاربهێنی، هەنگاوەکانی ڕۆیشتنی جێگیربوو، شانەکانی ڕاست بوو خوار نەبوو، وەستانێکی بەهیزی هەبوو، کاریگەریەکی گەورەی بەسەر بەردەوامبون لەگەڵ جەماوەر هەبوو، کاریگەری و تۆنی دەنگی، بەهرەی خوایی.

**هونەری وتاربێژی، مەهارەیەکە وەک هەر مەهارەیەکی تر کە پێویستی بەپشوو درێژیی و مەشق و ڕاهێنان و خۆتاقیکردنەوەی بەردەوام هەیە، بۆیە دوو دڵ مەبە هەر کە دەرفەتت بۆ ڕەخسا مەشقی لەسەر بکە**

**ڕاست بووەستە و سەیری چاوی بەرامبەرکەت بکە، بڕوات بەخۆت هەبێت، واخۆت دەربخە کە تۆ لەجەماوەر ناترسی و تۆ خاوەنی ئەوانی. بەم شێوەیە هێدی هێدی ترسەکانت دەڕەوێتەوە**

سیاستەمەداری لێهاتوو بە ئەزموون کە لەهونەری گەیاندن شارەزابێ، دەزانێ چۆن وبەچ شێوازێک پەیامە سەرەکیەکەی بگەینێتە ئەوانی تر بۆ ئەوەی ئامانجەکانی خۆی لەوتارەکەیدا بەدیبینێ. جا بەشێوەی پڕاگەیاندن بێ، یان کاریگەری دانان یان بڕوا پێهینان بی یان هاندان و ئاراستەکردن بێت.

لەکۆتاییدا دەبێ ئەوە بزانی کە هونەری وتاربێژی، مەهارەیەکە وەک هەر مەهارەیەکی تر کە پێویستی بەپشوو درێژیی و مەشق و ڕاهێنان و خۆتاقیکردنەوەی بەردەوام هەیە، بۆیە دوو دڵ مەبە هەر کە دەرفەتت بۆ ڕەخسا مەشقی لەسەر بکە، هەروەها چاودێریی وتاربێژەکان بکە، بزانە کامیانت بەدڵە و سودی لێوەربگرە، لێی فێربە، سەرنجی جوولەی دەستەکانیان بدە، تێبینی تۆنی دەنگ و گوزارشتی دەموچاو و جوولەی سەریان بکە، هەر وتاربێژێک شێوازێکی سەرنج ڕاکێشی خۆی هەیە. ئەوەی لەسەرت پێویستە لەهەر باخچەیەک گوڵێک هەلبژێرەو بەگشتی سوودیان لیوەربگرە.

**• ماستەر لە ڕاگەیاندن وپەیوەندیە گشتییەکان شارەزا لەبواری کۆمیونیکەیشن وتەبێژیدا.**

# پێنج نووسراوی کوردی لە سەردەمی پاشایەتی عێراقدا



**تاریق جامباز**

زمان بەناسنامەی هەموو نەتەوەیەک دادەنرێت، چونکە بیر و هزریەتی بەمەرجێ خوێندن بەزمانەکە بێ، چونکە زمان گەر هەر تەنیا قسەی پێ بکرێت و وتووێژی پێ بکرێت ئەوا هێدی هێدی بەچەندین ساڵ سست و لاواز و سیس دەبێ و بەرەو تونێلی لەناوچوون و مردن دەچێ، وەک ئەوەی زمانەکانی سەنسکریتی و لاتینی و قوبتی بەنەمان دادەندرێن. بۆیە نەتەوەکان بایەخ و گرنگی و بەهایەکی مەزن و بەرزی پێ دەدەن و سەرەڕای بوونی زمانی فەرمی ئەوا لایەنەکان بەتۆکمەیی سیاسەتی زمانیان دەبێ (کورت خایەن پێنج ساڵ و ناوەنجی خایەن دە ساڵە و درێژخایەن بیست ساڵە).

بۆیە بەبەردەوامی و (هەمیشەیی) بەدواداچوونی بۆ دەکەن تاوەکو بەرێکوپێکی لەهەموو بوار و ئاستەکان بەکار بهێنرێ. لەسەردانێکمان بۆ کۆماری ئێرلەندی لایەنەکانی سیاسی لەهەڵمەتی هەڵبژاردن ململانێ لەسەر سیاسەتی زمانەکەیان (ئاریش) دەکەن و حزبی ژینگە بۆ ماوەی بیست ساڵ لەبارەی سیاسەتی زمان مکوڕ و جەختی لەسەر دەکەنەوە، نەتەوەکەمان هەر کە دەسەڵاتی کەوتبێتە دەست نەک تەنها زمانی کوردی بەڵکو زمانی پێکهاتەکانی دیکەش لەخوێندن بەکار هێنراون بۆ نموونە لەباشووری کوردستان پێنج زمان بەفەرمی دادەنرێن کە بریتین لەکوردی و عەرەبی و تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی، خۆزیا ئەو وڵاتانەی فرەنەتەوەن جگە لەزمانی حوکمڕان زمانەکانی تریش لەدەستوور و یاسای زمانە فەرمییەکان هەبووایە.

نەتەوەی کورد هەمیشە خەمخۆری بەکارهێنانی زمانەکەی خۆی بووە، بۆیە لەپەرلەمانی عێراق ساڵی (١٩٣١) یاسای زمانە خۆجێییەکان بەژمارە (٣٤) دەرچووە لەدەستووری عێراق لەساڵی (٢٠٠٥) لەتەک زمانی عەرەبی دوو زمانی فەرمین لەسەرتاسەری عێراق و دوو یاسای زمانە فەرمییەکان لەپەرلەمانی عێراق و کوردستان (٢٠١٤) دەرچوون، بەڵام لەبەر نەبوونی سیاسەتی زمان نەکەوتنە سەر سکە و بەگوێرەی پێویست بەکار نەهێنران و لەم بوارەدا لەسەردەمی سیستەمی پاشایەتی لەعێراقدا نووسراوەکان ساڵانی (١٩٣٣، ١٩٣٨، ١٩٣٩، ١٩٤٦) بەزمانی کوردی بوون.

لەرێنووسی کۆن هێناومەتە سەر رێنووسی ئێستا هەموویان پێکەوە بڵادەکەینەوە هیوادارین ئەم جۆرە نووسراوانە بڵاوبکرێنەوە تاوەکو دەوڵەمەندی و رەنگینی زمانی کوردی بۆ هەمووان بسەلمێنرێ.

لەسێ وێنەکە، دوو وێنەی موتەسەرفی لیوای هەولێر (مەحمود فەندی) و (ئەحمەد تۆفیق) وێنەی سەرۆک شارەوانی هەولێر (موحسین مەحمود ئاغا) و ناوی دوو قائیمقامەکەش بریتین لەقائمقامی رەواندز (یەحیا بەگ) و قائمقامی مەخمور (جەلال سائیب) لەماڵپەڕی پارێزەری هەولێر وەرگیراوە.



مەحمود فەخری / ١٩٣٢- ١٩٣٥



ئەحمەد تۆفیق / ١٩٣٥- ١٩٣٩



محسن محمود ئاغا / 1928 _ 1958

**موتەسەریفەی لیوای ئەربیل** ئەلعەدەد: ٧١٧٧
**قەلەم موحاسەبە** ١٦ ربیعی سانی ١٣٥٣
**٨ ئابی ١٩٣٣**
**ئیلا/** قائمقامیەتی قەزای مەخمور
**مەوعزع/ مەئزونیەت**
ئیشارەیە بەکاغەزتان ژمارە (١٨١٨) و رۆژی ١٩٣٣/٨/٣ بۆ دانی شەش رۆژ مەئزونیەت بەکاتب و مەئمور جبایەتی قەزاتان بەشیر ئەفەندی موافەقەت ئەکەین لەتاریخ ئینفکاک و موباشەرەی مەعلوماتمان پێ بدەن.
**ئیمزای**
**موتەسەرفی لیوای هەولێر**

---

**موتەسەریفەی لیوای ئەربیل** ئەلعەدەد: ١٠٥١٥ اربیل ١٣٥٢/٨/١
**١٩- ١١- ١٩٣٣**

**الی/ قائمقامیەتی قەزای مەخمور**
**مەوعزع/ مەئزونیەت**

ئیشارەت بەکاغەزتان ژمارە (٢٥٨٠) ل رۆژی ١٣/ ١١ /١٩٣٣ بۆ تەحدید و ئاراستەکردنی کەفالت مەتولوبە بەمودەیی (١٠) دە رۆژ تەرخیس کرانی کاتب و مەئموری جیبایەی قەزاتان بەشیر ئەفەندی موافەقەت ئەکەین.
لە تەئریخ ئینفکاکی و موباشەرەتی مەعلوماتمان پێ بدەن.

**ئیمزای**
**موتەسەرفی لیوای هەولێر**
**صورەتی/**
**موحاسەبەی لیوا**
**بۆ مەعلومات**
**مصرف/ ١٩ش**
**ئەحمەد جەمال ئەفەندی**


---


**موتەسەریفەی لیوای ئەربیل** **ئەلعەدەد: ٤٦٩٢**
**قەلەم موحاسەبە** **اربیل فی ١٩٣٨/٥/١**


**الی/ قائمقامیەتی رەواندز**
**مەوزوع/ تەحسیلدار**

نیشانەیە بە کاغەزتان ژمارە (١١٣٤) لەرۆژی ١٩٣٨/٤/١٧
نەزریە مەنشور ئەخیر، وەزارەت مالیە بۆ ترشیحی ترفیعی موەزەفین لەمەولا مساغ نەماوە و لە وەختی خۆیدا، ناو مومائیلیەی لەقائمەی ترفیعاتدا دەرج کراوە و ئومێد ئەکەین لەباشی تەسدیق میزانیە ترفیعی ئیجرا بکرێ، لوتفەن کولفیەت بۆ سورەتە بە موستدعی سەید بەشیر تەفهیم بفەرموون.

**موتەسەرفی لیوای هەولێر**
**صورەت/ بۆ موحاسەبەی لیوا**
**لەگەڵ ئیستدعای مومائیلەی**







**موتەسەریفەی لیوای ئەربیل**
العدد: ١٢٧
قەلەم تەحریرات/ واریدات
التاریخ/ ٤/ ٧/ ١٩٣٩

**الی/ قائمقامیەتی قەزای رەواندز**
**ئەلمەوعزع/ تەسبیتی عومەری موەزەف**

هەروەکو تەقیمان کردووە تەحسیلراوی قەزاتان بەشیر محەمەد تەئریخی تەولیدی لەدەفتەر نفوس تازەی ١٨٩٣ و لەترجمەی حالی ١٨٩١ و لەدەفتەری قەدیم ١٨٨٦ و لەدەفتەری خەدەماتی ١٨٧٧ نوسراوە، نەزەریەن ئەم تاریخانە عومری مومائیلەی عەلی ئەلتەوالی (٤٦- ٤٨- ٥٣- ٦٣) دەرجیت لامانە کامیان راستە مەعلوم نیە، بینائەت عەلیهی و لەبەر وەجهی ئەم ئیختلافاتانە لەعومەری مومائیلەهی و بۆ ئیمکانیاتی تەسبیتی عومەری بەوەجهی حەقیقەت لوتفەن تەکلیفی بکەن عائید بەزەمانی حکومەتی سابیقە شەهادەت وەجهی مەدرەسیە. دەفتەری خدمەت عەسکەری و یان وەسیقەی تەسریح لەجەیشدا یاخود تەزکرە نفوسی عوسمانی ئەگەر هەیەتی ئیبرازی بکا بۆمان بنێرن، لەعەکس حالّدا لەم خسوسەوە بەیاننامەی خەت دەستی مومائیلەی بەدوو نوسخە ئیستحسال بۆمان بنێرن.

**موتەسەرفی لیوای هەولێر**


صورەت بۆ/
مودیری واریداتی لیوای ئەربیل

**رێئاسەی بەلدیەی اربیل**
**تەحریرات**
ژمارە ٢/٧٥٨
رۆژ ١٩٤٦/٦/٢٦

**ئەمری ئیداری**

لەبابەت/ تەرقینی قەیدی سائیق سەیارەی رەش محەمەد ئەبابەکرو تەعینی عەبدولقادر خەلیل بەسائیق سەیارە
١. بینائەن قبول کردنی ئیستقالەی سائیق سەیارەی رەش محەمەد ئەبابەکر لەرۆژی (١٩٤٦/٦/٢٣) ی پێشنیوەڕۆ و پاش ئیجرای دەور و تەسلیم کە بەهامیش مولاحزی فەنی ژمارە (١٨٠) و رۆژی (١٩٤٦/٦/٢٤) کەمرتە مورقەم ئینفکاکی کردووە.
٢. ئیعتبارەن لەتەئریخی (١٩٤٦/٦/٢٣) پێشنیوەڕۆ سائیق سەیارەی رەش محەمەد ئەبابەکر قەیدی تەرقین و لەجێگای مەرقوم عەبدوقادر خەلیل بێ میلاکی موسەدەق ئیعتبارەن لەتەئریخی (١٩٤٦/٦/٢٣) پێشنیوەڕۆ بە مانگانەی (٤.٩٥٠) چوار دینار و نۆسەد و پەنجا فلس یە بێ ئیعترافی موباشرەتی لەتەرەف مولاحزی فەنی بەهامیش باسلیکراوی سەرەوە بەسائیقی سەیارەی رەش ئیستخدام کردن موافیقە.


ئیمزای
**رەئیس بەلدیەی ئەربیل**
**صورەتی/ موحاسەب بەلدیە سورتی بۆ مولاحزی بۆ ئیجاب**


متصرفية لواء اربيل
قلم التحريرات الواردات
العدد ١٢٧
الى قائمقام قضاء راوندوز
التاريخ ٤/٧/٩٣٩
الموضوع: تثبيتى عمرى موظف

هروکوتد تیقمان کردوە تحصیلداری قضا تان بشیر محمد تأریخی تولدی له دفتری نفوس تازەی ١٨٩٣ وله ترجمه حالی ١٨٩١ وله دفتری نفوس قدیم ١٨٨٦ وله دفتری خدماتی ١٨٧٧ نوسراوه • نظریه ام تأریخانه عمری مومی الیه علی التوالی (٤٦ ـ ٤٨ ، ٥٣ ـ ٦٢) دراجیت لمانه کامیان راسته مصلوم نیه • بناءً علیه ولبر وجودی ام اختلافاتانه له عمری مومی الیه دا وبو امکانی تثبیتی عمری به وجهی حقیقت لطفا تکلیفی بکەن عائد به زمانی حکومت سابقه شهادە مدرسه • دفتری خدمت عسکریه یا وثیقه ی تسریح له جیشدا یاخود تذکره نفوس عثمانی اگه رهیه تی ابرازی بکات بومانی بنیرن وله عکسی حالدا لەم خصوصه وه بیاننامه ی خط دستی مومی الیه به دو نسخه استحصال بوما ن بنیرن •

متصرف لواء اربیل

صورتی بو - مدیری وارداتی لوای اربیل


رئاسة بلدیه ی اربیل
تحریرات
زماره ٢/٧٥٨
امری اداری
روز ١٩٤٦/٦/٢٦

له بابت "- ترقینی قیدی سائق سیاره ی رشمحمد ابا بکر وتعیینی عبدالقادر خلیل به سائق سیاره

١ - بنا به قبول کرانی استقاله ی سائق سیاره ی رشمحمد ابابکر له روز ١٩٤٦/٦/٢٣ بیشنیورو وپاش اجرای دور وتسلیم که به هامش ملاحظ فني زماره ١٨٠ وروز ١٩٤٦/٦/٢٤ که مربوطه مرقوم انفکاکی کردووه •
٢ - اعتبار له تأریخی ١٩٤٦/٦/٢٣ بیشنیوه رو سائق سیاره ی رشمحمد ابا بکر قیدی ترقین وله جیکای مرقوم عبدالقادر خلیل به بي ملاكي مصدق اعتبار له تأریخی ١٩٤٦/٦/٢٣ بیشنیوه رو به مانگانه (٤/٩٥٠) جوار دینار و نوصد و بنجا فلس به بي اعترافي مباشرتي له طرف ملاحظ فني به هامشي باسلیکراوی سه ره وه به سائقي سیاره ی رش استخدام کراني موافقه •

رئيس بلدیه ی اربیل

صورتی بو "- محاسب بلدیه
صورتی بو "- ملاحظ فني بو ایجاب

# دیدار

- ***لەگەڵ (میران ئەبراهام)دا***

دیداری فەرەیدون سامان



# میران ئەبراهام:

# بە ڕۆمان دەتوانین ناوماڵ و کولتوور و زمان و فەرهەنگی کوردی ڕێک بخەینەوە

میران ئەبراهام لەپێشەکی ڕۆمانی نیشتمانی سارادا دەنووسێت: بەشێکە لەو مێژووە ونبوو، یان لەبیرکراوەی لەئێستا و ڕابووردوودا تۆمار نەکراون، ئیتر لەبەر هەرچ هۆکارێک بێت، یان سەرنجی هیچ کەسی ڕانەکێشاوە. دین ڕەگەزنامەی هیچ نەتەوەیەک نییە، بێگومان لەکوردستانیش بەهەمانشێوە. هەروەها ئەم ڕۆمانە تەنها مێژووی چەند کەسێک یان تەنها کەمایەتییەکی بچووک نییە، بەڵکو دەیان کەسایەتی گرنگ لەمێژووی شاری سلێمانیدا بەزمانی خۆیان و لەفۆڕمی هونەری (ڕۆمان)ێکدا خۆیان نمایش دەکەنەوە، نووسەری ڕۆمانی نیشتمانی سارا دەڵێت: 'لەکاتی بڵاو کردنەوەی ڕۆمانی نیشتمانی سارادا، باپیرە خایم و کەریمی عەلەکە و قەشە یوسف پەری و حەمەجانی حاجی سەلیم پێنجوێنی و پیرەمێرد و فوئاد مەستی و جەمال عیرفان و مامۆستا سالار و دەیان کەسایەتی ناوداری شاری سلێمانی، ئەو ڕۆژە دەگەڕێنەوە بۆ شار و بەبێ جیاوازی ئایدۆلۆژییان پێکەوە وەکو جاران خۆیان بەنەوەی ئێستای کوردستان و بەتایبەتی شاری سلێمانی دەناسێننەوە.

**دیدار: فەرەیدون سامان**

> **من نەوەی سەردەمی خۆمم، بۆ بەنووسەر بوونم چاو لەهیچ نووسەرێکی پێش خۆم ناکەم**

**– باشە با لێرەوە دەست پێبکەین میران ئەبراهام کێیە و بەرهەمە چاپکراوەکانت کامانەن؟**

+لەڕۆژی ٢٦ مارتی ١٩٧٠ لە شاری سلێمانی لەدایک بووم و ئێستا دانیشتووی وڵاتی هۆڵەندام. لەمنداڵیمەوە سەرسام بووم بەڕەوشتی کەسوکارم و هەموو مرۆڤ و گیانلەبەرێک کە بینیبێتم، لێکدانەوە و بیرکردنەوە لەشێواز و ڕەوشتە جیاوازەکان جێگای سەرنجم بوون، هونەر بەهەموو فۆڕم و شێوازەکانییەوە بەجیهانی خۆمیان دەزانم، بەتایبەتی هونەری گێڕانەوە. سەرسامم بەهونەرەکانی شێوەکاری و شانۆ و موزیک، بەردەوام لەم بوارانەدا دەخوێنمەوە و بینەر و گوێگرێکی چالاکیشم، هونەر بۆ بینین، یان لێتێگەیشتن. هەروەها هەندێکجار بۆ دوورکەوتنەوە لە جەنجاڵی ژیان، یان خۆ دزینەوە لەنووسین، لەدار پەیکەرێک دەتاشم.

**– چیتر؟**

+ بەڕای من کتێبەکانم بۆ خوێنەران گرنگن، چونکە هەموو هێز و توانای من لەوێدا کۆبوونەتەوە.

وەکو نووسین: کۆمەڵە چیرۆکی گۆرهەڵکەنەم بەزمانی هۆڵەندی بڵاوکردۆتەوە، کە دووبارە بەزمانی کوردی نووسراوەتەوە و بۆ چاپ ئامادەیە، لەگەڵ چەند چیرۆکێکی نوێدا ئەمساڵ بڵاویان دەکەمەوە.

ساڵی ٢٠١٥ ڕۆمانی (شەوگەڕەکان)م بەزمانی کوردی نووسی کە ئەمساڵ ٢٠٢٠ چاپی سێیەمی کراوەتەوە.

ساڵی ٢٠١٩ ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)م نووسی کە چیرۆکێکی مێژوویی ڕیالیستییە و مێژووی سەد ساڵی شاری سلێمانی و کوردستان دەگێڕێتەوە.

ساڵی ٢٠٢٠ ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)م نووسی کە ٢٤٠ لاپەڕەیە و چیرۆکێکی مێژوویی ڕیالیستییە، گێڕانەوەی چیرۆکی ژنێکی تەنیا و بەجێماوی تاوانەکانی ئەنفالە.

**– لەنێوان ئەزموونی ژیان و ئەزموونی نووسیندا، میران ئەبراهام لەکوێدا بەرجەستە دەبێت؟**

+ نووسین بەشێکە لەژیان، چونکە منی نووسەر هەردەم لەڕێگای ئەزموونی ژیانەوە پرۆسەی نووسین بەرجەستە دەکەم، تاوەکو ئەو کاتەی کە پرۆسەی نووسین هەموو کایەکانی ژیانم لێ زەوت دەکات، هیوادارم ئەوە ڕوونەدات، ئەوەیش کاتێکە کە من خۆم گۆشەگیر بکەم و بەواتا کلاسیکییەکەی نووسەربم، بەڵام من نەوەی سەردەمی خۆمم و بۆ بەنووسەر بوونم چاو لەهیچ نووسەرێکی پێش خۆم ناکەم، نە بەڕەوشت و نەوەکو ستایڵی نووسین. کەواتە خۆشی و ناخۆشی و هاوڕێیەتی و باوکایەتی و هاوژینی و دۆستایەتیم بەلاوە گرنگە و بۆ پرۆسەی نووسین فەرامۆشیان ناکەم، چونکە بەوانەوە من ڕاستەوخۆ بەژیانەوە پابەندم و خەیاڵی نووسینم بەردەوامە، کەواتە نووسین بەشێکە لەژیانم، هەرچەندە ئەگەر بەکردار بەنووسین و خوێندنەوەوە خەریک نەبم، ئەوا بەردەوام لەناو هزر و خەیاڵمدا سەرقاڵی هۆنینەوەی فەزای ناو چیرۆک، یان ڕۆمانێکم. لەگەڵ ئەوەیشدا کەسانی نێزیکم بەبێدەنگ و گۆشەگیر ناوم دەبەن.

**– ئایا نووسەر دەتوانێت تەنها لەڕێگای نووسینەوە، بەتایبەت ڕۆمان چەمکێک لە بەسەرهاتەکانی نیشتمان و تاراوگە پێکەوە گرێبدات؟**

+ ڕۆمان ژانرێکی باڵایە، کە دەتوانم بڵێم هەموو هونەرەکانی دی بەهەموو فۆرم و شێوازەکانییەوە لەخۆدەگرێت، ئێمە دەتوانین لەڕێگای ڕۆمانەوە کلتوور و ڕووداوەکانی مێژووی خۆمان تۆمار بکەین و بۆ خۆمان و دەرەوەی خۆمان نمایشی بکەین، هەروەها ڕۆمانەکانمان دەکرێت ببنە کەرەستەی هونەر، کە من ئەم خاڵە زۆر بەگرنگ دەزانم، هەموو چیرۆکێک، یان ڕۆمانێک پێویستە ئەوەندەی لەباردا بێت کە ببێتە کەرستەی هونەر. هەروەها بە ژانری ڕۆمان دەتوانین ناوماڵ و کولتوور و زمان و فەرهەنگی کوردی ڕێکبخەینەوە، بەمەرجێک بتوانین خوارییەکانی نێو کتێبە کۆنەکان دووبارە




لەڕۆمانە نوێکانماندا ڕێک بخەینەوە، یان وەکو پێویست پیرۆزییەکان تێک بشکێنین. کە ئەوەیش سەلیقە و دەرکی دەوێت.

بێجگە لەوەی بۆ نمایشکردنی دەرەوەی خۆمان نووسینی ڕۆمان زۆر گرنگە، کە ئێمە دەتوانین بەتەنها یەک ڕۆمان، کولتوور و فەرهەنگی خۆمان بەجیهانی دەرەوەمان بناسێنین. هەڵبەتە ئێمە پێویستە بەچاوێکی دی لەهونەری گێڕانەوە بڕوانین، کە ڕۆمان گرنگترین ژانری ئەو هونەرەیە، کە ئایا نووسەر دەتوانێت تەنها لەڕێگای ڕۆمانەوە چەمکێک لەبەسەرهاتەکانی نیشتمان و دەرەوە پێکەوە گرێبدات؟ بۆ ئەو مەبەستە ڕۆمان یەکێکە لەو ژانر و شێوازە هونەرییانەی کە زۆر پێویستن، بەڵام هەرچەندە ئێمە لەبوارەکانی دیکەدا خاوەنی دەیان هونەرمەندی بەسەلیقەین، کە ئەزموونی ئێشکردنیان بێوێنەیە، هەموو نووسەران و هونەرمەندانی تاراوگەنشین، هەرکەسە و بەگوێرەی توانا و سەلیقەی خۆی، بەردەوام لەنێوان ئەوسای نیشتیمان و ئێستای تاراوگەدا خەریکی بەراورد کردنین، یان پێکەوە گرێدانین، هەروەها لەهەموو کارێکی هونەریدا ئیتر لێرەدا زیاتر هونەری نووسینیشم مەبەستە، ئەزموونی ئێستای تاراوگە و ئەوسای نیشتیمان تێکەڵ دەکەین، چونکە بەگشتی ئەوە سروشتی نووسەر و مرۆڤە، ئەگەر ئێمە باس لەهونەری گێڕانەوە بکەین ئەوا... کاتێک بیردەکەینەوە، یان سەرقاڵی نووسین دەبین، یان ڕۆژانە بەرکەوتەمان دەبیت و بەردەوام دەگێڕینەوە... لەتێکەڵەیەکە لەوسای نیشتیمان و ئێستای تاراوگە پێک دێت، چونکە مرۆڤێک بەتایبەتی نووسەرەکان، ڕابووردوومان لەکۆڵەپشتەکەماندایە و

**کێشەی جوو تاقانەترە لەکێشەی کورد، بەڵام هاوکات کێشەی کوردیش خۆی لە ناوچەکە بڕێکی زۆر تاقانەیی بەردەکەوێت هەردوولا هەم کورد و هەم جوو کەوتوونەتە بەردەم قڕکردنەوە**

**ئەگەر لە شارێکی وەکو هەولێر، یان سلێمانیدا، کەس ئامادە نەبوو دە هەزار، یان زیاتر بدات بەپسوولەی چوونە نمایشی شانۆیەک، یان پێنج هەزار، یان زیاتر بدات بەکتێبێک، ئەوا نە شانۆکە و نە کتێبەکە پێویستی ژیانی ئەو شار و کۆمەڵگەیە نییە و هەبێت، یان نەبیت هیچ سودێک بەخەڵکی ئەو شارە ناگەیەنێت**

بەردەوام لەوێوە خەیاڵمان سەرچاوە دەگرێت.

**– تۆ تاچەند بوێر و راستگۆ بوویت لەگێڕانەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکاندا؟**

+ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە نامەوێت خۆم لێرەدا هیچ بڵێم، بەڵکو ئاوێنەی دڵی ئەوانی ترت پیشان دەدەم، یان ڕوونتر ڕای ئەوانی تر، بەتایبەتی لەسەر ڕۆمانی نیشتمانی سارا، بۆ نموونە؛ ئەم چەند دێڕەی نووسەر و شانۆکار نیهاد جامی، کە لەبارەی ڕۆمانی نیشتمانی سارا نووسیویەتی: (تێکستی ئەدەبی نووسینەوەی مێژوو نییە، بەڵکو تێکشکاندنەوەی مێژووە، وەک ئەوەی زمان وێنای دەکات، نەوەک وەک ئەوەی ڕووداوەکان ڕوو دەدەن، ڕووداوە مێژووییەکان دەبنە زەمینەی ئیشکردنەوە بۆ ناو زمان، لێرەوە نووسەر کاری بەگێڕانەوەی مێژوو نییە، ئەوە گێڕانەوەیە وەک ئەوەی وێنای کارەکتەر دەکات ئاوا ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، هەڵبەت پەیوەندی نووسین بەمێژوو ئیشکردنەوەیە لەسەر چیرۆکی نەگێڕدراوە، نەوەک نووسینەوەی مێژوو کە تێکستی ئەدەبی بکات بەستایشی ڕابردوو، ڕۆمانی «نیشتمانی سارا»ی میران ئەبراهام دەگەڕێتەوە ناو مێژوویەک کە لەیادەوەری مرۆڤی کوردی دەردەهێنرێت، وەک بەشێک لەناو خۆی سەیری ناکرێت، بەڵام ئەو دێت ئەو بەشە لەیادەوەری دەگەڕێنێتەوە ناو ئەو مێژووە، چونکە ئەوانیش بەشێک بوون لەو زەمەنە).

هەروها ئەمەش برگەیەکی کورتە لەو لێکۆڵینەوەیەی نووسەر پێشڕەو محەمەد: (بەگشتی فۆڕمێکی ڕۆمان دابەش دەبێتە سەر نەریتی گێڕانەوە و نەریتی ئاڵۆزی: واتا مێژوو و تیۆر. لەنەریتی گێڕانەوەدا مێژوو باڵادەستە و لەنەریتی ئاڵۆزیشدا تیۆر. بەشێکی زۆری ڕۆمانی کوردی کە هەوڵی بەفەلسەفی کردنی پاڵەوانەکەی دەدات، دەیەوێت بچێتە ناو برگەی ئاڵۆزییەوە، بەڵام نەریتی گێڕانەوە هەمیشە بەسەر نەریتی ئاڵۆزیدا باڵادەستە، چونکە زۆربەی کات ڕۆماننووس هێڵی گێڕانەوەی پاڵەوان باڵادەست دەکات، لەو ڕووەشەوە کە دەیەوێت پاڵەوان لەواقیعی کۆمەڵایەتی داببڕێت، دەیەوێت پێگەی بۆ تیۆرەیەکی ڕووت بەرز بکاتەوە. ڕۆمانی «نیشتمانی سارا» لەنێوان مێژوو و یادەوەریدا دێت و دەچێت، مێژوو وەک نەریتی گێڕانەوە و یادەوەری، وەک نەریتی بونیادنانی تیۆر.


مادام تێمای ڕۆمانەکە پرسی جووە، ڕۆماننووس ناتوانێت خۆی لەقەرەی هەردووکیان نەدات، بەڵام دەبێت وریا بێت لەوەی پێی نەخزێتە ناو مێژووەوە، واتا مێژوونووسییەوە، چونکە هەمیشە مێژوونووس خیانەت لەچەمکی یادەوەری دەکات. لێرەدا بۆ ئەوەی نموونەکەم ڕاستەوخۆ لەپەیوەندیدا بەڕۆمانەکەی ئەبراهامەوە ڕوون بکەمەوە، کە پەیوەندی بەهەمان تێماوە هەیە، دەگەڕێمەوە سەر نەریتی نووسینەوەی مێژوو و گێڕانەوەی یادەوەریی پرسی جوو).

هەروها لەهەمان لێکۆڵینەوەدا پێشڕەو محەمەد دەڵێ: (هێڵی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی میران ئەبراهام لەسەر هەمان تەریب و پاراڵێل دەڕوات، قەیران و کارەساتی جووەکانی کوردستان و عێراق بەدابڕاو نازانێت لەهەمان ئەو قەیرانەی لەناو دڵی پێشکەوتووترین سیستەمی کولتووری و شارستانێتیی ئابووریی و تەکنەلۆژییەوە سەری هەڵدابوو. ئەگەرچی ئەبراهام هەوڵدەدات سەرەڕای بە «تاقانەیی کێشەی جوو» نیشان بدات، بەڵام هێشتا بەهۆی زۆرترین جەختکردنەوەی لەسەر نیشتمانی سارا دەیەوێت هاوکات ئەم کێشەیە تەریب بکاتەوە لەگەڵ کێشەی کورددا. هەم ڕاستی و هەمیش کێشە لەم نەریتی گێڕانەوەیەدا هەیە.

کێشەی جوو تاقانەترە لەکێشەی کورد، بەڵام هاوکات کێشەی کوردیش خۆی لەناوچەکە بڕێکی زۆر تاقانەیی بەردەکەوێت. هەردوولا هەم کورد و هەم جوو کەوتوونەتە بەردەم قڕکردنەوە، بەڵام قڕکردنی جوو لەسەردەمی نازییەکاندا و بە یۆلۆژییکردنی ڕاسیزم،

کارێک بوو هیچ کات ئەوانەی هەوڵی قڕکردنی کوردیان داوە، بیریان لێ نەکردۆتەوە. نازیزم دەیویست سەرجەمی جوو لەناو بەرێت. هەڵبەت سەرەتا بەسێ قۆناغدا تێپەڕدەبێت: قۆناغی یەکەم بەداگیرکردنی پۆڵەندا دەست پێ دەکات و بەکردنەوەی گیتۆی وارشۆ (ڤارشاو) دەست پێ دەکات کە هیتلەر و نازیزم دەیانەوێت سەرجەمی جووەکانی ئەوروپا لەو گیتۆیەدا نیشتەجێ بکەن، ئەم قۆناغەدا ڕووبەڕووی کێشەی زۆر دەبێتەوە، لەوانە کێشەی سەرهەڵدانی تاعون و پەتاکانی دیکە لەناو گیتۆکەدا، بێ شوێنی، ناچاربوون بەدابینکردنی خۆراک، ترسی کۆمەڵگای پۆڵەندیی و دواجار یاخیبوونی ناو جووەکان، زەروورەتی قۆناغی دووەم لە ١٩٤١ بەپرۆژەی باربارۆسا، یان هێرش بۆ سەر یەکێتیی سۆڤێت لەلایەن نازییەکانەوە دێتە ئاراوە، چونکە پێیانوابوو بەداگیرکردنی خاکی بەرفراوانی ڕووسیا دەتوانن هەموو جوو و سلاڤییەکانی ئەوروپای خۆرهەڵات لەوێ نیشتەجێ بکەن و دەست بکەن بەئەڵمانیکردنی ناوچە داگیرکراوەکان، دوای شکستی هێرش بۆ سەر ڕووسیا، زەروورەتی قۆناغی سێیەم دێتە ئاراوە کە لەمێژوودا بە «دوایین چارەسەر» یاخود «چارەسەری دوایی پرسی جوو» ناسراوە. واتا قڕکردنی یەکجارەکیی سەرجەمی جووەکان بەمنداڵ، ژنان و پیاوانەوە. ئامادەکردنی ژوورەکانی خنکاندن و پاشان سووتاندنیان لەکورەکاندا.

ئەوەی من دەربارەی نووسیومە، تەنها هاتووم بەسەلیقە و دەرکێکی جیاواز و دوور لەکاریگەری سیاسی، یان ئایدۆلۆژیا کارم لەسەر مێژوویەک کردووە، کە هەموومان بیستوومانە و پێشینانمان شایەتحاڵی بوون، پاشان من خواروخێچییەکانی ئەو مێژووەم بەهێزی هونەری گێڕانەوە ڕاست کردوونەتەوە و دووبارە لەفۆرمی ڕۆمانێدا نمایشم کردۆتەوە، یان جیاواز لەنووسەرەکانی سەردەمی خۆم و ئەوسا پیرۆزییەکانم بەشێوازێکی دی تێک شکاندووە.



**– ئاخۆ کولتوورێکی دیارکراو کاریگەری بەسەر هەست و نەستەکانی ئێوە هەبووە؟**

+ بێگومان، چونکە هەموومان، ئیتر مەبەستم تەنها لەنووسەر و هونەرمەندەکان نییە، بەڵکو هەموو تاکێکی نێو کۆمەڵگە کەرەستەی سروشت و چواردەورەکەی خۆیەتی، ئەوەیش شتێکی زۆر سروشتییە، پاشان ئەزموونی ژیان بڕیاری ئەوەمان پێ دەدات کە هەمووومان لەئاستی بیرکردنەوەدا ڕەنگێکی جیاواز بنوێنین و لەسەر هەموو بەرکەوتەیەک ڕای جیاوازی خۆمان هەبێت، بەمەرجێک توانیبێتمان ئاستی هەستەکانمان هەڵکێشین بەرەو خۆی، مەبەستم درکە... کە لەتوانای بینین و بیستن و بەرکەوتن و بۆنکردنەوە زیاتر سەرچاوە دەگرێت. ئێمەی نووسەر ناتوانین هیچ لەدەرەوەی کات و مێژوومانەوە ببینین، نایشتوانین بڵێین ئەوەی ئێمە دەینووسین پێشتر کەس بیری لێ نەکردۆتەوە، کەواتە من یەکەم کەس بووم! ئەوە ڕاست نییە، پێدەچێت لەفۆرمدا جیاوازبین و نوێگەری بکەین، بەڵام لەناوەڕۆکدا ئەو پارچە و کەرەستەیەی تەواوی فەزای نێو چیرۆک و ڕۆمانەکانی پێ دروست دەکەین، لەمێژووی بەرەوتن و بیستنمانەوە هێناومانە، کە ڕەنگێکی دی دەکەین بەبەردا و وەکو گوتم؛ لەفۆڕمێکی دیدا دووبارەیان دەکەینەوە.

هەروەها من بێجگە لەکولتوور و فەرهەنگی کوردی، کە ئەم دە ساڵەی دوایی زۆر پێوەی سەرقاڵ بووم، پێدەچێت ئەم چەندیین ساڵەی دوایی تەمەنم کە جیاواز لەجاران و بەئاگاییەوە لەهۆڵەندا دەخوێنمەوە و ئەزموونی ژیان دەکەم، بەمەبەست بەدوای

**لەڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا منّ باس لەکەسانێک دەکەم کە لەمێژوودا بەشێک بوون لەدانیشتوانی ئەو نیشتمانە، کەواتە ئەوە ئیشی منە لەکاتی نووسین و دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەیش خۆم بەبەشێک لەوان بزانم کە ئەوانیش جووەکانی کوردستان، بەتایبەتی شاری سلێمانین.**

فۆرم و شێواز و ناوەڕۆکی هونەردا گەڕابم، پێدەچێت کاریگەرییان لەسەر خەیاڵم هەبووبێت و لەنووسینەکانمدا ڕەنگیان دابێتەوە. من ئەوە بەپرۆسەیەکی زۆر سروشتی دەزانم.

**– لەڕۆمانەکانتا تا ڕادەیەک جۆرێک لەکولتوور و کەلەپوورێکی دیارکراو هەست پێدەکرێت، بەتایبەت لەڕۆمانی نیشتمانی سارادا؟**


+ لەکوردستاندا ئێمە بەخۆشحاڵییەوە خاوەنی کەلەپورێکی دەوڵەمەندین، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو کەمە نەتەوایەتییانەی هەزاران ساڵە لەسەر ئەو خاکە بوونیان هەیە، منیش وەکو نووسەرێک خۆم بەخاوەنی هەموویان دەزانم، چونکە لەپەروەردەکەمەوە فێری ئەوە بووم، کە کاریگەری هیچ ئایدۆلۆژیایی، یان کولتوورێکی تایبەتیم بەسەرەوە نەبێت، هەروەها ئەزموونی ژیان و دنیا بینیم فێری ئەوەی کردووم، کە وەکو نووسەر بیر بکەمەوە و خاوەندارێتی لەو کەلەپورە بکەم، کەواتە پێدەچێت لەداهاتوودا لەسەر هەموو ئەو پارچە و کەلەپووری کەمە نەتەوایەتییانەی نەتەوەکەم بنووسم، چونکە من وەکو کوردێک بەشێکم لەوان و مێژووی ئەوان بەهی خۆم دەزانم. وەکو نووسەرێک بەردەوام شەڕی ئەوە دەکەم کە لەکوردستاندا دین و ڕەگەزنامەمان نییە!

لەڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا من باس لەکەسانێک دەکەم کە لەمێژوودا بەشێک بوون لەدانیشتوانی ئەو نیشتمانە، کەواتە ئەوە ئیشی منە لەکاتی نووسین و دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەیش خۆم بەبەشێک لەوان بزانم کە ئەوانیش جووەکانی کوردستان، بەتایبەتی شاری سلێمانین.

ئەگەر لەداهاتوودا من کتێبێک لەسەر ئێزدییەکان بنووسم، ئەوا بەڕۆح و بەجەستەم دەبم بەیەکێک لەوان و دەچمە پەرستگاکانیان و ئاگر دەکەمەوە و نزاکانیان دەخوێنم، هەروەها ئەگەر مەلایەکی بەواتا کوردییەکەی دوانزە عیلم ببێتە کەراکتەری نێو ڕۆمانێکم، دەچمە نێو بەرگی و لەبری ئەو شایەتومان دێنم و ڕۆژی پێنج جار ڕوو لەقیبلەکەی ئەو دەکەم، تاوەکو بەڕۆح ئەزموونی ژیان و کەسایەتی ئەو مەلایە بۆ هونەری نووسین بەرجەستە بکەم، ئەوەیش پرەنسیپی نووسینە، من لەبوارەکەی خۆمدا خۆم بەکەسێکی ئیدیالیست دەزانم، کە بۆ خوڵقاندنی فەزای ناو هونەری ڕۆمان پێویستە، هەروەکو چۆن لەگەڵ ڕۆحی بەئازاری مەستوورەدا کە کەراکتەرێکی ژنی نێو ڕۆمانێکمە دڵم پڕبووە لەگریان و لەگەڵیدا ژیاوم، دەتوانم بڵێم ئەوە خۆم بووم وەکو ژنێکی لیقەوماو و بەجێماوی دوای تاوانی ئەنفال ئازارم چەشتووە، ئەوە کەراکتەری منێکی نووسەرە لەو ڕۆمانەمدا وەکو ژن خوێنم لەبەر دەڕوات و ئازاری ژنێتی دەکێشم.

**– (لەنیشتمانی سارا)دا ڕەخنە لەنوخبەی ڕووناکبیری کورد دەگرێت، کە لەپرسی چەوساندنەوەی جووەکانی سلێمانی بێ دەنگ بوون. بەتایبەت ئەو نوخبەیە بەچەپ و ڕاست و نەتەوەیی و عیلمانیانییەکانیشەوە، ئایا پێت وایە بێ هەڵوێستیان نیشان داوە و هاوبەشی خەم و ئازارەکانی جووەکانی کوردستان بەتایبەت سلیمانی نەبوون؟**

+ ئەوە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە، کە لەهەموو مێژووی فەرهەنگی کوردیدا بگەڕێ کەسێک خێرخوازێک نووسەرێک ئیماندارێک بێت و تەنها سەرەقەڵەمێک دەربارەی دەرکردنی بەکۆمەڵی جووەکان نووسیبێتی، نەک هەر ئەوە بەڵکو بەواتا کوردییەکەیش بێت، ناویان لەکولەکەی تەرێشدا نەهاتووە، بەچاک و بەخراپ کەس ناوی نەهێناون، نە لەکتێبە مێژووییەکاندا و نە لەچیرۆک و ڕۆمان، تەنانەت شاعیرەکانیش دێرێکیان بۆ نەنووسیون، لەکاتێکدا سلێمانی و هەولێر، ئەگەر ئێمە ئەو دوو



**ئەگەر لەداهاتوودا من کتێبێک لەسەر ئێزەدییەکان بنووسم، ئەوا بەرۆح و بەجەستەم دەبم بەیەکێک لەوان و دەچمە پەرستگاکانیان و ئاگر دەکەمەوە و نزاکانیان دەخوێنم**

شارە بەنموونە بێنینەوە، کە لەشەو و رۆژێکدا گەڕەکێکی گەورە لەهەردوو شارەکە چۆڵ دەبێت، دەی نابێت ئێمە بپرسین ئەو خەڵکە چییان لێهاتووە، گریمان ئەمانە بۆ سەیران چوون و بەڵام بەرێکەوت نەگەڕاونەتەوە، نابێت هەڵوێستەیەک بکەین و پرسیارێکمان لەلا دروست بێت، نەدەبوو هەستی ناسکی شاعیرێکی رۆمانسی یان شۆڕشگێڕ بهەژێنێت، ئەوە جێگای پرسیارە، پرسیار لەسەر هەست و نەست و ئاستی بیرکردنەوەی تەواوی کۆمەڵگایەک، ئیدی لەژێر هەرچ کارگەریەکدا بێت.

من لێرەدا باس لەهەڵوێستی سیاسی ناکەم، چونکە لەوانەیە ئەوە لەسەردەمی خۆیدا ئەستەم بووبێت، بەڵام بۆ نموونە لەو گەڕەکەی کە وەکو من لەخۆتم بیستووە لێی لەدایک بویت، گەڕەکی تەعجیلم مەبەستە، داگیرکەر دێن و ناوی گەڕەکەکە لەجولەکانەوە دەگۆڕن بۆ تەعجیل، کە هەموومان دەزانین ئەو ناوە واتای چییە، کەچی دوای نەمانی ئەو داگیرکەرە ئێمە هێشتا بەخۆشحاڵییەوە بە (تەعجیل) ناوی دەبەین، ئەمەیش بۆخۆی جێگای پرسیارە.


پاشان دوای ئەوان کە ساڵی ١٩٥٢ دەکات ئەو مێژووە چەندین جار خۆی دووبارە دەکاتەوە، بۆ نموونە؛ فەیلییەکان کە لەجووەکانیان خراپتر لێ بەسەر هات، بەبێ ئەوەی ئەو تاوانانە لەفەرهەنگ و زمانی ئێمەدا مافی خۆیان پێ بدرێت، من لێرەدا ناموێت باسی مێژووی جینۆسایدی ئێزەدی و کاکەییەکان بکەم، ئەگینا باسەکەمان زۆر هەڵدەگرێت، پاشان بەدەیان کتێبی وەکو رۆمانی نیشتمانی سارا خواری و چاڵ و چۆڵییەکانی ئەو مێژوومان پڕنابێتەوە.

دیسان ئەوە دووبارە دەکەمەوە؛ کە رۆمانی نیشتمانی سارا، ئاوێنەیەکی روونە، کە لەرابووردوودا لە کوچە و کۆڵانەکانی شاردا هەڵواسرابوون و دیمەنەکانی بۆ تۆمار کردووین، کە ئێستا من هێناومە و لەفۆرمی رۆماندا تۆمارم کردوون و سەرلەنوێ پیشانی خوێنەری نەوەی نوێی کوردی دەدەمەوە.

**- لەدوا رۆمانتدا (خەمی مەستوورە) کە پارساڵ لەشاری سلێمانی چاپ بوو، باس لەکۆژان و ئازاری ژنە کوردێکی گەرمیانی قوربانی پرۆسە بەدناوەکی ئەنفال دەکەیت. تاچەند توانیوتە ئەم رووداوە گەورە نامرۆڤایەتییە تەنها لەخەمی ژنێکی گەرمیاندا بەرجەستە بکەی؟**


میران لەگەڵ شێرزاد حەسەن

+ رۆمانی خەمی مەستوورە، رووداوەکانی بۆ ساڵی ١٩٨٨ دەگەڕێتەوە و لەناوچەی شوان روودەدەن، بەتەواوی گوندی دارەقوتە و پاشان جەلەمۆرد، لەخەیاڵی مەستوورەوە بۆ ناو رووداوەکان دەگەڕێینەوە، پاشان مەستوورە وەکو منداڵ چۆن لەساڵی ١٩٦٣دا شایەتحاڵی هاتنی حەرەس قەومییەکان بووە، ئەم کارەکتەرە دڵشکاو و برینداره بەرێکەوت لەشوقەکانی گەڕەکی ئیسکانی شاری هەولێر دەگیرسێتەوە، رووداوەکان لەشاری هەولێر روودەدەن و دیمەنی ئەو شارە دوای ساڵی ١٩٨٨ و تاوەکو رۆژانی راپەڕین و پاشان کۆڕەوی خەڵکی هەولێر، دیمەنی سەرقەڵاتێ و گەڕەکەکانی عەرەب و سەیداوە و کۆماری، بەتایبەتی ژیانی خەڵکی ئەو سەردەمەی دانیشتوانی شوقەکانی ئیسکان.




لەم ڕۆمانەدا سەرنجم لەسەر باری دەروونی کەسایەتیی مەستوورەیە، کەسایەتییەک کە ویستوومە بچمە نێو ڕۆحیەوە و ڕووداو و بەسەرهات و چەرمەسەرییەکانی ژیانی ئەو بگێڕمەوە. ژیانی ژنێک کە بەڕێکەوت، لەتاوانەکانی ئەنفال دەربازی بووە بەڵام ئەنفال دوور لەواتا مەیدانییەکەی. مەستوورە وەکو ژن، کە لەکۆمەڵگای کوردیدا هەردەم لەسێ ئاستدا کراوەتە ئامانج، ئیدی لەلایەن ئێمەی هاونەتەوەی خۆیانەوە بێت، یان لەلایەن کەسی دەرەکییەوە، یەکەم وەکو مرۆیەکی لاواز، دووەم وەکو کورد، سێیەم وەکو ژن، کە بەو واتایە بێت بۆ ئەوان ئەوسا و ئێستا و لەمێژوویەکی دووریشدا بەردەوام ئەنفال بەردەوامی هەبووە. هەروەها من زیاتر سەرنجم لەسەر باری دەروونی ئەوانە ڕاگرتووە کە لەو جینۆسایدە بەجێماون. هەروەکو چۆن بەمەبەست لەپشتی بەرگی ڕۆمانی خەمی مەستوورەدا نووسراوە: (ڕۆمانی خەمی مەستوورە، پێمان دەڵێت: هەر کەسێک، چ کورد بێ، یان عەرەب، چ فارس بێ، یان تورک، گوێی لەقسەی شایەتحاڵێکی تاوانەکانی ئەنفال گرتبێت، ئەگەر تۆزقاڵێک هەستی مرۆڤانەی تێدابێت، خۆی بێ ئەملا و ئەولا دەبێتە شایەتحاڵ).

مەبەستم لەشایەتحاڵ، ئەوەیە کە زۆربەی کات ئەوانەی پێیان دەڵێین شایەتحاڵ، کە مەستوورە و هەندێک کەراکتەری نێو ڕۆمانەکە شایەتحاڵن، هەروەها ئێمە و ئەو کەسانەی کە بەچاوی خۆیان، یان بەرکەوتەمان لەگەڵ تاوانی ئەنفالدا هەبووە، ئەگەر بەبارە سایکۆلۆژییەکەیدا لێی بڕوانین و واتای ئەو وشەیە شی بکەینەوە ئەوا هەموو شایەتحاڵێک؛ بێگومان ئەگەر تۆزقاڵێک هەستی مرۆڤانەی تێدابێت، یان هەستی مرۆڤانەی بەئایدیۆلۆژیایەک بارگاوی نەبووبێت، ئەوا بەبێ ئاگاداری خۆی کاریگەری نیگەتیڤی لەسەر باری دەروونی بەجێهێشتووە، دەتوانم بڵێم کە مردووەکان (ئەنفال کراوەکان) لەو شایەتحاڵانە بەختدارترن، چونکە بەواتا سروشتییەکەی ئەوانەی ئەنفال کراون، ئیدی بەهەرچی جۆرێک ڕۆحیان کێشرابێت، ئەوە مردوون و هەست بەگەورەیی و قێزەونی ئەو تاوانە ناکەن و لەگەڵ قێزەونی ئەو تاوانەدا ناژین، مەبەستم ئەوەیە ئەوان کۆتاییان پێ هاتووە، بەڵام ئێمەی لەدوای ئەوان بەجێماو (کورد) بەتایبەتی، ئیدی مەرج نییە کەسوکارمان بن، بەڵکو وەکو نەوەی سەردەمی ئەنفال و شاتەتحاڵێک بەردەوام و تاوەکو لەژیاندا مابین بیری لێ دەکەینەوە و ڕۆحمان ئازار دەچێژێت، هەروەکو چۆن لەجێگایەک لەم جیهانەدا کاتێک تاوانکارییەکی لەو جۆرە قێزەون ڕوودەدات، دوای ئەوەی لەڕێگای میدیاکانەوە هەموو مرۆڤایەتی هەواڵەکە دەبیستێت، ئەوا تەپوتۆزی ئەو وزە نەگەتیڤە لەسەر ڕۆحی هەموو مرۆڤایەتی دەنیشێت، دیسان ئەوە دەڵێمەوە، ئەگەر ئەو مرۆیە باری دەروونی تەواوبێت و تۆزقاڵێک هەستی مرۆڤانەی تێدابێت.

**- ئاگادارم هەر لەتەمەنی ١٠ ساڵییەوە لەگەڵ باوکی کۆچ کردووت لەوڵاتی هۆڵەندا گیرساویتەوە، خوێندن و پەروەردە و نووسینت هەر بەو زمانەش بووە، تا چەند هەوڵت داوە بەزمانی هۆڵەندی بنووسیت بەتایبەت ئێوە سێ بەشی ژیانتان لەو وڵاتە بردۆتە سەر و بۆتە نیشتمانی یەکەمتان، لەکاتێکدا ئەوەندەی من ئاگادارم بەرهەمت بەزمانی هۆڵەندی نووسیوە و بەچاپیشت گەیاندووە. مەبستم تا چەند ڕووداو و کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە پەیوەندییان بەکۆمەڵگای کوردستانەوە هەیە؟ هەروەها لەڕۆمانی شەوگەڕەکاندا کارەکتەر و ڕووداوەکان، کات و شوێنی پەیوەندییان بەکوردستانەوە نییە؟ من وای تێگەیشتووم، بۆچی؟**

+ ساڵی ٢٠٠٤ کۆمەڵە چیرۆکی گۆڕهەڵکەنەم بەزمانی هۆڵەندی بڵاوکردەوە، ئەویش نە چاپەکەی و نە شێوازی بڵاوکردنەوەکەی بەدڵی خۆم نەبوو، پێدەچێت ئەوسا پەیوەندی بەئاستی بیرکردنەوە و باری دەروونی خۆمەوە هەبووبێت، لەبەر ئەوە بەپێویستی دەزانم لێرەدا باسێک لەسەر ئەو ساڵانە و بەتایبەتی ڕۆمانی شەوگەڕەکان بکەم، داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر درێژەی پێبدەم، هەروەها وەکو ئەزموونی نووسینی منیش دەتوانرێت بخوێنرێتەوە.

**وەکو نووسەرێک بەردەوام شەڕی ئەوە دەکەم کە لە کوردستاندا دین و ڕەگەزنامەمان نییە!**

زیاتر لە (١٠)ساڵ سکێچی ئەو ڕۆمانەم لە خەیاڵدابوو، تاوەکو ئەو ڕۆژەی بیرۆکەکەیم لەگەڵ هاوڕێیەکم لەچاپخانەیەکی ئەمستردام باسکرد، بەبیرم دێت، کە پێی گوتم: بینووسە و من بەچاپی دەگەیەنم، منیش لەوەڵامدا پێمگوت، کە لەماوەی شەش مانگدا دەینووسم، بەڵام نووسینی زیاتر لەدوو ساڵی پێچوو، ئەویش هۆکارەکەی ئەوە بوو، کە من نەمدەویست ئیتر کتێبم بەزمانی هۆڵەندی بڵاوبێتەوە، ئەوەبوو، کاتێک ئەو کێشەیەم لەگەڵ کەسێکی نزیکی خۆمدا باسکرد، دیاربوو ئەوانیش هەستیان بەوە کردبوو، بەڵام دڵیان نەهاتبوو پێم بڵێن، کە من غەریبی زمان و فەرهەنگی کوردی دەکەم و ناتوانم هەروا بەئاسانی بۆ زمانی هۆڵەندی پەراوێزی بخەم.

تاوەکو ڕۆژێک بەڕێکەوت لەجێگایەک ڕێگام کەوتە کتێبخانەیەک و گوێبیستی یەشار کەمال (نازانم لێرەدا بنووسم نووسەری تورک یان کورد) کە بەڕای خۆی ڕەوا نییە پێی بوترێت نووسەری کورد، چونکە ئەو خۆی واتەنی بەتورکی بیردەکاتەوە و خەون دەبینێت و دەنووسێت، کەواتە وەکو ڕێزێک بۆی یەشار کەمالی نووسەری تورک کەوت، ئەو ئامۆژگاری کردم کە مادام لەسەرەتادام پێویستە بتوانم گوێ لەدڵم بگرم، کەواتە بزانم چ زمانێک زۆر لەدڵمەوە نزیکە.

لەکاتێکدا من تەواو ئامادەبووم، وەکو زمان و توانای تەکنیکی هونەری گێڕانەوە کە بەهۆڵەندی بنووسم، بەڵام هەرچەند هەوڵم دەدا نەمدەتوانی دڵی خۆم ڕازی بکەم و ڕۆژ بەڕۆژ باری دەروونیم تێکدەچوو، بەتایبەتی ساڵی ٢٠٠٦ کاتێک باوکم مرد، ئیتر تۆزێک ساردبوومەوە


فەریدون لە دیداریدا لەگەڵ میراندا


و بەردەوام خۆم لەنووسین دەدەدزییەوە و پرسیاری ئەوەم لەخۆم دەکرد: ‹ئایا من بۆ کێی بنووسم، کێ دوایی ئافەرینم بکات!›

ئەو ساردبوونەوەیەم زیاتر لەپێنج ساڵی پێچوو، پاشان کاتێک توانیم پەیوەندییەکی خەیاڵی و دەتوانم بڵێم ڕۆحیم لەگەڵ باوکمدا دروست کرد، بەواتایەکی دی مردنەکەیم قبوڵ کرد و باوەڕم بەوە هێنا، کە کەسەکانمان کاتێک لەپێش چاومان نامێنن دێنە ناو دڵمانەوە، یان بەردەوام لەگەڵماندا دەژین، بێگومان تاوەکو بتوانین یادی ئەوان بکەینەوە. ئەوکات هەستم دەکرد ئەو بەردەوام لەجێگایەکەوە یان لەخەیاڵمدا ئامادەیە و هەرچییەک بکەم لەژیانمدا ئەو چاوی لێیەتی و ئافەرینم دەکات، چونکە دایم و تاوەکو ئەم ساتەش هەست دەکەم میرانە منداڵەکەی جاران لەناو مندا ئامادەیە و گەلێک جار سەرەڕۆیی و لاساری دەکات، بەڵام هەندێک جاریش

کاتێک شتێک ئەنجام دەدات چاوەڕوانی ئەوەیە کەسێک، بەتایبەتی باوکێک دەست خۆشی لێبکات یان چەپڵەی بۆ لێبدات.

ئەوە من لێرەدا ئەوە دەدرکێنم کە من هیچم لەبەر ناڕوات تاوەکو بەچواردەوری خۆمدا نەڕوانم

**ڕۆمانی خەمی مەستوورە، پێمان دەڵێت: هەر کەسێک، چ کورد بێ، یان عەرەب، چ فارس بێ، یان تورک، گوێی لەقسەی شایەتحاڵێکی تاوانەکانی ئەنفال گرتبێت، ئەگەر تۆزقاڵێک هەستی مرۆڤانەی تێدابێت، خۆی بێ ئەملا و ئەولا دەبێتە شایەتحاڵ.**



و پاشان چاوەڕوانی دەنگی ئافەرین، یان چەپڵەم گوێ لێ نەبێت، هەڵبەتە خوێنەر نابێت ئاوا تێبگات کە من ڕۆحێکی پۆپۆلیستیانەم هەیە، نەخێر من تەنها مەبەستم لەکەسێک، یان دووانە، کە حەزم دەکرد لەژیاندا بمانایە، پاشان لەئاستی یەکەمدا من بۆ ئەوان و بۆ خۆم دەنووسم، ئەویش لەبەر خاتری ڕازی کردنی دڵی خۆمە، نەوەک من ڕۆژێک لەڕۆژان منەت بەسەر خەڵکی میللەتەکەی خۆمدا بکەم پێیان بڵێم من لەپێناوی ئێوە و بۆ ئێوە دەنووسم، لێرەدا من داوای لێبووردن لەهەمووان دەکەم، بەڵام دوای ئەوەی دڵی خۆم ڕازی کرد بەبێ منەت نووسینەکانی خۆم کە بەرهەمی خەیاڵی خۆمن لەگەڵ ئێوەدا بەشی دەکەم، هەرچەندە تاوەکو ئەمڕۆیش لەناو زمان و فەرهەنگی کوردیدا خۆم بەنامۆ دەزانم، وەک چۆن لەهۆڵەندا و ئەورووپایش بەهەمان شێوە، من لەهۆڵەندا هەردەم بەخەڵکی دەڵێم کە هۆڵەندا وڵاتی منداڵەکانمە، تاوەکو لەژیاندا مابم حەزدەکەم لەنزیکی منداڵەکانم بژیم. یان بەردەوام لێرەبم و لەوێشبم، وەکو مەلەکان چۆن هەموو ساڵێک لێرە و لەوێ گەرمیان و کوێستان دەکەن.

لێرەدا ویستم باسی خەیاڵ و شێوازی نووسینی ئەم ڕۆمانە (شەوگەڕەکان) تان بۆ بکەم، کە دەردی هۆڵەندییەکان دەڵێن، خوێن و عارەقە و فرمێسکم لەپێناویدا ڕشتووە، بەڵام دەتوانم بڵێم؛ کە بەزیادەوە پاداشتەکەیم وەرگرتۆتەوە، ئەویش کە ئێستا دەیبینم بەزمانی کوردی یەکێکە لە کتێبە زۆر خوێنراوەکان، بەتایبەتی لەلایەن گەنجانەوە،

**کتێب و هونەر بەهەموو فۆڕم و شێوازەکانییەوە وەکو نان گرنگە، خەڵکی کوردستان دەبێت ئەوە بکەنە پرەنسیپی خۆیان و هونەر و ئەدەب بەپێویستییەکی گرنگی ژیانیان بزانن**

ئەوە بۆ منێکی نووسەر زۆر دڵخۆشکەرە.

پاشان ڕۆمانی شەوگەڕەکان، لەساڵی ٢٠١٠ بەشێکی بەزمانی هۆڵەندی بڵاو بوویەوە، چەند هاوڕێیەکم کردیان بەشانۆگەری و دەوریان تێدابینی، کە ئەویش بەشی (خەنزیر)و دیمەنی سجنی یەکەمی مارتن لەقاهیرە بوو، کاتێک لەهۆڵەکە بووم و نمایش دەستیپێکرد، هەستێکی بێوێنەم هەبوو، بەجۆرێک کە پێشتر و هیچ کاتێک ئەو هەستەم نەبووە، پاشان دوای چەند ساڵێک بەشی (خوانی سەرەتان)ی لەگۆڤاری ئەدەبی سەردەمدا بڵاو بوویەوە، کە چەند خوێنەر و نووسەرێک سەرنجی خۆیان بۆ نووسیم، منیش هەستم بەجۆرێک لەبەختەوەری کرد، کە بەوە زۆر ڕازی بووم و لەکاتی خۆیدا بەزۆرم دەزانی، پاشان هەستم بەوە کرد کە لەڕێگای نووسینەوە دەتوانم جۆرێک لەبەختەوەری بۆ خۆم فەراهەم بکەم یان هەست پێبکەم.

ڕۆمانی شەوگەڕەکان کە لەڕاستیدا بۆ کۆمەڵگای هۆڵەندا نووسراوە، سکێچی پۆترێتی چەندین مرۆڤی کەنار گرتووە، پۆترێتێک کە لەڕەنگ و هێڵکاری و فۆڕمدا ئەبستراکتە و هونەریانە کاری لەسەر کراوە، بەهێزی خەیاڵ و تەکنیکی هونەری چیرۆک نووسین و حەوسەڵەی گێڕانەوە کەراکتەرەکان خوڵقێنراون و بەدەنگ و ڕەنگیان خۆیان نمایش دەکەن و بەسەرهاتی ژیانی خۆیان دەگێڕنەوە.

مارتن سەلەمۆ، گێڕەرەوەی چیرۆکەکە ئاشنامان دەکات بەهونەری ڕەنگ و هێڵکاری و ئەو پێیوایە ڕازاندنەوەی ماڵ و شوێنە گشتییەکان نەشاز و دیکۆراتیفن، توانای هەستەکانی مرۆڤ لاواز دەکەن و پاشان مرۆ ناچار دەبێت لێی هەڵبێت، مارتن خۆی نموونەی مرۆڤی بەهرەمەندە، گومانی لەهەموو شتێک هەیە و بەردەوام لەگەڕاندایە بەدوای نهێنی بووندا، بوونێک کە خۆی هەڵی نەبژاردووە. خودێک کە لەکۆتایی چیرۆکەکەدا زۆرشت لەدەست دەدات، بەڵام لەهەمانکاتدا بەهەموو شێوازێک ژیان دەپرژێنێت، شوێن لەم ڕۆمانەدا هێڵی سەرەکی و لاوەکی پێکەوە گرێدەدەن، سەرجەم کەراکتەرەکان جۆرێک لەپابەندبوونی ڕۆحیان لەگەڵ ماڵی سەردەمی منداڵییاندا هەیە و بەردەوام بەخەیاڵ و پاشان بەجەستە بۆی دەگەڕێنەوە،

سامان خدر یەکێکە لەو مرۆڤە کەنارگرتووانەی دووری لەزێدی خۆی کاریگەرییەکی وایان لەسەر هەست و خەیاڵی ئەو کردووە، کە لەژیانیدا بێجگە لە کێشانی سکێچی شوێن و ڕووداوەکانی ڕابووردووی کە شاری کەرکوکە، ژیانی ئێستای هیچ مانایەکی لای ئەو نەماوە و لە تاراوگە بێسەر و شوێن دەبێت و سەدان تابلۆ لەپاش خۆی بەجێدێڵێت، کە هەموویان دیمەنی سەردەمی منداڵی ئەون.

شەوگەڕەکان چیرۆکێکە لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی، گەڕانی بێوچانە بەدوای نهێنی بوونی خود و پیرۆزی شوێندا، خودێک، کە پێویستە تێبگات ژیان و مردن دوو وشەی تەواوکەری یەکترین و پێویست ناکات لێیان سڵ بکاتەوە.

لەکۆتاییدا کاریگەری هونەر بەتایبەتی لەسەر کەراکتەری سەرەکی، ڕەنگ و هێڵکاری و فۆرمی دیکۆری نێو ڕۆمانەکە، کە بەشێوازێکی ئەبستراکت و هونەرییانە خوڵقێندراوە، پۆرترێتی مرۆڤی بزرە لەچەندین کۆمەڵگای جیاوازدا، بەتایبەتی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی و بەراورد کردنی لەگەڵ ڕۆژئاوادا.

**- ئەدی ڕاتان چییە لەسەر چاپ و بڵاوکرنەوەی کتێب لەباشوری کوردستان؟ لەکاتێکدا لەکتێبخانەکاندا کتێبگەلێکی زۆر چاپ و بڵاودەکرێنەوە بەبێ پۆلێن کردن و جیاکرنەوەی ژانرەکان، بەتایبەتی بواری وەرگێڕان؟ ئایا وەکو پێویست خوێنەری کورد کتێبی لەبەردەستدایە؟**

+ لەبارەی چاپ و بڵاوکرنەوەی کتێب دەتوانم بڵێم ئاستێکی هەژارانە و کەمتەرخەمی پێوە دیارە، ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کتێب و فەرهەنگی هونەریمان بێ بەهایە، کەواتە لەو ڕووەوە دەتوانین بڵێین، ئێمەی نووسەران و هونەرمەندانی شانۆ و سینەما و شێوەکارانیش بەتایبەتی، شەڕێکی خۆکوژی دەکەین، چونکە لەنێو هەرچ کۆمەڵگەیەکدا هونەر بەهای نەبوو، کە مەبەستم لەهونەری نووسینیشە، ئەو کۆمەڵگەیە پێویستییەکانی ژیانی تێدا نییە، بۆ نموونە ئەگەر لەشارێکی وەکو هەولێر، یان سلێمانیدا، کەس ئامادە نەبوو (١٠)هەزار، یان زیاتر بدات بەپسوڵەی چوونە نمایشی شانۆیەک، یان (٥) هەزار، یان زیاتر بدات بەکتێبێک، ئەوا نە شانۆکە و نە کتێبەکە پێویستی ژیانی ئەو شار و کۆمەڵگەیە نییە، هەبێت، یان نەبیت، هیچ سودێک بەخەڵکی ئەو شارە ناگەیەنێت، ئیدی پێویست ناکات لێرەدا باسی نەبوونی و دەسەڵات و بێ ئیشی خەڵکی هەژار و دەوڵەمەند بکەم، من باس لەکۆدی ڕەوشتی ئەو خەڵکە دەکەم ئیدی ئێستا بێت، یان ئەوسا، دەوڵەمەند بن، یان فەقیر، هیچ لەباسەکەمان ناگۆڕێت، چونکە کولتوور و فەرهەنگی هونەری لەلای ئەو خەڵکە هیچ بایەخێکی نییە، لەکاتێکدا کە بۆ شار و کۆمەڵگا کتێب و هونەر بەهەموو فۆرم و شێوازەکانییەوە وەکو نان گرنگە، خەڵکی کوردستان دەبێت ئەوە بکەنە پرەنسیپی خۆیان و هونەر و ئەدەب بەپێویستتییەکی گرنگی ژیانیان بزانن، کە وەکو کۆمەڵگا پێشکەوتووخوازەکان، بۆ کڕینی کتێبێک ئیشی بۆ

**ڕۆژنامە و گۆڤار و میدیاکان دابەش بوون بەسەر شار و پارت و ئایدۆلۆژییەکاندا، هەروەها هەندێک جار دەبێت بەختت هەبێت تۆی نووسەر لەو جێگایانە هاوڕێ یان دۆستێکت هەبێت، ئەگەرنا کتێب، یان بەرهەمەکەت ناوی ون دەبێت**

بکەن و قەرزی بۆ بکەن، بەکوردییەکەی لەدەمی خۆی بگرێتەوە بۆ کتێب، وەکو چۆن بۆ نانی ژەمێک ئامادەن قەرز بکەن و بچنە سەر جادە و دەست پان بکەنەوە، لەکاتێکدا لەکوردستان، تیراژی چاپی کتێب لەهەژارترین و دواکەوتووترین وڵاتی جیهان نزم ترە، ئەوە پەیوەندی بە بارگرانی ئێستای ئەو خەڵکەوە نییە، بەڵکو ئەوە بۆ سەدەیەک دەچێت هەر ئاوابووە.

هەندێک کتێب هەیە بەیارمەتی دەزگا و کۆمپانیا چاپ دەکرێن و بەبەلاش دەبەخشرێنەوە، لەڕاستیدا ئەمە کولتوورێکی نەشاز و دەتوانم بڵێم بێ بەها کردنی کتێبە، ئەگەر کتێب وەکو کاڵایەکیش سەیر بکەین، ئەگەر کاڵایەک داواکاری لەسەر نەبوو، کەواتە پێویست نییە درووست بکرێت، مەبەستم ئەوانە نییە کە کتێب چاپ دەکەن و لەئاستی ناوەڕۆکی ناڕوانن و خێر بەسەر خوێنی فەرهەنگی میللەتێکەوە دەکەن، کە لەڕیکلامەکانیاندا نووسیویانە لەڕێگای خوادا، کە خوایش ئەو زوڵمە قبوڵ ناکات.

***داگیرکەر دێن و ناوی گەڕەکەکە لەجولەکانەوە دەگۆڕن بۆ تەعجیل، کە هەمووومان دەزانین ئەو ناوە واتای چییە، کەچی دوای نەمانی ئەو داگیرکەرە ئێمە هێشتا بەخۆشحاڵییەوە بە (تەعجیل) ناوی دەبەین.***

ئیتر من باس لەهونەری شێوەکاری ناکەم، چونکە هێشتا لەناو خەڵک و کولتووری ئێمەدا نە لەئاستی بینین و نە لەئاستی تێگەیشتندا شتێک نییە تاوەکو لێرەدا جێگای باسکردن بێت، لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئێمە خاوەنی چەندیین شێوەکاری ناوازە و بێ وێنەین، بەڵام کێ لەکوردستان ئاشنایە بەتابلۆکانیان و سەردانی پێشانگاکانیان دەکات.

ئەگەر باس لەبواری وەرگێڕان بکەم، ئەوا دەتوانم لەگەڵ بازاڕی جگەرە و مەشروب بەراوردی بکەم، کە لەبازاڕەکانی باشوری کوردستاندا بەناوازە ڕێکەوتی مارکە، یان براندە ئۆرجیناڵەکە دەکەویت و دەتوانین بڵێین هەمووی فەیکە و کاریگەری نێگەتیفی لەسەر باری تەندروستی ئەو خەڵکە هەیە.

ئایا خوێنەری کورد وەکو پێویست کتێبی لەبەردەستدایە؟ بەڵێ دەتوانم بڵێم زیاد لەپێویست، بەڵام وەکو بەراوردم کرد، کە بازاڕەکانی کوردستان پڕن لەخۆراک و کاڵای دەرەکی، بەڵام ئایا کوالێتی ئەو کاڵایانە کێ کۆنترۆڵیان دەکات و تاوەکو چەند بۆ ڕۆح و جەستەی ئەو خەڵکە بەسوودن، ئەو خەڵکە پێویستە فێربێت، ڕێز لەبەرهەمی خۆماڵی بگرێت و گرنگی پێ بدات، چونکە ئەوە بۆ ئەو تەندروستە و لە (DNA)ی ئەوەوە نزیکە، ئیتر هەرچ کاڵایەک بێت کتێب بێت یان خواردەمەنی.

***فەلسەفە دەبێت بخوێنرێت نەک بخوێنرێتەوە***

ئەوە من لێرەدا بەدرێژی باس لەبواری فەلسەفە ناکەم، چونکە پریسارەکەم ئەوەیە: ئایا کێ و بەچ ئاستێک کتێبی فەیلەسوفەکانیان وەرگێڕاوە، لەکاتێکدا فەلسەفە دەبێت بخوێنرێت نەک بخوێنرێتەوە، کە بەرهەمی خەیاڵی هەندێک لەو فەیلەسوفانە بۆ زۆرینەی خەڵکی وڵاتەکەی خۆیشیان گرانن و لێیان تێناگەن، هەروەها مەرج نییە زۆرێک لەبەرهەمی ئەو فەیلەسوفانە بۆ کۆمەڵگای کوردی بەکەڵکبن.

**– هەندێک کەس و بەتایبەتی خوێنەران لەباشوری کوردستان هێشتا ناوی تۆیان نەبیستووە، ئایا کتێبەکانی تۆ وەکو پێویست خوێنراونەتەوە و لەبارەیان نووسراوە؟ یان لەگۆڤار و ڕۆژنامە و میدیاکاندا ڕیکلامیان بۆ کراوە؟**

+ لەڕاستیدا کتێبەکانم خۆیان دەبێت جێگای خۆیان لەنێو کتێبخانە و فەرهەنگی کوردیدا بکەنەوە، ئیشی من وەکو نووسەر ئەوەیە، کە هەوڵی خۆم بخەمە کار و ئەوەی لەتوانامدا بێت، لەئاستێکی ئەدەبی باڵادا و لەفۆڕمی ڕۆمان، یان چیرۆکدا کتێبەکانم بنووسم، ئیتر ئەویتر دەکەوێتە سەر کتێبخانەکان و خوێنەر کە بڵاوبێتەوە و بخوێنرێتەوە، لەکاتێکدا ئێمە باس لەپرۆسەی نووسین دەکەین، بەتایبەتی ژانرێکی ئەدەبی دیارکراو، کە کاتی دەوێت تاوەکو کتێبێک، دەخوێنرێتەوە و دەماودەم باس دەکرێت و دەنگ دەداتەوە.

بۆ ئێمە ڕۆژنامە و گۆڤارمان هەیە تایبەت بێت بەبواری نووسین و خۆیان لەبەرهەمی باش بگەڕێن و ڕیکلامی بۆ بکەن و بیخوێننەوە و لەسەری بنووسن، هەیشبێت زۆر زۆر ناوازەن، بێجگە لەوە هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و میدیاکان دابەش بوون بەسەر شار و پارت و ئایدۆلۆژییەکاندا، هەروها هەندێک جار دەبێت بەختت هەبێت تۆی نووسەر لەو جێگایانە هاوڕێ یان دۆستێکت هەبێت، ئەگەرنا کتێب، یان بەرهەمەکەت ناوی ون دەبێت، ئەم باسەیش قسە زۆر هەڵدەگرێت و من نامەوێت هەمووی بەسفر بکەم هەوڵی هەندێک بسڕمەوە، بەڵام ئەوەی هەیە وەکو پێویست نییە.

***ڕۆژێک بەڕێکەوت لەجێگایەک ڕێگام کەوتە کتێبخانەیەک و گوێبیستی یەشار کەمال (نازانم لێرەدا بنووسم نووسەری تورک یان کورد) کە بەڕای خۆی ڕەوا نییە پێی بوترێت نووسەری کورد***

# هونەری

- **شانۆی سایکۆدراما**

کەژاڵ حەسەنی

- **شانۆی پۆڵەندی لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەتدا ١٩٤٥–١٩٨٨ (بەشی دووەم و کۆتایی)**

نیهاد جامی

- **کۆریگرافیا**

هیوا سوعاد

# شانۆی سایکۆدراما

## (ڕۆحەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و چارەسەری ئێش و ئازارەکان) دەکات



کەژاڵ حەسەنی

زۆر کەس لایان وایە شانۆ کات بەسەر بردنە، هەندێک کەس وەک هونەری نواندن و پێشاندانی تراژیدیا و زیندوو کردنەوەی ئەفسانەکان و بەدی کردنی توانای شانۆکار و سەرجەم ستافی شانۆ سەیری دەکەن.

لە ڕاستیدا دەکرێت بڵێن شانۆ هەموو ئەمانە لە خۆ دەگرێت، بەڵام چونکە هونەری شانۆ، هونەرێکی بەرفراوان و بەر بڵاوە، گرنگە ئەگەر بە قوڵی بە دوای هەموو ئەو هونەر و ئایدیایانەدا بگەڕین، کە لەم هونەرە بە پێز و سیحراوییەدا هەیە و پرسیاری ئەوە لە خۆمان بکەین، ئاخۆ شانۆ هەر تەنها دەروازەیەکە بۆ دەربڕینی ئەشکەنجە و ئازارەکانی مرۆڤ و گوزارشت کردن لە خەون و خەیاڵەکانی؟

یان خود دەرخستنی تراژیدیا مرۆیی و ئەفسانە و نواندنە؟

هەمیشە لە کاری شانۆییدا جەخت لە سەر ئەوە دەکرێتەوە کە شانۆ ئامرازێکە بۆ خزمەتی پرۆسە مرۆییەکان و ئایندەی مرۆڤایەتی، بە هۆی شانۆوە کۆمەڵگا دەتوانێت ڕووبەڕووی نەهامەتییەکان ببێتەوە.

ئەوەی گرنگە ئایا ئێمە چۆن بتوانین ئەو هونەرە بە ئاراستە ڕاستەقینەکەی خۆیەوە بەرین و ئەرکی شانۆ وەکو خۆی بەرجەستە بکەین؟

بۆ ئەوەش دەبێت ئاراستە ڕاستەقینەکەی شانۆ وەک خۆی بدۆزینەوە.

دەبێت سوود لە گەلانی پێشکەوتوو وەربگرین کە شانۆ وەک هونەرێکی دەرمانکەر بەکار دێنن بۆ هەندێک کێشە و ئاریشەی دەروونی.

پسپۆڕانی دەروونناسی لەو باوەڕەدان کە (سایکۆدراما) کە زاراوەیەکی ئینگلیزیە وەک چارەسەرێکی دەروونی بە کار دێت و دراما و زانستی دەروونی بە یەکەوە دەبەستێتەوە.

یاریدەری مرۆڤ دەدات بۆ هەڵڕشتنی هەست و نەستی خۆی، لە ڕێگەی بینینی هەندێک نمایشی شانۆیی، کە پەیوەستە بە هەندێک لە پرسە هەنووکەییەکان، یان خود لە ڕابردوودا بە سەری تێپەڕیوە، یان لە داهاتوودا بە سەریدا تێدەپەڕێت.

هەر دانیشتنێکی سایکۆدراما ٩٠ بۆ ١٢٠ خولەک دەخایەنێت. بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی لە حاڵەتە کتوپڕەکاندا دروست دەبن، یان خود ئەوانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە.

پسپۆڕەکان دەڵێن ئامانج لە سایکۆدراما گەڕانە بە دوای چارەسەری ئەو کێشانەی مرۆڤ، لە ڕێگای بەرجەستە کردنی واقیع بە نواندن و ڕزگارکردنی لە گۆشە گیری.

بۆیە چارەسەری شانۆیی، چارەسەرێکی کاریگەرە لە ڕووی دەروونی و جەستەییەوە، کە بە شێوەی تاکە کەسی و گروپ کاری پێدەکرێت، زێتر لە سەدەیەکە سایکۆدراما لە خزمەتی مرۆڤایەتیدایە، بە تایبەت بۆ ئەوانەی دووچاری نەخۆشییە دەروونییەکان هاتوون.

وەک ئەزموونێکی دیار و بەر چاویش سەرکەوتنی خۆی لەم بوارە زانستیەدا سەلماندووە، بە تایبەت لە ڕووی بەهێز کردنی مێشک، هەستی تێگەیشتن، بەهێز کردنی توانای جەستەیی و کۆنترۆڵ کردنی تووڕەیی.

(جەیکۆب مۆرینۆ

**زۆربەی وڵاتان ئەم هونەرە بۆ بە جێماوانی شەڕ و بریندارە کیمیاوییەکان بەکاردێنن، کە ئازار و گرفتی دەروونی و جەستەییان هەیە**

**پسپۆڕانی دەروونناسی لەو باوەڕەدان کە (سایکۆدراما) کە زاراوەیەکی ئینگلیزیە وەک چارەسەریێکی دەروونی بە کار دێت**

پسپۆڕ و دەروونناس بۆ یەکەمجار فەلسەفەی سایکۆدرامای هێنایە ئاراوە وەکو بونیاتنەری ئەم جۆرە دەرمانە، کۆمەڵەی سایکۆدرامای دامەرزاند.

لە زۆر ڕووەوە هاوفیکری فرۆید نەبووە، جەختی لە سەر توێژینەوە لە پەیوەندییە مرۆییەکان کردۆتەوە، هەوڵێکی ماندونەناسانەی لەم بارەیەوە داوە.

چارەسەری سایکۆدراما لە سێ ڕەگەزی سەرەکی پێک دێت کە بریتین لە:

دەرهێنەر:

ئەو چارەسەرکەرە دەروونییەیە، کە پسپۆڕ و شارەزای دەروونییە لە بواری سایکۆدرامادا، ئەرکی ئەو دیاری کردنی ئەکتەرەکان و دانانی سیناریۆ و دیاری کردنی شوێنە، لە گەڵ پاراستنی تەواوی نهێنیەکان، لە کاتی دانیشتنە چارەسەریەکان.

ئەکتەرەکان:

ئەو کەسانەن کە یاریدەری نەخۆشەکە دەدەن، بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان ببینن لە نمایشی شانۆییدا، کە بە گشتی ژمارەیان لە نێوان ١٠ بۆ ١٥ کەس دەبێت.

پاڵەوان:

ئەکتەرەکە و نەخۆشەکە خۆیەتی، کە ڕووداوەکانی شانۆگەریەکەی بە سەردا تێدەپەڕێت و کاری نواندن دەکات.

بە گشتی شانۆ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چارەسەرە بۆ هەموو ئەوانەی لەسەر تەختەی شانۆن و ئەوانەی لە دەرەوەی تەختەی شانۆن، لەوانەش بینەر و نووسەر و دەرهێنەر و دراماتۆرگ و جێبەجێکار و سەرجەم ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە هونەری شانۆوە هەیە.

بەڵام ئاستی کارتێکردن و چارەسەرییەکان لە یەکێکەوە بۆ ئەوی دی دەگۆڕێت و بە شێوەیەکی ڕێژەییە.

سایکۆدراما ڕاشکاوانە ئیزنت دەدات قاڵبێکی نمایش بۆ خۆت دروست بکەی و لەم قاڵبەدا برینەکانت سارێژ بکەی و وشە نەگوتراوەکانت بڵێتەوە، هاواری گەرو خنکاوەکەت سەر بدەی، جەستەت بە هەر شێوەیەک بێ بە کار بێنیت، لا داپۆشراوەکەی دوور لە داب و نەریت، کە هەموو کات دەبێت ئاگاداریان بی، لە سەر تەختەی شانۆ بیانخەیتەڕوو، لێگەڕێ هاوار بکات، بگریت و بە قاقا پێبکەنێت.

بەمشێوەیە زامە شاراوەکان هەڵدەوەرێت و تیمار دەکرێن، خەمووکییەکان و توندوتیژییەکان ڕوو لە کەمبوونەوە دەکەن و ئەم ڕەوتە بەردەوام دەبێت، تا کەسەکە جیهانە نەخۆشەکەی خۆی بە جێ دەهێڵێت.

زۆربەی وڵاتان ئەم هونەرە بۆ بە جێماوانی شەڕ و برینداره کیمیاوییەکان بەکاردێنن، کە ئازار و گرفتی دەروونی و جەستەییان هەیە.

ئێمەش لەم جۆرە گرفتانە دوور نین و لە هێڵێکی جوگرافیاییدا ژیان بە سەر دەبەین، کە لە گەڵ ناسنامەکەماندا زوڵم و شەڕی بە سەردا سەپێندراومان بەسەردا هاتووە، بۆیە دەبێت بە باشترین شێوە سوود لەم زانست و هونەرە تێک ئاڵاوە وەربگرین.

گەنجەکان و خێزانەکان هان بدەین بۆ پەرەپێدان و گرنگی دانی زیاتر بەم جۆرە چارەسەرە کە هەم چێژە و هەم دەرمان، شانۆ، ڕۆحەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و چارەسەری ئێش و ئازارەکان دەکات، بۆیە دەبێت ڕێگا بە سایکۆدراما بدەین بێتە نێو ژیانمانەوە.



# شانۆی پۆڵەندی لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتدا ١٩٤٥-١٩٨٨



نیهاد جامی

**بەشی دووەم و کۆتایی**

ئەو شانۆ واقعیە پۆڵەندییە پێویستی بەکودەتایەک هەبوو، کە بەبڕوای ئێمە دەتوانین دوو شانۆکار بەهەڵسێنەری ئەو کودەتایە ناو بەرین (١٢) ئەوانیش تادیۆش رۆژێڤیچ (١٣) و یێژی یارۆچکی (١٤)

شانۆی واقعی نوێی پۆڵەندی، شانۆیەک بوو لەساتەوەختی خۆیدا توانی ئاراستەیەکی نوێ لەنەخشەی شانۆی پۆڵەندی بخوڵقێنێت، ئەو شانۆیە کاریگەری بەسەر ئێستادا رەنگە تەنیا وەک زەمینەیەکی شانۆیەکی واقعی بێت، بەڵام شانۆیەک بوو توانی لەو گوتارە بەردەوامە بێتە دەرەوە، تادیۆش رۆژێڤیچ بەشداریەکی کاریگەری لەو گۆڕانکاریەدا کردووە، رۆژێڤیچ لە ٩ ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١ لەشاری رادۆمسکۆ لەدایکبووە و لە ٢٤ ی نیسانی ٢٠١٤ لە ڤرۆتسواف ماڵئاوایی لەژیان کردووە، جگە لەکاری شانۆکاریی وەک نووسەر و شاعیریش لەئەدەبی پۆڵەندی ناسراوە، دووەم منداڵی خانەوادەکەیەتی، ئەوان سێ برا بوون هەرسێکیان لەکولتووری پۆڵەندی ناسراون، برا گەورەکەی ستانیسلاڤ دەرهێنەری بواری سینەما وشانۆیە و برا بچووکەکەشی یانوش شاعیر بوو.

یانوش یەکەم کەسی خانەوادەکە بوو کە شیعری بلاوکردۆتەوە، لەقۆناغی ناوەندی لەخوێندن دەردەکرێت بەهۆی بۆچوونە سیاسییەکانی، دواتر دەتوانێت خەڵاتی شیعری گۆڤارێکی پۆڵەندی بەرێتەوە.

سەرباری ئەوەی خۆشی یەکێک بوو لەشاعیرە دیارەکانی پۆڵەندی، بەتایبەت سەرەتای دەست کردن بە کارەکانی، بە نووسینی شیعر دەستی پێکرد، لەگەڵ برا گەورەکەی لەچلەکانی سەدەی بیستەم بەشداریان کردووە لە سوپای نیشتمانی پۆڵەندیی، لە ١٩٤٤ لەلایان پۆلیسی نهێنی ئەلمانی «گیستابۆ»، ستانیسلاڤی برای کە دەرهێنەری سینەماو شانۆ بوو لەسێدارە دەدرێت، بە لەسێدارەدانی براکەی ئازارێکی زۆر دەچێژێت و دیوانێکی تایبەتی بۆ دەنووسێت، هەڵبەت چلەکانی سەدەی بیستەم بۆ ئەو دەرکەوتنی بوو وەک شاعیرو چەندین دیوانە شیعریی بڵاوکردەوە لەوانە «دەنگدانەوەی دارستان، دڵەڕاوکە، پەنجەوانەی سوور، قەسیدە نوێیەکان»

هەندێک لەرەخنەگران بروایان وایە ئەدەبی رۆژێڤیچ خاڵی نیە لەکاریگەری، بۆیە گەر لەشانۆدا کەوتبێتە ژێر کاریگەری شانۆی ئەبسێرد و شانۆنامەکانی بیکیت و یۆنسکۆ، ئەوا لەشیعریشدا کاریگەری ئیلیۆت و ئەزرا پاوند زۆر بەڕوونی بەسەریەوە دەبینرێت.

هاوکاری «ستانیسلاڤ» ی برای کردووە بۆ نووسینی سیناریۆی فیلمەکانی لەو بارەیەوە پێنج فیلمنامەی بە هاوبەشی براکەی نووسیووە، دواتر بۆ خۆشی سیناریۆی بۆ چوار فیلمیترنووسیوە «سێ ژن، شوێنێک لەسەر زەوی، دەنگێک لەم جیهانە، دۆزەخ و ئاسمان»

لەکارە شانۆییەکانی «دۆسیە، فەرهەنگی ناسنامە، گرووپی لاکۆنا، شاهیدەکان، دەرچوون لەماڵ، پیرەمێردێکی پێکەنیناوی، رەتکردنەوەی پیرەژنێک، سپاگێتی و شمشێر، نمایشێکی ناتەواو، باخچەی بەهەشت، لەسەر چوار، هاوسەرگیریی سپی، رۆیشتنی برسێتی، زیادکردنی سرووشتی، مردن لە زەخرەفە کۆنەکان، بۆ لم، بۆسە، دوکەڵکێش»

ساڵی ١٩٩٨ بە شانۆنامەی دۆسیە خەڵاتی نایکی ئەدەبی وەرگرتووە، هەلبەت ئەوەش پانزەهەمین خەڵات بوو کە لەژیانی ئەدەبی و شانۆیی وەریگرتبێت، یەکەم خەڵاتی لە ١٩٥٥ بوو کاتێک خەڵاتی پلە دووی دەوڵەتی وەرگرت، لە ١٩٦٦ ئەمجارە خەڵاتی پلە یەکی پێبەخشرا، دکتۆرای شانازی لەچەندین زانکۆی پۆڵەندی پێبەخشراوە، هەروەها نازناوی شانازی لەئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی فرۆتسواف

ئەو پەیوەندیە چیە کە ئەو لەنێوان شیعر وشانۆ درووستی دەکات؟ شیعر بۆ ئەو ململانێیە لەگەڵ ژیار و کولتوور، ئەوەش

فۆرمێکی درامی دەگرێتە خۆی، لێرەوە بونیادی وێنەی شیعری دەبێتە رووبەری درامی، ئەوەش دەرگا دەکاتەوە بۆ پەیوەندی نێوان شیعر وشانۆ، لەو بارەیەوە لە کتێبی» شانۆی حوکمە پێشینەییەکان» کە ساڵی ١٩٧٠ لە وارشۆ چاپی کردووە. دەنووسێت «چی من بە شانۆوە دەبەستێتەوە؟ لەگەڵ شانۆدا لەیەک کاتدا ئارەزوویەکم هەیە لەنووسینی واقیع وهونەری شیعردا، ئەوە بابەتێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی نازانم جیاوازی چیە لەنێوان شانۆی شیعریی و واقیعیدا، ئایا پێویستە هونەری شیعر مەزن بێت لەگەڵ رەسەنایەتی واقیعدا؟ یاخود پێویستە درامای راستەقینە لەگەڵ رەسەنایەتی شیعردا مەزن بێت؟»

ئەو ململانێیەی بۆ مرۆڤی هاوچەرخ لەناو شانۆنامەکانیدا دەیەوێت بیخاتە روو، لەبنەرەتدا بەرەنجامی گومانێکی بەردەوامە کە بەرەو پرسیاری دەبات لەپەیوەندی نێوان شیعر و واقیعدا، بۆیە بۆ خۆی دەبێتە ناوەندی نێوان ئەو پەیوەندییە، کێشەی کولتوور بۆ مرۆڤی پۆڵەندی کێشەیەکی سەرەکی ئەو شاعیر وشانۆکارەیە، کە هەمیشە وەک پرۆژەیەکی بەردەوام لەسەری دەوەستێت، بۆ ئەوەی بیگەیەنێت بە شێوەیەک بۆ درامای نوێ، بۆیە لەبەرگی یەکەمی کۆبەرهەمەکانی بەناوی شانۆ کە ساڵی ١٩٨٨ لە کراکۆڤ چاپکراوە دەنووسێت «ئەوە هەولیکی باوەرپێکراوە بۆ یەکگرتنی جیهانی مرۆیی، هەندێک گێرانەوەی خودی، چارەنوسی ئەوەیەک کە شارەزاییەکی گەورەتری هەیە بەشێوەیەکی کارەساتاوی، کە ئەمرۆ تەنیا گروپێکن، گروپێک لەشتێک بۆمان دەردەکەون، لەحالەتێکی ئاژاوەگێریدان، کە ئاوێتەیەکی نێوان بابەت و زنجیرەی هەرەمین بۆ بایەخ و بەها»

کەوتنی بەها مرۆڤەکان رووبەرووی جۆرێک لەترس وشێتی دەکاتەوە، وەک لەشانۆنامەی «بۆ لم» تێبینی دەکەین، بەتایبەت لەو نمایشەی کە وەک ئەرشیفێکی تۆمارکراو پارێزراوە، دەبینین مۆسیقا و گۆرانی دەیانەوێت زاڵبن بەسەر ئەو پانتاییە رەشە، کە ئامێرێکی مۆسیقی تایبەت بەو کۆمەڵگایە وا دەکات، جۆرە پەیوەندیەک بە یادەوەری مرۆڤەکانەوە بخولقێنێتەوە، لەم نمایشەدا وەک هەر شانۆنامەیەکی تری هەست بەو کاریگەرە زاڵەی بیکیت دەکەین، لێرەدا دیمەنی بوزۆ و لکی نێو شانۆنامەی «لەچاوەروانی گۆدۆ» لەفۆرمێکیتردا دەبینینەوە.

یەکێک لەدیارترین ئەو وتارانەی لەبارەی کارەکانیەوە نووسرابێت نووسینێکی میخاو بویانۆڤیچ ساڵی ٢٠٠٤ لە سایتی کولتوور بڵاوی کردۆتەوە، هەر لەسەرەتاوە نووسەر باس لەوە دەکات کە درامای پۆڵەندی لەشانۆنامەکانی رۆژێڤیچ سەری هەڵداوە، ئەوە ناشارێتەوە کە چێخەف و بیکیت کاریگەریان بەسەر شانۆنامەکانیەوە هەبووە.

لەدەرەوەی ئەو کاریگەرێتیە کە بویانۆڤیچ ئاماژەی بۆ دەکات، بەڵام سیمای شانۆیی رۆژێڤیچ ئاستێکی روونی بەخۆی بەخشیووە، بەو پێیەی لەبونیادی درامی رووداو لای چێخەف و زمانی کارەکتەر لای بیکیت، دەیەوێت وێنەیەکیتری شانۆیی بخولقێنێتەوە، ئەوە لەشانۆنامەی «دۆسیە» زۆر بەروونی هەستی پێدەکەین، بۆیە واقیعیەتێکی ئەبسێردیانە دەخولقێنێت، کە توانای هێلێکی درامی سەربەخۆی هەبێت، ئەوەش لەهەردوو ئاستی نووسین و دەرهێنان وەک سیمایەکی روونی شانۆنامەکانی دەردەکەوێت.

لەلایەکیتر یارۆچکی دەیویست کودەتا بەسەر شانۆی واقعیدا بکات، پەیوەندیی نێوان شانۆ و واقیع لەکۆمەڵگای پۆڵەندی، پەیوەندیەکی نوێ بوو بۆ گوزارشت کردنی ئەم کۆمەڵگایە لەرێگەی شانۆوە، شانۆ بۆ ئەوان زمانێک بوو دەیویست واقیع بەشێوەیەکیتر بخاتە روو، ئەوەش چەندە پەیوەست بوو بەدۆخی تراژیدیای جەنگەوە، لەهەمان کاتدا گەران بوو



تاوان و سزا

بەدوای زمانێکی شانۆیی ئەلتەرناتیف، هەڵبەت جەنگ یادەوەری ئەو شانۆیەی بنیات دەنا، بەڵام یادەوەریەک هێزی کارکردنی دەگۆری بۆ چۆنیەتی دارشتنەوەی واقیع و شانۆ، بۆیە ئەو دارشتنەوەیە لەسەرەتادا ناوبرا بە شانۆی واقعی نوێ، کەچی یارۆچکی لەشەستەکانی سەدەی بیستەمەوە کاتێ دەستی بەکارکردن کرد، ویستی کودەتا بەسەر ئەو واقعیەتە نوێیەشدا بێنێت.

گۆرین و کودەتا بەسەر واقعی نوێ، گەرانەوە نەبوو بەرەو شانۆیەکی سوونەتی، بەقەد ئەوەی خوێندنەوەیەکی

ڕەخنەیی بوو بۆ مێژووی ئەو شانۆیە، بۆ ئەوەی لەنێوان یادەوەری شانۆی پۆڵەندی وشانۆی واقعی نوێی پۆڵەندی، بەرەو ئاراستەیەکیتر هەنگاو بنێت، کە جۆرێک لە ئاوێتە بوون دەخولقێنێت لەنێوان واقیع و واقیعی خەیاڵی، ئەوە لەڕۆماندا بە واقعی سیحری ناسیومانە، بۆیە ئەو جۆرە خەیاڵە یارمەتی دەدات، کە ستراتیژیی شانۆکەی بخاتە ڕوو. هەرچەندە زۆربەی ڕەخنەگران لەسەر ئەوە کۆکن کە سەختە دید و ڕووخساری شانۆکەی بە ئاساني بناسرێتەوە، بەڵام ئەو خەیاڵکردنەوەیە لەناو واقیع، گەڕانەوەیە بۆ ناو تێکست، بە تەئویلی جیاوازەوە، تەئویلکردنەوە بۆ تێکست، پەیوەندیەکیترە، کە وێناکردنەوەکانی لەڕێگەی تێکستەوە سەر لەنوێ دەیەوێت دنیای تێکست بەرەو خەیاڵکردنەوەی واقیعی بەرێت.

بۆیە بەلای یارۆچکی نوێبوون لەشانۆدا بەتەنیا فۆڕم نیە، بەڵکو فۆڕم لەناو تێکستەوە بنیات دەنێت، بەواتای نایەوێ ئەو واقیعە نوێیەی دەخرێتە ڕوو، دیدێکی فۆڕمالیستی بێت، بەقەد ئەوەی فۆڕمەکان بەرەنجامی دنیای کارەکتەر و بابەتی ناو تێکستەکان بن، ئەوەش هەژاندنی بونیادی دەقە، گەڕانە بۆ هەژاندنی ئەو بونیادە کە بەکۆمەڵێک ڕووبەند داپۆشراوە، دەرهێنەر دەبێت بیهەژێنێت و زەمەنی کارکردنی خۆی تیا بدۆزێتەوە، ئەوەش پرۆژەی چۆنیەتی کارکردنەوەیە لەتەک تێکست.

**هەندێک لەڕەخنەگران بڕوایان وایە ئەدەبی ڕۆژێڤیچ خاڵی نیە لەکاریگەری، بۆیە گەر لەشانۆدا کەوتبێتە ژێر کاریگەری شانۆی ئەبسێرد و شانۆنامەکانی بیکیت و یۆنسکۆ، ئەوا لەشیعریشدا کاریگەری ئیلیۆت و ئەزرا پاوند زۆر بەڕوونی بەسەریەوە دەبینرێت**

مرۆڤ و پەیوەندیە مرۆییەکان ئەو دوو چەمکە گرنگەی بایەخدانیەتی لەشانۆدا، ئەوەش کارێکە وەک خۆی جەختی لەسەر دەکاتەوە پەیوەستە بە ئەکتەرەوە، بەواتای ئەکتەر ئەو مرۆڤەیە کە چۆن لەشانۆدا ئاماژەی بوونی لەپەیوەندیە مرۆییەکانی بەکار دێنێت، ئەوەش ئەکتەر و ئاماژە وەک دوانەیەک لەبەرهەمهێنانی گوتار دەبنە خولقێنەری دەلالەت، چونکە بە بڕوای ئەو ئەکتەر کەناڵی پەیوەندیی نێوان ئاماژە و دەلالەتەکانیەتی.

یارۆچکی کە دەرهێنەری حەفتا تێکستی شانۆیی بووە، لەنێوان تێکستی پۆڵەندی و جیهانیدا، لەوانە کارکردن لەتەک نووسەرانی وەکو برۆنر یاشنسکی و ژۆن ئۆزبۆرن و دۆرینمات و ئەنتوان چیخۆڤ ویۆژین یۆنسکۆ ولیامز و یۆژین ئۆنیڵ وکرۆتشکۆفسکی و مرۆژێک وکافکا.

لەسەفەر و گەڕانێکی بەردەوامی ناو دنیای جیاواز بووە، جۆرە ئینتیمایەکی بۆ نووسەر هەبووە، ئەو ئینتیمایە بەجۆرێکیتر بیری لەکارکردنی تێکست کردۆتەوە، ویستویەتی بەرەو دیدی شیعریی هەنگاو بنێت، چونکە زانیویەتی ئەوە کۆمەکێکی زۆری دەکات بۆ پەیوەندی نێوان خەیاڵ وواقیع، شیعریەتی وەک ڕووبەرێکی سەرەکی بۆ خەون بینینی واقیع سەیر کردووە، ئەوە وایکردووە شانۆکەی ئەمرۆ بۆ ئێمە وەک ناوەندێکی پێکگەیشتنی دوو تیۆریتر بکەوێتە ڕوو، ئەوانیش لەڕووی ئەکتەرەوە بمانگەڕێنێتەوە بۆ گرۆتۆفسکی، هەرچەندە گرۆتۆفسکی زیاتر لەڕێگەی جولە و دەنگەوە توانا شاراوەکانی ئەکتەری خستۆتە ڕوو، لەئاستی جوانکاریشەوە زیاتر لەشانۆی شێوەکاری گژیگۆژیڤسکی نزیکمان دەکاتەوە، ئەو دوو ئاراستە تیۆریە وایان کردووە شانۆکەی ببێتە ناوەندی پێکگەیشتن، ئەو دوو شانۆیە ببنە میراتێک بۆ چۆنیەتی لەدایک بوونی شانۆیەکیتر، کە وەک پێشتر ئەوەمان خستە ڕوو، ئەو زیاتر لەئەنجامی ڕەخنەگرتنی لەیادەوەری شانۆکە و هەوڵە نوێیەکانی شانۆکەدا ویستویەتی هەنگاوەکانی بەرەو دیدێکیتر بەرێت.

لاسۆ ئادەمیک یەکێکیترە لەو دەرینەرانەی پۆڵەندی کە لەو نەخشەیەدا جێ پەنجەی دیارە، بەتایبەت لەنمایشی «دادگا» ی کافکا، گواستنەوەی فەزای ڕۆمانەکانی کافکا بۆ شانۆ، دنیایەکە توانای هەڵگرتنی پرسیارو هەلوەستە کردنی هەیە، بەتایبەت گەر لەهەڵبژاردنەوە تاچۆنیەتی خولقاندنی نمایش توانرا بزانرێت چی لەپشت ئەو ئیشکردنەوە دەوەستێت کەدەهێنرێتە ناو شانۆ.

ڕۆمانی «دادگا» ی کافکا، یەکێکە لەو ڕۆمانانەی ساڵی ۱۹۸۰لەشانۆی پۆڵەندی نمایشکراوە، دواتر بۆ تەلەفزیۆنی پۆڵەندیش تۆمارکراوە، کارەکە بەهاوبەشی لەلایان هەردوو دەرهێنەر خاتوو ئاگنیێشکا هۆڵەند (١٥) و هاوسەرەکەی لاسۆ ئادەمیک

(١٦) بۆ شانۆ دەرهێنراوە، کاتێک ڕووبەرووی ئەو پرسیارە دەبینەوە، چی لەپشت کارکردنە لەدنیای کافکاوە؟ ئاخۆ ڕۆمانی دادگا پەیوەندیەکی هەیە بەو کۆمەڵگایەوە؟ یاخود مەبەست لە سەرکێشیەکی ئەدەبیە لەدنیای ڕۆمانووسێکی ناسراو بۆ کاری شانۆیی؟

ئەو نمایشە توانای ئەوەی هەیە وەڵام بەتەواوی پرسیارەکانمان بداتەوە، ئاسۆیەکی ڕوونمان لەهەڵبژاردن بۆ تێکست بۆ بکاتەوە، دنیای ڕۆمانەکە لەدنیای کۆمەڵگای پۆڵەندی دوای جەنگ دەچێت، کۆمەڵگایەک بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت ڕووبەرووی دادگایی کردن دەبێتەوە، ئەو تۆمەتبارکردنەی کۆمەڵگای پۆڵەندی بەوەی دەستی لەگەڵ نازیەت تێکەڵکردووە و بەشدارە لەهۆلۆکۆست (١٧)، هەمان وێنەی دادگایی کردنی کارەکتەرە سەرەکیەکەی ڕۆمانەکەی کافکایە، لەناو ماڵەکەی خۆیدا بەخەبەردێت و دەبینێت هاتوون دادگایی بکەن.

هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، کاتێک بەناو ڕۆمانی دادگا دەچینە خوارەوە، بەشێوەیەک هەست دەکەین تێکستەکە لەبنەرەتدا تێکستێکی شانۆییە نەک ڕۆمانێک بێت، پەیوەندی تێکست (نمایش) لەگەڵ بینەر، نووسینەوەی دنیای بینەرە، ئەوەش هۆکارێکی گرنگی پشت هەڵبژاردنی تێکستە بۆ شانۆ، ئەو دوو دەرهێنەرە هێندەی چارەسەری شانۆیی لەڕووی دیمەن و پێکهاتەکان دەکەن، نەهاتوون ئیزافەکاری بەڕۆمانەکە ببەخشن یاخود بەشێوەیەکی ئەوتۆ ڕووداو لابەرن کە کار بکاتە سەر چنینی درامی تێکستی ڕۆمانەکە.

ئەگەرچی کاریان لەسەر ئەوە کردووە کەوا هەندێک ڕووداو چڕ بکەنەوە، ئەوەش پەیوەستە بەگۆڕینی ئاستی ڕەگەزی تێکست لەگێڕانەوە (ڕۆمان) بۆ دەیالۆگ (شانۆنامە) لەلایەک لەلایەکیتر نەیانویستووە هەندێک چیرۆک کە پەیوەست نیە بەژیانی کارەکتەرو کاریگەریەکانی بۆ سەر ڕووداوەکان، لەجۆری ئەوەی چیرۆکێکی کۆن لەلایان قەشە دەگێڕدرێتەوە ویوزیف پێشبینی خۆی لەناو چیرۆکەکە دەخاتە ڕوو.

هەروەها تاکە کارەکتەرێک کە لادەبردرێت، پۆرستنەرە ئەو کچەی لەشانۆدا کار دەکات، ڕەنگە ئەو کارەکتەرەش کاریگەریەکی ئەوتۆ بەجێ نەهێڵێت، بەبەڵگەی ئەوەی جگە لەچوونە ژوورەکەی و تێکدانی کەل وپەلەکانی و گۆڕینی دۆستەکانی شتێکی ئەوتۆ نیە کە کاربکاتە سەر ڕووداو.

ئەوەی ئەو دوو دەرهێنەرە بە ڕووداوەکانی دەبەخشن، پەیوەستە بەکردەی دەرهێنانەوە، ئەوەش چەندە لەسەر بنەمای تێکست ڕۆنراوە، هێندەش پەیوەستە بەخوێندنەوەی مرۆڤی پۆڵەندی لەڕوانینی بۆ ئەویتری ئەڵمان و ڕووس، بۆیە ئەوانەی هاتوونەتە ماڵەکەیەوە بۆ ئەوەی لەو بەیانیەدا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکەن، دەبینین کاتێک ئەو خۆی دەگۆڕێت ئەوانیش کراسەکانی بەبەرچاویەوە دەدزن، لەکاتی داکۆکیردن لەخۆی تەنانەت پێخەفی نوێنەکەشی دەبەن، ئەوەش ئاماژەیەکی ڕوونی ڕوانینە بۆ سەیرکردنی ئەویتر کەچۆن بەناوی دادوەری هاتوون تالانیان بکەن.

دادگا ئاماژەی دەسەڵاتە، دەسەلاتێک بۆ مەعریفەی سزا، بەڵام ئەوەی وونە تاوانەکەیە، گەرچی دەیانەوێت ڕەوایەتی بەو سزایە بدەن، لێرەدا سێگۆشەی ئەو هێلکاریەی ڕووداوەکان بەرزو نزم دەکاتەوە، بریتین لە «دەسەڵات، فاشیزم، سێکس» هەڵبەت ئەو سێگۆشەیە کەمێک نامۆ دەکەوێتەوە، بەڵام سێگۆشەیەکە دژبوون بۆ یۆزیفی کارەکتەری سەرەکی دەخولقێنن، هەرنەبێت ململانێی نێوان قوربانی و جەللاد دەکەن بە منی قوربانی لەبەردەم ئەوانی جەللاددا، دادگا کەنوێنەری ڕاستەوخۆی دەسەڵاتە، لەڕێگەی سەپاندنی بریار دەتوانێت ڕەوایەتی بەو فاشیزمەی خۆی بدات، هەر



دادگا

نەبێت ئەو هێلە فاشیستە بۆ دادگا لەپشت بانگهێشت و ڕووداوەکان و سزادانی دوو پاسەوانەکەی شەو بەڕوونی دەردەکەوێت، لەلایەکیتر ئامادەبوونی ژن لەناو نمایشەکەدا ئامادەبوونێکی جەستەییە بۆ پتەوکردنی دەسەڵات.

لەهەمانکاتدا وێنەیەکی تری قوربانی نیشان دەدەن، دەتوانین بەڕووی دووەمی یۆزیف بیان بینین، ئەو ژنەی لەگەڵ مێردەکەی لەوێ دەژین و لەبەردەمی ژووری دادگا کار دەکات، تەنانەت ئەو ڕۆژەی

دەوامی دادگا نیە یۆزیف دەباتە ژوورەوە، کەمێک دەستبازی لەگەڵ دەکات و ڕێی دەدات دەستکاری ئەو کتێبەش بکات، کە وێنەی ڕووتی لەسەرە، لێرەدا وێنەی سەر بەرگی کتێبەکەی دادوەر و ئەو ژنە دەبنە ڕووی یەک دراو.

ئەوە لەنمایشە شانۆییەکەدا شتێک نیە ڕێکەوت بێت، ئاماژەیەکی لەخۆڕا بێت و



ئەنتوان چیخۆف

فرێ درابێت، بەڵکو پەیوەستە بەستراتیژی ئەو دەسەڵاتە، کە ئەخلاقی فاشیزم بوونی لەڕێی جەستەی ئەویترەوە دەیەوێت بوونی ئەوانیتر بسڕێتەوە، وەک چۆن پارێزەرە پیرەکە کەبەردەوام لەئۆفیسەکەیدا لەناو نوێنە کە دۆستی دادوەرەو هاوڕێی دێرینی مامی یۆزیفە، ئەویش کچە خزماتکارەکەی هێندەی وەک ژنێک بۆ مەیلی سێکسی بەکار دێت، یۆزیف بەئاسانی لێی نزیک دەبێتەوە، شتێکیتر نیە جگە لەوەی دەسەلاتەکە بەدەوری سێگۆشەکەدا هێڵەکانی خۆیان دەبڕن.

دیمەنی خەونەکە دیمەنێکە پڕ لەپرسیار، کە لەئاگاییدا وادەکات کۆتایی ڕۆمانەکە کراوە بێت و دادگاییەکە وەک کافکا ئاماژەی بۆ دەکات دۆخێکی بەردەوام بێت، بەڵام نمایشە شانۆییەکە پرسیارەکان دادەخات، وەک کۆتایی درامایەکی ئەرستۆیی نمایش تەواو دەکات، ئەگەرچی کۆتاییەکی ئەرستۆییە لەناو دیدگایەکی کافکاییدا، بۆیە کاتێک ڕووداو لە ڕۆمانەکەدا زەمەنێکی بەردەوام و کراوەیە، لەنمایشە شانۆییەکە ڕووداو گەیشتۆتە وێنەی باڵاو بە لەسێدارەدانی یۆزیف کۆتایی دێت، ئەو دوو ئاستە زەمەنیە لەڕاستیدا دژ بەیەکن، چونکە کافکا دادگاییەکە وەک بەردەوامی دەخاتە ڕوو، بەڵام لەنمایشەکەدا بەلەسێدارەدانی یۆزیف دادگاکە کۆتایی دێت، ئەگەرچی ئاستی دووەم، ئاستێکی کافکاییە، بەوەی دادگایی کردنەکە کەوتۆتە پێش بڕیاری دادگایی دادگا، واتە فرمانەکە پێش تەواو بوونی دادگایی کردنە.

ئەو نمایشە چەندە هەوڵێکی گرنگی ناو ڕووبەری نمایشی شانۆی پۆڵەندیە، کە بۆتە جێی سەرنجی ڕەخنەگران لەساتەوەختی نمایش، بەڵام ئەوە ڕێی ئەوەمان لێ ناگرێت، سەرنجێکی ڕەخنەیی لەبارەوە تۆمار بکەین، بەهۆی ئەوەی سیمای تازەگەری و دەرچوون لەدرامای ئەرستۆیی لەو ڕۆژگارەدا بەتەواوی بەشانۆی پۆڵەندی دەرکەوتبوو، بەڵام ئەو دوو دەرهێنەرە بە مەبەستەوە لەناو نمایش دەیانەوێت داکۆکی لەو بنەما ئەرستۆییانە بکەن، ئەوەش لەدوو ئاستدا زۆر بەڕوونی هەستی پێدەکەین.

لەئاستێکدا کە پەیوەستە بەکۆتایی نمایشەکە وەک ئاماژەمان بۆیکرد کە چۆن لەڕێگەی دیاریکردنی چارەنووسی پاڵەوان، وێنە سونەتگەراکە داکۆکی لێ دەکات، لەئاستی دووەمیشدا پەیوەستە بە لابردنی کارەکتەری پۆرستنەر، چونکە ئامادەبوونی ئەو کارەکتەرە نزیکی دەکردەوە لەدرامایەکی دژە ئەرستۆیی بەو پێیەی دەبووە وێنەیەک بۆ چۆنیەتی دەرچوون و چوونەوە ناو شانۆ، لەڕێگەی ئەو کارەکتەرەوە کە لەشانۆ کار دەکات، بۆیە بەلابردنی ئەو کارەکتەرە کە لەبنەڕەتدا کاریگەریەکی ئەوتۆی بەسەر ڕووداوەکان نیە، لابردنی داکۆکیکردنە لەو گوتارەی نمایشەکە هەڵگریەتی.

هەڵبەت دەرهێنەرێکیتر کە تا ئەمڕۆ بەگرنگەوە لەنەخشەی ئەم شانۆیە جێگەی دەیالۆگە، کارە شانۆییەکانی ئادام هانوشکێڤیچ (١٨) سەرەتای کارکردنی بۆ شانۆ دەگەڕێتەوە ساڵی ١٩٤٥ بەشداری شانۆگەریەکی کرد لەدەرهێنانی ستیڤانیا دۆمانیسکا، لەهیچ قوتابخانەیەکی شانۆیی نەیخوێندووە، پێنج ساڵ کارکردنی ڕۆڵی کۆمەڵێک کەسایەتی گرنگی لەشانۆ بینیووە کەدیارترینیان ڕۆڵی هاملێت بووە، لە ١٩٥١ بۆ یەکەمجار وەک دەرهێنەر لەشانۆداو لەشاری پۆزنان کاری کردووە، شانۆنامەی «پیری بەناچاری» نووسینی لیۆنیدا ڕاخمانۆڤای بۆ شانۆ دەرهێناوە، شانۆنامەکە تێکستێکی واقعی سۆسیالیستی بووە، دواتر لەشاری وارشۆ دەستی بەکاری شانۆیی کردووە، لە ١٩٥٥ ئەزمونێکی نوێ تاقی دەکاتەوە، ئەویش شانۆی تەلەڤزیۆنیە (١٩)

شانۆی تەلەڤزیۆنی هۆکارێکی گرنگی بە کولتوورکردنی

شانۆیە لەکۆمەڵگادا، بۆ ئەوەی ڕەگێکی پۆڵاین بۆ داهاتووی ئەو کۆمەڵگایە بنیات بنێت، بۆ ئەوەش دەستکرا بە تۆمارکردنی شانۆ بۆ کەناڵی تەلەفزیۆنی پۆڵەندی، ئەوەش بەمەبەستی ناسینی شانۆ بە کۆمەڵگا وەک کولتوورێک، هەڵبەت لەو کارەشدا کێشەکانی مرۆڤی هاوچەرخی پۆڵەندی تەوەری سەرەکی ئەو شانۆیانە بوو.

بۆ ئەو مەبەستە ئادام هانوشکێیڤیچ هەوڵێکی زۆریدا کە وێنەیەکی ڕوونی ئەو شانۆیە بخاتە ڕوو، ئەو شانۆیە کە بەشانۆی تەلەفزیۆن دەرکەوت، بەڵام شانۆیەک بوو لەهەناوی کۆمەڵگاوە دەهاتە بوون، بۆیە کۆمەڵگا پێشوازیەکی بەربڵاوی لێکرد، ئەو شانۆیە چەندە لەهونەری سینەما و شێوەکاری نزیک دەبۆوە، لەهەمان کاتدا دەربڕین شێوەیەکی ڕوون و ڕاستەوخۆی هەبوو، چونکە مەبەست لێی تێگەیشتنی ڕەوانی بینەر بوو لە شانۆکە، وەک چۆن بۆ ئاشنابوون بە مێژووی ئەو شانۆیە هەوڵیدەدا لەدیدێکی هاوچەرخانەوە شانۆی کلاسیکی پۆڵەندی بەو کۆمەڵگایە ئاشنا بکات، بۆ ئەو کارەش شانۆی گشتی و شانۆی نەتەوەیی ڕێبەرتوارێکی ڕێکخەریان هەبوو، بۆیە سەرەتای هەوڵەکان میراتی کولتووریی کۆمەڵگا تەوزیف دەکرا لەکارە شانۆییەکان، وەک هانوشکێیڤیچ شانۆگەری (ئاهەنگی ژنهێنان) پشتی پێبەستبوو، دواتر لەشانۆگەری (کۆردیان) درێژەی بەو شێوازەدا، ئەو سەرەتایە دەرگا کردنەوە بوو بۆ ئاشنابوون بە کولتووری شانۆ، بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی داهاتوو بتوانن شانۆگەریەکانی مۆلێر و شکسپیر نمایش بکەن، لەپاڵ ئەوەدا هەندێک هەوڵیتری ئەنجامدا لەبواری ئەدەبی جیهانی لەوانە ڕۆمانی (تاوان و سزای) دستۆفسکی بۆ شانۆ دەرهێنا، کە ئەو شانۆگەریە بەیەکێک لەدیارترین کارەکانی هەفتاکانی شانۆی پۆڵەندی دادەنرێت، کە بۆتە جێگای سەرنجی زۆرینە، بەدوای شانۆگەری (هاملێت) ڕوو دەکاتە شاکارەکانیتری ئەدەبی ڕوسی بەتایبەت تورگینیف و چیخۆڤ، لەپاڵ ئەوەدا ئەدەبی پۆڵەندی بەشێکی دیار لەنەخشەی کارەکانی داگیر دەکات، بۆیە ئادام هانوشکێیڤیچ هەوڵیدا لەتەواوی کارەکانی شانۆی تەلەفزیۆن بکاتە ڕووبەرێک بۆ کۆبونەوەی شانۆ وەک کولتوور و کێشەکانی مرۆڤی هاوچەرخی پۆڵەندی وەک کێشەیەکی بوونگەرایی ئینسان، کە زەمینەیەکی پتەو بۆ داهاتوو بنیات بنێت لەڕێگەی پرۆژە ستراتیژیەکەی بۆ شانۆ، کە ڕەگی ئەو شانۆیە بەهەناوی کۆمەڵگادا بەرێتە خوارەوە، ئەو دەرهێنەرە ڕۆڵێکی گرنگی بینیووە لەناساندنی شاکارەکانی شانۆی جیهانی بەشانۆی پۆڵەندی، بەتایبەت کاتێک کارەکانی وەک شانۆی تەلەڤزیۆنی تۆمار کردووە لەوانە «خاتوو ژۆلیا» ی ستریندبێری و «هێدا گابلەر» ی ئەپسن.

یەکێک لەونمایشانە شانۆگەری «ئەپۆلۆ لەگەڵ بێلاچ» نووسینی ژیانا گیراودۆ بوو کە بەرهەمی ساڵی ١٩٥٨ دواتر لە ١٩٦١ بۆ تەلەڤزیۆن تۆمار کراوە، تائێستا وەک شانۆیەکی تۆمارکراو لەسایتی تەلەڤزیۆنی پۆڵەندی پارێزراوە، کارەکتەری سەرەکی شانۆنامەکە کچێکی شەرمن بەدوای کاردا دەگەڕێت دێت بۆ ئۆفیس، بەڵام لەپرسگەی بەڕێوبەری کارەکە ئەو کەسەی لەوێیە زۆر بەخراپ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، لەو شوێنەدا تووشی گەنجێکی قۆز ئەبێت و ئامۆژگاری دەکات پێویستە سوود لەجوانیەکەی خۆی وەربگرێت وبتوانێت دڵی ئەو پیاوەو بەڕێوبەر ڕازی بکات تا بگات بە کارەکە، بەڕێوبەری کارەکە لەوەدا سەری سوور دەمێنێت کەوا کێ ڕاوێژکاری بووە، پێی وایە ڕەنگە ئەپۆلۆی خوای جوانی کۆمەکی کردبێت، بەڵام بەدوای ئەوەی دەتوانێت تەواوی ئەو پیاوانەی شوێنی کار کۆنترۆڵ بکات، کاتێک باسی جوانی هەموویان دەکات، ئەوانیش هێمن دەبنەوە .. عاشقی دەبن، بەڵام کاتێک لەپێش بورجی ئیڤڵ کۆتایی بەناسینی ئەو پیاوە دێت کە ڕێنوینی کرد، ئەو پیاوەی ئەو بەڕاستی سەرسام بوو عاشق بوو پێی کاتێک جێی دەهێڵێت و بەڕێوبەرو هەموو پیاوەکانی تر دێن، ئەو پێیان ڕادەگەیەنێت کە ڕۆیشتنی ئەپۆلۆ خەمباری کردووە هەمووان بۆ ئەپۆلۆ دەگەڕێن، ئەو دەزانێت ئیدی ئەپۆلۆکەی ئەو وەک ئەفسانەکە وایەو ئیدی نایبینێتەوە، بۆیە ئەویش تەواوی پیاوەکان جێ دێڵێت، ئەو گوڵە دەبینین کە بەدەستی بەڕێوبەرەوەیە هاتبوو تا کچەکە لێی وەربگرێت، ئەو بیرۆکەیە ناونیشانی نمایشەکەی لەسەر درووست کراوە، کەدواتر ڕووداوەکانی لەسەردا چنراوە.

لە ١٩٦٨ کاتێک کازیمێژ دێیمک لەبەڕێوبەری شانۆی نیشتمانی لابردرا، ئەویان خستە شوێنی، بەهۆی ئەوەی نمایشە شانۆییەکانی وەک پشتگیریی بۆ یەکێتی سۆڤیەت سەیردەکرا، لەبارەی کارەکانیەوە ڕۆمان پۆلانسکی (٢٠)دەڵێت «شانۆ بەبێ من و ئادام هانوشکێیڤیچ بێزارو ماندووکەرە»(٢١) هەڵبەت ئەو بۆچوونە چەندە پەیوەندی بەکاری ئەوان هەیە لەشانۆی تەلەڤزیۆنی هێندەش پەیوەستە بەکارەکانیان لەسەر

**هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، کاتێک بەناو ڕۆمانی دادگا دەچینە خوارەوە، بەشێوەیەک هەست دەکەین تێکستەکە لەبنەرەتدا تێکستێکی شانۆییە نەک ڕۆمانێک**

تەختەی شانۆوە، تا ڕۆژی مردنی ئەو لەشانۆدا کاری کردووە بۆیە لەئێستاشدا بوونی وەک پێگەیەکی گرنگی ئەو شانۆیە دادەنرێت.

بەقسەکردنمان لەشانۆی پۆڵەندی لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەت، ئەوە دەردەکەوێت


وێنەی کافکا

کەوا نیو سەدەی تەمەنی ئەو شانۆیە چۆن گەشەی کردووەو ئاستی پێشڤەچوونەکانی چۆن بوونە، گەرچی لەو ڕۆژگاردا کۆمەڵێک دەرهێنەریتر هەبوونە، بەڵام نەدەکرا لەسەر کاری هەمووان بووەستین و قسە بکەین، بەڵکو مەبەستمان لەم قسەکردنە دەرخستنی سیمای ئەو شانۆیە بوو لەسەردەمی کۆمۆنیزمدا.

هەڵبەت یەکێک لەگرنگترین ئەو کتێبانەی باس لەو قۆناغە دەکات، بەوردی تیشک دەخاتە سەر گۆرانکاریەکانی شانۆی پۆڵەندی کتێبی «شانۆی ئۆکتۆبەری پۆڵەندی» (٢٢)ماریا ناپیۆنتکۆڤا باس لەپۆڵەندای سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت و پەنجاکانی سەدەی بیستەم دەکات، کەتیایدا شانۆ سەرەتای گەشەسەندنی لەو کۆمەڵگایەدا بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەو کتێبە زۆر بەدواداچوونی بەدوای خۆیدا هێناوە، لەوانە بەدواداچوونێکی سایتی پەیمانگای شانۆ باس لەوە دەکات کەهەندێک زانیاری لەو کتێبەدا هەیە ڕاست نین و لەجێگەی خۆیدا نیە.

کاتێک وەک توێژەرێک خۆمان بێلایەن لەبەرامبەر ئەو بۆچوونانە دەبینینەوە، تێبینی ئەوە دەکەین نووسەری ئەو کتێبە کە وەک تێزی دکتۆرا کتێبەکەی نووسیوە باس لەو دۆخە سیاسیە دەکات کەوا شانۆ لەو سەردەمەدا کەوتبووە ناوی، بەتایبەت لە پەنجاکان و شەستەکان، هەڵبەت ئێمە هەوڵماندا لەسەر چەندین ئاستی نمایش و کارەکان لێرەدا هەڵوەستە بکەین، کەوا هەمووومان بتوانین وێنەیەکی ڕوونمان بۆ ئەو شانۆیە و سەردەمەکەی هەبێت، لێرەدا بۆ ئەوەی تەواوی تێگەیشتنەکان ڕوون بن، هەوڵ دەدەین باس لەو کتێبە و هەندێک ڕوانینی توێژەرێک بکەین کە بڕوامان وایە گرنگی تایبەتی خۆی دەبێت.

کتێبەکەی ناپیۆنتکۆڤا بریتیە لە سێ بەش، بەشی یەکەمی باس لەئاراستە سیاسی وکولتووریەکانی پۆڵەندای چلەکان و پەنجاکان دەکات، هەروەها هەڵوەستە لەسەر ئەو داڕووخانی بەڕێوبردنەی پۆڵەندا بەهۆکارێکی دۆخەکە ناو دەبات، لەبەشی دووەمیشدا دێتە سەر ڕۆڵی دامەزراو وڕێکخراوەکان، لەوانە باس لەوەزارەتی کولتوورو سانسۆرەکانی دەکات لەسەر شانۆ، هەروەها ڕۆڵی حزبی کۆمۆنیست لەسەر ئەو بارودۆخە، جگە لەوە لەسەر کۆمەڵەی سینەماکاروشانۆکاران دەوەستێت، بەشی سێیەم دەکرێت وەک گرنگی گەشەسەندنەکان سەیری بکەین بەهۆی ئەوەی باس لەئەنجومەنە هونەریەکانی شانۆ ، هەروەها پێشێلکاریەکانی سیاسەت و دەستتێوەردان لەشانۆ، جگە لەوە لەتەوەرێکدا باس لەکرانەوە بەسەر جیهان دەکات لەڕێی ڤێستڤاڵی نەتەوەکان.

بەلای توێژەری شانۆیی پاڤێو پۆوسکی ئەو کتێبە گرنبگیەکی تایبەتی هەیە، چونکە باس لەگەشە سەندنی شانۆی پۆڵەندی دەکات بەتایبەت لەپەنجاکان، ئەو هەوڵ دەدات لەڕوانگەی کتێبەکەوە کۆی ئەو مێژووە بخوێنێتەوە، باس لەو گەشەسەندنە، لەپاڵ ئەو ڕۆڵە خراپەی دەسەلاتی سۆڤیەت بکات، بەڵام چاپکردنی بلاوکراوەی شانۆیی و درووست کردنی هۆڵی شانۆ و دواتر دەرگا کردنەوە لەشانۆی جیهانی بەو بنەما گرنگانەی گەشەسەندن ناو دەبات، لەهەمان کاتدا باس لەو شیوازە سەپێنراوەی ستانسلاڤسکی دەکات بەسەر شانۆی پۆڵەندی، کەپێویست بوو ئەو شێوازە ئاگاییەکی نوێ بۆ ئەکتەر بخولقێنێت، شۆڕشێک لەمیتۆدە ئەکادیمیە شانۆییەکان بخولقێنێت، کەچی «واقعیەتی سۆسیالیستی جۆرێک بوو لەکەرەنتینەی تەندرووستی لەسەر نواندنی پۆڵەندی» (٢٣) لەڕێی پشت بەستنەوە بەکتێبەکەی ماریا ناپیۆنتکۆڤا کە باس لە وەزارەتی کولتوور دەکات کارەساتی ئەو ڕۆژگارە دەکات و دەنووسێت «سیاسەتی کارەساتاوی کولتووریی لەو سەردەمدا خۆی خستبووە ژێر مەترسیەوە، بەهۆی ڕێگایەکی گەمژانە و ناپیشەیی بۆ بەڕێوەبردنی» (٢٤)

## ئاماژەکان

(١٢) گرۆجیچکی باوەری وایە ئەوە یارۆچکی بوو کودەتای بەسەر ئەو شانۆ واقعیە بەرپا کرد

(١٣) تادیۆش رۆژێڤیچ (١٩٢١-٢٠١٤) نووسەرو شاعیروشانۆکار بووە

(١٤) یێژی یارۆچکی (١٩٢٩-٢٠٠٨) دەرهێنەری شانۆیی

(١٥) ئاگنیێشکا هۆڵەند ئێستا یەکێکە لەسینەماکارە ناسراوەکانی پۆڵەندی، لەساڵی ١٩٤٨ لە وارشۆ لەدایک بووە، کچی کۆمەڵناسی پۆڵەندی هنری هۆڵەندە، ساڵی ١٩٧١ کۆلێژی هونەری شانۆی لە براگ تەواو کردووە، بەو پێیەی دەرچووی بەشی سینەماو تەلەفزیۆن بووە، بۆیە لەو رۆژگارەو تا سالانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم، وەک ئەکتەر بەشداری کردووە لەفیلمەکانی هەردوو دەرهێنەری پۆڵەندی ئاندژێی ڤایدا و کژی شتۆڤ زانووسی، سێ جار کاندید کراوە بۆ خەڵاتی ئۆسکار، جگە لەوەی ئێستا وەک سیناریست و دەرهێنەر ناوێکی گرنگی سینەمای پۆڵەندیە.

(١٦) لاسۆ ئادەمیک لە ١٩٤٢ لە چیکسلۆڤاکیا لەدایک بووە، ساڵی ١٩٧٢ سینەمای لە براگ تەواو کردووە، لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم تا سەرەتای نەوەتەکان دەرهێنەری گروپێکی شانۆیی ناسراوی وارشۆ بووە، لەبیست ساڵی رابردووش کراوە بە بەرێوبەری ئۆپیرای کراکۆڤ، جگە لەکاری شانۆیی بەبەردەوام وەک دەرهێنەرێکی سینەمایی لەسینەمای پۆڵەندی کاری کردووە، لەپاڵ دەرهێنەری بەشێک لەکارە شانۆییەکان بۆ تەلەفزیۆن، ئەوەش هەر لەو کاتەوەی کە لە ١٩٧٣ شانۆگەری «پەتا سپیکەی» بۆ تەلەفزیۆن تۆمار کرد، بەدوای ئەوەی وەک کارێکی سینەمایی پێشکەشی کردبوو، وەک کاری شانۆیش تۆماری کردەوە، لەکارەکانی دواتری «پیلیاس و میلیساندا» ی مۆریس مەتەرلینگ و «بۆریس گۆدۆنۆڤ» ی پوشکێن و هەروەها بەهاوبەشی لەگەڵ هاوسەرەکەی خاتوو ئاگنێشکا هۆڵەند چەند نمایشێکی شانۆییان پێشکەشکردووە لەوانە «کۆشک» ی کافکا و «لۆرێنساچیا» ی فرێد دی مۆسێت، هەروەها یەکێک لەدەرکەوتنە بەراییەکانی ساڵی ١٩٧٥ بووە لەشانۆگەری «دارستان» کە بۆ ئەو وەک سەرەتایەکی گرنگی دەرکەوتنی دادەنرێت، بەهۆی ئەوەی لەشانۆگەریەکی دەرهێنەر ئۆسترۆفسکی بەشداری کردووە، لەکارە گرنگەکانی ئەو دەرهێنەرە کە لەنەخشەی شانۆی پۆڵەندی بەگرنگ سەیری دەکرێت، سەرباری شانۆگەری کۆشک، ئەو کارانەیترین «سێ قروشەکەی» برتۆلد برێخت و «ئۆپۆ پاشای» ئەلفرید گاری و «تەرمی کۆمپانیای درووستکراو» ی داریۆفۆ، لەساڵی ٢٠١٠ وەک ئەکتەر لەشانۆی ئۆپیرای فرۆسلاڤ رۆڵی میوزیکژەن فرەدریک چۆپین دەبینێت لەکارێکی دەرهێنەر گیاسۆمۆ ئۆریفیتسی، ئەو دەرهێنەرە کارەکانی لەبواری ئۆپیراو سینەمادا تا ئەمرۆش گرنگیەکی تایبەتی هەیە، بۆیە گەر دەرفەت بگونجێت شایستەی ئەوەیە نووسینی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت

(١٧) هەندێک جار لەئاستی سیاسیەوە، پۆڵەندا تاوانبار دەکرێت، بەوەی لەتاوانی هۆلۆکۆست ناراستەوخۆ بەشدارە، بەهۆی ئەوەی هاوکاری ئەڵمانەکانی کردووە، بەتایبەت ئیسرائیل تۆمەتی ئەوە دەخاتە پاڵ پۆڵەندا

(١٨) ئادام هانوشکیێڤیچ (١٩٢٤-٢٠١١) ئەکتەر ودەرهێنەری شانۆییە

(١٩) شانۆی تەلەڤزیۆنی لەپۆڵەندا یەکێکە لەئەزموونە ناوازەکان، وایکردووە ئەرشیفی ئەو شانۆیە تا ئەمرۆ بپارێزرێت، دوای تۆمارکردنی وەک فیلم لەبازار دەفرۆشرێت، سەرباری ئەوەی تەلەفزیۆنی پۆڵەندی کەناڵی یەک پەخشی دەکات

(٢٠) رۆمان پۆلانسکی (١٩٣٣) دەرهێنەرێکی شانۆیی و سینەماییە، زیاتر ناوبانگی وەک دەرهێنەرێکی سینەمایی دەرکەوتووە، هەروەها لەشانۆشدا کاری کردووە، بەتایبەت لەشانۆنامەکانی شکسپیردا، کەدواتر وەک فیلمی سینەمایی سەر لەنوێ کاری تیا کردۆتەوە، دیارترین کارەکانی ماکبێس، شاکارەکانی لەسینەمادا چەندین خەڵاتی گەورەی پێ وەدەست هێناوە

(٢١) Gazeta Wyborcza, 29 sierpnia 2002

(٢٢) MARIA NAPIONTKOWA, TEATR POLSKIEGO PAŹDZIERNIKA, Wyd. Instytut Sztuki PAN, Warszawa 2012

(٢٣) Paweł Płoski, Teatralna odwilż – kilka intensywnych lat, teatr, 2013/numer 9

(٢٤) هەمان سەرچاوە

**رۆمانی «دادگا» ی کافکا، یەکێکە لەو رۆمانانەی ساڵی ١٩٨٠ لەشانۆی پۆڵەندی نمایش کراوە**

# کۆریگرافیا



هیوا سوعاد

کۆریگرافیا یان زانستی سەما، واتە هونەری جوولەی جەستە کە لەگەڵ مۆسیقادا ڕێکدەخرێت و شێوەیەک لە شێوەکانی گوزارشت کردن دەبەخشێ کە زۆر ئومێد بەخشە، چ لەڕووی کۆمەڵایەتی، یان هونەری، یان ئاینی، یان کات بەسەر بردن، هەروەها جۆرێکە لە جۆرەکانی پەیوەندیکردن کە لەبری زمان زمانی جەستە بەکاردەهێنرێت.

هەر لە دێر زەمانەوە مرۆڤ پێویستی بە هۆیەکانی پەیوەندی و بەردەوامی هەبووە، پێویستی بەوە هەبووە گوزارشت لە گشت گۆڕانکاری و ڕووداوەکان بکات، بۆ ئەمەش زیاتر جەستەی بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە پەیوەندییەکان بکات و بتوانێ ئەوەی لە ناخیتی دەری ببڕێ، زۆر جاریش ئەو جوولەو سەمایانەی کە ڕەتمدار بوون، زۆر شتی جێگیر کردبوو، چوارچێوەیەکی پێ بەخشیبوو هەندێ وێردی بۆ ڕووداوە گرنگەکان دروست کردبوو، لەوانە (لەدایک بوون ـ مردن ـ ژن هێنان) گەر بێت و سەرنج بدەینە ئەم وێردانە دەبینین ئەوە سەمایە ئەو وێردانەی دۆزیوەتەوە و بۆ هەر بۆنەیەک وێردێکی تایبەت هەیە، وەک ئاهەنگی بووک گواستنەوە و ڕاوکردن و جەنگ و گۆڕینی وەرز و ئایینەکان.

بە نیسبەت ڕیتمیش لێدانی دڵ و هەناسەدان هەوێنی یەکەم ڕیتم بونە لە پێشکەشکردنی سەما و سەماکردن، هەر لە سەرەتاوە شێوازی مۆسیقاکان جیاواز بوون و سەماش بە گوێرەی ڕیتمی مۆسیقاکە جیاوازی هەبوو، ئەم پەیوەندییە واتە پەیوەندی نێوان مۆسیقا و سەما بەردەامی هەبوو، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە برەودان دابوو، دوای چەندین ساڵ چەند سەمایەک کە تایبەتمەندی خۆی هەبوو سەریان هەڵدا و زۆر بە زوویی بوونی خۆیان سەلماند، هەروەها خۆشیان ناساند لەوانە (فالس ـ تانگۆ ـ دیسکۆ ـ سالسا ـ ئەلیکترۆنی ـ هێب هوب) هەندێ لەو مۆسیقایانەی کە دەبوونە مایەی سەماکردن و جۆش و خرۆشیان دەبەخشی و بەپێی ڕیتمەکەی خەڵک جوولەی لەگەڵدا دەکرد، ئەوانە توانیان پێشڤەچوون بەخۆیانەوە ببینن و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک پەرەیان سەند لەوانە (مۆسیقای بارۆک و سەمای بارۆک) کە هەم مۆسیقایە هەمیش سەما کە شان بەشانی یەکتر گەشەیان سەند لە کاتێکدا مۆسیقای کلاسیک و پالێ بە جیا پەرەیان سەند.

هەر چەندە سەما هەمیشە لەگەڵ مۆسیقادا بووە یاخوود جۆرە ڕیتمێکی لەگەڵ دابووە بەڵام سەمای (کلاکیت) شێواز و قالبێکی جیاوازی وەرگرت، لەبەر ئەوەی پشت بە چەپڵە لێدان دەبەستێ، بەمەش دەتوانێ بەبێ مۆسیقا سەماکە بکەیت، سەماکەران بە گوێرەی ئەو جوولەیەی کە لە لایەن ڕاهێنەرانەوە بۆیان دادەنرێت سەما و جوولەکانیان بەهۆی چەپڵەوە واتە بەهۆی ڕیتمێکی دیاریکراو جێبەجێ دەکەن.

سەما بە هەموو شێوازەکانی پەرەی سەند و هەر لە جۆری ئەکادیمی وبالێ تا دانس و کرۆمینگ، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی پێناسەی سەما بە شێوەیەک دەکرا کە پشت بە هۆکارە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و ستاتیکی و هونەری و ئاکاری دەبەسترا، هەر لە ئەرکە جوولەییەکانی سەما، لە سەمای میللی تا دەگاتە تەکنیکە بەرزەکانی بالێ.

هەموو جۆرەکانی سەما لە یەک شتدا یەکدەگرنەوەو هاوبەشیان هەیە ئەویش نەرمی جەستەو توانای جەستەیی.

لێرەدا دەتوانین سەما بکەین بە سێ بەش:-

١. کلاسیکی
٢. میللی
٣. هاوچەرخ (نوێ)

**١. سەمای کلاسیکی :-**

پشت بە جوولەی ڕێک و تووخمی نەرم و گونجاو دەبەستێ و لە کۆنەوە ئەم سەمایە بوونی هەبووە تا ئێستاش بەردەوامە لەوانە (بالێ ـ سەما لە سەردەمی ناوەڕاست و سەردەمی بارۆک و ڕێنیسانس ـ سەمای هاوچەرخ ـ پالێی هاوچەرخ).

**٢. سەمای میللی (فۆلکلۆری) :-**

ئەم سەمایە هەمیشە بەندە بە ڕۆشنبیری و نەژاد و ناوچە و کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، هەروەها دەچێتەوە سەر ڕۆشنبیری میللی وەک (سەمای هۆڵ ـ تانگۆ ـ تشارکستۆن ـ سەمای ڕۆژهەڵات ـ لاس سینتاس ـ گاباراتون ـ ویلا ـ دیابلادادە ـ ئۆرۆرۆ ـ کویکا ـ سەمای کلاسیکی هیندەکان ـ دیا بلادا بونانیا ـ باکجوبیر ـ سەمای یۆنانی ـ ئازتیکگۆمبا ـ فلامنگۆ).

**٣. سەمای نوێ (هاوچەرخ) :-**

ئەو سەمایە کە لەم ساڵانەی دواییدا خەڵکێکی زۆر پێیان خۆشبوو هەروەها لە هەندێ شوێنیش بوو بە باو بە تایبەتی لەنێو چینی گەنجاندا، زۆرێک لە گۆرانیبێژانیش بەو شێوازە گۆرانیان چڕیوە و هەوڵیانداوە شوێن پەنجەیان دیار بێ و چەندین ئاهەنگ و بەرنامە و گۆرانی دەنگ و ڕەنگیان ئامادە کردووە، ئەم جۆرە سەمایەش بەم شێوەیە (جاز ـ دانس ـ سالسا ـ روکاندرول ـ بارا بارا ـ مون ووک ـ جۆمپستایل ـ بوبنگهاردستیب ـ هۆستیل ـ ڤۆنکی).

# مێژوویی

- **بزووتنەوەی سمکۆ و پرسی نەتەوەیی کورد**

ن: ڕزگار بەرفروخت
و: ڕێباز مستەفا

- **کێشەی زەوییەکانی گۆشەنشینی(زاویە) پیرداود لە نێوان ساڵانی ١٨٤٨-١٨٥٦ دا لە ژێر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا**

د. محەمەد گەلاڵەیی



# بزووتنەوەی سمکۆ و پرسی نەتەوەیی کورد *

(ئەم باسە پێشەکییەکی کورتە بۆ چوونە نێو کرۆکی لێکۆڵینەوەکەمان لەم بەشە گرنگەی مێژووی هاوچەرخی کوردستانی ئێران (ڕۆژهەڵات) هەر لە ساڵانی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی سمکۆ تا ڕۆژی مردنی لە ١٩٣٠.)



ن: ڕزگار بەرفروخت
و: ڕێباز مستەفا

**بەشی یەکەم**

**چاوخشاندنێکی خێرا بە پرسی کورد**

مەبەستی ئێمە لە پرسی کورد وەک چەمکێک، بریتییە لە هەموو ئەو بزاڤ و هەوڵ و تێکۆشانەی سەد ساڵەی دوایی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە خواست و داواکارییەکانی. ئەو چەمکە لە ئەدەبیاتی فەرمیی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدایە، یان لەنێو ڕۆشنبیران و چالاکوانانی نەتەوەخوازی کورد، لەخۆگری واتا و هەڵێنجانی جیاجیایە. لێکۆڵەران و دیرۆکنووسانی سەر بە ناوەند، پرسی کوردیان وەک کێشە و ئاریشەیەکی مێژووی هاوچەرخی خۆیان لە ڕوانگەی جیاجیاوە خستۆتە بەر باری سەرنج و هەڵسەنگاندنەوە؛ لە کاتێکدا بەشێکیان لەژێر کاریگەریی تیۆری پیلان و بەدگومانی، بە نکوڵیکردنی ناڕاستەوخۆی پرسی کورد، ئەو ڕەوتەیان بە هەوڵ و دەست لەپشتدانی وڵاتانی زلهێزی بیانی، بۆ نانەوەی پشێوی و ئاژاوە لە ئێران داوەتە قەڵەم١

هەندێکی دیکەش بە نادیدەگرتنی تەواوی خواست و ڕەوایی پرسی کورد، دەیانەوێت بۆ ناکامیی پرۆسەی نەتەوەسازی٢ پڕۆژەی (دەوڵەت-نەتەوە)ی مێژووی هاوچەرخی ئێرانی بگێڕنەوە و لە هەمان کاتیشدا هەوڵیان داوە هۆکارەکانی ئەو ناکامییەی حکومەتەکانی ناوەند بۆ نەهێشتن و تواندنەوەی ناسنامەی کورد لە بۆتەی ناسنامەی نەتەوەیی وڵاتەکەدا، وەک مەترسی بخەنەڕوو.٣

ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕۆشنبیرە نەتەوەخوازەکانی کورد نەک دان بەو دیداگایانەی باس کران نانێن، بەڵکو پرسی کورد، یان «کوردایەتی» بە پرسێکی هەمەگیری خودی و بابەتی ناسنامەیی گەلی کورد دەزانن؛ بابەتێک کە لەم سەد ساڵەی دواییدا داینەمۆی سەرجەم بزووتنەوەکانی گەلی کورد بووە. هەر لێکۆڵەرێک و مێژوونووسێک، بە پێی جیهانبینیی خۆی، هەروەها بە کاریگەریی هەڵێنجان و تێگەیشتنی لە بارەی پرسی نەتەوە و نەتەوایەتیی کوردەوە، بۆی هەیە بکەوێتە یەکێک لەو دوو سەنگەرانەی ناومان هێنان. هەرچەندە ئەمە بە جۆرە دیدگایەکی سوبژێکتیڤیزم٤ (خودیانە) لە بارەی مێژوو و مێژوونووسییەوە٥ لێک دەدرێتەوە، بەڵام ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە مێژوونووس و لێکۆڵەر نابێت هەر پابەند بێت بە خواست و تێڕوانینە هزری و مەیلە ئایدۆلۆژییەکانی خۆی، بەڵکو دەبێت بە پشتبەستن بە بنەما و شێوازە سەلمێندراوەکانی بواری مێژوونووسیی، خۆی لە کارانگازی و تێڕوانینە هزری و ئایدۆلۆژییە تایبەتی و کەسییەکانی خۆی بپارێزێت.

پرسی کورد، زیاترین نزیکایەتی لەگەڵ چەمکی ناسیۆنالیزم لە نووسینە تیۆرییەکانی زانستی کۆمەڵایەتی و سیاسیی مۆدێرنەوە هەیە. ناسیۆنالیزم وەک چەمکێک لە هەر چەمکە تیۆرییەکانی دیکەی زانستەگەلی مرۆیی، واتا و هەڵێنجانی جیاجیا و هەندێک جار ناکۆک لەگەڵ یەکی گرتووەتە خۆ. هەولی لێکۆڵەران بۆ لە قالبدان و خستنە چوارچێوەی چەمکی ناسیۆنالیزم زیاتر لە سێ ئاراستەی بنچینەییانە،

دروستکراوانە و بینراوانەدا خۆی نیشان دەدات. ئەو جیاوازییە تێڕوانینە هەر تەنیا پانتایی جیاوازیی دیدگا سەبارەت بە ناسیۆنالیزم ناگرێتەوە، بەڵکو مۆدێلە باسکراوەکان وەک نموونەگەلی لێکۆڵینەوەش زۆر جیاجیا و هەمەچەشن دەنوێنن. ئەو پرسە بە واتای پشێوی و بێسەروبەرەیی هزری و زهنی لێکۆڵێنەرانی ئەو بەشەی بابەتە هزرییەکان نییە، بەڵکو دەرخەری ڕاستییێکە کە سەراپای پانتایی زانستە مرۆییەکانی گرتۆتەوە. (تایبەتبوون) وەک گرنگترین خەسڵەتی لێکۆڵینەوەی زانستە مرۆییەکان ڕاستییێکە کە ساڵانێکی درێژە لێکۆڵەر و شرۆڤەکارانی ئەو لقەی زانستی بەخۆوە سەرقاڵ کردووە. ئەم بابەتە کە لە ترۆپکدا خۆی لە ململانێی فیکری و لایەنگیریکردنی پۆزەتیڤەکان لە بەرامبەر شرۆڤەکارانی ڕاڤە و تێگەیشتن نیشان دەدا ئەمڕۆ ئیدی جۆشوخرۆشی جارانی نەماوە. تایبەتبوون ئیدی ڕاستییێکە کە چالاکیوان و لایەنگران و شرۆڤەکارانی کایەگەلی مرۆیی جەختی لێ دەکەنەوە، بەڵام ئەم پرسە نەبووەتە هۆی ئەوەی کە نموونە و مۆدێلگەلی شیکاری وەک ڕوونکردنەوە و ساخکردنەوەی بەشی زۆری ڕەفتار و بوویەرە مرۆییەکان لەبەرچاو نەگیردرێت. نموونەگەلی تیۆری، ئەمڕۆکە هەوڵدانێکی ئامانجدارن بە ئاراستەی ڕێکخستنی شرۆڤەکردنی بوویەر و پرسە مرۆییەکان بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتبوونیان. ئەگەر پێمان وابێت کە ئەو تایبەتبوونە لە لێکۆڵینەوەی مێژووییدا بە ترۆپکی خۆی بگات، چاوەڕوانییێکی بێجێ و زیادەڕۆییانە نابێت. تایبەتبوون، یان بینینی یەک ڕووی بابەتی مێژوویی -کە کاریگەری لە جوگرافیا، ڕووداوگەلی تایبەتی مێژوویی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ... وەردەگرن- بە ڕادەیەکی زیاتر لە بوارەکانی دیکەی زانستە مرۆییەکاندایە، کە بەکارهێنانی مۆدێلە تیۆرییەکان بە بێمەیلی و نابەدڵییەوە لە لایەن مێژوونووسانەوە پەیگیری دەکرێت. هەر لە بەر ئەوەشە کە زۆربەی لێکۆڵەرانی زانستی مێژوویی نەک لەنێو توێژی مێژوونووسان، بەڵکو سەر بە چالاکیوانی بەشەکانی دیکەی زانستە مرۆییەکانن. لەو میانەدا بەشی لێکۆڵینەوەی مێژوویی کوردستان کەمترین پشکی لە بەکارهێنانی شێوازی زانستیی شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی ڕووداوگەلی مێژوویی بەر دەکەوێت. بەکارنەهێنانی نموونە و مۆدێلگەلی زانستی لەو بەشەی مێژووودا هۆکاری جیاجیای خۆی هەیە؛ بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە پرسی کورد بە شێوەیەکی




بەرچاو دوای جەنگی دووەمی جیهانی هەمیشە وەک پرسێکی نێودەوڵەتی بوونی هەبووە؛ بەڵام نەگەیشتنی کورد بە ئامانجەکانی و هەروەها مانەوەی لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتگەلی ناوەندی، نووسینەوە و ساخکردنەوەی مێژووی ئەو گەلەی نەک هەر دوچاری ئاستەنگ، بەڵکو لە هەندێک بەشی کوردستاندا مەحاڵ کردووە. بۆیە نەک هەر لەگەڵ شیکردنەوە و نووسینەوەی هزرمەندانەی مێژووی کوردستان، بەڵکو لەگەڵ نەبوونی ڕووداونووسێنێکی واتادار و شیاوی مێژووناسیش ڕووبەڕووین.

ئەم نووسینەی ئێمە نە لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئاستەنگ و ئاریشەکانی بەردەم پرۆسەی نووسنەوەی مێژووی کورد و

***ڕێبەرانی ئایینی بە تایبەت شێخەکان لە نەبوونی دەسەڵات دوای میرنشینەکانی کورد توانیان بێنە نێو مەیدانی تێکۆشانی سیاسی لە کوردستان***

نە ڕێگری و دەرەتانی شێوازە زانستییەکانی بەردەم مێژووی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی بخاتەڕوو و شیکردنەوەیان بۆ بکات. هەروەها نووسەر خۆی لە مشتومڕی ئایدۆلۆژی و هەڵێنجانی پەیوەست بە ناسیۆنالیزم و باس و مشتومڕی مەبەستدارانەی ئایدۆلۆژیی دیکەش دوور دەگرێت، چونکە لەو بابەتانەدا نە توانایەکی قووڵی هەیە و نە لێکۆڵینەوەی مێژوویش پێویستی بەو مشتومڕە ئایدۆلۆژییانە هەیە. ئەم بەشەی زانست بۆ دۆستانی شارەزا لە زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کراوەیەوە و ئەوان لە مێژوونووسان باشتر دەتوانن ڕای خۆیانی لەسەر بدەن.

> **مێژوونووس و لێکۆڵەر نابێت هەر پابەند بێت بە خواست و تێڕوانینە هزری و مەیلە ئایدۆلۆژییەکانی خۆی**

ئەم باسە پێشەکییێکی کورتە بۆ چوونە نێو کرۆکی لێکۆڵینەوەکەمان لەم بەشە گرنگەی مێژووی هاوچەرخی کوردستانی ئێران (ڕۆژهەڵات) هەر لە سالانی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی سمکۆ تا ڕۆژی مردنی لە ١٩٣٠. بێگومان ئەم هەوڵەی ئێمە نە بە واتای شیکردنەوە و ساخکردنەوەی هەموو پرسەکە دێت و نە تاکە هەوڵدان و لێکۆڵینەوەشە لەو بارەیەوە. من بە پێچەوانەی زۆر لە لێکۆڵەرانی فەرمی، نەسەر بەو بزووتنەوەیەم کە سمکۆ بە ناو و ناتۆرەی ڕێگر و تالانکەر تاوانبار دەکەن و نە هەوڵی ئەوەشم داوە مێژوویێک بە پێی حەز و مەیلی خۆم بنووسمەوە، هەروەها خۆم لەوەش بە دوور دەگرم کە وەک مێژوونووسانی سەر بە دەوڵەت، ئایدۆلۆژیای فەرمیی و ناوەندی دەوڵەت وەک تەوەر و بنەما وەربگرم و ئەو بزووتنەوەیە (بزووتنەوەی سمکۆ) بە هۆکاری ئەوەی کە ئەوان بە ناپاکی لە ئامانجە نەتەوەییەکانی ئێران ناوی دەبەن، تۆمەتبار بکەم. ڕاستەهێڵی لێکۆڵینەوەی ئەم باسە بەم شێوەیە دەبێت کە من ئەو بزووتنەوەیە لە چوارچێوەی ڕووداوگەلی تایبەت بە پرسی کورد لە میانی سالانی پێش و پاش جەنگی یەکەمی جیهانی دەخەمە بەرباری سەرنج و لێکۆڵینەوەوە. لەو بارەیەوە خۆم لە لۆژیکی بالادەستی نێو مێژوونووسانی نەتەوەپەرستی کورد کە سمکۆ وەک ڕێبەرێکی هۆشیار و بوێری نەتەوەیی دەناسێنن و باس لە ئاستەنگەکانی بەردەم ڕەوتی دروستبوون و چەکەرەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئێران ناکەن، بە دوور دەگرم. لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا، سەرەتا دەرەتان و تواناکانی ناسیۆنالیزمی کوردی لەو سالانەی باس کران بە جەختکردنەوە لەسەر ئەو پرسانەی کاریگەرییان بەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی، واتە لەبەر چاوگرتنی گۆڕانکارییەکانی بونیادی دەسەلاتی ئێرانی و عوسمانی، چەکەرەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئێران و عوسمانی، بونیادی کۆمەلایەتیی کوردستانی ئێران و گۆڕانکارییەکانی نێودەوڵەتی دەخەمە بەر باری سەرنج و لێکۆڵینەوەوە و لە هەمان کاتدا لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا ڕووداو و بوویەرە بەردەستەکانی ئەو بزووتنەوەیە بە جەختکردنەوە و پشتڕاستکردنەوەی سەرچاوە باوەڕپێکراو و سەرەکییەکانی ئەو کات، ساخ دەکەمە و دایاندەڕێژمەوە. لە دوا بەشیشدا بە تێکەڵکێشکردنێکی هەردوو بەشی یەکەم و دووەم، دوا هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە لە بارەی ئەو بزوتتنەوەیەوە دەخەینە بەر دیدی خوێنەران.

### گۆڕانکاریی نوێ لە بونیادی دەسەلات و پرسی کورد

ئەگەرچی پرسی کورد وەک دیاردەیەکی مۆدێرن، سەد ساڵێک زیاترە وەک کێشەیەکی ڕۆشنبیری و سیاسیی لە گەڵ ولاتانی ئێران، تورکیا، عێراق و سوریا لە ململانێدایە، بەلام ئەو کێشەیە وەک زۆربەی گۆڕانکارییە سیاسی و مێژووییەکانی دیکە ڕەگ و ڕیشەی لە کۆمەڵێک دیاردە و هۆکاری دیکەدایە. کارانگازیی ڕۆشنبیران و بژاردەکانی کورد لە کەشی ناسیۆنالیستیی سەردەمی نێوان دوو جەنگی جیهانی، کاردانەوەی کوردی بەرامبەر بە پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەت–نەتەوەی سەپێنەرانەی هەر یەک لە ولاتانی ناوبراو و گۆڕانکاری لە پێکهاتەی کۆمەلایەتی و کلتوریی کۆمەڵگەی کوردستان بە بەشێک لە هۆکاری بوون و پایەداریی پرسی کورد لە سەردەمی نوێدا لێک دەدرێتەوە. هەر یەک لەو بابەتانەی باس کران دەکرێت بە هۆکاری پێکهاتن و کەوتنە سەرپێ و لە هەمان کاتدا هێز و گوڕ بەخشین بە خواستە نەتەوەییەکان لە کوردستان بژمێردرێن، بەلام ئەوەی کە لە لێکۆڵینەوە و

هەڵسەنگاندنەکانی پێناسە و خستنەڕووی ناسیۆنالیزمی کوردی هەمیشە پشتگوێ خراوە، ئەو گۆڕانکارییەی پێکهاتە و سیمای دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کوردستان بووە لە لایەن ئەو وڵاتانەی کە گەلی کورد کەوتووەتە نێو چوارچێوەی حوکمڕانیانەوە. لە ڕاستیدا گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی دەسەڵات، یەکێک لە گرنگترینی فاکتۆرەکانی پێکهێنەری سەرهەڵدان و بەردەامبوونی پرسی کورد بووە.

دەتوانین تاوتوێکردنی گۆڕانی پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران بە گەڕانەوەیەکی خێرای لێکۆڵینەوەکانی کارل مارکس هەڵبسەنگێنین. مارکس لە هەندێک لە لێکۆڵینەوەکانیدا سەرنجی خۆی خستۆتە سەر خۆرهەڵات و جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا. یەکێک لەو باسانەی کە مارکس هەڵوەستەی لەسەر دەکات، نەکەوتنە سەرپێی خاوەندارێتیی تایبەتییە لە خۆرهەڵات، کە لە کتێبی ‹بنەماکانی ڕەخنەی ئابووریی سیاسی› بە شێوەیەکی پچڕپچڕ باسی کردووە.٦

مارکس لە وەڵامی نامەیەکی (ئینگڵس)دا لە بارەی هۆکارەکانی دروستنەبوونی خاوەندارێتیی تایبەتی لە خۆرهەڵات و جیاوازییە جەوهەرییەکانی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا، دوو بابەت: دەستوەردانی بەرفراوانی دەوڵەت لە کایەی گشتی و نەبوونی ژیانی شارنشینی لە لایەک و بوونی سازی و ڕێکخراوگەلی بەجێماوی لادێی سەربەخۆ و دابڕاو وەک هۆکاری ئەو جیاوازیانەی نێوان خۆرهەڵات وخۆرئاوا و دروستنەبوونی خاوەندارێتیی تایبەتی دیاری دەکات.

تا ئێستا و لەژێر کاریگەریی وەڵامە یەکەمەکەی مارکس- دەستوەردانی دەوڵەت لە کایەی گشتی- زۆر نموونە و بۆچوونی جیاجیا و جۆراوجۆر لە بارەی مێژووی ئێرانی بەر لە مۆدێرنە خراونەتەڕوو.٧

زەقکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت، کرۆکی تەوەرەیی ئەم باسە بووە کە چەمکگەلی وەک شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی، بوروکراسییەتی ئێرانی، دین و دەوڵەت و... هەوڵی ئەوە بدەن ڕۆڵی تەورەییبوونی دەوڵەت لەنێو مێژووی سەردەمی ناوەڕاستی ئێران جێ بکەنەوە و جۆرێک بەردەوامیبوون بە ئێرانیبوون ببەخشن. ئەو دیدگایە بە دڵبەندبوون و سەرچاوەگرتن لە ژێدەرەکانی مێژوونووسیی ئێرانی و بابەتگەلی تۆمارکراو لە سیاسەتنامەنووسی- وەک بنەڕەتیترین بیردۆزیی ئەو بەشەی نووسەرانە بۆ ڕەوایپیدان بە خستنەڕووی دەسەڵات بە درێژایی مێژوو- هەوڵ دەدەن کە دیدگای خۆیان بە دەرهاوێشتەی مێژوویی بڕازێننەوە.٨

لەلایەکی دیکە گەرەکیانە بە تێکەڵکردنی دوو چەمکی پیادەکردنی دەسەڵات و دروستکردنی دەسەڵات وەک دوو بابەتی تەواو جیاواز لە یەک، شێوازی سەپاندنی دەسەڵاتی ستەمکارانە و دیکتاتۆریانەی پادشاکانی ئێرانی وەک بونیاد و فۆرمی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا پێناسە بکەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە سەرنجدان لە بەشی دووەمی وەڵامەکەی مارکس- وێناکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و دوور لە یەک بە تەورەییبوونی ئەو لادێیانەی کە جیهانێکی جیاوازیان بۆ خۆیان پێک هێناوە- ئەگەر وەک تەوەری ساخکردنەوە و لێکۆڵینەوەی مێژوویی دابنێین؛ بونیادی دیدی ئێمە سەبارەت بە دروستکردنی دەسەڵات هەڵدەگێڕێتەوە. ڕاستییەکەی پەرشوبڵاوی و جۆراوجۆریی نەتەوەیی و مەزهەبی لە ئێران هەر تەنیا تایبەت نەبووە بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و فۆڕمی پێهکاتەی شار و گوند و ئەو پرسە لە میانی هەوڵدانەکانی دروستکردنی دەسەڵاتی سیاسیشدا بەدی دەکرێت.

دەسەڵاتی سیاسی لە ئێرانی بەر لە مۆدێرنە، کە بە ناونیشانگەلی وەک ستەمکاریی ڕەها، فیۆدالیزمی خێڵەکی٩ حکومەتی دیکتاتۆریانە١٠ پاتریمۆنیالیزم١١(دەسەلاتی پشتاوپشتی و میراتگرانە)، فیۆدالیزمی سیاسی١٢و پاتریمۆنیالیزمی کلاسیک١٣ناو دەبرێت، لە کۆمەڵە دەسەڵاتێک پێک هاتبوو کە وەک زۆربەی هەرە زۆری دەسەڵاتە حوکڕانەکانی بەر لە مۆدێرنە، شا هەمەکارەی ئەو سیستمە بووە. پەراوێزەکانی ئەو سیستمەی دەسەڵاتیش، بریتی بوون لە کۆمەڵێکی بەرفروانی فەرمانڕەوای ویلایەتەکان و هەرێمەکان و سەرۆک هۆزە گەورەکان، هەروەها هاوپەیمانانی سیاسیی ئەوان و خان و سەرۆکە خۆجێییەکانیان.١٤

لەو کۆمەڵەیەدا، پیادەکردنی دەسەڵات بە کردەوە بە سنووردارکردنی پێکهاتەیی، سەربازی، ئابووری و جوگرافیایی بەسترابووەوە. ڕاستییەکەی پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسیی ئێرانی بەر لە مۆدێرنە وەک نموونە کلاسیکییەکانی دیکەی دەسەڵاتی سیاسی١٥ لە ڕووی پانتایی تیۆرییدا فراوان، بەڵام لە ڕووی کارتێکردنەوە سنووردار و سادە بوو.١٦

**پرسی کورد، زیاترین نزیکایەتی لەگەڵ چەمکی ناسیۆنالیزم لە نووسینە تیۆرییەکانی زانستی کۆمەڵایەتی و سیاسیی مۆدێرنەوە هەیە**

لە بنچینەدا لە زۆربەی حکومەتە کۆنەکاندا شێوەی فەرمانڕەواییەکانی ناوچەکانی وڵات بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ بەڕێوەدەچێت و تەنیا لە دەوڵەتی مۆدێرندا ئەوە دەگۆڕێت و ئەو پرسە بە شێوازی ڕاستەوخۆ پیادە دەکرێت.١٧

ئەو شێوازەی فەرمانڕەوایی بە جۆرێک بووە کە هەندێک لە مێژوونووس و لێکۆڵەران، چەمکی دەسەڵاتداریی ناڕاستەوخۆ بۆ دەسەڵاتدارانی ئێرانی بەر لە مۆدێرنە بەکار بێنن.١٨

دەکرێت هاوهەنگاو لەگەڵ مایکل هیشتەر منیش بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتی کەڵەکەکراو واتە بەرز لە کارتێکردن (کۆمەڵایەتی) و زیاتر لە پانتایی سنووردار و «دەسەڵاتی بەربڵاو» واتە بەرز لە پانتایی (گشتی)، بەڵام نزم لە کارتێکردن (کۆمەڵایەتی)؛١٩ ئەوە بڵێم کە لە ئێرانی بەر لە مۆدێرنەدا دەسەڵاتی کەڵەکەکراو تایبەت بووە بە پایتەخت و ناوەندی دەسەڵاتدارییەوە. زۆربەی ناوچەکانی ئێرانی بەر لە مۆدێرنە لەسەر بنەمای پێکەوەنانی

> **یەکێک لەو باسانەی کە مارکس هەڵوەستەی لەسەر دەکات، نەکەوتنە سەرپێی خاوەندارێتیی تایبەتییە لە خۆرهەڵات**

تۆڕێک لە پەیڕەوکارانی دڵسۆز کە دەتوانرێت بە سومبلی دەسەڵاتی بەربڵاویان بدەینە قەڵەم بەڕێوە براون. ئەو شێوازە لە پێکهاتەی دەسەڵات بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕادەی پەیڕەوکردن و پابەندبوونی ناوچە پەراوێزخراو و دوورەکان لە ناوەند بەند بێت بە توانا و دەسەڵاتی خودی پادشاوە. بەم شێوەیە کاتێک ئەو سەردەمانەی فەرمانڕەوایی ناوەندی لە دەستی فەرمانڕەوایەکی بەهێز و دیارەوە بووبێت ئاستی پابەندبوونی دەسەڵاتدارانی ناوچەکەش زۆر بووە و لەو سەردەمانەش کە فەرمانڕەوای بەهێز حکومەتی بە دەستەوە نەبووە، ئاست و ڕادەی پابەندبوون و وەفاداریی فەرمانڕەوایانی ناوچەکانیش زۆر کەمڕەنگ و لاواز بووە.

کوردستان وەک یەکێک لە ناوەندەکانی پەراوێزی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێرانی بەر لە مۆدێرنە، نموونەیەکی دیاری ئەو شێوازەی پیادەکردنی فەرمانڕەوایی و نموونەی ناڕاستەوخۆی دەسەڵات بووە لە ئێران. ئەگەرچی ناکرێت پێکهاتەی پەراوێزبوونی دەسەڵات لە کوردستان بە درێژایی مێژووی ناوەڕاست وەک شێواز و پێکهاتەیەکی سیاسی تۆکمە، یەکدەست و دیاریکراو پێناسە بکرێت؛ بەڵام بە چاوگێڕانێکی هەمەلایەنە دەتوانین بڵێین کە لە ڕابردوودا بونیادی دەسەڵاتی لاوەکیانەی میرنشینی، لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا شێوەیەک لە پابەندبوونی- پابەندیی نێوان دەسەڵاتدارانی ناوەند و کوردستان-ی هێناوەتە کایە. ڕاستییەکەی میرانی کورد لە قەڵەمڕەوی میرنشینەکانی خۆیاندا، بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆسەر و هەندێک جار سەربەخۆ کاروباری ناوچەی خۆیان بەڕێوە بردووە و هاوکات پەیوەندیشیان لەگەڵ فەرمانڕەوایانی ناوەندا هەبووە. هەزبانییەکان، ڕەوادییەکان، عەنازییەکان، شەدادییەکان و... لە سەردەمی خەلافەتی عەباسی نموونەی دیاری ئەو سیستمە دەسەڵاتییە لاوەکییەی کوردستان بوون.٢٠

هاتنی تورکانی سەلجوقی بۆ بانەکانی ئێران و کۆچی بەربڵاوی ئەوان بۆ ناوچەکانی خۆرئاوا و باکووری ڕۆژئاوای ئێران، ئەو میرنشینانەیان زۆر خستە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە. ڕاستییەکەی تورکانی سەلجوقی بە لەنێوبردنی دەسەڵاتی میرنشینەکانی کورد، لە هەندێک ناوچەدا نەک هەر پێکهاتەی میرنشینیی دەسەڵاتە لاوەکییەکانی کوردیان لەنێو برد؛ بەڵکو باڵادەستی و هەژموونی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆشیان لە ناوچە جیاجیاکاندا سەپاند. دوای سەلجوقییەکان ئەوەی لە سیستمی بەڕێوەبەریی کوردستاندا بەدی دەکرێت لە لایەک کەڵەکەبوونی دەسەڵاتخوازیی سەرۆک هۆز و بنەماڵە هەژمووندارەکانی ئەو ناوچانە بووە، کە سیستمگەلی میرنشینیان تێدا وەلانرابوو و لە لایەکی دیکەش پیادەکردن و بەردەوامیدان بووە بە پێکهاتەی شێوە میرنشینیی لە هەندێک ناوچەی دیکەدا. ئەو ناوچانەی کە ئێستا لە نێو چوارچێوەی جوگرافیای سیاسیی ئێراندان بە شێوەیەکی گشتی کەوتنە ژێر دەسەڵات و کاریگەریی ئەو هۆز و بنەماڵە دەستڕۆیشتووانە. ڕاستییەکەی میرنشینی ئەردەڵانی لێ دەرچێت کە لە سنە و دەوروبەری سنەوە



بوو، هیچ پێکهاتەیەکی دیکەی میرنشینی لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانی ئێران بەدی ناکەین. سەرۆک هۆز و بنەماڵە دەستڕۆیشتووەکان لە لایەکەوە لە پەیوەندیدابوون لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و لە لایەکی دیکەشەوە لە ناکۆکی و کێشمەکێشی بەردەوامدابوون لە گەڵ هۆز و خێڵەکانی دەوروبەری خۆیان. بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی مێژوویی ڕووداونووسی ئێرانیی سەردەمی ناوەڕاست تا دەگاتە سەردەمی سەفەوی و تەنانەت دوای ئەوەش، ڕۆڵبینینی هۆزەکان وەک ڕایەڵی نێوان دەسەڵاتدارانی ناوەند و خەڵکی کوردستان بەدی دەکرێت.

دروستبوونی هەردوو حکوومەتی سەفەوی و عوسمانی لە سەدەی دەیەمی کۆچی/ شازدەی زاینی و دژایەتی و بەریەککەوتنە ئایدۆلۆژی و سەربازییەکانی نێوانیان، پێگەیەکی تایبەت و گرنگی بە کوردستان بەخشی و کردی بە ئۆردوگای دژایەتییە سیاسی و نەبەردە سەربازی و ناکۆکییە ئایدۆلۆژییەکان.٢١ ئەو پێگە ستراتیژییەی کورد و کوردستان، دەبێتە بەشێکی گرنگی سیاسەتی دەوڵەتانی حوکمڕان. دوای جەنگی چاڵدێران و دابەشکردنی کوردستان لە نێوان هەر دوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی، ڕکابەری و تەقەللای سەفەوی و عوسمانی بۆ زیادکردنی هەژموون و دەسەڵاتی خۆیان لە کوردستان و ڕاکێشانی هێزە سیاسییەکانی کورد بۆ خۆیان زیاتر بوو. ئەو سیاسەتە لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا بە درێژایی قۆناغەکانی دەسەڵاتی سەفەوی، ئەفشاری، زەندی و قاجاری هەر هەبووە.

ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە بە یارمەتی کورد و هێزی هۆزەکانی کوردستان بەڕێوە چووە. لە ماوەی ئەو دەسەڵاتدارێتییەی لەسەرەوە ناوی هات، فەرمانڕەوایانی ناوەند لە ئێران لە ڕێی پشتیوانیکردنیان لە نیمچە خۆبەڕێوەبەرییە ناوچەییەکان کە لە هەمان کاتدا٢٢ چاودێریشیان کردوون و لە وەرگرتنی باجیشدا نەرمیان لەگەڵدا نواندوون، هەوڵیان داوە لە لایەک پابەندبوون و لایەنگریی کورد بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن و لە لای دیکەشەوە ڕێ بگرن لە داشکانیان بە لای عوسمانیدا.٢٣ ئەو سیاسەتە هەر تایبەت بە دەرباری ئێران نەبووە؛ عوسمانییەکان دوای جەنگی چاڵدێران کە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانیان کەوتە ژێر دەست بە فراونکردن و بەهێزکردنی میرنشینەکانی کورد کە پێشتر لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا هەبوون، هەژموون و باڵادەستیی خۆیان لە کوردستان فراوان و زیاد کرد.٢٤ ئەو فروانکردنەی هەژموونی سیاسی کە جۆرێک خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی بە دەسەڵاتدارانی هەر میرنشینێک دەدا؛ دەسەڵاتدارانی ناوچەکانی ڕازی و خۆشنوود دەکرد. لە کاتێکدا کە پێگەی ستراتیژی و کێشمەکێشی دەسەڵات لە نێوان سەفەوی و عوسمانی لە ناوچەکە، بووبووە مایەی هاتنەکایەی سەقامگیری و سیستمێکی سیاسیی تایبەت لە کوردستان؛ هێزە سیاسییەکانی کوردستانیش چالاکانە چوونە نێو ئەو يارییە سیاسییەی دەسەڵاتی زلهێزەکانەوە، چونکە ئەوان لە ناکۆکی و ڕووبەڕووبوونەوە ناوخۆییەکانی کوردستاندا پێویستیان بە پشتیوانیی هێزە گەورەکان هەبوو. ڕاستییەکەی لە مەیدانی ململانێی سیاسیی کوردستاندا دوو لایەنی سەرەکیی ڕکابەر و دژبەر هەبوون؛ لایەنگرانی تورکانی [عوسمانی] و لایەنگرانی ئێرانییەکان.٢٥

هەڵبەتە ئەو لایەنگیرییانە سیما و ڕوخساری یەکێتییێکی ستراتیژی و هاوپەیمانییەتییێکی سیاسیان نەبوو و زیاتر هاوپەیمانییێکی تاکتیکی نێوان ئەو هێزانە

**پرسی کورد بە شێوەیەکی بەرچاو دوای جەنگی دووەمی جیهانی هەمیشە وەک پرسێکی نێودەوڵەتی بوونی هەبووە؛**



بوون کە پێگە و دۆخە تایبەتە سیاسییەکان لە یەکدی نزیک دەکردنەوە. بۆیە هەر گۆڕانکارییێک لە پێگەی هێزەکانی ناکۆک، دەبووە مایەی گۆڕانی لاینەگران و هاوپەیمانییەکانیش. ئەو جۆرە سیستمە سیاسییە تایبەتە لە کوردستان لە ماوەی قۆناغی حوکمڕانیی سەفەوی تا قاجاری ئاراستە و ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی دیاری دەکرد.

ئەگەرچی ئەو سیستمە سیاسییە تایبەتە زیاتر خۆی لەو کات و ساتانەی کە قەیران و پشێوی دروست دەبوو، دەردەخست، بەڵام لەم سەردەمەی دواییشدا هەر بەردەوام بووە. بەو جیاوازییەی کە لە سەردەمی نوێدا زلهێزانی جیهانیش وەک کارەکتەری نوێ و کاریگەر هاتنە نێو هاوبەندییە سیاسییەکانەوە. بە هاتنی ئەو هێزانە بۆ ناو ئێران و عوسمانی، هێزە نیمچە سەربەخۆکانی کوردیش لە ناوچەکانی خۆیاندا وەک هێزێکی نوێ و کارا بۆ سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی توانای خۆیان و هەروەها گوشارخستنە سەر هەریەک لە دەوڵەتەکانی ئێران و عوسمانی کەوتنەخۆ. بە چەشنێک کە دووانەی جارانی لایەنگری تورک و لایەنگری ئێرانییەکان، ئەم جارە ئیدی بوون بە چەند لایەنی لاگری ڕووسەکان، ئینگلیزەکان، تورکەکان و ئێرانییەکان. مەک داوێل ئەو ڕەوشە نوێیە و کاریگەرییەکانی بەسەر ناوچە پاراوێزییەکانی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

لە هەندێک ناوچەی باکووری کوردستان (مەبەستی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە) گروپگەلی سەرەکی وەک هۆزەکانی شکاک، زەرزا، مامەش و مەنگور هەموویان بەش بەش و نایەکگرتوو بوون. زۆربەی ئەوانەی بە دوای سەرۆکایەتیکردنی هۆز و تیرەکانیانەوە بوون چاویان هەر بە دوای پشتیوانیی دەرەکییەوە بوو؛ برایەک چاوی بڕیبووە پشتیوانیی تورکەکان و برایەکەی دیکەی لە هەوڵی پەیوەندیکردندا بوو بە ئێران و دەسەڵاتدارانی ئێرانی.[٢٦]

ئەو شێوازە کۆنترۆل و بەڕێوەبردنەی کوردستان لە هەر دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی تاسەر نەمایەوە، بەڵکو لە سەدەی بیستەمدا گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردا هات. ڕاستییەکەی هەر دوو وڵاتی ئێران و عوسمانی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و بە پێی بەرنامە و یارییێکی هاوکاتی نزیک بە یەک، دەستیان کرد بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی سنووردارکردنی دەسەڵاتی کورد و بەهێزکردنی ناوەند لە لایەک و لەناوبردنی میرنشینەکانی کورد و دانان و ناردنی بەرپرس و دەسەڵاتدارانی دیکە لە ناوەندەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە پێکهاتەی میرنشینیان تیدا نەبوو لە لایەکی دیکەوە.[٢٧] ئەو پرسە بە واتای گۆڕینی شێوازی حوکمڕانیی هەردوو دەسەڵاتدارێتیی عوسمانی و ئێرانی بوو لە کوردستانێکدا کە هیچ یەک لە وڵاتانی ناوبراو نەیانتوانیبوو بە تەواوی و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کۆنترۆلی ئەو ناوچانە بکەن و بیانخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

کاردانەوەی کورد بەرامبەر ئەو هەلومەرجە تازەیە بە دوو شێوازی تەواو جیاواز دەرکەوت: لە لایەکەوە لەناوچوونی میرنشین بووە هۆی ئەوەی شێوازی ئاڵۆزی میرنشینیی جێی خۆی بداتە شێوازێکی سادەی ڕۆڵگێڕیی خێڵەکیانە.[٢٨] لە لایەکی دیکەشەوە ئەو بزووتنەوانەی کورد بە ڕێبەرایەتیی هێزی ئایینی و شێخانی کوردەوە بۆشایی دەسەڵاتی ناوچەکانی میرنشینە هەڵوەشاوەکانیان پڕ کردنەوە.[٢٩] بەرجەستەبوونی ڕۆڵی هۆز و خێڵەکان خۆی بە شێوەیەکی دووانەیی یەکێتیی خێڵەکی و بزاڤی هەڕەمەکیانە، ئاڵۆز و سنوورداریی خێڵەکی خۆی خستەڕوو، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگی هەبوو دروستبوونی یەکێتیی نێوان خێڵەکان بوو، کە دەیتوانی لە ناوچە پەراوێزییەکاندا ئاستەنگ بخاتە بەردەم حکومەتی ناوەندییەوە. دروستکردنی یەکێتیی هۆزەکانی وەک هورکان لە

ڕۆژهەڵاتی میردین، یەکێتیی جەلالی لە دەوروبەری چیای ئاگری، پشدەر لە ڕۆژهەڵاتی قەڵادزە لە عێراق و یەکێتیی هۆزی شکاک لە سەلماس و کەلهور لە ناوچەی کرماشان لەساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەم دەرهاویشتەیەکی ئەو ڕەوشە بەدیهاتووە بوون.٣٠ لە لایەکی دیکەوە ڕێبەرانی ئایینی بە تایبەت شێخەکان لە نەبوونی دەسەڵات دوای میرنشینەکانی کورد توانیان بێنە نێو مەیدانی تێکۆشانی سیاسی لە کوردستان. ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحموودی بەرزنجی و شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بەرهەم و پێشهاتی ڕۆڵگێڕانی ئەو ڕێبەرە ئایینیانە بوو لە هەلومەرجی تازەدا. ڕەوشی کوردستانی ئێران و کار و کاردانەوەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و بە تایبەت ئەو هێزانەی کە سەرۆکایەتیی گروپەکانی ئەو پێکهاتە کارلێککەرانەییان گرتبووە دەست لە گەڵ کوردستانی عوسمانی [کوردستانی ژێر دەستی تورک] جیاوازییێکی ئەوتۆی نەبوو. ئەوەی کە کوردستانی ئێرانی جیا دەکردەوە ئەوە بوو کە شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی میرنشینی لە ئێران تەنیا ناوچەیەکی دەگرتەوە کە پێی دەگوترا ئەردەڵان و ڕۆڵگێڕی هێزە ئایینی و خێڵەکییەکان لە کوردستانی ئێراندا ڕۆڵێکی زۆر کارا و بەرجەستە بوو. لە لایەکی دیکەوە هێزە ئایینییەکان و شێخەکان چ لە کوردستانی ئێران لە قاجارییەوە تا کۆتاییەکانی قۆناغی حوکڕانیی پەهلەوی، پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی قووڵ و ڕەگاژۆیان هەبوو، بەڵام هەرگیز نەهاتنە نێوهاوکێشە سیاسییەکانەوە. ئەو ڕەوشە لە سەردەمی نوێی هەردوو وڵاتی ئێرانی و عوسمانی تا ئەو کاتەی کە حکومەتی ناوەندی دەسەڵاتی ڕێژەیی، بەڵام لاوازی خۆی هەبوو نەبووبووە مایەی کێشەیەکی گەورە لە کوردسان؛ بەڵام ئەو کاتەی کە جووڵانەوەی دەستوورخوازی (مەشرووتە) هەردوو وڵاتی گرتەوە و ئەو هەوڵانە جێی خۆیان گرت، تا ڕادەیەکی زۆر دەسەڵاتە ناوچەییەکانی هەر دوو وڵاتیشی گرتەوە و گۆڕانیان تێدا هاتە ئارا.

هەر یەک لە وڵاتانی ناوبراو لە ژێر کاریگەریی ڕای دەرەکی و تا ڕادەیەک بە گوشاری هێزە بیانییەکان ناچار بوون گۆڕانکاریی لە ناو پێکهاتەی دەسەڵاتیان تاقی بکەنەوە. ئەو گۆڕانکاریانە لە ئێران و عوسمانی کە لەژێر ناونیشانی دەستوورخوازی (مەشروتیەت) داڕێژراوە؛ بووە هۆی ئەوەی کە ئەو گۆڕانە لە پێکهاتەی دەسەڵات وەک بنچینەییترین بەدیهێنەری گۆڕانی نوێ دەربکەوێت. نەهێشتنی نەریتی سیاسیی نیمچە خۆسەرانەی خۆجێیی لە ناوچەکانی کوردستان و هاوکات ناکامیی دەوڵەتە ناوبراوەکان لە جێگیرکردن و ڕێکخستنی دەزگا و دامەزراوەی مۆدێرنی دەوڵەتی و هەروەها ناکامی لە جێبەجێکردنی سیاسەتی هاوئاست و یەکسانی ناوەندی بۆ ڕاکێشانی زۆربەی بژاردەکانی کورد، وای لێ هات کە گەلی کورد نەک هەر نەچێتە نێو پرۆسەی دەستوورخوازیی دەوڵەتی ناوەندی، بەڵکو بە هۆی پێنەگەیشتن و نیوەچڵبوونی ڕەوتی ئەو پرۆسەیە و دروستبوونی جۆرێک ئانۆمی (جۆرێک حاڵەتی شاز) لە پێکهاتەی دەسەڵات، ئەو ماوەیە ببێتە مایەی هاتنەدی دەرفەتێک بۆ کورد کە هاوکات لەگەڵ گۆڕانکاری لە ناوەند خواستە نەتەوەییەکانی خۆی بخاتەڕوو. ئەو ئانۆمییە، زەمینەی بۆ لایەن و هۆزەکانی کورد لە هەر دوو وڵات دروست کرد، کە ڕۆڵی خۆیان ببینن و بە پشتبەستن بە بنەمای فیکری و ئایدۆلۆژیی نوێ ڕووبەڕووی دەسەڵاتی سیاسیی هەر دوو وڵاتەکە ببنەوە.٣١

* (ئەم وتارە پێشەکی کتێبێکە کە ئەکادیمیای کوردی لە چوارچێوەی پرۆژەی نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخی کورد،

کاری تێدا دەکات و تا ئێستا کۆمەڵێک کتێبی باشی مێژوویی ئامادە کراون. وەرگێڕی کوردی).

**من بە پێچەوانەی زۆر لە لێکۆڵەرانی فەرمی، نەسەر بەو بزووتنەوەیەم کە سمکۆ بە ناو و ناتۆرەی ڕێگر و تاڵانکەر تاوانبار دەکەن و نە هەوڵی ئەوەشم داوە مێژوویێک بە پێی حەز و مەیلی خۆم بنووسمەوە**

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١ بۆ نموونە لەو بارەیەوە: حمید احمدی (١٣٧٨٠)، قومیت و قومیت گرایی- از افسانه تا واقعیت، تهران: نشر نی.

٢ (nation-state builing)

٣ لەو بارەیەوە: مجتبی مقصودی، تحولات قومی در ایران، علل و زمینەها، تهران: موسسه مطالعات ملی، ١٣٨٠.

٤ (subjecttivism). خودی، (ذاتی).

٥ پرسپێکتیڤیزم کە بە دیدگایەی بابەتیش لێی دەڕوانرێت، جۆرە باوەڕبوونێکی بابەتییە بە ڕێژەییبوون لە مەعریفەناسی، کە پێناسە و هەڵێنجانی بابەتەکە بە ڕەنگدانەوەی خودی لێک دەداتەوە. لەو دیدگایەدا، ڕەنگدانەوەی خودی دەبێتە هۆی ناسینی ئەبژە و سوژە و دەگۆڕێت بۆ پرسپێتیکڤێک کە تایبەتمەندییێک بە ئەبژە دەبەخشێت. پێشینەی ئەو ڕوانگەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەفستاییەکان و لە سەردەمی نوێ و لە ڕوانگەی پۆست مۆدێرنەکانیشدا بە ترۆپکی خۆی دەگات. لەو ڕوانگەیەدا مێژوو بۆ ڕەوانبێژی بچووک دەبێتەوە، کە دیدی مێژوونووس و زهنیەتی ئەوە بوون بە گێڕانەوەی مێژوو دەبەخشێت و لە بنچینەوە ناسینی ڕەها ڕەت دەکاتەوە و بە شتێکی مەحاڵی دەداتە قەڵەم.

٦- لەو بارەیەوە بگەڕێوە بۆ: گروندریسە: مبانی نقد اقتصاد سیاسی/ کارل مارکس؛ جلد نخست ترجمه باقر پرهام و احمد تدین. تهران: آگاه- سرمایە، نقدی بر اقتصاد سیاسی/ کارل مارکس؛ ترجمه حسن مرتضوی، تهران:لاهیتا. ١٣٩٢.

٧- ڕەنگە دیارترین نموونە لەو بارەیەوە کۆمەڵە بەرهەماکانی هومایون کاتوزیان بە تایبەت بۆچوونەکانی ناوبراو لە کتێبی اقتصاد سیاسی در ایران بێت. لەو بارەیەوە بگەڕێوە بۆ: کاتوزیان، محمد علی همایون اقتصاد سیاسی در ایران، ترجمه محمد رضا نفیسی و کامبیز عزیزی، چاپ هفتم، نشر مرکز، ١٣٧٩.

٨-ڕەنگە لەو بارەیەوە نووسینەکانی سەید جەواد تەباتەبایی لە نووسینی هەموو ئەوانی دیکە سەرنجڕاکێشتر بن، یان باشترە بڵێین کە نووسەران و چالاکیوانانی دیکەی بواری ئاکادیمی زیاتر لەژێر کارتێکردنی هزریی بەرهەمەکانی ناوبراو بوونە. ئەو نووسین و باسانە کە زیاتر دروستکراو و داڕێژراوی زهنیەتی ئەزەلیبوونی ناسیۆنالیستی و باووەڕبوون بە ناسیۆنالیزم تەوەرەیی ئەو نووسەرەن؛ لە هەوڵی ئەودان چەمکی ئێرانیبوون وەک تەوەری هێنانەکایە و بەردەوامیدان بە بیری ئێرانیبوون، ئەو بۆچوونە هەر لە ڕۆژگارانی دێرین تا ئەم سەردەمەی ئێستا نیشان بدەن. لەو بارەیەوە بگەڕێوە بۆ : خواجه نظام الملک طوسی: گفتار در تداوم فرهنگی ایران، تهران، نشر مینوی خرد١٣٩٣، درآمدی بر تاریخ اندیشه سیاسی در ایران، نشر کویر، تهران، ١٣٩٦، تاملی درباره ایران: دیباچەای بر نظریه انحطاط ایران با ملاحظات مقدماتی در مفهوم ایران، نشر مینوی خرد، ١٣٩٥، تاملی درباره ایران، مکتب تبریز و مبانی تجددخواهی، نشر مینوی خرد، تهران، ١٣٩٢.

٩- ئەو دەستەواژەیە لە لایەن مینورسکییەوە بەکارهاتووە و لە لایەن ‹نیکی کێدی›، ‹بێئاسانی› و ‹بەنان›یشەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە. بگەڕێوە بۆ فوران، جان، مقاومت شکننده: تاریخ تحولات اجتماعی ایران از سال ١٥٠٠ میلادی مطابق با ٨٧٩ شمسی تا انقلاب، ترجمه احمد تدین، تهران، نشر خدمات فرهنگی رسا، ٢٣٧٧، ص٣٠.

١٠- کاتوزیان، محمد علی، تضاد دولت و ملت نظریه تاریخ و سیاست در ایران، ترجمه علیرضا طیب، نشر نی، ١٣٨٠، ص٩٥.

١١- بشیریە، حسین، زمینەهای اجتماعی انقلاب ایران، ترجمه علی اردستانی، تهران، نگاه معاصر، ١٣٩٣،ص٢٥.

١٢- توفیق، ابراهیم، مدرنیسم و شبه پاتریمونیالیسم اجتماعی (تحلیلی از دولت در عصر پهلوی)، مجله جامعەشناسی ایران، «بهار ١٣٨٥- شماره٢٥»، ص١٠٣.

١٣- بشیریە، حسین، ایدئولوژی سیاسی و هویت اجتماعی در ایران، مجله ایران نامه «پاییز١٣٨٢- شماره ٨٣، ص١٧٤.

١٤- اکبری، محمدعلی، ویژگی های ساختار قدرت در ایران دورەی اول قاجار، مجله نامه فرهنگ، سال دوم، شمارەی ٤،١٣٨٢، صص٨١-٨٢.

١٥- بۆ نموونە و وەک بەراورد دەتوانین ئاماژە بە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕووی کرداری و تیۆرییەوە لە فەرمانڕەوایی عوسمانی و زۆربەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین بکەین. بنەماگەلی تیۆری ڕەهابوونی پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی و توانای دەسەڵاتەکان لە کتێب و سەرچاوە ڕەواییبەخش و تیۆریکالەکانی ئەهلی سوننە لە دەوڵەتی عوسمانیدا ئەگەرچی پێکهاتەی

دەسەڵاتی سیاسیی سوڵتانی بێ ڕکابەر و لەمپەر نیشان دەدات، بەڵام لە ڕووی کردارییەوە پێکهاتەی ناوخۆیی عوسمانی مۆڵەتی بە پیادەکردنی ئەو ڕەهاییبوونە نەدەدا. وەک نموونە لەو بارەیەوە بگەڕێوە بۆ: استانفورد شاو، تاریخ امپراتوری عثمانی و ترکیه جدید، ترجمه محمود رمضان زاده، مشهد: معاونت فرهنگی آستان قدس، چاپ اول، ١٣٧٠، ج ١، صص ٢٨٥-٢٨٦.

١٦- لەو بارەیەوە بگەڕێوە بۆ: دنیس اسمیت، برآمدن جامعەشناسی تاریخی، ترجمه دکتر هاشم آقاجری، تهران، انتشارات مروارید، ١٣٨٦، صص٩٢-٩٦

١٧- (Hechter, Michael, 2000, Containing Nationalism. New York: Oxford University Press Inc. p58.)

١٨- لویس بک، قبایل و جامعه مدنی، مجله ایران نامه، شماره ٥٢، پاییز ١٣٧٤، ص٥٣٧.

١٩- اسمیت، برآمدن جامعەشناسی تاریخی، همان. ص١٩٣.

لەو بارەیەوە بگەڕێوە بۆ: بدلیسی، شرف الدین بن شمس الدین، شرفنامه تاریخ مفصل کردستان، به اهتمام ولادیمیر ولییامینیوف زرنوف، تهران، نشر اساطیر، ١٣٧٧- کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، زرار سەدیق تۆفیق، چاپەمەنی خانەی ئاوێر، هەولێر، ٢٠١٣- ر.ن. فرای، تاریخ ایران از اسلام تا سلاجقه سلسله تحقیقات گروه تاریخ ایران دانشگاه کمبریج، جلد چهارم، مترجم حسن انوشه، نشر امیر کبیر، تهران، ١٣٦٣، صص١٩٨-٢١١.

٢٠- بڕوانە سن، م. م. فان، ڕاپەڕینی کورد بە ڕابەریی سمکۆ، وەرگێڕ شێرکۆ هەژار، بێ جێ، ٢٠٠٩، ل٧.

٢١- (vali,abbas, kurd and the stste in Iran: the making of Kurdish Identity, London, I. B. Tauris, 2011, p9.)

٢٢- بۆ شارەزابوون لە بارەی میرنشینەکانی کورد بگەڕێوە بۆ: بدلیسی، شرف الدین بن شمس الدین، شرفنامه تاریخ مفصل کردستان، به اهتمام ولادیمیر ولییامینیوف زرنوف، تهران، نشر اساطیر، ١٣٧٧.

٢٣- بروئین سن، مارتین وان، ایران در جنگ جهانی اول میدان نبرد قدرت های بزرگ، گردآوری و تالیف تورج اتابکی، ترجمه مهدی حقیقت خواه، تهران، نشر ققنوس،١٣٨٧.

٢٤ مک داول، دیوید، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی، نشر پانذید، تهران، ١٣٩٣، ص٣٧٣.

٢٥- لەناوبردنی میرنشینەکانی کورد لە عوسمانی و ئێران بە بەرنامە و یارییەکی هاوکات و هاوشێوە بەڕێوە چوو. لە ئێراندا ئەو ڕووداوە لە زیئەلعەقدەی ١٢٨٤ی هەتاوی، ١٨٦٧ی زایینی و لە عوسمانیش لە ١٢٦٧ی هەتاوی، ١٨٥١بووە.

٢٦- وان بروئین سن، مارتین، اسماعیل آقا سیمکو: جنگ سالار کرد در مرز ترکیه و ایران در اوایل قرن بیستم، ایران در جنگ جهانی اول میدان نبرد قدرت های بزرگ، همان، ص١١٤.

٢٧- لەو بارەیەوە بگەڕێوە بۆ کتێبی: وان برویین سن، مارتین، جامعەشناسی مردم کرد (آقا شیخ و دولت)، ترجمه ابراهیم یونسی، ج چهارم، نشر پانیذ، ١٣٩٤.

٢٨- وان بروئین سن، اسماعیل آقا سیمکو: سالار کرد در مرز ترکیه و ایران در اوایل قرن بیستم، ایران در جنگ جهانی اول میدان قدرت های بزرگ، همان، ص١٢١.

٢٩- ئەو قسەیە بە واتای یەکسانبوونی پرۆسەی دەستوورخوازی لە هەردوو وڵاتی ئێران و عوسمانی نییە؛ چونکە زۆر ڕوونە ئەو پرۆسەیە کە بە کەمێک جیاوازیی لە کاتەکەیدا لە هەردوو وڵات دەستی پێ کرا و هەر یەک لەو دوو وڵاتە ڕەوتی پرۆسەکەیان بە شێوازی جیاواز لەوەی دی تاقیکردەوە، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ئاراستە و دیدی ئەو دوو وڵاتە سەبارەت بە دەسەڵاتە ناوچەییەکان، نەهێشتنی هێزەکانی دەوروبەر و جێگیر و بەهێزکردنی چەقی دەسەڵات لە ناوەندەکان بوو. بەم شێوەیە لە هەردوو وڵاتدا ناسیۆنالیزم و بزاڤی نەتەوەیی دەرکەوتن کە پرسی کورد یەکێک لەو کێشانە بە تێڕوانی ڕۆشنبیرانی ناوەندگەرا و حکومەتەکانی داهاتووی ئەو دوو وڵاتە بوو. بۆ شرۆڤە و لێکۆڵینەوەی پرۆسەکە و ڕەوتی دەستوورخوازی لە عوسمانی بگەڕێوە بۆ:

٣٠- مشروطەهای عثمانی. حسن حضرتی، نشر تاریخ اسلام، تهران، ١٣٨٩.

٣١- تەنزیمات، یان (تنظیمات خیریه) پرۆسەیەکی نوێگەر و ڕیفۆرمخوازی عوسمانی بوو لە بونیادی سیاسی- یاسایی- ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتەدا لە سەدەی نۆزدە و لە ساڵی ١٨٣٩ دەستی پێکرد و لەگەڵ قۆناغی نووسینەوە و دانانی دەستووری یەکەم لە ساڵی ١٨٧٦ کۆتایی هات.

# لە ژێر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا

## کێشەی زەوییەکانی گۆشەنشینی (زاویە) پیرداود لە نێوان ساڵانی ١٨٤٨–١٨٥٦ دا



محەمەد کەلالەیی

**دەستپێک:**

لەسەدەی نۆزدەهەم دا بزوتنەوەی سۆفیگەری پانتاییەکی گەورەی لە نێو کۆمەڵی کوردەواریدا گرتبو، بەتایبەتی هەردوو ڕێبازی سۆفیگەری نەقشەبەندی و قادری، لەشاری هەولێر و دەوروبەری؛ بەڵام بەشێوەیەکی بەرچاو تەریقەتی نەقشبەندی دەستی لە تەریقەتەکانی دی سەندبو، هەرچەندە لەسەدەی نۆزدەهەم دوایین تەریقەتی سۆفیگەری بوو کە گەیشتبوە شارەکە[١]، بەڵام توانا مەعنەوییەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی ڕێبەری نوێکەرەوەی(مجدد) تەریقەتەکە توانی نفوزی رۆحی بەسەر تەواوی شارەکەدا تا ئەمرۆ زاڵ بکات، کە ئەوکات وەک شۆڕشێکی ئاینی-چاکسازی سەیردەکرا بەتایبەتی لەڕووی جڤاکییەوە، کە گۆڕینێکی بەرچاوی لە کۆمەڵی کوردەواری هێنایەکایەوە، بۆیە تەریقەتی نەقشەبەندی لەڕێگەی مورید و خەلیفەکانی شێخی ناوبراو بەهەمو کوردستانی بندەستی عوسمانی و قاجاری لە ئێران بڵاوبویەوە، کە لەڕووی پەیوەندی رۆحی و کۆمەڵایەتی سەرانسەری کۆمەڵی کوردەواری لە چوارچێوەی تەریقەتێکی-ئایینی کە خۆی نوێکەرەوەی ئەم تەریقەت بوە بەیەکییەوە گرێدا، کە ئەمە لەمێژووی کوردستانی سەدەی نۆزدەهەمدا کەمترین لێکۆڵینەوەی وردی لەلایەن توێژەرانی کورد ئەنجامدراوە، مەولانا خالیدی نەقشەبەندی سەر ئەنجام توانی ڕەگ و ڕیشەی ئەو تەریقەتە لە کوردستان دابنێ و بەقووڵایی ڕۆحی مەعنەوی خەڵکی کوردستاندا ڕۆبچێ و بمێنێتەوە، لەوسەردەمدا وەک شۆڕشێکی ئاینی-کۆمەڵایەتی، کە ئامانجی چاکەکردن و ئامادەکردنی مرۆڤ بو لە پاککردنەوەی دڵ و ڕۆحی بۆ جەستەیەکی خزمەتگوزار و ڕەفتارچاکی لەژێر ڕۆشنایی شەریعەتی ئیسلامدا.

بەپێی سەرچاوە مێژوویەکان؛ تەریقەتی قادری بۆ دەرەوەی شارەکان ڕۆویشتوە و لەناوەندی شارەکاندا بەتایبەتی لە ناو خەڵکی ڕەشۆک و بازاڕدا زۆر لاواز بوە، لەبەرئەوەی خەڵکی ڕەشۆک-بازار هەر لە شاری سلێمانی تا بەغداد، شام و ئیستانبوڵیشدا بە شوێنپێی ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندی(مەولانا خالید) دا ڕۆویشتون، ئەمە هۆکارێک بو کە شێخەکانی تەریقەتی قادری بەرەو ڕووی زەوییە کشتوکاڵییەکانی دەردۆری شارەکان بۆ پەیداکردنی بژێوی و خەرجی تەکییەکانیان بڕۆن، کە شایانی ئاماژەپێکردنە خانەقا و تەکییەکانی ئەوکات ڕۆڵی دامەزراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتیان دەبینی، وەک خزمەتکردن و ناندانی کەسانی: هەژار، لێقەوماو، ئاوارە، نەخۆش و ڕێبوارانی نێوان شار و ناوچەکاندا، هەروەها ڕۆڵی دامەزراوەی خزمەتی پەروەردەییان دەبینی بەتایبەتی لە ئەستۆگرتنی خواردن و شوێنی مانەوە و فێرکردنی سەدان زانستخوازی زانستە شەرعییەکان بەهەردوو جۆری زانستی نەقلی و عەقلی، کە ئەوکاتی بارگرانییەگی گەورەی لەسەر خەڵکی هەژار و کۆمەڵی کوردەواری و هەروەها ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و قاجاریش لابردبو، بەکورتی وەک دامەزراوەی (وەقف) وابونە، بەڵام تا ئێستا لێکۆڵەرانی بواری مێژوو، زانستە ئایینییەکان و کۆمەڵناسی لێکۆڵینەوەیان لەسەر دامەزراوەی خانەقا و تەکیە کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵی کوردەواری نەکردووە، بەتایبەتی کاریگەرییە مێژووییەکانی ئەم شوێنانە لەسەر لایەنەکانی وەک: هزر، کۆمەڵ، ئابووری، خوێندەواری کورد لە کوردستاندا، بەتایبەتی کاریگەرییە بەردەوامەکانی خانەقا و تەکیەکان لەسەر ژیانی گشتی کورددا، کە هەرچەندە تەریقەتی قادری زۆر زووتر لە کوردستان و بەتایبەتییش لە هەولێر و دەوروبەری ئامادەیی هەبوە،

بەڵام بەهێزی تەریقەتی نەقشەبەندی و سەرلەنوێ هاتنەوەی لەسەرەتای دەیەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم دا، هەمو لاسەنگیەکانی ڕابردووی ڕامالّی و بو بەتەریقەتی زۆرینەی خەڵکی کوردستانی بندەستی عوسمانی و قاجاڕی لەسەدەی نۆزدەهەم دا..!


## یەکەم: کورتەیەک دەربارەی گوندی پیرداود:

گوندی پیرداود دەکەوێتە دەشتی شەمامک لە قەزای ناوەندی هەولێر، نزیکەی ٢٠ کیلۆمەتر لە ناوەندی شاری هەولێر دورە، لەبنەڕەتیشدا سەنتەری ناحیەی شەمامک،ە. لە قەزای ناوەندی هەولێر، بەڵام لە ئێستادا باڵەخانەی ناحیەکەی لە گوندی دووسەرەیە[٢]، بەهۆی نزیکی گوندی پیرداود لە هەولێر کە ناوەندی قەزا بوە لە ئەیالەتی شارەزوور و بەغداد دا لەڕووی کارگێڕییەوە سالانە فەرمانبەرانی قەزاکە بۆ کۆکردنەوەی داهات، باج و دەرامەتەکان ڕوویان لەو گوندە کردوو، کە ئەمە هۆکارێک بوە بۆ ئەوەی فەرمانبەرانی وەزارەتی ئەوقافی هەمایۆنی (سوڵتانی) عوسمانی چاویان بکەوێتە سەر زەوییەکانی گۆشەنشینی پیرداود کە ئەمە سەردەکێشێ بۆ سەرهەڵدانی کێشەیەکی هەشت ساڵە لە نێوان خاوەندارییەتی زەوییەکانی گۆشەنشینی ناوبراو و فەرمانبەرانی ئەوقاف لە قەزای هەولێر، ئینجا کێشەکە دەگوزارێتەوە بۆ کەرکوک، بەغداد و دواتریش ئیستانبوڵ، وەک ناوەندی یەکلایکردنەوەی کێشە هەشت ساڵییەکەی گۆشەنشینی پیرداود، کە لەتەوەرەیەکی سەربەخۆدا بەوردی باسی کێشەی زەوییەکانی ئەم گۆشەنشینیە و سەرئەنجامەکانی دەکەین.

## دووەم: دەربارەی ژیانی شێخ مەحمود بەرزنجی زادە:


زانیارییەکی زۆر کەم لەسەر شێخ سەید مەحمودی بەرزنجی زادە لەسەرچاوەکانی تایبەت بە مێژووی سۆفیگەری دەستدەکەوێ، بەڵام لە کتێبی (مێژووی زانایانی کورد)دا، هەندێ زانیاری دەربارەی ژیان و کارەکانی تۆمارکراون، بەپێی سەرچاوەی ئاماژە پێکراو، شێخ سەید حاجی مەحموود بەرزنجی زادە: ناوی مەحمودی کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی میحیەددینی کوڕی شێخ حەسەنی گلەزەردەی کوڕی شێخ موحەممەدی نۆدەیی بەرزنجییە، لە گوندی (ونەلەکە) سەربە قەرە حەسەن لە دایک بوە، لە لای (مەلا موحەممەدی قرکەیی) وانەکانی خوێندوە لە مزگەوتی (نائیب ئۆغلی) لەشاری کەرکوک، هەروەها تەریقەتی قادری لە کاک ئەحمەدی شێخی کوڕی شێخ مەعروفی نۆدەیی ڕابەڕی هاوچەرخی تەریقەتی قادری لە شاری سلێمانی وەرگرتوە، چەند دانراوێکی هەیە لەوانە: (الأشـرفـيـة) کە بە (بحر الأنساب) ناسراوە باس لە ڕەچەڵەکی شێخانی بەرزنجە دەکات، هەروەها(عەقائید و تەصەووف، تەفسیری فارسی و هۆنراوەی فارسی) دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی چۆتە مزگەوتی شۆریجە و لە ساڵی ١٨٩٧ زدا کۆچی دوایی کردووە، بەڵام ساڵی لە دایکبوونی بەتەواوی تا ئێستا دیار نییە[٣].

شایانی ئاماژە پێکردنە لە شاری هەولێر بنەماڵەی سەید مەحمودی قادری هەبوە و لەگەڕەکی ئیسکانی شارەکەدا تەکیەکیان هەبوە، بەڵام ئێستا بۆتە مزگەوت و ئەو سەید



مەحمودی بەرزنجی زادەی لە بەڵگەنامەکان باسکراوە، لەگەڵ بنەماڵەی سەید مەحمودی قادری لە گەڕەکی ئیسکان یەک ناگرنەوە، بەڵکو جیاوازن لەبەر ئەم هۆکارانە،

یەکەم: سەید مەحمود لەسەدەی بیستەم ژیاوە و نازناوی قادری بوە، سەید مەحمودی بەرزنجی زادە لە سەدەی نۆزدەهەم ژیاوە و نازناوی بەرزنجی زادە بوە، دووەم: سەید مەحمودی




گەڕەکی ئیسکان لە هەولێر، باپیرە گەورەی کە ناوی سەید حوسێن بوە و لەگەڵ دوو براکەی بەناوی سەید حەسەن و سەید مەعروف لە خاکی حیجازەوە هاتون، بەڵام سەید مەحمودی بەرزنجی زادە باپیرە هەرە گەورەیان کە ناوی (سەید موسی و سەید عیسا) بونە لە هەمەدانەوە هاتون، سێیەم: شێخ سەید مەحمودی بەرزنجی زادە لە شاری کەرکوک دانیشتوە لە ساڵی ١٨٩٧ مردوە، بەڵام سەید مەحمودی قادری لە شاری هەولێر نیشتەجێ بوە لە ساڵی ٢٠٠٤ مردووە و خەلیفەی شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزان بوە[٤]. کەواتە سەد ساڵ زیاتر لە ژین تا مەرگی ئەم دوو کەسایەتیە لە نێوانیان هەیە..! بۆیە ئەم ڕوونکردنەوەیەمان نووسی بۆ ئەوەی خوێنەر هەست بە ناحاڵیبوونێک دەربارەی ئەم دوو کەسایەتیە نەکات لە مێژووی شاری هەولێردا.


شایانی باسە لە ناوەندی شاری هەولێر نزیکەی ١٨٠ بنەماڵەی بەرزنجی لەسەدەی نۆزدەهەم هەبونە، بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە کتێبی (بحر الأنساب) کە لە نووسینی: شێخ مەحمودی عەبدولعەزیزە و لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی کە خۆی بە شێخ مەحمودی بەرزنجی زادە ناساندوە، هەندێ جاریش وشەی سەید و حاجیشی وەک نازناوێک لەدوای وشەی شێخ بەکارهێناوە، هەروەها ئاماژە بە ٧٠ ماڵی بەرزنجی کە لەسەدەی نۆزدەهەم لە سلێمانی ژیاون کردوە[٥]، شایانی باسە ژمارەی ماڵە بەرزنجییەکان لەناوی شاری سلێمانی کەمبوە، بەڵام دەسەڵاتێکی زۆریان هەبوە، ئەمە لە ئەنجامی هاوکاری و نزیکبونەوەیان لە دەسەڵاتی بابانەکان و عوسمانییەکان بوە، دوای ئەوەی لە ساڵی ١٨٥١-١٨٥٢ میرنشینی بابان هەڵوەشێندرایەوە و دەسەڵاتی ناوەندێتی عوسمانی بۆ کوردستان گەڕایەوە و هەتا هاتنی ئیتحادی و تەرەقییەکان بۆ سەر دەسەڵات لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵانی ١٩٠٨-١٩٠٩دا بنەماڵەی بەرزنجیەکان پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ دەسەڵاتداران هەبوە، بەڵام زۆرینەی ڕابەرانی تەریقەتی نەقشەبەندی لە بەشداریکردن و پشتیوانیکردنی دەسەڵات پاراستوە یان تەقلی کاری شۆڕشگێڕی یان یاخیبون بونە لە هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و قاجاری دا، بەکورتی؛ چونە پاڵ دەسەڵاتی ئەم دوو ئیمپراتۆریەتە و دەسەڵاتدارە خۆجییەکانیان ڕەتکردۆتەوە.

**سێیەم: کێشەی زەوییەکانی گۆشەنشینی پیرداود:**

لەدوای چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەشێوەیەکی چڕ دەستی بە چاکسازی کرد، بەڵام دوای ڕووداوەکانی ساڵی ١٨٠٨ چاکسازییەکانی سوڵتان سەلیمی سێیەم(١٧٨٩-١٨٠٨) لەکارخران، بەتایبەتی دوای یاخیبوونی سوپای ئیمپراتۆریەتی ناوبراو کە بە (ئینکشارییەکان) ناسراوبون، بۆیە لە ساڵی ١٨٠٨ دا سوڵتان سەلیمی سێیەمیان لە دەسەڵات دوورخستەوە و سەرئەنجام کوشتیان، شایانی باسە سوڵتان سەلیمی سێیەم بە باوکی ڕۆحی چاکسازییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دادەنرێت، لەبەرئەوەی کاریگەر بو بە چاکسازییەکانی ئەوروپا و

لەگەڵ هاتنە سەر عەرشی ئیمپراتۆریەتدا شۆڕش لە فەرەنسا هەڵگیرسا، وەکو ئاماژەمان پێکرد سوڵتانی ناوبراو خەونەکانی نەهاتنەدی و کوژرا، بەڵام دوای هاتنەسەر کاری سوڵتان مەحمودی دووەم(١٨٠٨-١٨٣٩) لە ساڵی ١٨٢٦ سوپای ئینکشاری هەڵوەشاندەوە، لە جێگەیدا سوپایەکی نوێی بنیاتنا، کە خەونی سوڵتان سەلیمی سێیەم بو. ئینجا دەستی بەسەپاندنی دەسەڵاتی ناوەندێیتی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەهاوکاری وڵاتانی خۆرئاوا لەوانە: فەرەنسا، بەریتانیا و پروسیای جاران( دواتر بو بە ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٨٧٠) کرد، کە ئەم دەوڵەتانە پسپۆر و شارەزاکانیان خستبوە خزمەت پرۆژەی بە مەرکەزیکردنی دەسەڵاتی عوسمانی لەسەرانسەری ئیمپراتۆریەتەکەدا، هەر لەوسەروبەندەدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەساڵی ١٨٢٦ وەزارەتی ئەوقافی دامەزراند، سیانزە ساڵ پێش ڕاگەیاندنی یەکەمین بەڵگەنامەی چاکسازی بەناونیشانی (خەتی گوڵخانە)، کە لە ٣ی تەشرینی دووەمی ١٨٣٩ لە شاری ئیستانبوڵ بڵاوکرایەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی چاکسازی هەمەلایەنە لەسەرجەم بوارەکانی بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆریەتەکەدا، هەتا دامەزراندنی وەزارەتی ئەوقاف بە پێش دامەزراندنی وەزارەتی دەرەوەی عوسمانیش کەوتبو کە لە ساڵی ١٨٣٦ دامەزرا[٦]، واتە دوای دە ساڵ لە دامەزراندنی وەزارەتی ناوبراودا، لەبەرئەوەی وەزارەتی دەرەوەی عوسمانی پێشووتر بەناوی (ترجمان مکتبی_ئۆفیسی وەرگێڕەکان) بو، بەڵام وەزارەتی ئەوقاف کە سەرپەرشتی زەوییەکانی ئیمپراتۆریەتییەکی پان و بەرینی لە سێ کیشوەری جیهان (ئاسیا: بەشێکی زۆری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی ئێستا، ئەفەریقا: باکوری ئەفەریقا و بەشێکی کەمی خۆرهەڵاتەکەی و ئەوروپا: بەشێکی خۆرهەڵات و ناوچەی بەڵقان لە کیشوەرەکەدا) دەکرد، وەک پێویستیەکی ئەوکات ڕێگەی خۆشکرد کە پێداچوونەوە بە خاوەندارییەتی زەوییەکان لەسەرانسەری ئیمپراتۆریەتەکە دا بکرێت، چونکە زەوییەکانی ئەوقاف کە بە مزگەوت، خانەقا، تەکیە، گۆشەنشین و زاناکان بەخشرابو لەبەرانبەر دابینکردنی موچەی مانگانە بوە، لەهەمانکاتیشدا دراوی عوسمانی تووشی هەڵاوسانێکی زۆر بو و لەبەرانبەر دراوەکانی تر بەهاکەی زۆر کەمببۆوە، لەبەر ئەم هۆکارە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بڕیاری دا زەوییەکان دەستبەسەردابگرێت و لەجیاتی داهاتەکان کە بۆ ئەم شوێنانەی دابین دەکرد، لەبەرانبەردا موچەیەکی مانگانەیان بۆ دابین بکات و لەهەمانکاتیشدا داهاتی زەوییەکان لەلایەن فەرمانبەرانی ئەوقافی ئیمپراتۆریەتەکەدا کۆ بکرێتەوە و باجیشی لەسەردانان و لەئەنجامدا بڕە پارەیەکی کەمی دەدایە ئەو شوێنانەی ئاماژەمان پێکردن، بەڵام پرۆسەکە لە کوردستانی بندەستی عوسمانی بەتایبەتی لە ناوچەی هەولێر دواکەوت تا رووخانی میرنشینە کوردییەکان لەوانە: میرنشینی سۆران، بۆیە لە ساڵی ١٨٤٨دا کێشەی زەوییەکانی گۆشەنشینی پیرداود کە سەر بەتەریقەتی قادری بوە و شێخی ڕێگەپێدراویان کە






(شێخ سەید حاجی مەحمود بەرزنجی زادە) بوە لە شاری کەرکوک لە ( مزگەوتی شۆریجە) دانیشتوە و ژیاوە، هەر لەوێوە موڵکەکانی پیرداودی بەڕێوە بردووە

و سەرپەرشتی داهاتەکانی کردوە بۆ ئەوەی خزمەتی دەرویش و تەکیەکانی پێبکات.

بەپێی نووسراوێکی هۆبەی قەڵەمی ئەنجومەنی وەزیرانی عوسمانی کە لە ١٧ی شەووالی ١٢٦٤ی کۆچی لە بەرانبەر





١٦ی ئەیلولی ١٨٤٨ کە بۆ والی بەغداد نەجیب پاشا(١٨٤٢-١٨٤٩) ناردوە تێیدا ئاماژەی بە کێشەی زەوییەکانی گۆشەنشینی(زاویە) پیرداودی کردووە، کە ئەو زەویانە وەقفی گۆشەنشینی پیرداود بونە لە گوندی پیرداود دا، کە تێیدا دوو پارچە زەوی بۆ گۆشەنشینی ناوبراو بوە، کە پێنج یەکی داهاتی ئەو دووپارچە زەوییە بۆ شێخ مەحمودی بەرزنجی زادە بوە، کەچی لەنووسراوەکەدا ئاماژە بەدوو خاڵ دەکات، یەکەم: دەڵێت راستە پێشووتر ئەو زەویانە لەلایەن دەسەڵاتی عوسمانییەوە دەستی بەسەردا گیرابو، بەڵام بەناوبراو دراوەتەوە. دووەم: زەوییەکانی بۆ گەڕێندراوەتەوە بەو مەرجەی لەکاری شێخایەتییەکەی بەردەوام بێت بەنیوەی بەرهەمەکانی ئەم دوو کێڵگە کشتوکاڵیە، بۆیە لە رۆژی 1ی جەممادی یەکەمی ١٢٦٢ی کۆچی بەرانبەر بە ٢٧ی نیسانی ١٨٤٦ خاوەنداریەتی و کارپێکردنی ئەم زەویانە بۆ شێخی ناوبراو گەڕێندراوەتەوە[٧]. بەڵام ئەوەی سەیرە دوو ساڵ پێشتر ئەو کێشەیە لە ئەنجومەنی وەزیرانی عوسمانی یەکلایکراوەتەوە، بۆچی جارێکی تر سەریهەڵداوەتەوە..؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەناو بەڵگەنامەکاندا ئەوە روون نەکراوتەوە یان لای لێ نەکراوتەوە و هۆکارەکانی نادیارن..!

هەر بۆیە شێخ مەحمودی بەرزنجی زادە لە رۆژی ٨ی موحەڕەمی ١٢٦٩ی کۆچی بەرانبەر بە ٢٢ی تەشرینی یەکەمی ١٨٥٢ی زائینی، نامەیەک بۆ ئەنجوومەنی والای عوسمانی(ئەنجومەنی شورای دەوڵەت) دەنێرێت، تێیدا ئاماژە دەکات کە هەر ئاوا بێدەنگ بێت ئەوا زوڵمێکی گەورەی لێدەکرێت، ئاماژە بەوە دەکاتە کە تووشی تەنگانەیەکی گەورە بۆتەوە لەبەرئەنجامی دەستبەسەرداگرتنی داهاتی چواریەکی ئەو زەویانەی گوندی پیرداود کە بۆ گۆشەنشینیەکەی دابینکرا بو، بەڵام لە ساڵی ١٨٤٨ ەوە دەستی بەسەرداگیراوە و هەرچەندە لەلایەن ئەوقافی هەولێر ئەو زەویانە تۆمارکراون و مامەڵەکەیان تەواوکراوە، بەڵام هەتا ئێستا وەڵامی ئەو نووسراوانەش نەدراوتەوە کە لەلایەن قائیمقامی هەولێر و موفتی پێشووی شارەکە بۆ ئیستانبوڵ نێردراون، هەر بۆیە هەفتەیەک دوای داواکارییەکەی شێخ مەحمودی بەرزنجی زادە، ئەنجومەنی والای عوسمانی لە رۆژی ١٤ی موحەڕەمی ١٢٦٩ی کۆچی بەرانبەر بە ٢٨ی تەشرینی یەکەمی ١٨٥٢ی زائینی، نووسراوی بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی عوسمانی کردووە کە سەرجەم پەڕاوەکان و داواکارییەکانی ناوبراوی هاوپێچ کردووە، کەوا کۆی داهاتی زەوییەکانی گۆشەنشینی پیرداود لە ٢٠ هەزار قووروش زیاتر بووە، بەڵام لەماوەی ساڵانی ١٨٤٨-١٨٥٢ هیچ داهاتێک بەدەستی ناوبراو نەگەیشتوە، کەچی زەوییەکانیشی لەلایەن وەزارەتی ئەوقافی هەمایۆنی عوسمانی و میر ئیسماعیلی قائیمقامی هەولێر و موفتی پێشووی شارەکە تۆمارکراون و کێشەیەکیان نییە، بۆیە داوای کردووە کە ئەنجومەنی وەزیرانی عوسمانی بەتەواوی ئەم کێشەیە یەکلاییکاتەوە و بڕیاری لەسەر بدات[٨].

هەر سەبارەت بە کێشەی زەوییەکانی گۆشەنشینی پیرداود لە هۆبەی تۆماری قەڵەمی ویلایەتەکانی سەر


بە ئەنجومەنی وەزیرانی عوسمانی لە ٢٢ی موحەڕەمی ١٢٦٩ی کۆچی بەرانبەر بە ٥ی تەشرینی دووەمی ١٨٥٢ ی زائینیدا والی بەغداد لە کێشەی دەستبەسەرداگرتنی زەوی و داهاتەکانی گۆشەنشینی پیرداوەدی لە سنووری کارگێڕی هەولێر کە ئەوکات بەشێک بوە لە ئەیالەتی بەغداد لەگەڵ شارەزوور ئاگادار کراوەتەوە، تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە شێخ حاجی مەحمود بەرزنجی زادە لە گۆشەنشینیەکەی (زاویە) شێخ پیرداود دا چارەگێک لە بەربوومی ساڵانەی کێڵگەکەی بۆ گۆشەنشینەکەی ئەو لە گوندی ناوبراو تەرخانکراوە، کە سەرجەمی داهاتەکەی نزیکەی (٢٠ هەزار قووروش) بووە، کە ئەوکات بەرانبەر بە (٢٠٠) لیرەی زێڕ بوە، دووپاتی ئەو نامەیەی ساڵی ١٨٤٨ دەکاتەوە کە زەوییەکانی گۆشەنشینی پیرداود دەستی بەسەردا نەگیراوە و بەڵکو وەزارەتی ئەوقافی هەمایۆنی بۆی گەڕاندۆتەوە، هۆکاری ئەم دووپاتکردنەوەیەش ئەوە بوە، کە بەرپرسانی هەردوو شاری بەغداد و هەولێر ئەو کێشەیان زۆر وروژاندوە، سەرەڕای ئەوەی کە هەر یەک لە ئیسماعیل پاشا و مەحمود ئەفەندی موفتی پێشووی شاری هەولێر، گۆشەنشینی پیردادویان لەم کارە ئاگادارکردۆتەوە کە دڵنیاییان پێداوە کە زەوییەکانی لە وەزارەتی ئەوقاف جێگیرکراون(خراونەتە سەری ناوی ناوبراو)، بەڵام وادیارە بەتەواوی لە وەزارەتی خەزێنەی عوسمانی تۆمارنەکراون، بۆیە داوا لە ئەنجوومەنی والا(دواتر لە ١٨٦٨ دەبێتە ئەنجومەنی شورای دەوڵەتی عوسمانی) کراوە کە بڕیارێکی نەبڕاوە لەسەر کێشەی زەوییەکانی گۆشەنشینی پیرداود بدات، بەڵام لە پێشدا تا چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە موچەیەکی مانگانە بۆ شێخ مەحمود بەرزنجی زادە دابین بکرێت و مانگانە پێی بدرێت[٩].

لەو سەروبەندەدا شێخ مەحمودی بەرزنجی زادەی سەرگۆشەنشینی پیرداود لە ٨ی جەمادی دووەمی ١٢٧١ی کۆچی بەرانبەر بە ٢٦ی شوباتی ١٨٥٥ زائینی دا، نامەیەک بۆ وەزارەتی ئەوقافی عوسمانی دەنێرێت و دەنووسێت: بۆ ماوەی حەوت ساڵە ئەو چارێگە داهاتەی لە کێڵگەکەکانی گۆشەنشینی پیرداودی بۆ دانراوە وەرینەگرتوە، واتە لە ساڵی ١٨٤٨ تا ڕۆژی ناردنی نامە لەلایەن ناوبراوەوە ماوەی حەوت ساڵ بوە، بۆیە داوا لە وەزارەتی خەزێنەی عوسمانی کردووە، کە مادامەکێ ئەو چارێگە داهاتەی زەوییەکانی لە پیرداود لە وەزارەتی خەزێنە و ئەوقاف دا تۆمار ناکرێت، ئەوا هەرنەبێت موچەیەکی مانگانەی بۆ دابین بکەن[١٠]، لەبەرئەوەی بەڕێوەبەرایەتی خەزێنەی سەر بە ئەوقافی هەمایۆنی(سوڵتانی) عوسمانی دەستی بەسەرداهاتی ئەو زەویانە داگرتبو، لەبەرانبەر ئەمەدا وەزارەتی ئەوقافی عوسمانی نووسراوی بەهەمان داواکاری ناوبراو بۆ وەزارەتی دارایی عوسمانی کردووە، کە پەڕاوەکانی ئەو کێشەیەی لەگەڵ نامەیەکی دا هاوپێچ کردووە بەمەبەستی لایکردنەوە و بڕیاردان لەسەری و لە کۆتایی نووسراوەکەدا بۆ وەزارەتی دارایی نووسراوە: ڕەزامەندی حەزرەتی پاشا وەرگیراوە (مەبەستی سەرۆک وەزیرانی عوسمانییە موحەممەد ئەمین عالی پاشا لە 4ی ئایاری ١٨٥٥ ١-ی کانوونی



یەکەمی ١٨٥٦ بۆ جاری دووەم لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی سەرۆک وەزیران بوە) کە داواکاریەکەی شێخ مەحمودی بەرزنجی

زادە جێبەجێ بکرێت[١١]، هەر لەهەمان لاپەڕەی داواکارییەکەی وەزارەتی ئەوقاف دا، وەزارەتی دارایی عوسمانی وەڵامی وەزارەتی ناوبراوی داوەتەوە کەوا کە داهاتەکانیان تایبەت کراوە بە خزمەتکردنی شوێنە ئاینیەکانی مەککە و مەدینە لە خاکی حیجاز، کەوا مزگەوتی الحرام لە شاری مەککە و مزگەوتی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت لە شاری مەدینە دەگرێتەوە). کە لەلایەن (ئەیوب ئەفەندی) کە بەبەردەوامی کاری لەسەر کردوە، بۆ ئەو داواکارییەی کە لەلایەن شێخ مەحمودی بەرزنجی پێشکەشکراوە و دواتریش لە ئەنجوومەنی والا( واتە: ئەنجوومەنی شوڕای دەوڵەت لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە دوای ساڵی ١٨٦٨ دا) تەواوی پەڕاوەکانی ئەم کێشەیە بینراوە و وەڵامەکەی ئەمەیە: کە ڕێککارەکانی تەواو کراوە و بڕیاری لەسەر دراوە، ئەمە لە ڕۆژی ٢١ی زیلقەعدەی ١٢٧١ی کۆچی بەرانبەر بە ٥ی ئابی ١٨٥٥ دا[١٢]. هەرچەندە لە نووسراوێکی تردا کە ئیمزای ڕاوێژکارێکی وەزارەتی دارایی عوسمانی لەسەرە و پێشنیازێکی کردووە کەوا لە جیاتی چارەگێکی داهات لە زەوییەکانی گوندی پیرداود ئەوا موچەیەک بۆ شێخ مەحمودی بەرزنجی زادە دابین بکرێت، بەڵام جێبەجێکردنی پێشنیازی ئەم ڕاوێژکارەی وەزارەتی دارایی عوسمانی قەبوڵ نەکراوە، بەڵکو چارەگێک لەداهاتی زەوییەکانی گوندی ناوبراو قەبوڵ کراوە کە بدرێتە گۆشەنشینی شێخ مەحمودی بەرزنجی زادە، چونکە پێشووتر ڕەزامەندی سەرۆک وەزیرانی عوسمانی وەرگیرابوە کە داهاتی زەوییەکان بدرێتەوە گۆشەنشینی پیرداود کە شێخی ناوبراو سەرپەرشتی کردووە[١٣].



دوای پێداچوونەوەی ئەم کێشەیە لەلایەن (هۆبەی داهاتەکان) و (هۆبەی ئەلحەرەمەیین(الحرمین)- مەبەستی لە ئەو وەقفانەیە

لەئەنجامدا وەزارەتی ئەوقاف لەبەرژەوەندی شێخ مەحمودی بەرزنجی زادە بڕیار دەدات، کە لە ڕۆژی ١٦ی جەممادی یەکەمی ١٢٧١ی کۆچی بەرانبەر بە ٣ی شوباتی ١٨٥٦ی زاینی وەزارەتی ئەوقافی هەمایۆنی عوسمانی بڕیارنامەیەکی دەرکردووە، کە شێخ مەحمودی بەرزنجی زادە سەرگۆشەنشینی پیرداود داهاتی ئەو گوندانەی دیاریکراو بۆ گۆشەنشینیەکەی یەکلایکراوەتەوە و پێیدراون، دوای ئەوەی کە سەرجەم پەڕاوەکانی ئەم کێشەیە لەلایەن وەزارەتی بەرزی دارایی(عوسمانی) چاویان پێداخشێنرایەوە، هەموی وەکو یەک بون و هیچ کێشەیەکی نەبوە، بۆیە بڕیاردرا کە داهاتی ئەو زەویانە بۆ گۆشەنشینی ناوبراو بێت[١٤].

ئەم کێشەیە کە نزیکەی هەشت ساڵی خایاندوە، زۆر تەنگی بە شێخ مەحموودی بەرزنجی هەڵچنیوە، کە هەر لەوماوەیەدا چەند نامەیەکی تریش بۆ دەوڵەتی عوسمانی ناردووە کە لە ئەنجامی دەستگرتنی خەزێنەی ئەوقافی هەمایۆنی لە هەولێر بەسەر زەوییەکانی گۆشەنشینی ئاماژەپێکراو خۆی و دەروێشەکانی تەواو پەرێشان بونە. هەروەکو لەم بەڵگەنامانەدا بەدیاردەکەوێ کە کەوتونەتە حاڵەتی تەنگانە و پێویستی کردووە سەرۆک وەزیران یان سوڵتانی عوسمانی میهرەبانی خۆی بنوێنێت وەک لە نامەیەکی شێخ مەحمودی بەرزنجی زادە ئاماژەی پێکراوە و بۆ ئەوەی لەم کێشەیە دەربازبن[١٥].

لە کۆتاییدا کێشەکە بەپێدانەوەی چواریەکی

داهاتەکانی زەوییەکانی گوندی پیرداود بەسەر گۆشەنشینی پیرداود کۆتایی هاتوە، لە ئەنجامی گەڕان بە ناو ئەرشیفی عوسمانی دا جارێکی تر ئەم کێشەیە سەری هەڵنەداوەتەوە وباسنەکراوتەوە..بەڵام لەوانەیە بەڵگەنامەی تر هەبن، کە لە ناو داتای ئەرشیفخانەی عوسمانی لە شاری ئیستانبوڵ دانەنرابن و ئامادەنەکرابن بۆ ئەوەی بخرێنە بەردەستی توێژەران، لەبەرئەوەی تا ئێستا نزیکەی لە سەدا پەنجای ئەرشیفی عوسمانی لە وڵاتی تورکیا خراوەتە سەر پەڕەی ئەلیکترۆنی و لە سەدا پەنجاکەی تر هێشتا وەک خۆی لە ئەرشیفخانەی عوسمانی دا هەڵگیراوە..لەوانەیەشە هەر ئەم بەڵگەنامانەی لەبەردەست دابن دەربارەی کێشەی زەوییەکان و داهاتەکانی گۆشەنشینی پیرداود.

**دەرئەنجامەکان:**


یەکەم: جێبەجێکردنی سیاسەتی ناوەندێتیی لە کوردستانی بندەستی عوسمانی دا، کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر هەمو کایەکانی کۆمەڵایەتی-ئاینی-ئابووری خەڵکی کوردستان بەگشتی ڕەنگی داوەتەوە و گرتنەوەی داهات لە دەمی خەڵک بۆ دەوڵەتێکی مەرکەزی-سەربازی، بەتایبەتی لەدامەزراوە ئاینیە کلاسیکیەکانی وەک: تەکیە، خانەقا و گۆشەنشین بۆ خەزێنەی گشتی دەوڵەت.

دووەم: سیاسەتی مەرکەزی دارایی عوسمانی کە لەسەروبەندی کێشەی تەکیەی پیرداود دا بەتایبەتی لە نێوان ساڵانی ١٨٥٤-١٨٥٦ بەدواوە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەستی بە وەرگرتنی قەرز لە کۆمپانیا و بانقی دەوڵەتانی ئەوروپی کردبو، ئەمە سەرەتای پەیڕەوکردنی ساسیەتی سک-هەڵکوشین بو، کە دواتر ئەمەیش بەری بە ڕاگەیاندنی ئیفلاسبونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٨٧٦ دا نەگرت.

سێیەم: پەیڕەوکردنی ئەم دوو سیاسەتەی سەرەوە بۆ پوکاندنەوەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە کوردستانی بندەستی عوسمانی بو، بەتایبەتی بزوتنەوەکانی تەریقەتی سۆفیگەری کە بەشێوەیەکی نیمچەیی قەدەغەکرابوون بەتایبەتی دوای هەڵوەشاندنەوەی سوپای ئینکشاری کە هەڵگری تەریقەتی سۆفیگەری حاجی بەکتاشی یان بەکتاشی بون.

چوارەم: پەیڕەویکردن لە سیاسەتی برسی کردن، ئەگەر لە بەڵگەنامەکان وردبینەوە، دەبینین بۆ ماوەی هەشت ساڵان تەکیەیەکی ناوچەیەکی دوورە دەستی ئیسنابوڵ و بەغداد و نزیک لە شاری هەولێر بە قۆناغی پەیڕەوکردنی سیاسەتی مەرکەزی-دارایی تێپەڕیوە، لە ئەنجامدا دەستبەسەرداگرتنی داهاتی زەوییەکانی خەڵک و داهاتی ناوچەی پیرداود و هەمو کوردستانیش نیوەی کەمتری چۆتە خەزێنەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، نیوەی زیاتری دیکەی چۆتە گیرفانی بەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانی لە هەولێر، بەغداد و ئیستانبوڵ، کەواتە هیچ داهاتێک بۆ خەڵکی ناوچەکە نەبوە، ئەگەر بۆ گۆشەنشینەکە بوایە ئەوا بەلای کەمەوە ڕۆژانە هەژاران و ڕێبوارانی ناوچەکە ژەمێک تا دوو ژەم خواردنیان لەو گۆشەنشینیە دەخوارد.

پێنجەم: ئامانج لە



سیاسەتی برسیکردن، بۆ بچووکردنەوەی نفووزی تەریقەتەکانی سۆفیگەری بوە، هەروەها تەنگپێهەڵچنینی خەڵکی ناوچەکە بوە کە کۆچ بەرەو شوێنێکی تر

بکەن و خەڵکی تری غەیرە کورد لەم شوێنە کشتوکاڵییە گرنگانەی ناوچەکە نیشتەجێ بکەن، چونکە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەیزانی تورکەکانی ئەوروپا لەکاتێکی زوو یان درەنگ بەتایبەتی لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی گەلانی یۆنان و خۆرهەڵاتی ئەوروپا دەردەکرێن، بۆیە لەتاپۆکردنی زەوییەکان بەناوی دەوڵەتی عوسمانی لە ژێر ناونیشانی(الأرضی السنیة: واتە زەویەکانی خاوەندارییەتی بالا کە مەبەستی سوڵتان و حکومەتی عوسمانی بوە) یەکێ لە ئامانجە گەورەکانی ئیمپراتۆریەتەکە بو کە لە دوارۆژدا خەڵکی تورک و هۆزە تورکەکانی تری ڕاگوێزراو لە خۆرئاوای ئیمپراتۆریەتەکە و لەناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکەی نیشتەجێان بکات، وەک ناوچەی دەشتی شەمامک کە ناوچەیەکی بەرفراوانی کشتوکاڵی هەبوە.

**لیستی سەرچاوەکان:**


(١) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مێژووی سۆفیگەری لە شاری هەولێر و دەوروبەری و تەکیە، خانەقا، ڕیبات، گۆشەنشینەکان..هتد، بڕوانە ئەم سەرچاوەیە: زوبێر بیلال ئیسماعیل: شێخی چۆلی محمد ثەنائەددین کوڕی موستەفا کوڕی حاجی عومەر ئەربیلی نەقشبەندی، وەرگێڕانی: عیمادەدین فائیز عبدالله، چ٢، نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٨، ل ٤٩-٦٩.

(٢) عەبدوڵڵا غەفوور: فەرهەنگی جوگرافیایی هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٥، ل ١٢٥.

(٣) مەلا طاهر مەلا عبدالله بەحرکەیی، مێژووی زانایانی کورد، ب٣، ئامادەکردنی بۆ چاپ و پێداچوونەوە: ئەبوبەکر مەلا طاهر بەحرکەیی، چ ٢، نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر، ٢٠١٦، ل ٢٩٨-٢٩٩.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە: د.عیسى فهمي حسن صالح پیرەبابی: مدینة أربیل تأریخ وحضارة وخلود, إعداد وتقدیم: طارق جامباز, مطبعة جامعة صلاح الدین-أربیل, کوردستان-أربیل, ٢٠٢٠, ص ١٣٦-١٣٨. و زوبێر بیلال ئیسماعیل: سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨. و مەلا طاهر مەلا عبدالله بەحرکەیی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٨-٢٩٩.

(٥) د.عیسى فهمي حسن صالح پیرەبابی: المصدر السابق، ص ١٣٦.

(٦) محمد احمد ابراهیم: تطور النظام العثماني في کردستان العراق ١٨٣٢-١٩١٦, رسالة ماجستر غیر المنشورة, جامعة بیروت العربیة, کلیة الآداب-قسم التاریخ, بإشراف: أ.د.حسان حلاق و أ.د.فلاح خالد علي, بیروت ٢٠١٣, ص ٧٦-٧٨.

(٧) Osmanlı Arşivi: 65/A-MKT.148 د.نەوزاد یەحیا سەعید باجگر(ئامادە و پێشکەشکردن): هەولێر لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا ١١١٦-١٣٣٠ کۆچی/ ١٧٠٥-١٩١٢ زایینی، وەرگێڕانی: ئاشتی ڕەحمان، بەرگی یەکەم، چ١، بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان-خانەی بەڵگەکان، هەولێر، ٢٠١٨، ل ٤٣.

(٨) Osmanlı Arşivi: 80/MVL.124 د.نەوزاد یەحیا سەعید باجگر(ئامادە و پێشکەشکردن): هەولێر لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا ١٠٧٨-١٣٣٩ کۆچی/ ١٦٦٧-١٩٢٠ زایینی، وەرگێڕانی: ئاشتی ڕەحمان، بەرگی دووەم، چ١، بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان-خانەی بەڵگەکان، هەولێر، ٢٠١٨، ل ٨٢-٨٤.

(٩) Osmanlı Arşivi: 25/A-MKT-UM.112 : د.نەوزاد یەحیا سەعید باجگر(ئامادە و پێشکەشکردن): سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل ٥٤.

(١٠) Osmanlı Arşivi: 33/A-MKT-NZD.135 : هەمان سەرچاوە، ب١، ل ٦٤.

(١١) Osmanlı Arşivi: 48/A-MKT-NZD.157 : هەمان سەرچاوە، ب١، ل ٦٥.

(١٢) Osmanlı Arşivi: 48/A-MKT-NZD.157 : هەمان سەرچاوە، ب١، ل ٦٥.

(١٣) Osmanlı Arşivi: 33/A-MKT-NZD.135 : هەمان سەرچاوە، ب١، ل ٦٤.

(١٤) Osmanlı Arşivi: 20/A-MKT-MHM.65 : هەمان سەرچاوە، ب١، ل ٦٢.

(١٥) Osmanlı Arşivi: 80/MVL.124 د.نەوزاد یەحیا سەعید باجگر(ئامادە و پێشکەشکردن): سەرچاوەی پێشوو، ب ٢، ل ٨٢.

# خوێندنەوەی کتێب

- ***ڕۆمان لە نێوان ئەندێشە و واقیعدا***

د. نەجم ئەلوەنی

# ڕۆمان لە نێوان ئەندێشە و واقیعدا



د. نەجم ئەلوەنی

ئەم پەرتووکە لە نووسینی (د. جەودت هۆشیار) و لە وەرگێڕانی (سەباح ئیسماعیل)ە و لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە شاری سلێمانی لە ساڵی (٢٠٢٠) بە قەبارەی گەورە و لەدوو توێی (١٢٢) لاپەڕەدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

لەم پەرتووکەدا نووسەر بە شێوەی وتار باسی دوازدە بابەتی بە ناوونیشانی جیاوازەوە کردووە. بێجگە لە پێشەکی، بە بابەتی (هونەری ڕۆمان لە نێوان داهێنان و پیشە)دا دەست پێدەکات و بە بابەتی (ئەدەبی جیهانی - چەمک و کێشەکانی) کۆتایی دێ.

نووسەر لەم پەرتووکەدا باسی کۆمەڵێ بابەتی گرنگی تایبەت بە نووسین و داهێنان کردووە و بەشی سەرەکی نووسینەکەشی تایبەت کردووە بە ڕۆمانی جیهانی و عەرەبی و لەوانەش ڕۆمانی عەرەبی لەعێراقدا.

بە شێوەیەکی پانۆرامایی باسی ڕۆمان و پرۆسەی نووسینی ڕۆمان و چۆنیەتی گەیشتن بە ئاست و ساتەکانی داهێنان لە ڕووانگەی دەیان گەورە نووسەری جیهانی، کلاسیک و نوێوە وەک تەلستوی و دۆستۆیڤیسکی و فلۆپێرو هێنری جێمس و جیمس جۆیس و ئاگاستاکریستی وڤێرجینا وەڵف و ئیلیا ئایرینبۆرگ و مەکسیم گۆرکی و مارسیل پرۆست و گابریل گارسیا مارکیز...وهتد دەکات.

لە زاری ئەوانەوە باسی سەختی و دژوارییی پرۆسەی نووسین دەخاتەڕوو. بۆ نموونە لەزاری مارکیزەوە ئەوە باس دەکات کە چۆن سێ مانگ بیری کردووەتەوە بۆ ئەوەی ڕستەی دەستپێک بۆ ڕۆمانی (پاییزی پەتریارک) بنووسێ، چونکە ئەم ڕستەیە دەنگ ورەنگ و شێواز و دوا ئاراستەی ڕۆمان دیاری دەکات. هەروەها لە زاری تەلستۆیەوە ئاماژە بەوە دەکات، داهێنان کاتێ دێتە بەر کەخامەکەت خستە مەرەکەبدانەکەوە دەبێ پارچەیەک لە ڕۆحت لەوێ جێبهێڵی.

**ئەم پەرتووکە شایانی ئەوەیە بخوێنرێتەوە، ئەگەرچی نووسەر پابەندی توێژینەوەی ئەکادیمی نەبووە و ئاماژەی بەو سەرچاوانە نەکردووە کە گرنگترین زانیارییەکانی لێ وەرگرتوون**

لە باسی جیاوازی نێوان ڕۆمانی ئەندێشەیی و ڕۆمانی بەڵگەنامەییدا، پەنای بۆ بۆچوونێکی سارتەر بردووە کە گوایە ڕۆمان لەسەرە مەرگدایە و پێویستە ئیتر ڕۆمان بە شێوەی دیکیۆمێنتاری بنووسرێ. ئەگەرچی نووسەری ئەم پەرتووکە مەرگی ڕۆمان ڕەتدەکاتەوە، بەڵام بڕوای بەوەیە لەمەودوا دەبێ ڕۆمان پشت بە ژیاننامەو ڕووداوی واقیعی ببەستێ، چونکە خوێنەر لە ڕۆمانی ئەندێشەیی بێزار بووە و بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێ.

بۆ ئەم جۆرە ڕۆمانەش، ڕۆمانی (بەخوێن ساردییەوە)ی (ترومان کابۆتی) دەکاتە نموونەیەکی دیار و سەرکەوتوو، کە چەندین جار چاپکراوەتەوە و کراوە بە فیلمی سینەمایش. ئەم ڕۆمانە پشت بەڕووداوی ڕاستەقینەی کوشتنی ئەندامانی خێزانێک دەبەستێ کە لە لایەن دوو کەسەوە کوژراون و پاشان پۆلیس هەردوو تاوانکارەکە دەگرێ و لە

سێداره دەدرێن. نووسینی ئەم ڕۆمانە شەش ساڵی خایاندووه و لە کاتی خۆیدا هەرایەکی گەورەی لە گۆڕەپانی ئەدەبی جیهانیدا بەرپاکردووه. من لە گەڵ ئەو بۆچوونەی نووسەردا نیم، چونکە مرۆڤ لەم سەردەمەدا بە هۆی جەنجاڵی ژیان و باڵادەستی ئامێری ئاڵۆزی تەکنەلۆجی و بە کاڵابوونی پەیوەندییەکانەوە بێ تاقەت بووه و پێویستی بەوەیە پەنا بۆ ئەدەبیاتی ئەندێشەیی و فلیمی خەیاڵی بەرێ بۆ ئەوەی لەو ئابڵووقەیە ڕزگاری بێ.

ڕۆمانی پڕ ئەندێشەی وەک ڕۆمانی (١٩٨٤) هاروکی مۆراکامی و ڕۆمانەکانی (پاولۆکۆیلۆ) بە تایبەتی ڕۆمانی (یازده خولەک) و هەروەها ڕۆمانی (سۆزانییە خەمبارەکە)ی مارکیز باشترین نموونەی ئەم بۆچوونەن کە لە ماوەیەکی کەمدا بوونەتە پڕ فرۆشترین ڕۆمانەکانی جیهان.

ڕۆمانی ئەندێشەیی، خەیاڵی نووسەر ئازاد دەکات و ڕێی دەداتێ بگاتە تاریکترین و شاراوەترین گۆشەکانی زەین و ناخی مرۆڤ. ئەم جۆرە ڕۆمانە ئازادیی زیاتر بۆ ڕۆماننووس دەستەبەر دەکات بۆئەوەی بەدڵی خۆی باسی دیاردە و کێشە و حەزەکانی مرۆڤ بکات. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە لە واقیع دوور دەکەوێتەوە و درۆ لەگەڵ خوێنەردا دەکات. ئەوەندەی بەلزاک و دۆستۆیڤیسکی باسی ژیانی دەروونی وهزر و نەریت و کلتووری گەلی فەرەنسی و ڕووسییان کردووه، هێچ نووسەرێکی دی نەی توانیوه بەو چەشنە فرەوانە بچێتە

***لە زاری تەلستۆیەوە ئاماژە بەوە دەکات، داهێنان کاتێ دێتە بەر کەخامەکەت خستە مەرەکەبدانەکەوە دەبێ پارچەیەک لە ڕۆحت لەوێ جێبهێڵی***



**پەنای بۆ بۆچوونێکی سارتەر بردووە کە گوایە ڕۆمان لەسەرە مەرگدایە و پێویستە ئیتر ڕۆمان بە شێوەی دیکیۆمێنتاری بنووسرێ. ئەگەرچی نووسەری ئەم پەرتووکە مەرگی ڕۆمان ڕەتدەکاتەوە، بەڵام بڕوای بەوەیە لەمەودوا دەبێ ڕۆمان پشت بە ژیاننامەو ڕووداوی واقیعی ببەستێ، چونکە خوێنەر لە ڕۆمانی ئەندێشەیی بێزار بووە و بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێ**

ناو ناخی ژیانی ڕۆژانەی ئەو دوو گەلەوە. ڕۆمان پێویستی بە کۆپی کردنی واقیع نییە، بەڵکو ئەرکی سەرەکی ڕۆمان ئاشکرا کردنی ئەوەیە کە بە ئاسانی درکی پێ ناکرێ. هەر ئەمەش جوانی بە دەقی ڕۆمان دەدا و بووەتە پاڵنەرێ خەڵکی بە شەوقەوە پێشوازی لێ بکەن، جگە لە بنیاتە هونەرییەکەی کە بناغەی دامەزراندنی ڕۆمانی سەرکەوتووە. لە کاتێکدا ڕۆمانی دیکیۆمێنتاری کە پشت بە ڕووداوی واقیعی دەبەستێ، کۆت دەخاتە دەست و پێی نووسەر و ڕێ نادات ئازادانە، دوور لەو ڕووداوانە بیر بکاتەوە و خەیاڵی خۆی بەکار بهێنێ بۆ ئاشکرا کردنی ئەوەی لە پشت واقیعەوە شاراوەتەوە.

نووسەری (ڕۆمان لە نێوان ئەندێشە و واقیع)دا لە زۆر شوێن باسی تەکنیکەکانی ڕۆمانی کردووە و ڕۆشنایی خستووەتە سەر گرنگیی کارەکتەر و ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە چۆن دەبێ ڕۆماننووس بە وردی ئەم توخمە گرنگەی گێڕانەوە بناسێ و پاشان بیخاتە نێو ڕووداوەکانەوە.

هەروەها باسی ئەوەشی کردووە کە چۆن تەکنیکەکانی گێڕانەوەی چیرۆک و ڕۆمان کاریان کردووەتە سەر شێوازی نووسینی هەواڵ و ڕیپۆرتاجی ڕۆژنامەکان و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ژمارەی خوێنەرانی ڕۆژنامەکان زۆرتر بێ و بەچێژەوە وتارەکان بخۆێننەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەم پەرتووکەدا، نووسەر باسی چەمکی مرۆڤی جیهانی و ئەدەبی جیهانی لە ڕووانگەی شێلەر و گۆتە و مەکسیم گۆرکییەوە کردووە و ئاماژەی بە چەمکی ڕۆحی جیهانی لای هیگڵ داوە. گرنگترین ئاستەنگەکان و ڕێکارەکانی ئەم بە جیهانی بوونەی خستووەتەڕوو.

ئەم پەرتووکە شایانی ئەوەیە بخوێنرێتەوە، ئەگەرچی نووسەر پابەندی توێژینەوەی ئەکادیمی نەبووە و ئاماژەی بەو سەرچاوانە نەکردووە کە گرنگترین زانیارییەکانی لێ وەرگرتوون. ئەمەش بە خەوشێکی گەورەی ئەم جۆرە نووسینانە دادەنرێت، چونکە خوێنەر پێویستی بەبەڵگە هەیە بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی بۆچوونەکان. نووسەر بە خۆی وشەی لێکۆڵینەوەی لەژێر ناوونیشانی سەرەکی پەڕتووکەکە داناوە، کەچی پەیڕەوی هیچ میتۆدێکی ڕەخنەیی نەکردووە، ئەمەش لە بەهای زانستی وتارەکانی کەم کردووەتەوە.

بەهانەی نووسەر بۆ ئەوەی کە بۆچی ئاماژەی بە سەرچاوە نەکردووە، بەهانەیەکی پەسند نییە، گوایە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بزرنەبوونی بۆچوونەکانی لەنێو بۆچوونی ئەوانی دیکەدا، یان بۆ خاتری دووبارەنەکردنەوەی ئەو بۆچوونانەی پێشتر گوتراون و دەبنە مایەی درێژ دادڕی و وەڕس کردنی خۆینەر، بۆیە پابەندی شێوازی نووسینی توێژینەوەی زانستی نەبووە، لە کاتێکدا بە خۆی لە گرنگترین جومگەکانی ئەم وتارانەدا سوودی لە بۆچوونی دەیان نووسەر و ڕۆماننووس و ڕەخنەگر و ڕۆژنامەنووس وەرگرتووە کە پێشتر گوتراون و بە نووسین بڵاوکراونەتەوە.

# لەبری پیرەوەری

- ڕوونکردنەوە و ساغکردنەوەی ڕاستیەکی مێژوویی لەسەر ئەو بابەتەی کە لەژمارەی ٣ی گۆڤاری(دیوان) دا بڵاوکرایەوە

وریا ماملێ

- بەهار جەلال بەگ دەرگەڵەیی: ئەگەر بە خۆیشم بەهۆی دابونەریتی ئەوکات، نەمتوانی خوێندن تەواوبکەم، بەڵام پشتگیری کچەکانم کرد و حەوتیان بە بڕوانامەی بەرز گەیشتن

محەمەد گۆران

- ئێسگە کوردییەکەی قاهیرە : شێخ عومەر وجدی لە زانکۆی (الازهر) هەم شێخی ڕەواقی کوردان بوو، هەم سەرپەرشتیاری ئێسگەکەش بوو

حەمەکەریم هەورامی

# ڕوونکردنەوە و ساغکردنەوەی ڕاستییەکی مێژوویی

## لەسەر ئەو بابەتەی کە لەژمارەی ٣ی گۆڤاری(دیوان)دا بڵاوکرایەوە

**وریا ماملێ**

ڕۆژێکی بەهاری ساڵی ١٩٨٥ بوو. شەڕی نێوان دوو دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان، یانی ئێران و عێراق کەوچکی تێنەدەگەرا. دۆخی ئاسایشی زۆر هەستیار بوو. بەتایبەت لەماڵی ئێمە کەشێکی زۆر خەمناک حاکم بوو لەبەر ئەوە کە هێشتا زامی لەسێدارەدرانی برای ١٧ ساڵانم نەمر "نەجاتی ماملێ" کزەی دەهات و خەم و تازییە بەرۆخساری هەموومانەوە خۆی دەنواند. .

لای فراوین سفرەمان ڕاخستبوو و خەریکی نان خواردن بووین. لەپڕ لەدەرگای ماڵیان داین و من چووم دەرگام کردەوە. کابرایەکم دیت بەکەواپانتۆڵێکی جوان و کەشخەی کوردی، ئاغابانوویەکی گوڵینگەداری (جامانە) جوانی لەسەربوو کە لایەکی ئاغابانوویەکەی بەلاشانی ڕاستیدا شۆڕ ببۆوە. تا بڵێی لێدەهات و پێوەی جوان بوو. لەشێوەی جلەکانی ڕا و لەشێوەی زاراوەی ڕا بەڕوونی دیار بوو خەڵکی دەڤەری سەردەشت بوو.

گوتی: ماڵی کاک محەمەدی مامڵێیە؟

گوتم: بەڵێ

بێ ئەوەی فەرمووی لێ بکەم هاتە ناو حەوشەکە و بەئەسپایی گوتی: کاک محەمەد لەماڵە؟

گوتم: بەڵێ

ئینجا فەرمووم کرد و ڕێگام پێشان دا و هاتە لای بابم. سفرەی نانخواردنمان لەگۆڕێ بوو، بابم زۆری فەرمووی لێ کرد کە نانمان دەگەڵ بخوات، کەچی، کابرا گوتی: نانم خواردووە. کابرا ڕووی لەبابم کرد و گوتی: دەتوانین دووبەدوو کەمێک قسان بکەین؟ بابیشم لەوەڵامدا گوتی: بۆنا، لەخزمەت دام. بابم چاوێکی لێکردین و ئیتر هەموومان تێگەییشتین کە دەبێ ژوورەکە جێبهێڵین. لەناکاو دایکم وەدەنگ هات و گوتی: کاکە گیان من نازانم دەتەوێ چ بڵێی دەگەڵ پیاوەکەم بەڵام، دڵنیابە هەرکات تۆ بڕۆی، ئەو هەموو شتەکەم بۆ دەگێڕێتەوە، بۆیە گەر بەلاتەوە ئاسایی بێ با منیش لەلاتان بم.

کابرا گوتی: چ کێشە نییە

باش لەبیرم نییە کام لەبراکانم لەوێ بوون بەڵام نان خواردنمان لەژوورەکە نیوەچڵ هێشتەوە و سفرەکەمان کۆکردەوە و لەژوورەکەی تر دەستمان کردەوە بەنان خواردن.

ئەو ژوورەی باوکم و دایکم و ئەو کەسە لێی دانیشتبوون، مەگەر زۆر بەئەسپایی قسەی لێکرابا دەنا، گەر بەئاسایی قسەت کردبایە لەدیوەکەی ئەولا هەموومان گوێ لێدەبوو بەڵام ئەو ڕۆژە ئەوەندە بەسەبری قسەیان دەکرد کە ئێمە لەژوورەکەی ئەولا هیچمان نەدەبیست. ١٠ تا ١٢ خولەکێک لەو ژوورە بێدەنگییەکی سەیر و نامۆ بوونی هەبوو. لەپڕ ئەوەندەم زانی کابرا لەژوورەکە وەدەرکەوت و دایکم و بابیشم بەدوایدا تا بەڕێی بکەین. کە کابرا ڕۆیی من چوومەوە ژوورەکە لای دایکم و بابم تا بزانم چ باسە؟!.

بابم و دایکم کە تازە کوڕێکیان لەسێدارە دراوبوو بەپەرێزەوە دەدوان و نەیاندەویست کە من هیچ بزانم و بابم هەوڵی دەدا کە شتەکە لەلام نەدرکێ بەڵام دایکم سەبارەت بەو کابرایە جاروبار بەزمانی ڕەمز و ڕاز دەگەڵ بابم دەدوا کە من زیاتر گومانم بۆ ساز دەبوو کە دەبێ شتێکی گرینگ ڕووی دابێ؟! لەپڕ بابم گوتی: هەستە بیسووتێنە با لەگۆڕێ نەمێنێ نەکا کێشەمان بۆ ساز بێ. دایکیشم گوتی: باشە دەیسووتێنم بەڵام لێگەڕێ با بیخوێنمەوە بزانم چی نووسیوە؟!

**کوڕەکەی مامڵێ:**
**لە بابمم پرسی: بابە گیان ئەو پیاوە کێ بوو؟ تۆ چیت وەڵام دایەوە؟ گوتی: ئەو ڕاسپاردەی دەوڵەتی عێراق بوو**

**من هونەرەکەم لەخزمەت میللەتەکەم دایە، ئەو نانەی کە لەدەستی میللەتەکەم دەیخۆم، شانازی پێدەکەم و لەخۆم و لەماڵ و منداڵم زیادە. تا مردنیشم ئەو میللەتە و خەڵکی شاری خۆم بەجێ ناهێڵم.**

هەرچەند بابم ڕازی نەبوو بەڵام دایکم نامەیەکی لەباخەڵی دەرهێنا و دەستی کرد بەخوێندنەوەی. بەهۆی ئەوەی کە ڕێنووسی هاونیشتمانیانمان لەباشووری کوردستان زیاتر چۆتەوە سەر ڕێنووسی عەرەبی و لەڕۆژهەڵاتیش چۆتەوە سەر ڕێنووسی فارسی بۆیە، خوێندنەوەی بۆ دایکم زۆر هاسان نەبوو. دایکم ڕووی تێکردم و گوتی: دا ڕۆڵە وریا، ئەو نامەیە بخوێنەوە بزانە چ نووسراوە؟ هەرچەند بابم پێیخۆش نەبوو کە ئەو نامەیە من بیخوێنمەوە چوون نەیدەویست من لەباسەکە هیچ بزانم تا نەکا لەئەگەری هەرچەشنە ئاشکرابوونی ئەو باسە، وەک کورەکەی تری تووشی زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام بم بەڵام، دایکم نامەکەی دامێ.

کاغەزی نامەکە کەمێک لە کاغەزی A4 گەورەتر بوو. خوێندنەوەی بۆ منیش هاسان نەبوو بەڵام من لەدایکم باشتر بووم. نامەکە بەسڵاوێکی گەرم و گوڕ دەستی پێدەکرد و پاشی هەندێک پێهەڵگوتن بەهونەری ماملێ، نووسیبووی:

(ئێمە دەزانین کۆماری ئیسلامی ئێران دوژمنی هونەر و جوانییە، دەزانین کە دەنگی ئێوە هونەرمەندانی کورد کپ دەکات، دەزانین کە مافی ئێوە کوردان دەخوات، بۆیە لەلایان دەوڵەتی جەمهوری عێراقەوە بەفەرمی داوات لێدەکەین کە بەخۆت و بنەماڵە و عەشیرەتەکەتەوە وەرە بۆ عێراق و درێژە بەکارە هونەرییەکانت بدە و خزمەت بەهونەری کوردی بکە. دڵنیات دەکەینەوە کە لەهەڵبژاردنی گۆرانییەکانتدا هیچ کەس گوشارت بۆ ناهێنێ. هەرچی بەدڵی خۆت بوو بیڵێ. باشترین ئۆرکێسترای عێراقت لەخزمەتدا دەنێین و قەسر و سەیارە و پوڵ و پارەشت بەسەردا دەبارێنین، تا هەرکاتێک کە بۆ خۆت حەزت لێبێ دەتوانی لەعێراق بژی و هەرکاتیش کە ویستت لەعێراق نەمێنی، بۆ خۆمان بەڕێتان دەکەینە هەر وڵاتێکی کە هەڵیبژێرن).

لەژێر نامەکە نووسراوبوو "عەبدوڵڵا ئیسماعیل" وەزیری (لەبیرم نەماوە بەدرووستی کام وەزارەتخانە نووسرابوو) دەوڵەتی کۆماری عێراق و واژۆیەکیشی پێوە بوو. لەسەر ئەو نووسراو و واژۆیەش مۆرێکی خڕی لێدرابوو کە بەعەرەبی لەسەری نووسرابوو دەوڵەتی جەمهوری عێراق، وەزارەتی (نازانم چی!! باش نایەتەوە بیرم). ئیتر کە بۆم خوێندنەوە بابم پەلەی لەدایکم کرد تا نامەکە بسووتێنێ و ئاسەوارێک لێی نەمێنێتەوە. دایکیشم بردی لەتەندووری نانکردندا شەمچەی لێدا و سووتاندی.

لە بابمم پرسی: بابە گیان ئەو پیاوە کێ بوو؟ تۆ چیت وەڵام دایەوە؟ گوتی: ئەو ڕاسپاردەی دەوڵەتی عێراق بوو. داوای لێکردم تا بەنامە وەڵامێک بۆ ئەو وەزیرەی دەوڵەتی عێراق بنووسمەوە بەڵام، من گوتم: ناتوانم وەڵامت بۆ بنووسمەوە لەبەر ئەوە هەرکات ئەو نامەیە لەتۆ بگیرێ من و بنەماڵەکەم تووشی گێچەڵ دەبین و کاری وا ناکەم. کابرا گوتی: ئەدی چی بەوەزیر بڵێم؟ منیش گوتم: لەپێشدا زۆری سەلام و سپاسی لێ بکە. پاشان پێی بڵێ گەر بڕیاربێ من هونەری خۆم لەخزمەت دەوڵەتێکدا بنێم، ئەوە لێرەش دەوڵەت هەیە و پێشتریش هەبووە، بەڵام من هونەرەکەم لەخزمەت میللەتەکەم دایە و ئەو نانەی کە لەدەستی میللەتەکەم دەیخۆم، شانازی پێدەکەم و لەخۆم و لەماڵ و منداڵم زیادە. تا مردنیشم ئەو میللەتە و خەڵکی شاری خۆم بەجێ ناهێڵم.



**ڕاستکردنەوەیەک**

لە ژمارەی (٣)ی گۆڤاری دیواندا، ڕۆژی مردنی مامۆستا مەلا عەوڵا لەوتارەکەمدا بڵاوکراوەتەوە بەهەلە ٢٤ نیسان نووسراوە، ڕاستیەکەی ئەوەیە کە لە ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٠ وەفاتی کردووە.

**تارق جەوهەر**

**مەلا عەوڵا بەناوی وەزارەتەکەی وحکوومەتی عێراقەوە، داوا لە ماملێ دەکات مەهاباد جێبێڵێ و بێتە باشوور، یا هەر شارێکی عێراق**

# بەهار جەلال بەگ دەرگەڵەیی:

## ئەگەر بە خۆیشم بەهۆی دابونەریتی ئەوکات، نەمتوانی خوێندن تەواوبکەم، بەڵام پشتگیری کچەکانم کرد و حەوتیان بە بڕوانامەی بەرز گەیشتن



**محەمەد گۆران**

دوای ئەوەی قوتابخانە لەگوندەکەیان دەکرێتەوە لەسەر دەستی جەلال بەگی باوکی، وەک خۆی دەڵێ: یەکەم کچی گوندەکەیان دەبێ، هاوشان لەگەڵ کچە ئامۆزایەکی دیکەی، دەچێتە مەکتەب و لەگەڵ کوڕەکان کە هەموویان ئامۆزای خۆی دەبن، درێژە بەخوێندن دەدا، (بەهار جەلال دەرگەڵەیی) دەشڵێ: «هەموو ساڵەک جگە لەوانەی بیرکاری نەبێ، لەوانەکانی دیکە بەتایبەت زمانەکان بەنمرەی باش دەردەچووم و سەردەکەوتم بۆ قۆناغەکی دیکەی خوێندن».

گوندی دەرگەڵە لەڕووی ئیدارییەوە سەر بەشاری ڕواندزە و دەکەوێتە دامێنی چیای کارۆخ و باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری ڕواندز، چیای هەندرێن دەکەوێتە نێوان دەرگەڵە و شارەدێی ڕواندز، لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەدرێژایی زیاتر لەپەنجا ساڵ (میر محەمەدەمین) لەو گوندە حکومی گێڕاوە و کەسایەتییەکی دیاری دەڤەرەکە بووە. حاکمی سیاسی ئینگلیز لەهەولێر (دابلیو ئاڕ هێی) لەنێوان ساڵانی ١٩١٨ بۆ ١٩٢٠ لەکتێبەکی خۆیدا (دووساڵ لەکوردستان)دا لەچەند شوێنەکدا باس لەمیر محەمەدەمین و دەرگەڵە دەکات.

جلال بەگ کوڕە بچووکی میر محەمەدەمین بووە، لەگەرمەی جەنگی دووەمی جیهانی ١٩١٩ چاوی بەجیهانی پڕ لەشەڕوشۆڕ هەڵهێناوە. ٨ برا و ٦ خوشکی هەبووە، میر بایەخی زۆر بەجەلال بەگ دەدا و دەینێرێتە بەر خوێندن. لەدوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی لەڕەواندوز

کە ئەوکاتە دەیتوانی ببێت بەمامۆستای سەرەتایی، بەڵام بەمەبەستی خوێندنی ناوەندی میر کوڕە بچووکەکەی دەنێرێتە هەولێر و لەوێ جارێکی دیکە درێژە بەخوێندن دەداتەوە. هەر زووش وەک خوێندکارێکی زیرەک و چالاک دەردەکەوێت، لەو ماوەیەدا جگە لەخوێندنەکەی لەگەڵ هاوپۆلانی بەشداری شانۆگەری سەلاحەدینی ئەیوبی دەکا و چەندین کاروچالاکی هونەری و سیاسی دیکەش بەو پەڕی خوێنگەرمی و سەرکەوتوویی ئەنجام دەدا.

لەگەڵ دروستبوونی حزبی هیوا، جەلال بەگ یەکێک دەبێت لەکادیرە دیارەکانی ئەو حزبە و دەبێتە کادیرێکی چالاک لەنێوان شارەکانی هەولێر و موسڵ و کەرکوک و سلێمانی، بۆ بینینی ڕێکخستنەکان هەمیشە لەرێگای ئەو شارانە بووە. لەم ماوەیەدا بەهۆی زیرەکی و لێهاتوویی جگە لەزمانی دایک، فێری پێنج زمانی دیکە دەبێت، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئەوسای عێراق و کوردستان و ئاشکرابوونی لەڕێکخستندا نەیتوانی بەشداری لەتاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵدا بکات و بەناچاری دەگەڕێتەوە دەرگەڵە و درێژە بەخەبات دەدات، تا دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمجارە دەبێتە هاورێیەکی باشی ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەب سیاسی لەناویاندا مام جەلال و هاوڕێکانی.

بەهار جەلال دەرگەڵەیی دەڵێ: باپیرم لەزۆربەی بنەماڵە دیارەکانی ناوچەکەدا ژنی لێ هێنابوون و هەشت کوڕ و شەش کچی هەبوو، «هەرچەندە باوکم کوڕی بچووکی بوو، بەڵام لەبەر زیرەکی و وریایی، باپیرم ئەوی لەشوێنی خۆی دانابوو. هەر بۆیەش باوکم ساڵی ١٩٥٣ بەنوێنەرایەتی باپیرم چووە مەعاریف لەڕواندز و داوای کردنەوەی قوتابخانەی لەدەرگەڵە کرد».
ئەو کچە گەورەی جەلال بەگ دەڵێ: «باوکم زۆری حەز لەخوێندەواری بوو، بۆیە مەکتەبی هێنایە دەرگەڵە و گۆتی: نامەوێ منداڵەکانم بەنەفامی گەورە ببن، چونکە بەخۆی زۆر زیرەکبوو و زمانەکانی فارسی و عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی و عیبریشی دەزانی، ماڵە جووەک لەدەرگەڵەی بوو لەوان خۆی فێری عیبری کردبوو».

وەک بەهارخان ئاماژەی پێ دەکات، جەلال بەگی باوکی بەهۆی زمانزانی و لێهاتوویی و زمانپاراویی لەقسەکردن و دەربڕینی بۆچوونەکانیدا زوو لای کاربەدەستانی میریی دەناسرێ و حسابی تایبەتی بۆ دەکرێ، هەر بۆیە کاتێک (بەدرەدین عەلی) دەبێتە قائیمقامی ڕواندوز، بەدوای کەسایەتییەکاندا دەنێرێت، بەحوکمی ئەوەی جەلال بەگ عەرەبیەکی ڕێزمانی دەزانێ، قائیمقام سەری سوڕدەمێنێ و بڕیار دەدا لای خۆی داینێت و دواتر دەبن بەهاوڕێی نزیکی یەکتری، بەڵام جەلال بەگ، میر جێناهێڵێ و ناچێتە ڕواندز، هەر لەگوند دەمێنێتەوە.

ئەو کچەی جەلال بەگ دەڵێ: بەهۆی دیوەخانی هەمیشە پڕ مێوان و ئاوەدانی گوندی دەرگەڵە، ناحەزان هەواڵ دەدەنە حکومەتی عێراق کە دیوەخان بۆتە جێی حەوانەوە و داڵدەدانی نەیارانی حکومەت و لەناویشیاندا مام جلال و هاوڕێکانی. دەشڵێ «ئەو هاوکاری و چاوساغییەی جەلال بەگ بۆ ئەو کادیر و بەرپرسانەی ئەوکاتی هەبوو لەڕێگەی سواری و پیادەیی بووە، تەنها مام جلال نەبێت کە زۆر حەزی لەپیادەیی بووە تاکو جارێک پێیەکانی دەئاوسێن و ناتوانێ ڕێ بکات، لای باوکم بۆ ماوەی یەک هەفتە دەمێنێتەوە، بەڵام ڕژێم لەڕێگەی پیاوەکانی ئاگاداری ئەم جموجۆڵە دەبێت و زۆر نیگەران دەبێت، بۆیە بەدوای باوکمدا دەنێرێت و پێی دەڵێن: «ئەوەی ئێوە دەیکەن دژی دەوڵەتە، ئەویش پێیان ڕادەگەیەنێ کە ناتوانێ میوان دەربکات، ئەگەر ئێوەش بێن بۆ میوانخانە یاسای خۆمان تێک نادەین».

دواجار قائیمقامی ڕواندز (بەدرەدین عەلی) بڕیاری حکومەتی عێراقی پێ ڕادەگەیەنێ کە دەرگەڵە جێ بێڵێت و هەموویان بێنە ڕەواندوز، بەڵێنی ئەوەشی پێ دەدەن و پێی دەڵێن کە دەسەڵات هاوکاری باشتان دەکات، «بەڵام باوکم هەر زوو ئەوە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت: ئێمە کەسوکاری خۆمان جێ ناهێڵین و مردن و ژینمان بەیەکەوە دەبێت. بەهۆی ئەم ڕاستیانە و ملکەچ نەکردنی، قائیمقام زیاتر دەبێت بەهاوڕێی باوکم و خۆشی دەوێت».

پاش ئەوەی (قوتابخانەی دەرگەڵەیی سەرەتایی تێکەڵاو)، لەسەر دەستی جەلال بەگ، بەنووسراو و داواکاری ئەو بۆ مەعاریفی ڕواندز ساڵی ١٩٥٣ دەکرێتەوە، ماوەی دووساڵ خوێنکارەکان لەماڵی (شەهید تەحسین) لەسەر حەسیر دادەنیشن، ساڵی سێیەم بینایەی قوتابخانە، دیسانەوە هەر لەسەر داوای (جەلال



بەگ) لەدەرگەڵە دروست دەکرێ.

قوتابخانەی دەرگەڵەی سەرەتایی تێکەڵاو، هەموو ڕۆژەک دەوامی بەیانیان بۆ نیوەڕۆ بووە و تەواوی وانەکانی تێدا خوێنراوە. خوێندکارەکان (شەهید تەحسین- شەهید یوسف- سابیر و سمایل و خەسرۆ- مەعرووف و ئەنوەر و ئەفەندی- بەهار و بەهیە..) هەموو ئامۆزای یەکتری بوونە، مامۆستاکانیش موسڵمان و مەسیحی، عارەب و کوردی تێدا بووە، بەهارخان دەڵێ: مامۆستا (سەلمان ڕزوقی) مەسیحی عەنکاوەی بوو، (شەمعون عۆدۆ) مەسیحی شەقراوە بوو، بەڵام قسە و هەڵسوکەوتی وەک خۆشناوان بوو، (حەمید و مەجید) ئەوان دوو عەرەبی موسڵاوی بوون، ئەوانەی دیکە کوردبوون، وەک (جەوادە فەندی) کوڕی ئەسعەد ئاغای شێتنەی، (غازییە فەندی) کوڕی شاکر ئاغای کاولۆکان، (فەتاح تۆفیق) کە دواتر بووە مەسولەکی گەورەی شیوعی نازناوی کردە (مەلاحەسەن) ئەویش مامۆستامان بوو و زۆریش زیرەکبوو».

بەهار جەلال دەرگەڵەیی لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٣ یە و ئەو کاتەی قوتابخانە لەدەرگەڵە ساڵی ١٩٥٣ کرایەوە، ئەو تەمەنی دە ساڵ دەبێت، باوکی، ئەو و بەهیە کە دەکاتە برازای جەلال بەگ، لەگەڵ کوڕەکان دەنێرێتە مەکتەب. دواجار کە هەموان قۆناغی شەشی سەرەتایی تەواو دەکەن، بەهۆی نەبوونی قوتابخانەی ناوەندی لەدەرگەڵە، کوڕەکان بۆ بەردەوامی دان بەخوێندن دەچنە ڕواندز، تەنها بەهار و بەهیە بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و نەریتی کوردەواری ئەوکاتە، ناچن بۆ ڕواندز و بەتەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی خوێندن، کۆتایی بەژیانی خوێندکاری دەهێنن، بەڵام وەک (بەهارخان) ئاماژەی پێ دەکات، ئەو دانابڕێت و لەماڵەوە لەگەڵ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانی ڕۆژانەی گوند، هاوکات پەرە بەو زانست و زانیارییانە دەدا کە لەمەکتەب فێریان بووە و لێناگەڕێ لەیادەوەریدا بسڕێتەوە.

سەرەتای شەستەکان کاتێک شەڕ لەنێوان پێشمەرگە و حکوومەتی عێراق دروست دەبێت، سەرکەپکان و دۆڵی ئاکۆیەتی دەکەوێتە ژێر کاریگەری بۆردمان کردنی تۆپەکانی حکوومەت، بۆیە

عەباس ئاغا کە زاوای میر بووە، چەند منداڵێکی خۆی وەک پەناگە دەنێرێتە دەرگەڵە، بەڵام ئەوکاتی دەرگەڵە لەژێر چاودێری چڕی دوژمن دابوو. ئەو دەمەش (بەدرەدین عەلی) ببوو بەپارێزگاری هەولێر، بۆیە جارێکی دیکە بەدوای جەلال بەگ دەنێرێت و پێی دەڵێ: «ئەوە فەرمانی بەغدایە کە دەبێت دەرگەڵە بەفڕۆکە بۆمباران بکرێت، بەڵام من دوای دەخەم بەڵکو بتوانم نەکرێت». وەک بەهارخان دەگێڕێتەوە، جەلال بەگی باوکی ئاوا وەڵامی پارێزگار دەداتەوە و دەڵێ: «ئەگەر فڕۆکەش بێت تەنها خەڵکی بێ دەرەتان دەکوژێت». بۆیە کە دەگەڕێتەوە دەرگەلە بەخەڵکی گوند ڕادەگەیەنێت بەڕۆژ بچنە ئەشکەوت و پەناگەکان، خەڵکەکە بۆ ماوەیەک بەڕۆژ دەچنە ئەشکەوتەکان، دواتر بێزار دەبن، ئەو ڕۆژەی کە ناچن، دوو فڕۆکە دێنە ئاسمانی ناوچەکە و بەشەست تیر ناودێ و دەوروبەری دادەڕێژن، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی نابێت.

بەهارخان ئاماژە بەوە دەکا کە بەهۆی شۆڕشەکانی کورد و هەڵوێستی کوردانەی بنەماڵەکەی، هیچ کات، دەرگەڵە و بنەماڵەکەیان، تایبەتتر جەلال بەگی باوکی، نەیانتوانیوە بەئارمی بژین، دەڵێت: لەگەڵ هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول (جەلال بەگ) بەماڵ و منداڵەوە ئاوارەی ئێران دەبێ و لە (ئۆردوگای بەهرام) نیشتەجێ دەبن، لەوێش دەستەوەستان نابێ و ناتوانێ بێدەنگی لەناعەدالەتی بکات، بۆیە بەهۆی کەمی خزمەتگوزاری ئۆردوگاکەیان، ڕۆژەک تەواوی ئاوارەکانی ئۆردوگا هانای بۆ دەهێنن و پرسی پێدەکەن کە چی بکەن باشە؟ ئەویش خۆپیشاندان بەباشترین بژاردە دەزانێ. بەمجۆرە خۆپیشاندان دەکرێ و جەلال بەگ لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێران دەستگیر دەکرێ، بەمەش حکومەتی ئێران ناچار دەبێت کە جەلال بەگ و چەند بەرپرسێکی دیکەی شۆڕش لەسنووری حاجی ئۆمەران ڕادەستی عێراق بکەنەوە. ماوەک لەشاری دیوانیە زیندانی دەکرێ و دواتر دەوڵەتی ئێران ماڵ و منداڵیشی ڕادەستی عێراق دەکەنەوە و دواجار تەواوی خێزانەکەیان دوور دەخرێنەوە بۆ خوارووی ناسریە.

دوای ئازادکردنی جەلال بەگ لەلایەن حکوومەتی عێراقییەوە، لەگەڵ خانەوادەکەی ڕێگایان پێ دەدرێ بچنە هەر شوێنێک جگە لەکوردستان، ئەوانیش ماوەک دێنە بەغدا و لەکۆتایی حەفتاکانیش جارێکی دی دێنەوە کوردستان و دەچنەوە دەرگەڵە و خانووە ڕوخاوەکەیان دروست دەکەنەوە و تا ڕاگواستن و ڕوخاندنی دەرگەڵە لەوێ دەمێننەوە. جارێکی دیکەیش ئاوارە دەبنەوە و دەچنە سەرکەپکانی ڕانیە، سێ کوڕیشی لەئەنفالەکان بەماڵ و منداڵەوە ئاوارەی ئێران دەبنەوە و جەلال بەگیش بەهۆی کوڕە پێشمەرگەکانییەوە چەندینجار زیندانی دەکرێ، بەڵام هەرگیز کۆڵ نادا، هەر لەئاوارەیش لەگوندی سەرکەپکانی نزیک ڕانیە لە ١٩٩٨/٣/٣ کۆچی دوایی دەکات.


بەهارخان، دەفتەرێکی دەستنووسی خۆیی هەیە، وەک دەڵێ: تاڵی و سوێری ژیان، بەسەرهاتی خۆش و ناخۆش، پەندی پێشینان و هۆنراوەی شاعیرانی کلاسیک، وەک فارس دەڵێ دەفتەرەکەی پڕیەتی لە «خاتیراتی ژیان» و پڕۆژەی داهاتوویەتی و بەنیازە ئەگەر «ژیان باقی بێت وەک کتێب چاپیان بکات».

بەهار جەلال دەرگەڵەیی، ساڵی ١٩٦٧ لەگەڵ (مەلابەکر) لەگوندی خەزنەی کەندێناوە دەچێتە پڕۆسەی هاوسەرگیری، بەرهەمی ئەو پێکەوەژیانەی نۆ کچ و سێ کوڕ دەبێ، وەک خۆی دەڵێ: ئەگەر بەخۆیشی نەیتوانی تەواوی قۆناغەکانی خوێندن ببڕێت، بەڵام بۆتە پاڵپشتی کچەکانی لەخوێندن و دواجار حەوت لەکچەکانی بەبڕوانامەی باش خوێندنیان تەواو کردووە و دامەزراون.

**باوکم زۆری حەز لە خوێندەواری بوو، بۆیە مەکتەبی هێنایە دەرگەڵە و گۆتی نامەوێ منداڵەکانم بە نەفامی گەورە ببن**

## ئێسگە کوردییەکەی قاهیرە

# شێخ عومەر وجدی لە زانکۆی (الازهر) هەم شێخی ڕەواقی کوردان بوو، هەم سەرپەرشتیاری ئێسگەکەش بوو



حەمەکەریم هەورامی

لەڕێکەوتی (١٩٥٧/٦/١)دا ئێسگە بێ تەلەکەی ڕادیۆی قاهیرە بەزمانی کوردی کرایەوە. لەو کاتەدا عێراق و ئێران و تورکیا و پاکستان پەیمانێکی چوار قۆڵیان بەستوو ناویان نابوو پەیمانی - سەنتۆ - بەپەیمانی بەغداش ناودەبرا، ئێستا ناوی پەیمانی -ناتۆیە-، لەڕێکەوتی (١٩٥٥/٢/٢٤) لەبەغدا واژۆ کرا، دەڵێن لەیەکێک لەبەندەکانیدا هاتووە: لەهەر وڵاتێکدا کورد سەری هەڵدا هەموو ئەندامانی پەیمان بەیەکەوە سەرکوتی دەکەن!..

ئەو پەیمانە دژی مەعسکەری کوتلەی ڕۆژهەڵات بوو کە سۆڤییەتی ئەوکات ڕابەرایەتی دەکرد، سەرۆکی میسر (جەمال عەبدولناسر) دژ بەو پەیمانە بوو، بەتایبەتی تورکیا و ئێران کە دەوڵەتی ئیسرائیلیان بەفەرمی ناسی بوو، سەرۆکی میسر زانیبووی گەلی کورد بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا، دابەشکراوە و لەهەموو مافێکی ڕەوای خۆیان بێ بەشکراون و داخ لەدڵن، بۆیە ئەو ئێسگەیەی لەقاهیرە کردەوە تا کورد دژ بەسیستەمی تورکیا و ئێران ڕاپەڕن و تووشی نائارامی و ناسەقامگیریان بکات.

لەو کاتەوە ئێسگەکە کە دەنگێکی دلێرانە بوو دەنگەکە گوێ کپ کراوەکەی کوردانی لەهەر چوار پارچەکەی کوردستاندا هەژاند و بەئاگای هێنا، ڕۆژانە سەر لەئێواران یەک کاتژمێر بەشێوەزاری کرمانجی ژووروو و خواروو پەخش دەبوو، لەسەرانسەری کوردستاندا، لەهەموو کوچە و بازاڕ و ماڵێکدا دەکرایەوە، هەموو ڕۆژێک خەڵک بەتاسەوەی هاتنی ئێوارەیان دەکرد بۆ ئەوەی گوێ بۆ پەخشەکەی ڕابگرن، کە بریتی بوو لەچەند کورتە هەواڵێک و چەندان گۆرانی هەمە جۆری کوردی.

بەڕاستی ئەو ئێسگە دەنگێکی بێ وێنە بوو بۆ گەلێکی هەناسە خنکاوی بێ پشت و پەنا، ئێسگەکە تەکانی بەرەوت و بەردەوام بوونی ژیانی کوردان دەدا و کەلاوڕۆژنەیەکی ڕۆشنکەرەوەی تاریکەستانی دنیای کوردان بوو، کە شۆڕشی کورد لەکوردستانی باشووردا لە (١١)ی ئەیلولی ساڵی (١٩٦١) بەرپا بوو، ناوی کورد و شۆڕشەکەی لەجیهاندا دەنگی دایەوە، میسریش سەبارەت بەکورد وریا بووەوە و ئێسگە کوردییەکەی فرەتر خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بەڵام بەرنامەی پەخشەکەی وەک جاران مایەوە، کەچی ئەوەی پەیوەندی بە عێراق و تورکیا و ئێرانەوە هەبوو هەندێ گوشاری خرایە سەر، وەلێ دەنگی ئێسگەکە لەدلێری خۆی نەکەوت.

بەندە ئەو کات بۆ خوێندن چووبووم بۆ قاهیرە، پەیوەندی توندم لەگەڵ ئێسگە و ئەوانەی بێژەری بوون هەبوو. (شێخ عومەر وجدی) لەزانکۆی (الازهر) هەم شێخی ڕەواقی کوردان بوو، هەم سەرپەرشتیاری ئێسگەکەش بوو.

شێخ عومەر لەدانیشتنێکدا سەبارەت بەئێسگەکە گێڕایەوە و گوتی: (چەند جارێک حکومەتی تورکیا و ئێران بەفەرمی لەڕێگەی باڵوێزەکانیانەوە لە قاهیرە داوایان لەحکومەتی میسر کردبوو، هەموو ڕۆژێک کە ئەو ئێسگە کوردییە دابخات، کەچی میسر گوێی بەداواکانیان نەدەدا و دەیزانی کوێیان

دیشی، بەڵام تورکیا وازی نەدەهێنا و حەفتەی جارێ بەفەرمی لەو بارەوە ناڕەزایی خۆی دژ بەئێسگەکە ئاراستەی حکومەتی میسر دەکرد، لەیەکێک لەو جارانەدا باڵوێزی تورکیا داوای چاوپێکەوتنی سەرۆک عەبدولناسر دەکات، بۆ ئەوەی ناڕەزایەکەی حکومەتی تورکیای دەربارەی ئێسگەکە ڕاستەوخۆ بەسەرۆکی بگەیەنێ و پێی بڵێ: تورکیا بەو ئێسگە کوردییە گەلێ تووڕەیە!.

عەبدولناسر پێی دەڵێ: دیارە لەکوردەکانی تورکیا دەترسن؟!. ئەویش دەڵێ: نا..! لەچی بترسێین؟. کوا کورد لەتورکیادا هەیە تا لێی بترسێین؟!. عەبدولناسر بەتەوسەوە پێی دەڵێ: (چۆن لەتورکیا کورد نییە؟ هەر لەوڵاتی ئێمەدا سەدان خێزانی کورد هەن لەدەست ستەمی تورکیا هەڵهاتوون و پەنایان بۆ میسر هێناوە).

گەلێ جار ئێسگەکە سروودی: (بارزانی.. بارزانی.. کێ بێ ناڤی نەزانی..) پەخش دەکرد، سروودەکە بەدەنگ و ئاوازی هونەرمەند (شەماڵ سائیب) بوو. ئەوەی پتر تورکیای قارس و نارەحەت کردبوو پەخشی ئەو سروودە بوو، تورکیا کردبووی بەهەنجەتی سەرەکی بۆ ناڕەزایەکانی دژ بەئێسگەکە، گوایا ئەو سروودە هانی کوردان دەدات بۆ ڕاپەڕین دژ بەتورکیا.

سەردانەکەی باڵوێزی تورکیا بۆ لای جەمال عەبدولناسر هیچی لێ سەوز نەبوو.. بەڵام دوای ماوەیەک حکومەتی میسر داوا لە (شێخ عومەر وەجدی) دەکات لەبارەی مانا و مەبەستی سروودی (بارزانی..) تێیان بگەیەنێ کە ئایا ڕاستە ئەو سروودە بەشان و باڵی بارزانی سەرۆکی دووره وڵاتی کوردانـدا هەڵدەدات؟ یان مەبەست چییە لەپەخشکردنیدا؟. شێخ عومەر وەجدی یەکێک بوو لەو کوردانەی کوردستانی سەروو، لەستەمی تورکان هەڵهاتبوو، دوای خوێندن تەواوکردن لەقاهیرە نیشتەجێ دەبێ و هەر لەوێ خێزان پێکەوە دەنێ، کەسێکی کورد پەروەری دڵسۆز بوو، چۆن سەرپەرشتیاری ئێسگەکە بوو، وەهاش کرابوو بەڕاوێژکاری حکومەتی میسر بۆ کاروباری کوردان.

لەبارەی سروودی (بارزانی..) یەوە گێڕایەوە و گوتی: حکومەتی میسرم وا تێگەیاند کە: (لە دێرین زەمانەدا کوڕێکی لەناو شاخە بڵندەکانی کوردستان شوان دەبێ، دڵی لەکچێک دەچێت و گیرۆدەی خۆشەویستی دەبێت، سۆزی ئەڤینداری خۆی بەشمشاڵ لێدان بۆ پەزەکانی و ئەو شاخانە دەردەبڕێ، باوکی کچەکە ڕازی نابێ کچەکەی خۆی بداتێ، لەکەسێکی دیکە مارەی دەکات، کوڕە شوانەکە، کە ئەوە دەزانێ، شێت و شەیدا دەبێ، ناو ئەو شاخانە پڕ لەدەنگی شمشاڵ و گۆرانی هەمە ڕەنگ دەکات، کوڕە شوان وەک دێوانەی لێدێ، خۆی دەکاتە هاوژیانی گیان لەبەرانی ناو ئەو شاخانە، ڕۆژێک دەبینێ وا کاریلەی ئاسکێک لەڕەوەزێکی سەختدا لەترسی گورگێک گیری خواردووە، دەری نییە ناتوانێ بڕوات، بەرەو دواش گورگەکە ڕێی لێ گرتووە و پەنگاوە، دایکەکەی لەخوارەوە بۆی دەباڕێنێ، کاریلەکەش بۆ دایکەکەی دەباڕێنێ و بەزمانی حاڵ پێی دەڵێ: دایە گیرم خواردووە ڕزگارم بکە، کوڕە شوان کە ئەو کاریلە لەو هەڵوێستە سەختە سامناکەدا دەبینێ، بۆ ڕزگارکردنی لەسەر شاخەکەوە بۆ لای کاریلەکە خۆی خلۆر دەکاتەوە بەڵام چڵەدارێک لەسنگی دەچەقێت و دەمرێ.

لەو کاتەوە ئەو کوڕە شوانە دەبێتە سیمبولی ئەڤینداران و قوربانی دەران، دەبێتە بەشێک لەفولکلورو ناو دەنرێ (بارزانی..) واتە کوڕە بەرزە فڕەکەی ناو شاخە بەرزەکان، بەو جۆرە دەمکوتی حکومەتی ئەوسای تورکیا دەکات. من ئەو لێکدانەوەی سروودی (بارزانی..)یەم وەها لەدەم شێخ عومەرەوە بیست.. هەی هەزار ڕەحمەت لەگۆڕت (شێخ عومەر وەجدی)..

چەند ساڵێک لەمەوبەر نیازی ئەوەم هەبوو سەفەر بۆ قاهیرە بکەم بۆ بەدەستهێنانی ئەو دیکۆمێنتانە کە حەقیقەتی ئەو باسە سەرەکییانە ساغ بکەنەوە کە ئایا چۆن بوو سەرۆکی میسر ئەو دەنگەی

**سەر لە ئێواران یەک کاتژمێر بە شێوەزاری کرمانجی ژوورو خواروو پەخش دەبوو**

**شێخ عومەر وتی: چەند جارێک حکومەتی تورکیا و ئێران بە فەرمی لە ڕێگەی باڵوێزەکانیانەوە لە قاهیرە داوایان لەحکومەتی میسر کردبوو، ئەو ئێسگە کوردییە دابخات**

لەقاهیرە بۆ کورد کردووە؟.

هەر لەو کاتەشدا نیازی ئەوەم هەبوو بۆ ئەو سەفەرە داوای یارمەتی لەیەکێک لەدوو حزبە پارەدارەکانی کوردستان بکەم، نەمکرد چونکە دەمزانی ئەوانە ئەوەندە بایەخ بەو جۆرە پرسانە نادەن، هەر لەو دەمەدا بوو خوا و ڕاسا لەئەنجامی پشکنین و لێکۆڵینەوەمدا ئەو حەقیقەتەم بۆ کەشف بوو چی وای لەعەبدولناسر کرد ئەو ئێسگە بۆ کوردان بکاتەوە.

کاتێ جەمال عەبدولناسر سەرۆکی میسر وەک سەرکردەیەکی ئەم ڕۆژهەڵاتە دەرکەوت کە دژی ئیمپریالیزم و هاوپەیمانەکانیەتی بەتایبەتی ئەو حکومەتانە کە لەناو پەیمانی بەغدان، هەروەها سەرۆکی ناوبراو خۆی بەلایەنگرانی میللەتانی ستەملێکراو دەزانی، (جەمال نەبەز) ئەو کات گەنجێکی خوێن گەرمی کورد پەروەر دەبێ، ئەو هەلە دەقۆزێتەوە و نامیلکەیەک بەناوی (کفاح الاکراد) دەنووسێ و تیایدا ستەم لێکراوی کورد و دابەشکردنی کوردستان و چوار پارچەکردنی تێیدا باس دەکات، نامیلکەکە لەدیمەشق چاپ دەکات و لەچەند ڕێگەیەکەوە، وەک: (سەفارەتی میسر و لوبنان لەدیمەشق) بۆ سەرۆکی میسری دەنێرێ، هەروەها بەهۆی (عەزیز شەریف)ەوە کە بەرپرسی کۆمۆنیستەکانی ئەوسای عێراق دەبێ و پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ عەبدولناسردا دەبێ. نامیلکەکە (کفاح الاکراد) بەنهێنی لە عێراق و شام و لوبناندا بەناوێکی خوازراو (صامد الکردستانی) بڵاودەبێتەوە.

من لەوە دڵنیا بووم کە ئەو هەوڵە دڵسۆزانەی (صامد الکردستانی)یە بوو بەهۆی سەرەکی کە جەمال عەبدولناسر ئەو ئێسگەی ڕادیویە بۆ کوردان بکاتەوە، کە ئەم حەقیقەتەم بۆ دەرکەوت ئیتر سەفەرەکەی خۆمم بۆ قاهیرە پەکدا.

ئەو قوتابییە کوردانەی کە لەزانکۆکانی قاهیرەدا خوێندکار بوون ئەوان لەتەک شێخ عومەردا لەسەر ئێسگەکە بوون، وەک لەیادم بێ ئەمانە بوون: (محەمەد مەولا، هۆشیار، محەمەد شەیدا) یەکەم خەڵکی هەولێر ئەوانی تر خەڵکی سلێمانی بوون، لەبەر ڕووداوێکی سیاسی تایبەت بەخۆیان لەپڕ وازیان لەئێسگەکە هێناو بەرەو عێراق گەڕانەوە. (عەبدوڵڵا مەعروف) کە ئەویش لەوێ خوێندکار بوو زوو فریای ئێسگەکە کەوت نەی هێشت پەکی بکەوێ. دووەمین کەس من بووم، منیش لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت دوای چەند ڕۆژێک وازم هێنا.

کەی ئێسگەکە داخرا؟ کێ بوو بەبایسی داخستنی؟ ئەمە پرسیارێکە بەئێسگەکەوە پەیوەندارە، لەدەرفەتێکی دیکەدا وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەمەوە.

**من لەوە دڵنیا بووم کە ئەو هەوڵە دڵسۆزانەی (صامد الکردستانی) یە بوو بەهۆی سەرەکی کە جەمال عەبدولناسر ئەو ئێسگەی رادیویە بۆ کوردان بکاتەوە**

# وێستگەی دیوان

- **چەند نامەیەکی یلماز گونەی لە زیندانەوە**

و: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

- **ناڵەی نێو مەرەکبدانێک**

ن/ محەمەد ماغوت
و/ حەسەن یاسین

- **دوا نامە (تۆ بەپێکەنینەوە لەژێر قەڵا بەرەو ڕووم دێیت)**

ڕەسووڵ بەختیار

- **ناسناوی فەرهادی لە چییەوە هاتووە؟!**

عەبدولڕەحمان فەرهادی

# چەند نامەیەکی یلماز گونەی لە زیندانەوە

**بە (ئەنگین) بڵێ.دەتوانێ، کتێبی (یاساى جەزاى تورکیا)م بۆ بنێریت؟**

و: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

لە گوندی یەنیجە (yenice) سەر بە ئەدەنە، لەدایک بووە، هەر لە گەنجێتیەوە لە سینەما نزیک بووەوە و هەر لەو کاتەشەوە چیرۆک و سیناریۆی نووسیوە وەکو ئەکتەر دەستی بە نواندن کردووە.

ساڵی (١٩٥٥) بەهۆی نووسینی چیرۆکێکەوە (١٨) مانگ زیندانی دەکرێت، دوای زیندانی کردنیشی، شەش مانگ بۆ شوێنێکی دوور، دووری دەخەنەوە و لە ژێر چاودێریدا دەمێنێتەوە.. گونەی لە شەستەکانەوە بە تەواوی خۆی بۆ سینەما تەرخان دەکات، وەکو ئەکتەرێک ناوبانگ پەیدا دەکات، ئاراستەیەکی سیاسی لە هونەر و نووسین و کارەکانیدا دەگرێتەبەر.

ساڵانی هەفتایەکانی سەدەی ڕابوردوو، وەکو نووسەرێک و سینەماکارێک دەناسرێت. ڕۆمانی نووسی، سیناریۆی نووسی و چەندین فیلمی دەرهێنا و خۆیشی وەکو ئەکتەرێک ڕۆڵی شاکەسی دەبینی، هەر لەم قوناغەشدا، کارەکانی لە دەرەوەی تورکیا نمایش دەکرا، خەڵاتی گەورەی پێ بەخشرا.. ساڵانی (٧٢ - ٧٤) زیندانی دەکرێت، لە دوای (١٩٧٤) جارێکی دیکە بەهۆی فیلمی (هیوا)وە زیندانی دەکرێت. ساڵی (١٩٨١) لە زیندان هەڵدێ و خۆی دەگەیەنێتە فەرەنسا.




ساڵی (١٩٨٤) هەر لە فەرەنسا کۆچی دوایی دەکات و لە پاریس دەنێژرێت.

گونەی (١٥) سیناریۆی نووسیوە. بەندە، سناریۆی باوک، سەید خان، (هیوا)م بە کوردی کردووە. خەریکی وەرگێڕانی (ڕێگا) و (مێگەل)ەکەیم.. گونەی بێجگە لە سیناریۆ و دەرهێنانی فیلمەکانی خۆی و نواندن.. چوار ڕۆمانی ناوازەشی نووسیوە.. (بە مل شۆڕی مردن) و (تاوانبار) و (لە ژووری زینداندا)..

ئەم نامانەی لە حەپسخانەی (سەلیمیە)وە، بۆ (فتۆشی) هاوسەری ناردوون.. نزیکەی (٢٠٠) نامەیە، لە کتێبێکدا بڵاوکراوەتەوە.

نامەکانی سەلیمیە:..

**گونەی (١٥) سیناریۆی نووسیوە. بەندە، سناریۆی باوک، سەید خان، (هیوا)م بە کوردی کردووە. خەریکی وەرگێڕانی (ڕێگا) و (مێگەل)ەکەیم**

-١-

١٩٧٢ ئادار ٢٢ - سەلیمیە
فەتۆشی خۆشەویستم
دوورکەوتنەوەی لەنکاوی مندا ئێوەی پەریشان کردووە. ئەگەر بتوانم پارێزەرە هاوڕێکانم ببینم هۆکاری گرتنەکەمیان پێ ڕادەگەیەنم، ئەوانیش ئێوەی لێ ئاگادار دەکەنەوە.
نازانم، لەم نزیکانە، ڕێگای چاوپێکەوتن و یەکتر بینین دەدەن، یان نا.
ئەگەر بتوانی دان بەخۆتا بگریت، زۆرم پێ خۆش دەبێت.
پێویستم بە هەندێ شتە، دەتوانی بیانهێنی و ڕادەستی گاردیانەکانیانی بکەیت، نەشهاتی دەتوانی بیانێری..
خاولی، سابون، کراس، بلوزێکی خوری، کتێب، ماجونی ددان، چەتاڵ - پلاستیک یت - قەڵەم، کاغەزی خەتدار، دۆسیە، نازانم، تابیعەی چاپ ڕێگا دەدەن، نازانم..؟
ناڵێم کوڕەکەم چۆنە.
ناڵێم، تۆ چۆنی.
چاوی هەمووتان ماچ دەکەم.
١٩٧٢، ئادار ٢٩ - سەلیمیە -
خۆشەویستم..
ئەمڕۆ بۆ حەپسخانەی (ساغمالچی)م دەنێرن ئەگەر هاتی، بێجامەیەک و پاڵتۆیەکی تەنکم بۆ بێنە، دەبێ کتێبت لەبیر نەچێت.
لەگەڵ خۆشەویستیمدا.

-٢-

١٩٧٢، ئادار ٣٠ / حەپسخانەی ساغمالچی
جگەرم
نامەکەم، لەوانەیە یەکی نیسان بە دەستت بگات، خۆت دەزانی یەکی نیسان ڕۆژی لەدایک بوونمە، ئێوارەکەی لەجیاتی من بادەیە بیرە بخۆرەوە و شتی خۆش بۆ کوڕەکەم بگێڕەرەوە.
وائێستا لە حەپسخانەی ساغماڵچیم، جێگاکەم باشە تەنها بیر لە ئێوە دەکەمەوە، دەمەوێت بزانم ئێوە باشن.
لە نامەکانتا سەلامەتی خۆتانم بۆ بنووسیت دڵم خۆش دەکەیت.
تاکو ڕۆژی دادگاییکردنەکەم زەحمەتە یەکتربیینین. دەمەوێت لەگەڵ برادەرانی پارێزەردا قسە بکەم. بە (ئەنگین) بڵێ.دەتوانی، کتێبی (یاسای جەزای تورکیا)م بۆ بنێریت؟ چاوی کوڕەکەم و تۆ ماچ دەکەم (ناوی کوڕەکەم لە پێش تۆدا نووسی تورە نەبی) سەلاو لە هاوسێکان، لە باوکت و دایکت، لە هەمووان لەگەڵ خۆشەویستیمدا.

**ئەمڕۆ بۆ حەپسخانەی (ساغمالچی) م دەنێرن ئەگەر هاتی، بێجامەیەک و پاڵتۆیەکی تەنکم بۆ بێنە، دەبێ کتێبت لەبیر نەچێت**



# نالەی نێو مەرەکبدانێک

## (بۆ باران، بۆ خۆشەویستی، بۆ ئازادی، بۆ بەهار، بۆ پایز دەنووسم. دەنووسم تا بژیم)



ن/ محەمەد ماغوت
و/ حەسەن یاسین

ئەوانەی جگە لە ئەدەبی چاک و شانۆی چاک و نانی چاک و ویسکیی چاک و فیلمی چاک و ژووانی چاک، باسی شتێکی دی ناکەن، ڕاستییەکەی گەورەترین لێبوکی مەیدانە ئەدەبییەکەن و پێویستیان بەدەڵاڵێکی چاکی خانووبەرەو زەوی هەیە، دەڵاڵێک « زیاد مەولەوی» ڕازی بکا کە بەیەکجاری واز لە شانۆی خەیام بێنێ..

شانۆی چاک بەلای ئەوانەوە، ئەوەیە هەرکە دەستی پێکرد بینەر بەدوای نزکترین دەروازەی خۆدەربازکردندا بگەڕێت، تەنانەت ئەگەر لە دوکەڵکێشیشەوە بێت...

فیلمی چاکیش ئەوەیە کە لە سینەمادا کورسییەک بگری و لە «دێرول سەلیب»یش قەرەوێڵەیەک.

وێنەی چاکیش ئەوەیە کە هەر تابلۆیەکی پێویستی بە پۆلیسێکی هاتوچۆ هەیە، تا بە دارعەساو فیکەکەی بۆ بینەرانی شرۆڤە بکات کە هێڵەکان لە کوێوەوە دەست پێدەکەن و لە کوێش کۆتاییان دێت.

سەماکەری چاکیش ئەوەیە کە کەمەری لەبەرامبەر جەماوەردا نالەرزێنێ، هەتا لەلایەکەوە دانراوەکانی ڕۆجێ گارودیو لەلایەکی تریشەوە ڕۆمانی «ئەلیاتر» نەخاتە بن باڵیەوە.

ئەڤینی چاکیش ئەوەیە کە هەردوو عاشقەکە دوور لە ژاوەژاوی خەڵک و هیلاکییەکانی ژیان سوچێک بگرن و... لە ژێر تریفەی مانگدا، لەبارەی سانسۆری ئازوقە و کەلێنەکانی قانونی چاکسازیی کشتوکاڵ بە چرپە قسە بکەن.

مەلەوانیی چاکیش ئەوەیە کە ڕۆشنبیر مایۆیەکی ئەسڵی بکاتە بەری، لە حەوزی مەلەوانیشدا لەسەرپشت رابکشێ و گۆڤاری « ئەلمەوقیف ئەلئەدەبی»، یان ڕۆژنامەی لۆمۆند بخوێنێتەوە.

گۆرانیبێژی چاک و مولتەزیم بە قوتی گەلەکەی و ڕۆشنبیریی هاوولاتیانی، ئەوەیە کە وەک عەبدولوەهاب « سهرت منه الليالي» یان « ياما بنيت قصر الاماني» ناڵێت، بەڵکو «تثقفت منه الليالي» و «ياما بنيت فرن الاماني» دەڵێت.

ئەم خوازیارانەی شتی چاک، کە دەموچاو گرژیشن، وادەزانن باشترین ڕێگای پشتگیریکردنی کاری فیداکاری و ڕزگارکردنی خاکی داگیرکراو و بیناکردنی پیشەسازییەکانی قورس و گەشەپێدانی مەنهەجەکانی پەروەردەیی قوتابخانەکان، ئەوەیە کە لەنێو لانکەوە بۆ گۆڕ مرومۆچ بن و لێنەگەڕێن لە بۆنە گەورەکاندا نەبێت هیچ کەسێک ددانە چاکەکانیان، ببینێت.

ئەمانە، نە بۆیان دەنووسم، نە بۆشیاندەخوێنمەوە.

بۆ خەڵکیدی دەنووسم، بۆ ئەوانەی پاکترن لەو بارانەی پێش ئەوەی بەر شۆستە بکەوێت.

بۆ ئەوانەی نازانن ئایا «لۆمۆند» لە پاریس، یان لە «ئەبو زەبی» دەردەچێت. بۆ ئەوانەی لە دایک دەبن و دەمرن بێ ئەوەی یەکێکیان گوندەکەی جێ بهێڵێت، یان پشت لە هاوڕێکانی بکات، یان جۆری توتنەکەی بگۆڕێت، یان شێوازی ڕاکشانەکەی لەسەر پوشی خەرمان، یان سەکۆی زیندان بگۆڕێت.

بۆ ئەو کرێکارەی نانی ئێوارەی لەسەر کوشنی پایسکیلەکەی دەخوات.

بۆ ئەو کچە خزمەتکارە گەمژەیەی سەرینەکەی بە فرمێسک تەڕدەکات هەر کە شاژنێک لە زنجیرەیەکی رادیۆییدا دیل دەکرێ و ئەویش خەو ناچێتە چاوی هەتا لە ئەڵقەی داهاتوودا ئازاد نەکرێ تا بگەڕێتەوە نێو کۆشک و دەستوپێوەندەکانی، ئەمیش بگەڕێتەوە بۆ لای بۆ سەتڵ و گسکەکەی.

بۆ ئەو جوتیارە دەنووسم کە بە باران خۆی پیرۆز دەکا و بە بروسک مەست دەبێ و بە هەورەتریشقەش گۆرانی دەڵێ و.. جگە لە قونکی جگەرە پێچراوەکەی شتێکیتر لە نێو تاریکستانی پیریدا ڕوخساری ڕووناک ناکاتەوە.

بۆ ئەوانەی دەمرن و لەدایک دەبن و لەشۆستەکانی کۆشکی داد و قاوشەکانی فەرمانگەکانی زەیوزار و گەراجە گشتییەکان دادەنیشن بێ ئەوەی جگە لە سێبەری خۆیان، لەسەر شۆستەکاندا چاویان بە هیچ یەکێک بکەوێ.

بۆ باران، بۆ خۆشەویستی، بۆ ئازادی، بۆ بەهار، بۆ پایز دەنووسم.

دەنووسم تا بژیم.

**سەرچاوە:**

محمد الماغوط، سأخون وطني هذيان في الرعب و الحرية، رياض الريس للكتب و النشر، ص١١-١٢.





ڕەسووڵ بەختیار

# تۆ بەپێکەنینەوە لەژێر قەڵا بەرەو ڕووم دێیت

واتـزانـی کـاتـێـک داوای نـامـە و وێنەکانت کـردەوە، بۆ هەتا هەتایێ پێی سـەغـڵـەت دەبـم، چێترِ خـەو ناچێتە چاوانم و بۆ جارێکی دیکە لەهەموو شتێک بێبەشتکردم، بەڵام نەتزانی بۆ جارێکی دیکە ژیامەوە، ئەو بارە خەم و پەیڤە درۆیانەم بۆ ئاشکرا بوو، چیتر بیر لەوە ناکەمەوە، گۆرانییەک یان شیعرێکی دیکەت بەگوێدا بچرپێنم، ئەو ڕۆژانە ڕۆیی، تۆ کەوتییە ناو جیهانی پڕ حەسرەتی خۆت، واتدزانی حەسرەتێک بۆ من جێدڵیت بۆ هەتاهەتایە پێی دەتلێمەوە، ئەو ڕۆژانەی لەگەڵ یەکتر دەدواین، هـەردەم دەتـگـوت: ببـوورە ڕۆژێک نایەت، من و تۆ دەستبەرداری یەکتر بین.

تۆ بەپێکەنینەوە لـەپڕ قـەڵا بـەرەو ڕووم دێـیت، کـەچـی ئـەوەی بینیت زۆر جیاواز بوو، ئەوەی بینیت هەمان کەس بوو، خۆی لێ نەناس نەکردی، بەڵکو وەک سەردەمی زوو بەهەمان شێوە گوتی: سڵاو.

دەزانم لات سەیرە ونبوونت برینێکی جێ نـەهـێـشـت، تـەنـیـا پێکەنینەکەم ئاگری تێ بـەردای، کەچی پێتوابوو بەمەلوولییەوە شۆستەی ژێر قەڵا دەبڕم، خۆم لێت نەناس دەکەم، ناڵێم سڵاو.

شۆستەکەی قەڵا شایەتحاڵی هەموو پرس و چرپە و جوانی و پەیڤەکانن، قـەڵاش بەشادمانییەوە دەیڕوانییە، بەسەرهاتی ئێمە و هەزران کەسانی دیکە.

هـیـچ کـاتـێـک لـێـرە و لــەوێ لـەتـۆم نەپرسیووە، ئەوە خۆتی لەلاپەڕەی ڕۆژنـامـە و گـۆڤـارەکـان بـەدوامـدا دەگـەڕێـیـت، پـێـتـوایـە لـەنـیـو وشـە و دێـڕەکـانـدا خـۆت دەدۆزیـیـەوە، لەڕێگەی پەیج و سایتەکاندا نامەم بـەنـاوی خـوازراوەوە بـۆ دەنێریت، هـەمـوو ئـەمـانـە دادی نـەدای، ئەمجارەیان وەک پێشتر لەنێو باخچە و پارەکەکاندا هاوڕێ و ناسیاو و دەستەخوشکەکانت لەملا و ئەولا پلارم تێدەگرن، وەنەبێ تێنەگەم، تۆ بـەدوای سـۆز و بـەزیدا دەگـەڕێیت، کورانی هاوڕێشم بەهەمان شێوە، لەڕێگەی یار و نازدارەکانیان هەواڵم بـۆ دێـنن، بـاس لـەدۆخـی تـۆ دەکـەن و ڕۆژانـەی ژیانت وەک سـەردێڕی هـەواڵـەکـان یـەکـە یـەکـە بـۆم بـاس دەکەن، هەر هەموویان چاوەڕێی یەک وشەن تا لەلێوانم بترازێن، دواتر بێن بەدیارییەکی گەورە بۆ تۆی بینن، ئێوە دەتانەوێ لەڕابردوودا بژین، قسە و چرپەیەکی ڕابردوو بۆ چەند ساتێک ئاسوودەتان بکات، بەڵام لای من لەو ڕۆژەوەی داوای نامە و وێنەکانت کرد، لەحەوشەی ماڵەکەماندا هەموو وێـنـە و نامەکانم سـووتـانـد، دایکم هـاواری کرد: ئەوە چ دەسووتێنیت، ئاگات لێبێ دارودرەختی ئەو باخچە بچووکەمان لێنەسووتێنێت.

ئەو ڕۆژە هەموو شتەکان بێ گیان مـانـەوە، خۆڵەمێشی کـاغـەزەکـان، دەرو دراوسێکانی وەڕسکرد، یەکێک هاواری کرد، چاکتکرد ئەو ڕابردووەت سووتاند، من هێشتا جورئەتی ئەوە ناکەم تەنیا وشەیەکی ئەو ڕابردووەی خۆم بسووتێنم، منیش بەئەسپایی پێمگوت: ئەمجۆرە ڕابـردووە دەبێ بسووتێ، دەنا دەمسووتێنێ.

ئێستا دەزانـم تۆ لـەلای پەنجەرەوە ڕاوەسـتـاویی و گـوێت لـەهـەمـوو وشەکان دەبێ، بەڵام حەسرەتەکان بـەجـارێـک تـۆیـان وەڕسـکـردووە، هـەمـوو وێـنـەکـان لـەبـەرچـاوتـە و بـێـزاریـان کـردووی، گرنگ نییە تۆ لەکویی، گرنگ ئەوەیە، لەو ڕۆژەوەی ڕۆیشتی لای من هەنگاویتر هەبوون، بێگوێدانە ڕابردوویەکی پڕ لەچێژ، بێ تۆ ژیانم بـەردەوام بـوو، تۆش هەر لەکلێشەی خـۆت مـایـەوە، بەجەستە دەچییە سەر جێ، بەدڵ و دەروونیش هەر بەدوامدا دەگەڕێی.


ئێستا هەردووکمان پیرین، ڕۆژگار نـاگـەڕێـتـەوە دواوە، تـا بـۆ جارێکی دیکە گۆرانی و وشە و پەیڤی جوان بەگوێی یەکتردا بچرپێنین، هەر تەنیا ویستیشم لـەدوا ڕۆژانـی تەمەندا ڕاستییەکانت بۆ بدرکێنم، تا بزانیت ڕۆیشتنت کاریگەری هەبوو بۆ زیاتر باشبوونم.

# ناسناوی فەرهادی لە چییەوە هاتووە؟!



عەبدولڕەحمان فەرهادی

زۆرجار پرسیاری ناسناوی (فەرهادی) یان لێ کردووم و زۆربەی خەڵکیش وادەزانن (فەرهادی) کە ناسناوی ئێمەیە، هۆز و عەشیرەت و تیرەیە، هەندێکیش وادەزانن کە ئێمە کوردی ڕۆژهەڵاتین. لەڕاستیدا ئێمە بنەماڵەیەکی شاری هەولێرین نەک عەشیرەت و هۆز و تیرە، ناسناوی (فەرهادی) لە باپیری ئێمە کە ناوی (فەرهاد) بووە وەرگیراوە، کە ناوی تەواوی (فەرهاد مەولوود وەسمان دەروێش) بووە. کوڕەکانی فەرهاد (مەلا محەمەد، مەلا سادق، مەلا سەعید، مەلا برایم، مەلا عەبدوڵڵا) سەرجەمیان مەلای ناودار و زانا و زیرەک و بەتوانا بوون. ئەم ناسناوە کە بووەتە ناسناوی بنەماڵەی ئێمە، یەکەمجار لەلایەن بابی من (مەلا سادق) بەکار هاتووە. لە یادەوەرییەکەی برای گەورەمان (حەمەساڵح فەرهادی)دا دووپاتی ئەوە کراوەتەوە کە مەلا سادق وەختێ لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوو لە مزگەوتی قەڵای هەولێر لەکن مەلا فەندی خوێندوویەتی، کتێبێکی بە دەستخەتی خۆی نووسیوەتەوە و لە کۆتایی کتێبەکەدا ناوی خۆی بە (محەمەد سادق فەرهادی) ناساندووە، لەوکاتەوە کوڕەکانی فەرهاد و کوڕ و نەوەکانیشیان بە ناسناوی فەرهادی ناومان دەرکردووە.



زۆرجار پرسیاری ناوی (فەرهادی) یان لێ کردووم و زۆربەی
خەڵکیش وادەزانن کە (فەرهادی) کە ناسناوی ئێمەیە، هۆز و
عەشیرەت و تیرەیە، هەندێکیش وادەزانن کە ئێمە کوردی
ڕۆژهەڵاتین. لە ڕاستیدا ئێمە بنەماڵەین نەک عەشیرەت و هۆز و تیرە،
ناسناوی (فەرهادی) لە باپیری ئێمە کە ناوی (فەرهاد) بووە
وەرگیراوە کە ناوی (فەرهاد مەولوود وەسمان دەروێش) بووە.
کوڕەکانی فەرهاد (مەلا محەمەد، مەلا سادق، مەلا سەعید،
مەلا برایم، مەلا عەبدوڵڵا) سەرجەمیان مەلای ناوداری هەولێر و
کوردستان بوونە و بەهۆی ئەمەوە بە (مەلا ....ی فەرهادی)
واتە کوڕی فەرهاد ناویان دەرکردووە کە مەلای زانا و زیرەک و
بەتوانا بوونە. ئەم ناسناوە کە بووەتە ناسناوی بنەماڵەی
ئێمە، یەکەمجار لەلایەن بابی من (مەلا سادق) بەکارهاتووە.
لە یادەوەرییەکانی برای گەورەمان حەمەساڵح فەرهادی دا
دووپاتکراوەتەوە کە مەلا سادق وەختێ لە سەرەتای
سییەکانی سەدەی ڕابردوو لە مزگەوتی قەڵای هەولێر
لەکن مەلا فەندی خوێندوویەتی، کتێبێکی ئەوسای خوێندنی
مەلایەتیی بە دەستخەتی خۆی نووسیوەتەوە و لە کۆتایی
کتێبەکەدا ناوی خۆی بە (محەمەد سادق فەرهادی)
ناساندووە، لەو کاتەوە کوڕەکانی فەرهاد و کوڕ و
نەوەکانیشی (ئێمە) بە ناسناوی (فەرهادی) ناومان
دەرکردووە.

عەبدولڕەحمان فەرهادی
٥-٩-٢٠٢١

# باخچەی دیوان

- سالۆنی لاپەڕە (٩)

# سالۆنی لاپەڕە (٩١)









١- کۆڕێک بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنوس هێمن ئەمین شوانی/
کتێبی (ڕاگەیاندن و ئاسایشی کۆمەڵایەتی) شەشەم بڵاوکراوەی ناوەندی
هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی ٢٨-٨-٢٠٢١








٢- کۆڕێک بۆ بورهان حاجی سلێمان/ کتێبی کاروانی ٣٨ شۆڕشگێڕەکە
سەرهەڵدانەوی شۆڕش لە ژێلەمۆی شۆڕشەوە ٤-٩-٢٠٢١








٣- کۆڕێک بۆ شاناز هیرانی / کتێبی جیهادی ژنان / بۆچی داعشیان هەڵبژارد؟ ١١-٩-٢٠٢١




سۆشیال میدیای
تەلەفزیۆنی گەلی
کوردستان-هەولێر
مینبەرێک بۆ
هەواڵی خێرا و
زانیاری دروست.

GK HAWLER HD

fk.com/GK-Hawler-HD

لێرەوە خێراتر بەرنامەو بەرهەمە جیاوازەکانی تەلەفزیۆن ببینن

# نەخشە ڕێگای دیوان چییە؟!

دیوان بەچ ئامانجەک دەستی بەوەشان کردووە؟ ئەمە کرۆکی مەسەلەکەیە، چونکە هەر پرۆژەیەک ئامانجی نەبێ، ئەگەر سەرەتاکەشی باش و بەجۆش بێ، بەڵام دواجار چەق دەبەستێ و وردە وردە دەپوکێتەوە، کە ناخوازین ئەمە دوا مەنزڵ و ڕێگا بێ!.

تەواوی وڵاتانی جیهان، کە لەسەر بنچینەی دەوڵەت نەتەوە دروستبوونە، لەزۆربەی کایەکانی ژیاندا، خاوەن فەرهەنگی خۆیانن، نەوەک بەتەنهاش لەبواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و وەرزشی و هونەری، تەنانەت ئەم فەرهەنگە شۆڕبۆتەوە بۆ ستایلی جلوبەرگ و شێوازی لێنان و دروستکردنی خواردنیش. ئەگەر سەیرێکی دەوروپشتی خۆمان بکەین: دەبینی فارس خواردنی بێ خوێ و ڕۆن دەخۆن، هاوکات تورک ژەمەکان بەبێ بیبەری تیژ (توون) ئاودیو ناکەن، بەڵام عەرەبی سامی پێچەوانەی فارسی ئاری، هەموو خواردنەکانیان چەور و پڕ خوێ و بەزە!. ئەی تایبەتمەندی خواردنی کوردەواری چۆنە؟!.

ئەگەر ئەم فەرهەنگەی ئەوان ڕەنگرێژی تامی خواردن بکات، ئەی دەبێ لەبەرامبەر ئایین، سیاسەت، ئابووری و بازاڕ، بیناسازی، پەیوەندییەکانی چڤاک، تاک ... چۆن و بەچ شێوەیەک بێ؟!. بۆیە کاتەک ئێمە خۆمان بەوان بەراورد دەکەین، ئینجا تێدەگەین، چەندە بێ فەرهەنگین!.

لەم شارەی ئێمەدا، هەمانە خواردنی چەور دەخوا، هەر لەماڵەکەی هاوسێشیان فراڤینەکەیان پڕیەتی لەبیبەری توون، ماڵەکەی ئەولاتریش بۆ شیڤ تەنها نان و ماستەک دەخۆن! لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی و ئازادییەکانی تاکیشدا، لەم گەڕەکە کچ و کوڕێک بەخۆشەویستی زەواج دەکەن بەڵام لەتاخەکەی ئەولاتر، خۆشەویستی نێوان نێرومێ بەسە بۆ ئەوەی هەردووکیان خەڵتانی خوێن بکرێن! لەوەوە تێدەگەین کە ئێمە چەندە بێ فەرهەنگین!.

خوانەخواستە مەبەستمان ئەوەش نییە کە ئەم ئەرکە قوورسەی سەدان ساڵە بخەینە ئەستۆی دیوان و ئەرکداری بکەین بەوەی چۆن بڕوا بەخەڵک بهێنێ چ جۆرە خواردنەک بخوا و کامە بەرگ بپۆشێ و چۆن بچنە پرۆسەی هاوسەرگیری و ئەڤینداری بکەن؟! تەنها دەمانەوێت بڵێین: ئەگەر دیوان درک بەم هاوکێشانە بکات، بەرچاوی ڕۆشنتر دەبێ و باشتر دەتوانێ بچێتە ناو دەزوولە و مەمیلەی کەسێتی تاکی هەولێریی و ئاسانتر هەوڵی بەرزکردنەوەی چۆنایەتی تاک دەدات.

بۆیە دیوان دەبێ هەموو ئەمانە لەبەرچاو بگرێ، کار لەسەر فەرهەنگ بکات، ئیش لەسەر هاوسەنگی نێوان نێر و مێ بکا و پشتگیریی مێینە بێ لەدەربازبوون لەو کۆیلایەتییە داسەپاوەی نێر بەسەریدا فەرز کردووە. هاوکات گرنگی بەگەنج بدات و گۆڤارەکە بکاتە مینبەرێک تاکو لەو ڕێگایەوە دەنگی کپکراوی خۆیان بگەیەنن!.

دیوان نابێ هەموو قورسایی و مەحەکی کارەکەی، لەچاو و زاری توێژی «نوخبە« ببینێ. گۆڤارەکە جێگای ڕەزامەندی ژنێکی فەرمانبەر، کاسبکارێکی شێخەڵا و خوێندکارێکی زانکۆ و گەنجێکی تەیراوە و کوران بێ، زۆرچاکترە لەوەی «نوخبە«یەک بڵێ ئەو ژمارەتان باشبوو!.

بەهەق تاکو ئێستاکەش، خاڵێک کە زۆر ئەرێنی بێ، دیوان لەگەڵ ئەوەی مەکتەبی ڕاگەیاندنی حزب دەری دەکا، بەڵام ڕاستگۆتر و بێلایەنترە لەو بڵاوکراوانەی دەزگایەکی ڕۆشنبیریی ئەهلی بەڕێوەیان دەبات!. بەو هیوایەی لەکاتی هەڵبژاردن و ململانێ سیاسییەکانیشدا دیوان ئەو باڵانسە ڕابگرێ!.

لاپەڕە ١٤٤



محەمەد گۆران